حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان

# مۆرفۆپراگماتیک لە زمانی کوردیدا

## نامەیەکە خوێندکار
## هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی کردووە،
وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

## بە سەرپەرشتی
## پرۆفیسۆر.د.بەکر عومەر عەلی

( ٢٧١٤ )ی کوردی ( ٢٠١٤ )ی زایینی

# پێشەکی

# بەشی یەکەم

## پڕاگماتیك و پڕاگماتیکی ڕستەیی

# بەشی دووەم

## پرۆسەی مۆرفۆپڕاگماتیک لە زمانی کوردیدا

# بەشی سێیەم

## زمانی قسەکردنی منداڵانە و ڕەنگدانەوەی مۆرفۆپڕاگماتیکییانەی لە ئاخاوتنی گەورەکاندا

# ئه‌نجام

# سەرچاوەکان

# مۆرفۆ پڕاگماتیك
# له زمانی کوردیدا

**نامەیەکە خوێندکار**

**هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم**

**پێشکەشی ئه نجومه‌نی سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانسته مرۆڤایەتییەکان له زانکۆی سلێمانی کردووه،**
**وەك بەشێك له پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر له زمانی کوردیدا**

**بە سەرپەرشتی**

**پرۆفیسۆر. د. بەکر عومەر عەلی**

**( ٢٧١٤ )ی کوردی** **( ٢٠١٤ )ی زایینی**

ئەم نامەیە بەچاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ.د.بەکر عومەر عەلی

ڕۆژ:   /   / ٢٠١٤

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.د.بەکر عومەر عەلی

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

ڕۆژ:   /   / ٢٠١٤

ئێمە ئەنـدامانی لیژنـەی گفتوگـۆو هەڵسـەنگاندن، ئـەم نامەیـەمان خوێنـدەوە و لەگـەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (                    )، بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو: پ.ی.د.ئەبوبەکر عومەر قادر
ئەندام
ڕۆژ: ٢٤/ ٨/ ٢٠١٤

ناو: پ.ی.د.صباح رشید قادر
سەرۆکی لیژنە:
ڕۆژ: ٢٤/ ٨/ ٢٠١٤

ناو: د.شیلان عومەر حسێن
ئەندام:
ڕۆژ: ٢٤/ ٨/ ٢٠١٤

ناو: پ.د.بەکر عومەر عەلی
ئەندامو سەرپەرشت:
ڕۆژ: ٢٤/ ٨/ ٢٠١٤

لەلایەن سکوڵی زمانەوە پەسەند کرا.

ناو:
سەرۆکی سکوڵی زمان
ڕۆژ:

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە:**

- **دایك و باوکی ئازیزم.**
- **هاوسەری خۆشەویستم (سوهام)، جگەرگۆشەکەم (کارۆ).**
- **هەمو دڵسۆزانی زمانی کوردی و زانستخوازان.**

# سوپاسنامه

سوپاس و پێزانینم بۆ:

- مامۆستای گەورە و بەڕێزم (پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی)، کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ، زانستیانە ڕێنمایی کردوم و هەمیشە ئامادەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم بووە، هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.
- بەڕێز (د.کاروان عومەر قادر)، کە بەوپەڕی لەخۆبوردوییەوەو بێ سڵەمینەوە هاوکاری و ڕێنمایی کردوم و وەڵامی پرسیارە زانستییەکانی داومەوە.
- بەڕێزان (پ.ی.د.ئەبوبەکر عومر قادر، د.شیلان عومەر، د.ئاڤێستا کەمال) بۆ خەمخۆری و هاوکارییەکانیان.
- هاوڕێی بەڕێزم (د.نەریمان خۆشناو) بۆ هاوکاری کردنم لە پەیداکردن و پێدانی سەرچاوەکاندا.
- هاوڕێی خۆشەویستم(م.ڕەوا کاکەڕەش)، کەپوختەی نامەکەی بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕاو هاوکار بووە، لە وەرگێڕانی هەندێك بابەتی نامەکە، هەروەها بەڕێز(م.خالید عەلی)،کە پوختەی نامەکەی بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا.
- بەڕێز(م.ئەحمەد محەمەد) وخوشك و برا خۆشەویستەکانم (هێدی، هاوکار، هانا)، کە ئەرکی تایپکردنی نامەکەیان گرتە ئەستۆ.
- زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، کە بواری خوێندنی ماستەرییان بۆ ڕەخساندین.
- زانکۆی ڕاپەڕین، کتێبخانەی فاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ. دایك و باوکی ئەو منداڵانەی، کە قسەکردن و وشەکانیان لێ وەرگیراوە. هەروەها هەمو ئەو کەسانەی، کە یارمەتییان داوین ئەگەر بە ڕێنماییەکی بچوکیش بوبێت.

# هێماو کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| دەقی وەرگیراو وەکوخۆی بەبێ دەستکاریکردن | ((...)) |
| یان | / |
| نیشانەی فۆنیم لە فۆنۆلۆژی/ واتە دەنگ، دەکەوێتە ناویەوە | / / |
| شیکردنەوی دەق و ڕستە، دەکەوێتە ناویەوە | { } |
| کۆ | + |
| هاوتاو یەکسانە | = |
| دەبێت بە | ← |
| Augmentative زیادکردنی واتا | AUG |
| Coding time کاتی ئاخاوتن | CT |
| Diminutive کەمکردنەوەی واتا | DIM |
| The principle of Informativeness ڕێسای ڕونکەرەوە | I |
| تەواوکەر Object | O |
| لە تیۆری (گرایس)دا بە واتای (واتای ڕەسەنی دەربڕاو)دێت. | P |
| لە تیۆری (گرایس)دا بە واتای (واتای بەخشکەیی دەربڕاو)دێت. | Q |
| The Q principle (hearer – based) (پشتبەستو بە گوێگر)(گوێگر– بنەڕەتە) Q بنەمای | Q |
| The R principle (speaker – based) (ئاخێوەر– بنەڕەتە) R بنەمای | R |
| Receiving Time وەرگرتنی ئاخاوتن لەلایەن گوێگرەوە | RT |
| Subject کارا | S |
| Verb کردار | V |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| Conversational | ئاخاوتن |
| Conversational Implicate | ئاخاوتنی بەخشکەیی دەربڕین |
| Aphasia | ئەفاژیا |
| Internet | ئینتەرنێت |
| | ب |
| Objects | بابەت |
| Implicature | بەخشکەیی دەربڕین |
| Two-place predicate | بەشەکرداری دوو – جێکەوتی |
| one – place predicate | بەشەکرداری یەك – جێکەوتی |
| Categorizations | بەکاتە گۆریکردن |
| Deictic Simultaneity | بەیەکەوە گونجاندنی ڕاستەوخۆ |
| | پ |
| cross linguistic | پەڕینەوەی زمانەوانی |
| Relation | پەیوەندی |
| Pragma | پراگما |
| Pragmatics | پڕاگماتیك |
| Syntactic Pragmatics | پڕاگماتیکی ڕستەیی/ سینتاکتیك پڕاگماتیك |

| | |
|---|---|
| Lexical pragmatics | پراگماتیکی فەرهەنگی/ لێکسیکاڵ پراگماتیك |
| Printer | پرێنتەر |
| Systematics | پێڕەوبەندانە |
| | ت |
| Concept Narrowing | تەسکبونەوەی چەمك |
| Grecian View | تێڕوانینەکانی گرایس |
| | ج |
| Bilingual | جوتە زمان |
| | چ |
| under specification | چەپکە نیشانەیەکی دیاریکراوی واتای فەرهەنگی وشەیەك |
| Quantity | چەندێتی |
| Quality | چۆنیەتی |
| | د |
| Deictic | دەقی وشە |
| manner | دروستی |
| | ڕ |
| (Syntax) | ڕستەسازی (سینتاکس) |
| Perspective | ڕوانگەیی / پەیپێبردنانە |
| case grammar | ڕێزمانی بار و حاڵەت |

| | |
|---|---|
| Cooperative principle | ڕێسای هاریکاریانه |
| | ز |
| Since | زانست |
| Representation Linguistics | زانستی زمانی نواندن |
| Semiotics | زانستی هێما / سیمۆتیك |
| Augmentative | زیادکردنی واتا |
| | س |
| Semantics | سیمانتیك/ واتاسازی |
| | ف |
| Concept Broadening | فراوان بونی چەمك |
| | ق |
| Speech | قسە( – کردن ) |
| | ك |
| Coding time | کاتی ئاخاوتن |
| patient objective | کار بە سەرداسەپێنراوە |
| Agenative | کارا |
| Instrumentive | کارپێکراو |
| Diminutive | کەمکردنەوەی واتا |
| Computer | کۆمپیوتەر |

| | |
|---|---|
| Act | کردە |
| | م |
| Truth Conditional | مەرجی ڕاستی سیمانتیکی |
| MorphoPragmatics | پڕاگماتیکی وشەیی/ مۆرفۆپڕاگماتیك |
| Brain | مێشك |
| | ن |
| Sign Content | ناوەرۆکی هێمای زمانی |
| Person Deixis | نیشانە کەسییەکان |
| Social Deixis | نیشانە کۆمەڵایەتییەکان |
| Discourse Deixis | نیشانەکانی دەق – گوتار– |
| Place Deixis | نیشانەی شوێن |
| Time Deixis | نیشانەی کات |
| Semantics Feat True | نیشانەی واتایی |
| | و |
| Receiving Time | وەرگرتنی ئاخاوتن لەلایەن گوێگرەوە (کاتی وەرگر) |

## پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | **پێشەکی** |
| ١ | ١/٠ ناونیشان و بواری نامەکە |
| ١ | ٢/٠ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە |
| ٢ | ٣/٠ سنوری باسەکە |
| ٢ | ٤/٠ کەرەستەی نامەکە |
| ٢ | ٥/٠ ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە |
| ٢ | ٦/٠ گرفتی نامەکە |
| ٢-٣ | ٧/٠ بەشەکانی نامەکە |
| | **بەشی یەکەم/ پڕاگماتیک و پڕاگماتیکی ڕستەیی** |
| ٤ | **١/١) پڕاگماتیك (لێکدانەوەیەکی پێکهاتەییانە)** |
| ٥ | ١/١-١) زاراوەی پڕاگماتیك |
| ٨ | ١/١-٢) هۆکارەکانی سەر هەڵدانی پڕاگماتیك |
| ١٠ | ١/١-٣) پڕاگماتیك (ڕوانین و ڕاڤە) |
| ١٢ | ١/١-٤) نیشانە پڕاگماتیکیەکان |
| ١٧ | **٢/١) پڕاگماتیکی فەرهەنگی( Lexical pragmatics)** |
| ١٧ | ٢/١-١) ناساندنی پڕاگماتیکی فەرهەنگی |
| ١٨ | ٢/١-٢) پڕاگماتیکی فەرهەنگی لە ڕوانگەی تیۆری بەخشکەیی دەربڕینی ئاخاوتنەوە |

| | |
|---|---|
| ٣-٢/١) پرۆسەکانی پراگماتیکی فەرهەنگی | ٢١ |
| **٣/١) پراگماتیکی ڕستەیی Syntactic Pragmatic** | ٢٩ |
| ١-٣/١) پراگماتیکی ڕستەیی و سیمانتیك | ٣٢ |
| ٢-٣/١) بنەمای پراگماتیك لە پرۆسە سینتاکسییەکاندا | ٤٠ |
| ٣-٣/١) نادیاری و دروستەی ڕستەی پراگماتیکی | ٤٣ |
| ٤-٣/١) پەڕینەوەی زمانەوانی و کاریگەری لەسەر ڕستەی پراگماتیکی | ٤٦ |
| ٥-٣/١) ڕۆڵی ڕستەی سەرسوڕمان و ڕستەی هەست و سۆز دەربڕین لە پراگماتیکدا | ٥٠ |
| **بەشی دووەم/ پرۆسەی مۆرفۆپراگماتیك لە زمانی کوردیدا** | |
| **١/٢) مۆرفۆپراگماتیك (چەمك و تێڕوانین)** | ٥٣ |
| **٢/٢) پرۆسەکانی مۆرفۆپراگماتیك** | ٥٤ |
| **٢/ ٢-١) زیادکردنی واتا Augmentative)** | ٥٥ |
| ١-١-٢/٢) مۆرفوپراگماتیکی زیادکردنی واتا لە دەنگسازیدا (فۆنەتیك وفۆنۆلۆژی) | ٥٦ |
| ٢-١-٢/٢) مۆرفوپراگماتیکی زیادکردنی واتا لە مۆرفولۆژیدا | ٦١ |
| یەکەم/ مۆرفوپراگماتیکی زیادکردنی واتا لە مۆرفیمی وشە داڕێژدا | ٦٢ |
| دووەم/ مۆرفوپراگماتیکی زیادکردنی واتا لە مۆرفیمی ڕێزمانیدا | ٦٩ |
| ٣-١-٢/٢) مۆرفوپراگماتیکی زیادکردنی واتا لە سینتاکسدا | ٧٥ |
| ٤-١-٢/٢) مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتای سیمانتیك | ٨٤ |
| **٢-٢/٢) کەمکردنەوەی واتا Diminutive** | ٨٩ |
| ١-٢-٢/٢) مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتا لە دەنگسازیدا | ٩٠ |

| | |
|---|---|
| ٢/٢-٢-٢/ مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتا لە مۆرفۆلۆژیدا | ٩٣ |
| ٢/٢-٢-٣) مۆرفۆپاگماتیکی کەمکردنەوەی واتا لە سنیتاکسدا | ٩٥ |
| ٢/ ٢-٢-٤) مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتا لە سیمانتیکدا | ١٠٤ |
| **بەشی سێیەم: زمانی قسەکردنی منداڵانە و ڕەنگدانەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانەی لە ئاخاوتنی گەورەکاندا** | |
| ١/٣) چییەتی مۆرفۆپراگماتیك لە زمانی قسەکردنی منداڵدا | ١٠٨ |
| ٣/١-١) زمانی قسەکردنی منداڵانە و ڕەنگدانەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانەی لە بەشە ئاخاوتنی ناوی مرۆڤە گەورەکاندا | ١١٠ |
| ٣/١-٢) زمانی قسەکردنی منداڵانە و ڕەنگدانەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانەی لە بەشە ئاخاوتنی کرداری مرۆڤە گەورەکاندا | ١١٨ |
| ٣/١-٣) زمانی قسەکردنی منداڵانە و ڕەنگدانەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانەی لە بەشە ئاخاوتنی جێناوی مرۆڤە گەورەکاندا | ١٢١ |
| ٣/١-٤) زمانی قسەکردنی منداڵانە و ڕەنگدانەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانەی لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناوی مرۆڤە گەورەکاندا | ١٢٤ |
| ٣/١-٥) زمانی قسەکردنی منداڵانە و ڕەنگدانەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانەی لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵکرداری مرۆڤە گەورەکاندا | ١٢٨ |
| ٣/١-٦) زمانی قسەکردنی منداڵانە و ڕەنگدانەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانەی لە بەشە ئاخاوتنی ژمارەی مرۆڤە گەورەکاندا | ١٣٠ |
| ئەنجام | ١٣٢ |
| سەرچاوەکان | ١٣٣ |
| ملخص البحث | ١٤٠ |
| Abstract | ١٤١ |

# پێشەکی

## ١/٠ ناونیشان و بواری نامەکە:

ناونیشـانی ئـەم نامەیـە بۆ(مۆرفۆپراگماتیـك لـە زمـانی کوردیـدا) تـەرخانکراوە، مەبەسـتی سـەرەکی نامەکە ناساندن و ڕونکردنەوەی واتای پراگماتیکی مۆرفیمە، دواتـر پراکتیـزە کردنێتـی لـە ئاسـتەکانی (فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی ، مۆرفۆلۆژی ، سینتاکس ، سیمانتیك)، پاشان لەبەشەکانی ئاخاوتندا.

## ٢/٠ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

پراگماتیـك وەك مۆرفۆلـۆژی و سـینتاکس و سـیمانتیك، بەشـێکی زانسـتی زمانـە، بـەهۆی ئاخـاوتن و دەوروبەرەوە بەشداری دەکات لە شـیکردنەوەی ڕەمـزە نێـردراوە نادیارەکـان لـە ئاسـتەکانی زمانـدا. مۆرفۆلۆژی وەکو ئاستێکی بەربڵاو و کاریگەر، پێکهێنەری بەشێکی گرنگی هەڕەمی زمانە.

هەر مۆرفیمێك لـە زمانـدا واتایـەکی ڕێزمـانی و فەرهـەنگی تایبـەت بـەخۆی هەیـە، بـەڵام زۆر جـار واتای مۆرفیمە دەربڕاوەکـان ناتوانرێـت لـە واتـای فەرهـەنگی و ڕێزمـانی مۆرفیمەکـەوە هـەڵبگوازرێت، بەڵکو واتایەکی جیاواز لە واتـا بنەڕەتیەکـەی دەبەخشـێت، کـە بـەهۆی ئاخـاوتن و دەوروبـەرەوە ڕون دەبێتەوە، بەمـەش پراگماتیـك دەچـێتە نـاواخنی مۆرفیمـەوە و لەگەڵیـدا بەشـدار و هاوبـەش دەبێـت، لەکاتی ئاخاوتندا بەهۆی زانیاری پێشینە و دەوروبەرەوە واتای پراگماتیکی بـە وشـەکان دەبەخشـێت، واتە وشە لەکاتی ناچالاکی و بونی لە فەرهەنگدا تەنها واتای سیمانتیکی هەیە، بەڵام ئـەو وشـەیە (جـا مۆرفیمی سەربەخۆ، یان مۆرفیمی ناسەربەخۆ بێـت)، کـە بـەکارهێنرا جگـە لـە واتـا سـیمانتیکییەکەی واتایەکی پراگماتیکیشی دەبێت ئەمەش ئەو تایبەتمەندیەیە، کە جیای دەکاتەوە لـە مۆرفـۆ سـینتاکس و مۆرفۆ سیمانتیك.

مۆرفۆپراگماتیك لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا گرنگی پێدراوە و لێکۆڵینـەوەی جۆراوجـۆری لـەبارەوە کراوەو ئەم لێکۆڵینەوانە خراونەتە بەردەستی خوێندەواران.

لەمڕۆدا زمانی کوردی پەرەپێـدراوە و خزمەتـدەکرێت و لەگەشەسـەندنی بەردەوامدایـە، بـەڵام تـا ئەم ساتەش گەلێك باس و بابەت بۆیان نەلواوە لەم زمانەدا بخرێنە بەر بـاس و لێکۆڵینـەوە لـە بـواری کـارە زمانەوانییەکانـدا، مۆرفـۆ پراگمـاتیکیش یەکێکـە لـەو بابەتـە باسـنەکراوانە. بۆیـە بـە ئامـانجی نەهێشـتنی ئـەم کەلێنـە زانسـتییە، بـە پێویسـت زانـرا لـە چوارچـێوەی نامەیـەکی زانسـتیدا واتـای پراگماتیکی وشەکان بخرێتە ڕو.

## ٣/٠ سنوری باسەکە:

ئەم باسە لە چوارچێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، لە مۆرفۆپراگماتیکی زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە.

## ٤/٠ کەرەستەی نامەکە:

بۆ نوسینی ئەم نامەیە، سود وەرگیراوە لە زمانی ئێستای قسەپێکەران و قسەکردنی منداڵان و زمانی نوسین بەپێی پێویست، لەگەڵ سود وەرگرتن لە هەندێك سەرچاوەی زمانی بیانی وەکو عەرەبی و ئینگلیزی.

## ٥/٠ ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، ڕێبازێکی وەسفی شیکارییە، واتە لەو مۆرفیمانە دەکۆڵێتەوە، کە لە لایەن قسەپێکەرانی زمانی کوردییەوە بەکاردێن و جگە لە واتای فەرهەنگی، واتای پراگماتیکیشیان هەیە.

## ٦/٠ گرفتی نامەکە:

بۆ لێکۆڵینەوە و نوسینی هەر نامەیەکی ئەکادیمی بێگومان گرفت هەیە، گرفتی سەرەکی ئێمە بریتی بو لە پەیداکردن و گەڕان بەدوای ئەو منداڵانەی، کە تەمەنییان لەسەر و یەك ساڵەوە و خواروی پێنج ساڵەوە بو، وەرگرتنی قسە لێیان و کارەکیکردنی ئەو قسانە لە بابەتەکەدا. هەروەها کارەکی کردنی بابەتی مۆرفۆپراگماتیك – کە بابەتێکی تازەیە – لە زمانی کوردیدا گرفتێکی تری نامەکە بو.

## ٧/٠ بەشەکانی نامەکە:

نامەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام، پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:** لەژێر ناونیشانی (پراگماتیك و پراگماتیکی ڕستەیی) خراوەتە ڕو، کە سێ پاری لەخۆ گرتووە: پاری یەکەم: لێکدانەوەیەکی پێکهاتەییانە بۆ پراگماتیك کراوە، لەڕوی چۆنیەتی سەرهەڵدانی پراگماتیك، زاراوەکەی، ڕوانین و ڕاڤە کردنی، نیشانەکانی. پاری دووەم: باس لە (پراگماتیکی فەرهەنگی) کراوە، کە ئامانج لێی، ناساندنی پراگماتیکی فەرهەنگی و پرۆسەکانییەتی،هەروەها پراگماتیکی فەرهەنگی لە ڕوانگەی تیۆری بەخشکەیی دەربڕینی

ئاخاوتنەوە خراوەتە ڕو. لە پاری سێیەمدا (پراگماتیکی ڕستەیی) خراوەتە ڕو، کە تیایدا باس لە: پراگماتیکی ڕستەیی و سیمانتیك، بنەمای پراگماتیك لە پرۆسە سینتاکسییەکاندا، نادیاری و دروستەی ڕستەی پراگماتیکی، پەڕینەوەی زمانەوانی و کاریگەری لەسەر ڕستەی پراگماتیکی، دەکات.

**بەشی دووەم:** کە ناونراوە بە(پرۆسەی مۆرفۆ پراگماتیك لە زمانی کوردیدا)، پێکدێت لە چەمك و تێڕوانین بۆ مۆرفۆپراگماتیك، پرۆسەکانی مۆرفۆپراگماتیك، کە (زیادکردنی واتا، کەمکردنەوەی واتا) دەگرێتەوە، بۆ تێگەیشتنی زیاتریش لەم لایەنەی لێکۆڵینەوەکە هەوڵدراوە نمونە شیکراوەکان بەپێی ئاستەکانی زمان شیبکرێنەوە، کە زیاتر ئەمانە دەگرێتەوە: (فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیك)

**بەشی سێیەم:** دوابەشەو پراکتیزە کراوە، لە زمانی قسەکردنی منداڵانە و ڕەنگدانەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانەی لە ئاخاوتنی مرۆڤە گەورەکاندا، لە بەشەکانی ئاخاوتندا: (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار، ژمارە).

پێش کۆتایی، بەچەند خاڵێك ئەنجامەکان خراونەتە ڕو، دواتر سەرچاوە بەکارهاتووەکان و ناو و تەمەنی ئەو منداڵانەی، کە قسەکانییان لێوەرگیراوە بۆ پراکتیزە کردنی بابەتەکە، ڕیزکراون و خراونەتە ڕو، لە کۆتاییشدا پوختەی نامەکە بەهەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕو.

## بەشی یەکەم

### ١) پڕاگماتیك و پڕاگماتیكی ڕستەیی

### ١/١) پڕاگماتیك (لێكدانەوەیەكی پێكهاتەییانە):

پڕاگماتیك وەك نوێنەری ژینگەی نازمانی و ڕەنگدانەوەی ژینگەی زمانی تێیدا بەردەوام وەك پێكهاتەیەكی زمانی خۆی نواندووەو دەنوێنێت. لەمبارەیەوە دەگوترێت ((پڕاگماتیك لێكۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان پێكهاتەی سیستمی هێمایی و بەكارهێنانی لەدەورو بەردا دەكات و پێكەوە لەگەڵ سیمانتیكدا بەشێك لە تیۆری گشتی واتا پێكدەهێنن))[١].

لەناو تیۆری واتادا پڕاگماتیك پسپۆڕییەكی تایبەتی هەیە لە هەڵماڵینی واتای شاراوەدا و ڕۆڵێكی كاریگەر دەبینێت لەتیۆری (زمانی گشتی)، لەبەر ئەوەی كرۆك و بناغەی بابەتی سەرەكی لەخۆ دەگرێت.

پێش ساڵانی (١٩٥٧)، كۆمەڵێك بۆچونی پڕاگماتیكیانەی ئاماژە جیاوازو دور لەیەكتری ، سەبارەت بە پڕاگماتیك هەبووە و بەكارهێنراوە بێئەوەی خوێندنەوەیەكی ئەوتۆی بۆبكرێت. ئەم خوێندنەوانەش بەڕونی لەنوسراوەكانی هەریەكە لەزانایان (فەردنیاند دی سۆسێر) و لەكتێبەكەی (ریچاردن)، بەناوی (ڕەخنەی جێبەجیكاری١٩٢٩)دا دەبینرێت.[٢]

توێژینەوە زمانەوانیەكان لەم چەند ساڵانەی دواییدا زۆر جەختیان لەسەر پڕاگماتیك كردۆتەوە. ئەوەش لەدژی بۆچونەكەی چۆمسكی، كە زمانی وەكو ئامرازێكی ڕوت خستبووە ڕو و جیای كردبۆوە لەبەكارهێنەرانی، هەر بۆیەش هەریەكە لە (J.R.searle, H.P.Grice, P.F.Sstrawson, J.L.Austin) هەستان بەڕونكردنەوەی زۆربەی هەرە زۆری چەمكە گرنگە پڕاگماتیكییەكان، كە ڕاستەوخۆ لەفەلسەفەی زمانەوە وەرگیراون.[٣]

دوای ئەوەی، كە زانستی زمان لەئەمریكا بەشێوەیەكی فراوان ڕەگی داكوتا بەهەمان شێوازی ئەوروپا، ئەوساكە سەرنج ڕاكێشی و گرنگی بابەتەكانی وای لەپڕاگماتیك كرد، كەسەربەخۆیی خۆی وەرگرێت.

---

١) Stephen C. Levison (2001: 1)

٢) حافظ اسماعیل (٢٠٠١:٦٤).

٣) احمد شفیق (٢٠٠٦).www.wata.cc

هەنـدێ کتێـب لەسـەر دەسـتەواژەی (زانسـتی پڕاگمـاتیکی) خراونەتـە ڕوو، بەتایبـەتی کـاتێ دەخرێتە ژێر کۆمەڵێ زانستی تـرەوە، بـەلاّم لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم زانسـتە زۆر فـراوانترەو پەیوەنـدی بەکۆمەڵێ زانستی ترەوە هەیە، هەر ئەمەشە وای کردووە هەندێ جار بەڕێگای جیـاوازتر بـەکاربهێنرێت، وەك هاوتایەك بۆڕێگاکانی توێژینەوەی هەڵگری ئاماژەیی پڕاگماتیکی نـەك هـەر لەزانسـتی زمـانی دەق، بـــەڵکو لەزانســـتی زمـــانی کۆمەڵایـــەتی و زانســـتی زمـــانی دەرونـــی، یـــاخود زانســـتی زمـــانی نواندن(Representation Linguistics)یشدا[٤]، بەلاّم ئەوەی لێرەدا مەبەستە پڕاگماتیکە.

## ١-١/١) زاراوەی پڕاگماتیك:

پڕاگماتیك لەوشەی پراگمـا (pragma)ی گریکییـەوە هـاتووە، کـە لـە بنەڕەتـدا بـەواتای کـارکردن، یان پراکتیك (پراکتیزەکـردن) دێـت. زاراوە تازەکـەی پڕاگماتیـك (pragmatics) بـۆ یەکـەمجار لەلایـەن فەیلەسوف (چارلز مۆریس- Charles Morris)ەوە لەساڵی ١٩٣٨ بەکارهاتووە، کـە لـە دوای هەریەکـە لە زانایان (لوك و پێرس)، گرنگی بەتازەکردنەوەی زانسـتی هێمـا (semiotics)داوە، کتێبێکیشـی هـەر لەژێر هەمان ناودا بلاّو کردۆتەوە، کە تیایدا زانستی هێمای شیکردۆتەوە.

چارلز مۆریس کتێبەکەی دەکات بە سێ بەشەوە:[٥]

١- بەشی یەکەم / سینتاکس (Syntax):

پەیوەندی هێما بەهێماوەیە، واتە پەیوەندی هێماکان لەنێوان خۆیاندا.

١) کچەکە جوانە.

لێرەدا وەکو لە نمونەی (١)دا دەبینرێت مەبەست پەیوەندی نێوان خودی هێماکان و ئـەو هێمایـەی، کـە وشـەی (کچـەکە) هەیـەتی، لەگـەڵ ئـەو هێمایـەی، کـە وشـەی(جوانە) هەیـەتی لـە زمانـدا و ڕۆڵـی هەریەکەیان و چۆنیەتی بەیەکەوە هاتنیان لەڕوی زمانەوانییەوە لە ڕستەدا و کامـەیان کارایـە و کامـەیان کردارەکەیـە، کەواتـە لێـرەدا وەکـو تێبینـی دەکرێـت پەیوەندییـە ڕێزمانییـەکانی نێـوان کەرەسـتەکانی ڕستەکە مەبەستە.

---

٤) جرهاد هلبش (٢٠٠٧ : ٢٢٤-٢٢٥).

٥) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١:٧).

٢- بەشی دووەم / سیمانتیك (Semantics):

بریتییە لەپەیوەندی هێما لەگەڵ هێما بۆکراو، واتە پەیوەندی هێما بەجیهانی ڕاستەقینە و بیرو دیاردەکانی دەرەوە.

٢) بەردەکە فڕێبدە.

لە نمونە (٢)دا، ئەگەر شیکردنەوەیەکی خێرای بۆ بکرێت، لە ڕوی ئەم بەشەوە دەردەکەوێت، کە پەیوەندی (بەرد+ەکە) لەگەڵ (فڕێ+بدە) نییە، واتا پەیوەندی هێماکان نیە لە نێوان خۆیاندا، بەڵکو پەیوەندی ئەم هێما و ڕەمزەی، کەوشەی (بەرد)ەکە هەیەتی، لەگەڵ خودی کەرەستەکە-بەردەکە-یە، واتە پەیوەندی کەرەستەکەیە لەگەڵ ئەو هێمایەی بۆی دانراوە لەلایەن خەڵك و قسەکەرەوە.

کەرەستە ← هێما

 = بەرد

بەشی سێیەم / پڕاگماتیك (Pragmatics):

پەیوەندی هێما بەبەکارهێنەرو لێکەوتەکەی. دەبینرێت (مۆریس) پڕاگماتیکی بەواتایەکی فراوان بەکارهێناوە، کە زانستەکانی (بایۆلۆژی، دەروونناسی، زەویناسی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و، .. هتد) دەگرێتە خۆ. بۆ نمونە کاتێك دەوترێت:

٣) گیاندارێکی بەبەردبوو.

لێرە لەنمونەی(٣)دا، پەیوەندی زانستی بایۆلۆژییە، لەگەڵ پڕاگماتیکدا، لە نمونەکەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە، کە مرۆڤێکە یاخود هەر گیاندارێکی تر، یان هەر کەرەستەیەك، کە لە ئەنجامی گۆڕانی قۆناغەکانی ژیان و تەمەن و هەروەها مانەوەی بۆ کاتێکی زۆر لەسەر زەوی، یاخود لەژێر زەوی بەبەردبووە، ئەم دەستەواژەیە یاخود ئەم زاراوەیە، پەڕیوەتەوە ناو پڕاگماتیك و ئێستا بە واتای تر بەکاردێت لە پڕاگماتیکدا، وەکو لە نمونەکانی (٤)دا دەردەکەوێت:

٤) أ) ئازاد هەمو گیانی بووە بە بەرد.

ب) ئەوە سەیارە بەبەردبووەکەیە.

له (٤أ)دا مەبەست لەوە نییە، کە ئازاد مرۆڤێکە و بۆتە بەرد، بەڵکو مەبەست لەوەیە، کە (ئازاد) لە ئەنجامی تەشەنوجاتەوە جەستەی ڕەق بووە و خۆی بۆ ناجوڵێ، یاخود کارێکی پێسپێردراوە، یان داوای کارێکی لێکراوە و لەبەر تەمبەڵی ئەنجامی نەداوە، یان بەهۆی بینینی ڕوداوێکەوە، یان شتێکەوە توشی شۆك بووە و لەجێی خۆی وەستاوە و قسە ناکات. هەروەکو چۆن لە (٤ب)دا، ئەگەر لە ڕوی پڕاگماتیکەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت، مەبەست ئەوە نییە سەیارەکە هی چەند هەزار ساڵێك لەمەوبەرە و بەبەرد بووە، بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە، کە سەیارەکە کۆنە و هەر کاریش دەکات و بە ڕێگادا دەڕوات.

٥) بەردەکە ڕۆیشت.

لە (٥)دا، ئەگەر لە ڕوی زانستی ڕامیارییەوە ببەسترێتەوە بە پڕاگماتیکەوە، ئەوادەردەکەوێت مەبەست لە خودی بەردەکە نییە،کە ڕۆیشتووە، بەڵکو مەبەست لە کەسێکی سیاسییە، کە زۆر توندڕەو و دڵڕەق و زاڵم و ستەمکار و نەبیستە، وەکو:

٦) أ) پەرلەمانتارە دڵڕەقەکە ڕۆیشت.

ب) سەرکردە دڵڕەقەکە ڕۆیشت.

پ)دادوەرە دڵڕەقەکە ڕۆیشت.

لە (٦أ) و (٦ب) و(٦پ)دا، هەریەکە لە (پەرلەمانتار، سەرکردە، دادوەر) خراونەتە جێگای (بەرد)و دڵڕقییان دەردەخات.

٧)دارا زمانی درێژە.

لە نمونە (٧)دا، مەبەست لەوە نیە، کە دارا ئەوپارچە گۆشتەی لەناو دەمیدایە و پێی دەگوترێت زمان (درێژ)ە، بەڵکو بەواتایەکی تر دارا زۆرزان و قسەزان و قسە زلە، قسەی لە دەمدا گیر ناخوات و دەمی تەتەڵە ناکات، بەسەر خەڵکیدا زاڵە لە لایەنی ئاخاوتنەوە لەناو کۆمەڵگادا، کەواتە دارا پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە ئەویش زمان درێژییە، کە ئەمەش پێگەیەکی نەرێنییە لە کۆمەڵگادا و لە ڕستەی (٧)دا پێگە کۆمەڵایەتییکە بەڕونی دەردەکەوێت.

لەڕاستیدا هەروەکو لە نمونەکانی (٣، ٤، ٥، ٦، ٧)دا دەردەکەوێت، پڕاگماتیك گشت زانستەکان لەخۆ دەگرێت بەپێی بۆچونەکەی (مۆریس).

## ١/١ – ٢) هۆكارەكانی سەر هەڵدانی پڕاگماتیك:

دوای بــەكارهێنانی زاراوەی (Pragmatics) لەلایــەن مۆریســەوە، دو بۆچــون دەربــارەی بــواری پڕاگماتیك هاتنە ئاراوە:

١) **بۆچونی فراوان:** هەندێك لە زانایانی وەكو مۆریس بواری پڕاگماتیكیان فراوانكرد. پێیان وابو لایەنی زینـدویی هێماكـان لـەخۆ دەگرێـت، واتــە گشـت ئـەو دیـاردە دەرونـی و بـایۆلۆجی و كۆمەڵایەتیانـە لەخۆدەگرێت، لەكاتی هەستانی هێما بە ئەركی خۆی ئەمەش بەو واتایەی، كە هەمو زانستـەكان دەكـات بەیەك و دەیانباتە ناو پڕاگماتیكەوە. ئەم بوارەش زۆر لەوە فراوانتربو لەوەی ئێستا پڕاگماتیـك لـەخۆی دەگرێت.

٢) **بۆچونی تەسك:** لەكاتێكدا هەنـدێك لـە زانایـانی تـر، وەك: (كـاتز و فـۆدەر– Katz & Fodor) وایـان ڕوانیوەتە پڕاگماتیك، بوارێكی تەسكترە لـەوەی، كـە مـۆریس و ئـەوانی تـر بۆیـان ڕوانیـوە، ئـەویش بـە پەنابردنە بەر دەوروبەر بۆلێكدانەوەی دیاردە نابەرجەستەییەكان، واتە پڕاگماتیك كورت دەكەنـەوە لـە خوێندنەوەی ئەو بنەمایانەی،كە حـوكم دەكـەن بەبەكارهێنانی زمـان، بـەپێی ئـەم بۆچـونە، پڕاگماتیـك دەبێتە بەشێك لەزمانەوانی، واتە وەكو زانست (since) سەیری ناكرێت[٦].

ئەگەر بەم شێوازە سـەیر بكرێـت، ئـەوا پڕاگماتیـك بـۆ هـەفتاكانی سـەدەی بیسـتەم دەگەڕێتـەوەو كۆمەڵێك ناو دێتە ئاراوە، وەكو (سیرێل و ئۆسـتن و كـۆف و... هتـد)، كەواتـە ئـەم زانسـتە تاڕادەیـەكی زۆر نوێیە.

لێرەدا بەكورتی ئاماژە بەهەندێك هۆكاری سەرهەڵدانی ئەم زانستە دەكرێت :

١) سـەرەتای حـەفتاكانی سـەدەی ڕابـردوو وا پێویسـتی دەكـرد، كـە ئـەم زانسـتە –پڕاگماتیـك– بێتـە ئـاراوە، وەكـو كاردانەوەیـەك بـۆ بـیرو ڕاكـانی چۆمسـكی، چـونكە لای وابـو زمـان دابـڕاوە لەكۆمـەڵ و پەیوەندی بەدەوروبەرەوە نیە، هەروەها قسەی نمونەی پاك و بێ هەڵـەی ڕێزمـانی بكرێتـە سەرچـاوە، دەبێـت سـنیتاكس دوربێـت لەدەوروبـەر. هـەموو ئەمانـەش هۆكارێـك بـون بۆسـەرهەڵدانی بزوتنـەوەی پڕاگماتیك[٧].

٢) هۆیەكی تری سەرهەڵدانی پڕاگماتیك، مانەوەی هەندێك دیاردە بوو، كە بـەهیچ یـەكێك لەزانسـتەكانی فۆنۆلۆجی و سینتاكس و سیمانتیك لێكنەدەدرانـەوە، بۆیـە دیاردەكـانی وەكـو (هێـزو ئـاواز و گریمانـەی پێشـینە)، بـە سـینتاكس (Syntax) ناتوانرێـت لێكبدرێتـەوە، بـەڵكو پڕاگماتیـك لێكیـان دەداتـەوە. هەروەكو لە نمونەكانی (٨)و(٩)دا دەردەكەوێت[٨]:

---

٦) احمد شفيق(٢٠٠٦). www.wata.cc

٧) محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١٢ :١٨٤–١٨٥).

٨) سەرچاوەی پێشو (١٨٥ –١٨٦) .

٨)پەرداخەکە شکا.

لێرەدا هێز، یان سەرتۆپی ڕستەکە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە دەربڕینی مەبەستی تەواوی ڕستەکە، ئایا ئەو هەواڵەی، کە لەڕستەکەدا مەبەستە (شکا)ندنی پەرداخەکەیە لەلایەن کەسێکەوە، یان خودی (پەرداخ)ە شکاوەکە مەبەستە، لێرەدا ئەوهێز و ئاوازەی قسەکەرلە ڕستەی (٨)دا دەریدەبڕێت، مەبەستی ڕستەکە ڕون دەکاتەوە[٩].

٩) سەیارەکەم کڕی.

لە ڕستەی(٩)دا زانیاری پێشینە هەیە لەبارەی جۆری سەیارەکەوە، واتە پێش ئەوەی، کە قسەکەر ئەو ڕستەیە ئاراستەی گوێگر بکات کردەیەکی ئاخاوتنی پێشوتر هەیە لە نێوانیاندا زانیاری تەواویان هەیە دەربارەی سەیارەیەکە و جۆرەکەی، کە قسەکەر دەیەوێ بیکڕێ و پێشتر لای گوێگر باسی کردووە.

٣) زمانەوانان بۆیان دەرکەوت، بەهۆی ئەوەی وشە تێکەڵ بەکۆنتێکست دەبێت، وەکو خۆی نامێنێتەوە، وا لە سیمانتیك دەکات سنوری نەبێت، بەلاَم بە جیاکردنەوەی لە پراگماتیك دەتوانرێت سنورێکی بۆدابنرێت[١٠].

١٠) أ) ڕۆیشتی بۆ بازاڕ؟

ب) میوانم هات.

لە نمونەی (١٠ب)دا، دەتوانرێ دو جۆر واتای لێ هەڵبگوازرێت، یەکەمیان واتای سیمانتیکیە، کە گوێگر بە قسەکەر دەڵێت میوانی هەبووە، بەلاَم مەبەستی سەرەکی لە (١٠ب)، وەلاَمی گوێگرە بۆ قسەکەر، کە بە شێوازێکی پراگماتیکییانە تێیبگەیەنێ، چونکە میوانی هاتووە، کاتی نەبوو، یان بۆی نەکراوە بچێت بۆ بازاڕ، کە ئەمەش واتای دووەمی ڕستەکەیە.

٤) کێشەی نێوان زمان و ئەدەب هۆیەکی تری سەرهەڵدانی پراگماتیکە، وەکو (خوازە –متیافۆر–، درکە، تەلمیع،...هتد)، ئەمانە کێشەی ئەدەبی نین، بەڵکو زمانین، بۆیە پراگماتیك ئەمانە لەناو ئەدەب دێنێتە دەرەوەو بەڕێگای خۆی چارەسەریان دەکات[١١].

---

٩) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هێز و سەرتۆپی ڕستە، بڕوانە: کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨: ٤٥ – ٥٩).

١٠) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠ : ١٤–١٥).

١١) سەرچاوەی پێشو (١٥–١٦).

١١)دارا دەستی پاك نییە.

لە (١١)دا، مەبەستی قسەکەر پیسی و پاکی دەستی (دارا) نییە، بەڵکو (دەستپاك)نەبوونی دارای وەکو میتافۆر بەکارهێناوە لەبری (دزی، خیانەت، بێ متمانەیی، باوەڕ پێنەبون)، کەواتە قسەکەر لەم ڕووەوە (دارا)ی بەدڵنیەو بەکەسێکی دزو نائەمینی دادەنێت.

١٢) شارەوانی بڕیاریدا زەویەکان تاپۆ بکات.

لە (١٢)دا، کاتێك باس لە بڕیاری (شارەوانی)دەکرێت لەلایەن قسەکەرەوە، مەبەست خودی شارەوانی نییە، بەڵکو مەبەست لە کاربەدەست و لێپرسراو و فەرمانبەرەکانی فەرمانگەی شارەوانی و وەزیرەکەیەتی، کە ئەم بڕیارەیان دەرکردووە، واتە لێردا (شارەوانی) وەکو ئیدیەم بەکارهاتووە.

## ١/١ – ٣) **پڕاگماتیك** (ڕوانین و ڕاڤە):

پڕاگماتیك چۆنیەتی داڕشتنی واتایە لە دەوروبەردا، واتە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە لەدەوروبەردا. لەچاو ئاستەکانی تری زماندا ئاستێکی تازەیە، هەربۆیەش چەندین پێناسە و ڕوانینی جیاوازی بۆکراوە، کە لێرەدا هەوڵدەدرێت گرنگترینییان بخرێنە ڕو:

**ڕوانینی یەکەم**: ((یەکەم جار باس لەواتا دەکرێت، بەواتایەکی تر پڕاگماتیك پەیوەستە بەکۆنتێکستەوە، یان بریتییە لەزانستی بەکارهێنانی هێماکان، یاخود زانستی زمانی کارەکییە))[١٢].

کەواتە لێرەدا بەپێی ئەم پێناسەیە پڕاگماتیك بەشێکە لەواتا، بەلام پەیوەست بەکۆنتێکستەوە، هەروەها یاریکردنە بەهێماکان لە بەکارهێنانیاندا لەگەڵ دەوروبەر، ئەمە جگە لەوەی پڕاگماتیك پەیوەستە بەپراکتیزەکردن لەکاتی بەکارهێنانی زمان و کارکردن تیایدا، واتە پڕاگماتیك پرۆسەیەکی پراکتیکیە.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ڕوانینی یەکەم، بڕوانە نمونەی(١٣):

١٣) زۆرت گوت.

---

١٢) أنجلینا لینکە و ئەوانی تر(٢٠١٢:٤٢١).

لێرەدا ئەگەر پڕاگماتیکیانە سەیری ئەم ڕستەیە بکرێت، بریتییە لەڕستەیەکی فەرماندان، چونکە مەبەست لێی: بێدەنگ کردنی بەرامبەرە واتە قسەکەر دەڵێت: {(بێدەنگ بە)، یان (قسەمەکە)، (ئەوەندە مەڵێ)، یاخود(بەسە زۆر بڵێیی)}.

**ڕوانینی دووەم:** ((پڕاگماتیك ئامرازێكە بۆدەرخستنی ڕاستی واتای هەندێ نوسراو، کەلەڕوی سیمانتیکەوە تەواو نیە، یاخود واتایەکی جیاواز دەبەخشێ لەوەی کەهەیە.)) [١٣]

بۆنمونە کاتێك سەیری تابلۆی ڕێکلامی سەر مارکێتێك یان دوکانێك دەکرێت، نوسراوە (فرۆشگای منداڵان). دەزانرێت، کە ئەم فرۆشگایە بۆ فرۆشتنی منداڵ نیە، بەڵکو مانا شاراوەکەی مەبەستە، کە بۆفرۆشتنی کەلوپەل و پێداویستی جلوبەرگی منداڵانە.

کەواتە لێرەدا دەتوانرێت بگوترێت: پڕاگماتیك تەواوکەری گشت لایەنەکانی واتایە،کە سیمانتیك ناتوانێت کامڵیان بکات یاخود بیانگرێتەخۆی.

**ڕوانینی سێیەم:** پڕاگماتیك، لەسەر بونیادی ئاڵوگۆڕکردنی نێوان ڕستەو واتای تایبەتمەند دەبێت و سەبارەت بەواتای درکاوەکان توێژینەوە ئەنجام دەدات.

جا بەپێی ئەم پێناسەیە، درکاو بەکاردەهێنرێت بەو واتایەی، کە (بار–هیلەر Bar-Hiller) ئاماژەی بۆدەکات، بەو پێیەی، کە ڕستەیەك (لەهەندێك حاڵەتدا زنجیرەیەك یان کۆمەڵە ڕستەیەك پێکدەهێنن)، کە پەیوەستن بەڕێچکەیەکی تایبەتەوەو ئەمانەش پەیوەستن بەبابەتی ڕستە درکاوەکە، یان کۆمەڵە ڕستەکەی ناوی[١٤].

کەواتە دەتوانرێت بگوترێت، پڕاگماتیك ئاماژە بەو توانا و چالاکی و هونەرە زمانییە کۆمەڵایەتییە دەکات، کە لە پەیوەندییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا لەگەڵ کەسانی تر بەکاردێت، کە (چی دەگوترێت؟ چۆن دەگوترێت؟)، یاخود ئەگەر پێویست بکات بەکارهێنانی زمانی ئاماژەش دەگرێتەوە.

توانا و چالاکی و زانینی دەربڕین و ئاماژە، پێویستییەکی زیندووە بۆ پڕاگماتیك، بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانرێت بۆچونە کەسییەکان و هەستەکان و فکرەکان بگەیەنرێت.

---

١٣) Andrew More (2001:1)

١٤) سەلام ناوخۆش.نەریمان خۆشناو (٢٠١٠ : ٣٧١ – ٣٧٢).

### ١/١– ٤) نیشانە پڕاگماتیکییەکان:

کاتێک پڕاگماتیک بەهۆی دەوروبەرەوە، کات و شوێن و کەسەکان و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی کۆمەڵە وشەیەکەوە یاخود بەشەکانی ئاخاوتنەوە ڕوندەکاتەوە و دیارییاندەکات، ئەوا ئەو وشانە، یاخود ئەو بەشە ئاخاوتنانە، دەبن بە نیشانەی پڕاگماتیکی، وەکو:

١٤) ئەوەیە نان!

ئەگەر سەیری نمونەی(١٤) بکرێت، واتا سینتاکسیەکە تەنها ئاماژە بەنانەکە دەدات، بەڵام ئەمە واتاکەی تەواو ناکات، بەڵکو مەبەستی نیشانە پڕاگماتیکیەکەیە، بەهۆی کۆنتێکستەوەو ئاگاداربون لەگفتوگۆو زانیاری پێشینە دەتوانرێت بگوترێت، کە ڕستەکە چەند مانایەکی شاراوەی تێدایە، بەهۆی نیشانە کەسیەکەوە،وەکو لە (١٥أ)و(١٥ب)دا ڕونکراوەتەوە:

١٥) أ) ئەوە نانێکی باشە.

ب) ئەوە خواردنێکی خۆشە.

کەواتە ڕون دەبێتەوە، ئاگاداربون لەشوێنی گوتن و کەسی بوێژو کاتی گوتنەکەو بوارە کۆمەڵایەتییەکەیی و دەقی گوتنەکە، واتای تەواوی پێ دەبەخشن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کەرستەکان، وەکو نیشانەی پڕاگماتیکی بەکارهێنراون، هەربۆیە دەگوترێت:((بەبێ ئاگاداربوون لە چوارچێوەی ئەو وتنە، واتە لەکاتی وتن و بۆنەکەی و شوێنی وتنەکە و هاوبەشەکانی وتنەکە، ئەو کەرستانە واتای تەواو ناگەیەنن. ئەمەش هۆی ئەوەیە، کە ئەو کەرەستانە وەك نیشانەی پڕاگماتیکی بەکارهێنراون))[١٥]، لە ڕاستیدا نیشانە پڕاگماتیکییەکان، بەپێی واتا، هەروەکو (هۆگر مەحمود فەرەج) لە نامەی دکتۆراکەیدا ئاماژەی پێکردووە بریتین لە:(نیشانە کەسییەکان، نیشانەکانی شوێن، نیشانەکانی کات، نیشانە کۆمەڵایەتییەکان، نیشانەکانی دەق) کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکرێت:

١) **نیشانە کەسییەکان** (**Person Deixis**):

ڕۆڵی هاوبەشەکانی ئاخاوتن لەبارێکدا دیاری دەکەن و کەسی قسەکەرو کەسی گوێگرو کەسی نائامادەی تێدایە، دەبێت ئەوەش بزانرێت، کە کەسەکان دەورەکانیان –ڕۆڵەکانیان– دەگۆڕنەوە، لەڕاستیدا نیشانە کەسییەکان هەریەکە لە((جێناوەکانی ئاماژەکردن، جێناوەکان(چ سەربەخۆ و چ لکاو)، ناوی تایبەت، ناوی خزمایەتی، نازناو))[١٦] دەگرێتەوەو((بەپێی دەوروبەر، هەرجارەی بۆ کەسێك

---

١٥) هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٠ : ٦).

١٦) سەرچاوەی پێشو (٧).

یان ڕوداوێك یان شتێك دەگەڕێنەوە. واتە بەپێی (کەس و کات و شوێن)ی گوتن، واتایان دەگۆڕێت و بەبێ دەوروبەر، واتایەکی ڕون و دیاریکراویان نابێت)) [17].

هەروەها نیشانە کەسییەکان دوو بەکارهێنانیان هەیە، کە ئەوانیش (ئامـاژەیی ونائامـاژەیین)، هەروەکو ئاماژەیان پێکراوە، کە قسەکەرو گوێگرو نائامادە هەیە، بەڵام هەندێجاریش کەسێکی تر دێتە ناوەوە ئەویش گوێهەڵخەری پێدەوترێت[18].

١٦) کچەکە هاتە ژورەوە.

لە نمونە (١٦)دا، (کچەکە) ناوێکی گشتیە و بۆ ئاماژە بەکارهاتووە.

١٧) خاڵۆزاکەت ڕۆیشت.

لە نمونە (١٧)دا، بەبێ بەکارهێنانی جێناوی ئاماژە، بەهۆی بەکارهێنانی ناوی خزمایەتییەوە جۆرێکی نیشانە پڕاگماتیکییەکانی تێدا بەکارهاتووە، کە قسەکەر ئاماژە بۆ (خاڵۆزا)ی گوێگر دەکات.

**٢) نیشانەی کات(Time Deixis):**

بۆئەوەی تێگەیشتنێکی قوڵ بۆ ئەو ئەسپێکتەی نیشانە هەبێت، پێویستە تێگەیشتنێکی باش هەبێت بۆسیمانتیکی ڕێکخراو لەماوەو کات بەگشتی. وەکو هەمو ئەسپێکتەکانی تری نیشانە، نیشانەی کات (ئەسپێکتەکانی کات) وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ ڕۆڵ دەبینن و بەشداری دەکەن لەپڕاگماتیکدا.

گرنگە جیاوازی بکرێت لەنێوان کاتی ئاخاوتن (Coding time) و –کەبە (CT) ناسراوە– وەرگرتنی ئاخاوتنەکە لەلایەن گوێگرەوە (Receiving Time) یاخود (Reception Time) –کەبە (RT) ناسراوە–[19]. دەبێت ئەوەش بزانرێت، کە ئەوکاتەی لەلای قسەکەر بەرهەمدێت، ئێستاییە–ئێستا لەخۆدەگرێت–.

هەروەکو ئاماژەی پێدرا، لەکاتی زانراوی –ناسراوی– ئاخاوتندا وا دادەنرێت، کە سەنتەری ڕاستەوخۆ نیشانەی جیاکەرەوە لەخۆناگرێت، ئەوکاتەش (CT) و (RT) هاوتا دەبن، ئەوحاڵەتەش ناونراوە: (Deictic Simultaneity)، واتە بەیەکەوە گونجانی ڕاستەوخۆ، یان (هاوکاتبوونی واتای

---

١٧) هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٠ : ٧).

١٨) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٢: ١٩٩ – ٢٠٠).

١٩) Stephen C.Levinson (1983:73)

سیاقی وشه) [20]، بەلاّم دەبێت ئەوەش لەبیرنەکرێت، کە (د.منذر) سەرباری (CT) و (RT) دەڵێت: ((کاتێکی سێیەمیش هەیە، کە بەدەورووبەری ئەم جۆرە ئاخاوتنەوەیەو لە پێویستییەکانی دەژمێررێت، کە ئەویش کاتی دەورووبەرە.بیریش بۆ ئەوە دەچێت کە قسەمان لەبارەی ئەم کاتەوە،کە ئاماژە بۆئەوە دەکات بەشتێکی نازمانییەوە بەستراوە، کە لەدەورووبەرەوەبۆ زمان زیاد دەکرێت، بەلاّم ئەو دەورووبەرەی لەم بوارە پراگماتیکییەی ئاخاوتندا مەبەستمانە، ئەوەبێت، کە بریتییە لە بنیاتێکی زمانی و کۆمەڵێك پەیوەندی، کە ئاخاوتن خۆی تیادا خاڵی دەکاتەوە. بەپێی ئەم واتایەش کات شێوەیەکی زمانییە و ئاخاوتن دەیخولقێنێت لە پێناوی ئەوەی، کە دەیلێت، نەك لەچی دەدوێت. لەبەرئەوە ئەم کاتی سێیەمەش وەك یەکەمیان، کاتێکە بەدەوری ئاخاوتنەکەوە و تایبەتێتییەکی پێدەدات، بەوەی دەورووبەرێکە و لەبنیاتنانیدا وەك واتا هاوبەشی دەکات)) [21].

١٨) ئەمڕۆ، کاتێك چوم بۆ زانکۆ، دارام بینی.

لە (١٨)دا، نیشانەی کات (ئەمڕۆ) و (کە) دەبینرێت، لە کاتێکدا، کە (ئەمڕۆ)ش لابرێت ئەوا نیشانەی کاتەکە(کە) هەر دەمێنێتەوە، بەلاّم ئەوەی ڕون نییە، کاتە دەستنیشانکراوەکەیە، ئایا دوێنێ یا ئەمڕۆ بووە؟ کەواتە ئەوەی ڕونە مانەوەی نیشانەی کاتەکەیە، هەروەکو لە نمونە (١٩)دا دەردەکەوێ:

١٩) کە چوم بۆ زانکۆ، دارام بینی.

### ٣) نیشانەی شوێن (**Place Deixis**):

ئەوکەرەستە زمانی و نازمانی نیشانانەن، کەبەشێوازێکی بەخشکەیی دەربڕینانە، یاخود بە ڕاشکاوانە لەکردەی گەیاندندا لەژێر بارو بارمەتی دەورووبەرو ئاخاوتن دەبنە هێماو نیشانە بۆگەیاندنی چەمکی ئەو شوێنەی، کە قسەکەر مەبەستێتی بیگەیەنێت [22].

چوارجۆر شوێنی بنچینەیی هەیە، بۆجیاکردنەوە وناسینەوەی نیشانەی شوێن، کە ڕۆڵی بەشداربوان دەستنیشان دەکات :

١- شوێنی نزیك لەقسەکەر.
٢- شوێنی نزیك لەگوێگر.

---

٢٠) Stephen C.Levinson (1983:73)

٢١) هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٠: ٩٣).

٢٢) قەیس کاکل (١٩٩٥ :٤٠).

٣– شوێنی نزیك لەجەماوەر.

٤– شوێنی نزیك لەكەسێك، كە هیچ كام لەخاڵەكانی پێشو ناگرێتەوە.[٢٣]

٢٠) أ) لە دیوەخانەكەی خۆمان دانیشتوم.

ب) هەستە برۆ بۆبازاڕ.

پ) هاوڵاتیانی خۆشەویست، دەتوانن بچنە سەر سندوقەكانی دەنگدان.

ت) پێی بڵێ: با بڕوات بۆ ماڵی خۆیان.

ئەگەر لە(٢٠أ) بڕوانرێت، دەتوانرێت بگوترێت، كە ئەم ڕستەیە ئاماژەیە بۆ شوێنێك، نزیكە لە قسەكەرەوە ئەویش (دیوەخان)ی ماڵی خۆیانە و تیایدا دانیشتووە، بەلاّم لە (٢٠ب)دا، شوێنی ئاماژە پێكراو نزیكە لە گوێگر، هەروەكو چۆن لە (٢٠پ)دا، شوێنی ئاماژە پێكراو نزیكە لە جەماوەر، بەلاّم ئەوەی، كە لە(٢٠ت)دا دیارە ئەوەیە، كە شوێنی ئاماژەپێكراو نەلە قسەكەر و نە لەگوێگر و نە لە جەماوەر نزیك نییە، بەڵكو ئاماژەیە بۆ شوێنێك، كە لە كەسێكەوە نزیكە ئاگاداری ئاخاوتنی نێوان قسەكەر و گوێگر نییە، بەڵكو دواتر ئاگادار دەكرێتەوە.

### ٤) نیشانە كۆمەڵایەتییەكان(Social Deixis):

نیشانە كۆمەڵایەتییەكان، پلەو پایەی قسەكەرو چین و توێژو ئاستی ڕۆشنبیری و پیشەو ڕەگەزو تەمەن و باری خزمایەتی و دور و نزیكی و یەكسانی و نا یەكسانی، لەگەڵ گوێگردا لەچوارچێوە كۆمەڵایەتییە زمانییەكەدا بەپێی دەوروبەر دیاریدەكەن، بەپێی هەل و مەرجە نابەرامبەرییەكانی دەسەڵات و هاوكاری لەڕێی گوتنەوە[٢٤].

بڵاوترین نیشانە كۆمەڵایەتییەكان، جێناوە كەسییەكان و ناوی تایبەتی و نازناو و ئەو وشانەی، كە خزمایەتی و ڕێزلێنان پیشان دەدەن (دكتۆر، مامۆستا، پرۆفیسۆر، مامە، خاڵە.... هتد)، هەروەها ئامرازەكانی بانگكردن (كاكە، برا، دادە...هتد)[٢٥].

---

٢٣) ئاڤێستا كەمال مەحمود (٢٠٠٩ :٣٤).

٢٤) بڕوانە:هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٠: ١٤٠ – ١٨٣)

٢٥) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٢: ٢٠٣ – ٢٠٤)

٢١) + جەنابی دکتۆر چۆنیت؟

– باشم،تۆ چۆنیت مامۆستا گیان؟

+ سوپاس بۆ خوا منیش باشم.

هەروەکو لە (٢١)دا، دەردەکەویٚ ئاخاوتنی نێوان دوکەسە، کە تیایدا ئاماژە دەکرێت بە وشەکانی ڕێزلێنان و پایەی کۆمەڵایەتی نێوان کەسی قسەکەر و کەسی گوێگر.

٥) **نیشانەکانی دەق – گوتار**– (**Discourse Deixis**):

بەوخاڵە –چەقە– دەگوترێت، کە گوتەکەی بەتەواوەتی تێدا دێتە بەرهەم لەلایەن قسەکەرەوە، تیایدا هەردو نیشانەی (کات و شوێن) کاردەکەن، هەروەها بەپێی مەبەست و کەسی قسەکەر نیشانە کۆمەڵایەتیەکانیش بەکاردەهێنرێن[٢٦]. یان دەتوانرێت بگوترێت، کە نیشانەکانی دەق ((ئەو نیشانانەن، کە ئاماژە بۆ ئەو بەشەی تێکست(دەق) دەکەن، کە گوتنەکەی تێدایە، یان ئاماژە بۆ پەیوەندی نێوان گوتنێك و دەقەکەی دەور و بەری دەکات، دەق، هەر دەقی نووسین ناگرێتەوە، گفتوگۆی نێوان دوو کەس هەرپێی دەگوترێت دەق، لەبەرئەوەی دەق بە تێپەڕبوونی کات ئاشکرا دەبیٚ، کارێکی ئاساییە کە ئاوەڵکارەکانی کات نیشانە بن بۆ دەق))[٢٧]، هەروەکو لە نمونە (٢٢)دا، ڕونکراوەتەوە:

٢٢) شەوی پێشو ئامۆزاکەتم بینی.

لە نمونەی(٢٢)دا، ئاوەڵکاری کاتی (پێشو) ئاماژەیە بۆ نیشانەی دەق.

ئەوەی، کە گرنگەو لێرەدا ڕونە ئەوەیە، کە پڕاگماتیك زیاتر گرنگی بەدەربڕاو دەدات وەك نوسین، چونکە ئەگەر سەیربکرێت، مرۆڤ سەرەتا گوتاری هەبووە، نەك نوسین، هەروەها منداڵ یەکەم جار قسەدەکات، ئینجا بەپێی تێپەڕبونی کات و خوێندنی فۆنیمەکانی زمان فێری نوسین دەبێت.

مرۆڤیش بەگشتی یەکتر دواندنی زۆرترە وەك لەنوسین، هەربۆیە ئەم زانستەش (Pragmatics) گرنگی بەگوفتار داوە زیاتر لەنوسین. بەڵام ئەوە بەڵگە نیە بۆ ئەوەی، کە پڕاگماتیك ناتوانێت شیکردنەوەی پڕاگماتیکیانە بۆ دەقی نوسراو، بکات. بەڵکو پڕاگماتیکیش وەکو بەشەکانی تری ئاخاوتن توانای شیکردنەوەی دەقی نوسراوی هەیە، هەروەکو چۆن دەقی گوتراو شیدەکاتەوە، چونکە ئەو دەقە نوسراوە لەوانەیە نوسسینەوەی هەمان دەقی گوتراو بێت، کە ئاخاوتنی لەسەر کراوەو

---

٢٦) ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩: ٣٧ – ٣٨)

٢٧) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٢: ٢٠٦).

گفتوگۆی تێدا بەئەنجام گەیەنراوە، بەڵام ئەوەش هەموی پەیوەستە بە زانیاری پێشینە و دەوروبەری گوتن، دەربارەی دەقی دەربڕاو و نوسراو لەلایەن قسەکەر و گوێگرەوە.

## ٢/١) پڕاگماتیکی فەرهەنگی(Lexical pragmatics)

### ٢/١-١) ناساندنی پڕاگماتیکی فەرهەنگی:

ئەو کێڵگە توێژینەوەیە، کە هەوڵدەدات قورساییەکی بابەتی و شیکردنەوە بۆ دیاردە ڕاستەقینەکان بداتە دەست، کە پەیوەندی هەیە بە چەپکە نیشانەیەکی دیاریکراوی کەرەستە فەرهەنگییەکان(underspecification)، ئەو حاڵەتانە لەخاڵێکدا کۆ دەبنەوە، کە تایبەتمەندی پڕاگماتیکیان تێدایەو واتای تەواو دەبەخشن[٢٨]. یاخود دەتوانرێت بگوترێت ڕێبازێکە واتا بەیەکەوە بەستراوەکان کۆدەکاتەوە لەگەڵ میکانزمی گشتی لە ئاخاوتنی بەخشکەیی دەربڕاو.

مەبەست لە پڕاگماتیکی فەرهەنگی بەدەستخستنی هەژمارێکی ئاشکرایە، لە شیکردنەوەی قسە بەشێوازێکی دیارتر (ئاشکراتر)، ئەو هەژمارەی کە هەیەتی، بۆ ڕونکردنەوەی ئەوەی چۆن دەکرێت لێڵی واتایی بدۆزرێتەوە؟ چۆن دەربڕینی واتای دەقی وشە(deictic) بەکاربهێنرێت؟ هەروەها چۆن پێشبینی ئەگەرەکان بکرێت و دیاردەکانیش چ ڕۆڵێکیان گێڕاوە؟ چۆن دەکرێت ئاخاوتنە بە خشکەییە دەربڕینەکان ئەنجام بدرێت؟ چۆن پارچەکانی ڕستەو قسەی نارێزمانی شیدەکرێنەوە؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ زانیاری و دەوروبەری فەرهەنگیدا دەکرێت[٢٩]؟ لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ڕاڕایی و دودڵی لەکێشەی واتاکان سود لەپڕاگماتیك دەبینرێت، بەواتا پڕاگماتیکی فەرهەنگی بریتییە لە برەودان بەهەستێکی زیندو و چالاك هەمبەر بەهەر کێشەیەك، کە دەکرێت بیگرێتە خۆی بۆشیکردنەوەی هەندێ تایبەتمەندی بیرۆکەی دروستی پڕاگماتیکی فەرهەنگی،کە دەبێتە چۆنیەتی شیکردنەوەی بەشێك لە تیۆرییەکە، وەکو بیرۆکەیەکی وابەستە بە هەژمارەکەوە لەبەرچاو بگیرێت.

کەواتە دەتوانرێت پڕاگماتیکی فەرهەنگی بەپرۆسەیەکی زیندو دابنرێت لەزماندا، چونکە یارمەتیدەرە بۆڕونکردنەوەو شیکردنەوەی وشەی فەرهەنگی و ئاشکرا کردنی واتاکەی، یاخود واتاکانی. ئەمەش زیاتر بەهۆی هاوکاری دەقی بەکارهێنانەوە دەبێت، یاخود زانیاری قسەکەرو گوێگر لەسەر ئەو بابەتەی، کە لەئارادایە.

---

٢٨) jos.oxfordjournals.org.

٢٩) بڕوانە: P. G. J. van Sterkenburg (2008:29-35)

### ٢/١–٢) پڕاگماتیکی فەرهەنگی لە ڕوانگەی تیۆری بەخشکەیی دەربڕینی ئاخاوتنەوە:

کاری ئەم بەشە لەبنەڕەتدا بۆپێشکەوتن و پێشنیازکردنی کۆمەڵێك بنەمای ئاڕاستەییە، بۆ بەدەستهێنانی پڕاگماتیکی فەرهەنگی، وەکو ئامادەکردنی بیردۆزێکی ڕاست.

ئاخاوتنی بەخشکەیی دەربڕین (Conversational Implicatur)، ئەولایەنە ڕاستەقینە ئەرکیانەن لەشیکردنەوەی قسەدا، کەبەحوکمی گریمانە دانانی ئەوەی قسەکەرو گوێگر گوێڕایەڵی بنەمای هاریکاری بن، بۆ گفتوگۆ بەشێوەیەکی ڕونتر. بنەما جێگرەکانی گفتوگۆش Conversational، ئەمانەن {چۆنیەتی، چەندێتی، پەیوەندی، دروستی (ڕێگا/ڕێباز)}. کە ئەمانە بەپێوەرەکانی ئاخاوتن ناسراون و لەلایەن (Grice)ەوە باسکراون[٣٠]، لێرەشدا بەکورتی ئاماژە بەهەر یەکێکیان دەکرێت:

١) **چۆنیەتی** (**quality**):

لەهەوڵی بەخشینی ئەوەدا بە، کەڕاستە، مەبەست چۆنیەتی بەخشینی زانیارییەکانە، بە ڕونی و دور لە فرەواتایی و نادیاری. وەکو:

٢٣) أ) ئەو کچە کێیە؟

ب) کچی برامە.

ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیە بکرێت، دەبینرێت بنەمای چۆنیتی تێدا ڕەچاو کراوە، واتاکەی بەڕونی دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕستەیەکی وەکو (٢٤)دا، بنەمای چۆنیتی بەزێنراوە و دەتوانرێت بە نادیار دابنرێت :

٢٤) ئەوە ئەو کچەیە، کە لە ئاهەنگەکە بوو.

لەوانەشە ئەم بەزاندنە لەلایەن قسەکەر و گوێگرەوە، بۆ مەبەستێکی تایبەتی بێت، یاخود بۆ شاردنەوەی زانیارییەکان بێت.

---

٣٠) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بیرو بۆچونەکانی گرایس، بڕوانە:أ).(H. Paul Grice (1991:24-31 ب) بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠: ٩١–٩٥). پ) ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩: ٧٠–٨٢). ت) عومەر مەحمود کەریم(٢٠٠٩ :٥–٨). ج) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٤ : ١٠٥–١١٢). چ) .(Stephen C Levinson(1997:100-118

**٢) چەندێتی** (**quantity**):

هاریكاری دەوڵەمەندكردنی زانیارییەكان دەكات بەگوێرەی پێویست، واتە نە زیاد لە پێویست بێت و نەكەم وكورتی تێدا بێت. (هۆرن– Horn) چەندێتی وەرگرتووە وەك خاڵێكی جیاوازی لەنێوان (Q) و (I)، كەبەبنەمای (R) ناسراون، كە بە یەكێك لەبنەماكانی ئەو زانایە دادەنرێت[٣١]. پێكهاتەكانیان سادەن و نافەرمین، بەمشێوەیەی خوارەوە ڕون دەكرێنەوە :

**أ) بنەمای(Q):** زیاد لەپێویست گوتن، هەتا دەكرێت بەشداریكردن، بەزانیاری بەهێزو دەوڵەمەند بكرێت، زانیاریەكە لەوە كەمترنەبێت، كە دەزانرێت و ڕێگە پێدراوە تاكو ڕونكردنەوەیەكی بەهێز بدرێت، كە لەتوانایدابێت ڕوبەڕوی بنەمای (I) بێتەوە. دەبێت ئەوەش لەبیرنەكرێت،كە هەڵگری ئەم بنەمایە مێشكە.

٢٥) أ) ماڵتان لەكوێیە؟

ب) لە قەڵادزێ. گەڕەكی ئاشتی، كۆڵانی...... خانوی ژمارە......نزیك........

نمونەی (٢٥ب)، زانیاری پێویست و دەوڵەمەندە بۆ كەسێك، كە داوای ناونیشانی ماڵەكە دەكات بەمەبەستی سەردانكردن و پێدانی زانیاری تەواوە لەسەر بابەتەكە بە قسەكەر(٢٥أ).

**ب) بنەمای(I):** زیاتر لەپێویست نەگوتن، كەم بگوترێت و بەگوێرەی پێویست بگوترێت (قسەبكرێت)، واتە لەبەرهەمهێنانی زانیارییە زمانییەكان كەمترین ئاست بەسە بۆبەدەست هێنانی ئامانجەكان. ئەوەندە قسەبكرێت، كە بگونجێت لەگەڵ ئەوەی، قسەكەر لەسەر جیهان و دەوروبەر دەیزانێ، واتە قسەكان بە گوێرەی زانیارییەكانی قسەكەر بێت.

٢٦) أ) ماڵتان لەكوێیە؟

ب) لە قەڵادزێ.

ئەمەی لەڕستەی (٢٦ب)دا دەبینرێت زانیاری پێویستە بۆ كەسێك، كە تەنها بیەوێت ماڵیان لە چ شارێكە. بێگومان دەتوانرێت مەرجی چەندێتی ببەزێنرێت بۆ مەبەستی چەواشە كردن یاخود هەڵخەڵەتاندن و لە خشتە بردن و بەلاڕێدابردنی بەرامبەر، لە نەدانی زانیاری پێویست پێی.

---

(٣١) Laurence Horn, Gergory Ward(2008 : 503-504)

### ٣) پەیوەندی (**relation**):

دەبێت پەیوەندیدار بێت، کە ئاسانکاری بۆ ئاخاوتن دەکات لەکاتی ڕودانی کارەکەدا، واتە گونجانی ئاخاوتنەکان لەگەڵ پەیوەندییەکان و شوێنی پەیوەندییەکان.

٢٧) أ) ئەمڕۆ بڕۆین بۆ پارك؟

ب) دوای نیوەڕۆ هاژە دێت.

ئەگەر سەیری (٢٧أ) و (٢٧ب) بکرێت، لە پەیوەندی ئاخاوتنی نێوان دو کەس دەربکرێت، هیچ پەیوەندییەك نامێنێت لە نێوانیاندا و ڕستەکان لە ڕوی واتا و زانیاری دانەوە لەیەك دور دەکەونەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ڕستانە پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگرە، (٢٧ب) وەڵامە بۆ (٢٧أ) لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییەدا،گوێگر بە ناڕاستەوخۆیی بە قسەکەر دەڵێت،کە ناتوانێ بێت بۆ پارك و میوانی دێت.

٢٨) أ) خانووەکەت کڕی؟

ب) چایەکەت بخۆوە با سارد نەبێتەوە.

لێرەدا (٢٨ب) وەڵامێکی شیاو و گونجاو نیە بۆ (٢٨أ)، بەڵام گوێگر دەیەوێت خۆی ڕزگار بکات، لە پرسیاری قسەکەر و نایەوێت زانیاری بداتێ لەبارەی بابەتەکەوە، بەناڕاستەوخۆیی پێی دەڵێت: تۆ هەقت نەبێت بەسەر ئەم کارەوە، بەڵام بەهۆی دەوروبەر و باری قسەکردنەکەوە دەردەکەوێت، کە بنەمای پەیوەندی بەزێنراوە.

### ٤) دروستی/ ڕێباز (**manner**):

خۆی دەپارێزێت لەشاراوەیی مانا و نادروستی گوتنەکان. واتە ئەم بنەمایە داوای دروستی زانیارییەکان دەکات لە ئاخاوتندا و خۆ دورگرتن لە نادیاری و دورکەوتنەوە لە درێژ دادڕی ناپێویست، وەکو:

٢٩) أ) نەخۆشەکەتان چۆنە؟

ب) سوپاس بۆ خوا باشە.

لێرەدا (٢٩ب) وەڵامێکی دروستە، گوێگر بە قسەکەری گوتووە، دەتوانرێت بخرێتە بواری ئەم بنەمایەوە، بەڵام لەڕاستیدا، وەکو لە (٣٠ب)دا دەردەکەوێ، گوێگر وەڵامێکی تەنز ئامێزو بەتەوسەوە دەداتە قسەکەر:

٣٠) أ) نەخۆشەکەتان چۆنە؟

ب) ئەمڕۆش وەکو ڕۆژەکانی تر، زۆرباشە.

لەڕاستیدا ئەم جۆرە ڕستانەی وەکو (٣٠ب)، هەمیشە بە زمانی جەستە یاخود جۆرە ئاوازێك دەردەبڕدرێن[٣٢].

## ٣-٢/١) پرۆسەکانی پڕاگماتیکی فەرهەنگی:

لەڕاستیدا پڕاگماتیکی فەرهەنگی کێڵگەیەکی لێکۆڵینەوەیە، کەبەخێرایی گەشەدەکات و هەوڵ دەدات ئەو دەرکەوتە ڕاستەقینەیە دەربخات، کە دەیبەستێتەوە بە چەپکە نیشانە دیاریکراوەکان"under specication" لە کەرەستە فەرهەنگیەکاندا[٣٣].

ئەم پرۆسانە دەبنە هۆی پێشکەوتنی ئەو کێڵگانەو گرنگیەکی زۆریان پێدەدات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە پڕاگماتیکی فەرهەنگییەوە هەیە، کە کاریگەری دەبێت بۆ سەر پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا.

ئەگەر بڕوانرێت، دەبینرێت جیاوازییەکی تەواو لەنێوان سیمانتیك و پڕاگماتیکدا هەیە، کە لەپڕاگماتیکدا زیاتر واتا خوازراوەکە مەبەستە لەواتا ڕاستەقینەکە، هەر بۆیەش پڕاگماتیکی فەرهەنگی کاریگەری لەسەر پەیوەندی و گفتوگۆکان دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا لیڤنسۆن (Levinson) ئاگادارمان دەکاتەوە لەڕاستی سروشتی گشتی کەسێتی بەخشکەیی دەربڕین، کە لەئاستی فەرهەنگیدا گومان لێکراوە، سەرەڕای ئەوەش هەندێ نمونەی

٣٢) بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠: ٩٣).

٣٣) بڕوانە: carston (1998:179-190)

هێناوەتەوە، کە کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی ئاخاوتنی بەخشکەیی دەربڕین دەبێت لەسەر ئاستی فەرهەنگی[٣٤].

٣١)أ) باوکی ئەو کچە لەکوێیە؟

ب) ماڵی ئەو کچە لە سوچی کۆڵانەکەدایە.

لە بنەڕەتدا مەبەست لە(٣١ب) ئەوەیە،کە کچەکە خانوەکەی لەسەر سوچی کۆڵانەکە، یان شەقامەکەیە. ئەگەر لەڕوی بنەماکانی گرایسەوە بۆ ئاخاوتن، ڕون بکرێتەوە، دەگوترێت(٣١ب) بنەمای پەیوەندی تێدا بەدیدەکرێت، چونکە (٣١ب) وەڵامێکی ناڕاستەوخۆی (٣١أ)ە، کە گوێگر ماڵی کچەکە نیشانی قسەکەر دەدات و پێی دەڵێت ئەمە ماڵی کچەکەیە کەوتۆتە قوژبنەکەی ئەودیو، کەواتە باوکیشی لەوێیە.هەروەکو لڤنسۆن لەنمونەکەیدا دەڵێت:

٣٢) Her residence is on the corner.[٣٥]

واتە:{ئەو لە قوژبنەکەی ئەودیو نیشتە جێیە}

واتا شاراوەکەی لە بنەمای چەندێتیدا ئەوەیە، کە ماڵەکەی لەسوچەکەیەو لەوێ نیشتە جێیە.

ئەگەر بێت و سەیری ئەم دو نمونەیەی خوارەوە بکرێت :

٣٣) أ) قورسترە لەوەی، کە بەرزی بکەمەوە.

ب) سوکترە لەوەی، کە بەرزی بکەمەوە.

لێرەدا دەبینرێت، کەزۆر ئەستمە گوێگر مەبەستی قسەکەر بزانێت، واتە مەبەستی ڕستەکانی (٣٣أ) و(٣٣ب) چییە؟ ئایا مەبەستی ڕێزو قەدری کەسێکەو دەیەوێ پلەیەکی سەربازی پێببەخشێ؟! یان مەبەستی بەرزکردنەوەی کەرەستەیەکە. کەواتە لێرەدا نیەتی قسەکەرو گرنگی دەقەکە دەور دەبینێت، ئەمەش پەلکێشمان دەکات بۆ ڕونکردنەوەی هەردو چەمکەکەی پڕاگماتیکی فەرهەنگی، کە بەپرۆسەکانی پڕاگماتیکی فەرهەنگی ناسراون، لێرەدا بەگوێرەی پێویست ئاماژەیان پێدەدرێت[٣٦]:

---

٣٤) بڕوانە: Levinson (2000:101-138)

٣٥) سەرچاوەی پێشو(١٣٨).

٣٦) بڕوانە: Wilson & sperber (2004:20-24).

١- تەسکبونەوەی چەمك.

٢- فراوانبونی چەمك.

**یەکەم/ تەسکبونەوەی چەمك** (**Concept Norrwing**):

بریتییە لەو پرۆسەیەی، کە تیایدا وشەیەك بەکاردەهێنرێت،واتاکەی زیاتر دیاریکراوە، وەك لەوەی ئالۆزۆ واتا شاراوە بێت، ئەمەش لەڕێگەی وابەستەیی زیاتر بەزمانێکی دیاریکراوەوە. هەندێ پرۆژە لەزانستی پڕاگماتیکی فەرهەنگی پارێزگاری لەهەستە جیاوازەکانی وشەیەکی فرەواتایی دەکات، کە وابەستە بن بە سیمانتیکەوە ئەمەش شتێکی هەستیارە بۆ دەقی زمانەوانی بەبێ گەڕانەوە بۆ پڕاگماتیك، بەمشێوەیە هەندێجار تایبەتمەندێتی تێکچڕژاوی ئەو کارو ناوەی، کە شیکردنەوەی واتای هەڵگەڕاوەیی دەبەخشێ دەردەکەوێ (٣٧)، وەکو:

٣٤) أ) (کەنار) بۆ (ئاری): دەرگاکە بکەوە.

ب) ئاری دەرگاکەی کردەوە.

شیکردنەوە واتای هەڵگەڕاوەیی: ئاری دەرگاکەی کردەوە واتە لێرەدا ئاری دەرگاکەی کردۆتەوەو کارەکەی ئەنجامداوە، کەواتە ئاری کارایە.

٣٥) ئاری دەقەیەك پێش ئێستا بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت.

شیکردنەوەی واتای هەڵگەڕاوەیی: (ئاری بەشێوەیەکی سروشتی کارەکەی ئەنجامداوە). لەگەڵ ئەوەشدا، کە چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەیی کارەکان لەوانەیە ببنە هۆی جیاوازی پەیوەندییەکانی لەحاڵەتە دیاریکراوەکاندا. دەقی زمانی بەتەنیا بەس نیە بۆکۆمەڵێکی فراوان لەشیکردنەوە، سەیربکە:

٣٦) أ) کەنار {کلیلێکی دایە ئاری : دەرگاکە بکەوە.

ب) {ئاری دەرگاکەی کردەوە بەهۆی کلیلەکەوە}.{ شیکردنەوەی مەبەست}

٣٧) أ)کەنار لە ئاری دەگەڕێ، لەدەرگایدا{ئاریت بینیوە؟}.

ب) ئارام: ئاری دەقەیەك لەمەو پێش بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت.

---

٣٧) Wilson & sperber (2004:19-24).

دەگـونجێ بۆشـیکردنەوەی مەبەسـت : ئـاری بەدەرگاکـەدا تێپـەڕیبێت پـێش دەقەیـەك[٣٨] .

ئەوەی، کە پەیوەندی بەنمونەکانەوە هەیە، ئەوەیە،کە تەسککردنەوە لە چەمکدا دیارە و بەرچاو دەکەوێت و هەنگاو بەرەو داهاتو دەنێت دوای گەیشتن بە واتای فەرهەنگی (کردنەوە) و (ڕۆیشتن)، واتە لێرەدا دەتوانرێت بگوترێت، کە پەیوەندی لەم جۆرە ڕستانەی (٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧) پەیوەندی باروحاڵەتە "case grammar"، کە ((مەبەست لێی پەیوەندی واتایی کردارو بەشی کرداری ڕستەیەکە، بەتەواوکەری دەرەکی و ناوەکییەوە))[٣٩]، هەروەکە پێشتر باسکرا لەبەرئەوەی (ئاری) خۆی کارەکەی ئەنجامداوە (کارا)یە "agenative"، هەروەها (کلیل)ەکە کارپێکراوەو ئامێرەکەیە "instrumentive" ،کەواتە (دەرگا)کە کار بە سەرداسەپێنراوە"patient objective"[٤٠]. لە دەقێکی دیاریکراودا، وادەکات زانیارییەکان بەردەست بن و ئینسکلۆپیدیایی و گونجاو بن. گوێگر کۆمەڵێ زانیاری لاوەکی خۆی بەکاردەهێنێ، بۆدروستکردنی تێگەیشتنی زیاتر لەچەمکەکانی (کردنەوە)و(ڕۆیشتن) بازنەی تێگەیشتن لێرەدا گەڕان بەدوای شوێنەواری زانیارییەکان کەسییەو ئەو چەمکەش بەشێکە لە پراگماتیکی فەرهەنگی، کە ئەویش بریتییە لە چۆنیەتی (ڕۆیشتن)ی (ئاری)و هەروەها چۆنیەتی (کردنەوە)ی دەرگاکەیە لەلایەن (ئاری)یەوە واتە چۆن ڕۆیشتووە؟! بەشێوازێکی سروشتی، یاخود مەست بووەو ئاگای لەخۆی نەبووە، یان بەزۆرە ملێ بووە، یان سەرقاڵ بووەو کارێکی بۆهاتۆتە پێش، هەروەها ئایا دەرگاکەی چۆن کردۆتەوە، بەهۆی (کلیل)ەوە، یاخود بەڕێگایەکی تر.

لەڕاستیدا چەمکی مەبەست، دەتوانێت بەشێك بێت لەهەلگری پێشبینی و پێشنیار، بۆبابەتەکە (لەڕێگەی کارێکی یەکسان و لەگونجاندنێکی ئاڵوگۆردا لەو پێشهاتە ڕاستەقینەی لە خۆیدەگرێت). لەنمونەیەکی وەکو:

٣٧) شنۆ دڵخۆشە.

لێرەدا دیار نیە ئەنجامی دڵخۆشیەکەی چیە، دەشێت ئەم دڵخۆشیەی بەهۆی یەکێك لەم هۆکارانەی خوارەوە بێت :

أ) کاتێك شنۆ لەناو باخچەکەدا دانیشتبوو، باڵندەی سەردارەکان دەیانخوێند.

ب) کاتێك شنۆ لەکەنار دەریا دانیشتبوو، باڵندەکان لەسەر شەپۆلەکان دەسوڕانەوە.

---

٣٨) Wilson & sperber (2004:22-24)

٣٩) مەحەمەدی مەحوی،کاروان عومەر، شیلان عومەر (٢٠١٠: ٨٨).

٤٠) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سیمانتیکی بار وحاڵەت ،بڕوانە: سەرچاوەی پێشو(٨٨-١٠٨).

پ) لەجەژندا، خواردنی باڵندەکان زۆر خۆشبوون بۆشنۆ...... هتد.

تەسکبونەوەی چەمك دەتوانێت جیاواز بێت، یاخود باشترە بگوترێت جیاوازە لەنێوان تاکەکان و کلتورە جیاوازەکاندا. بۆنمونە ئەگەر بەگشتی باسی چەمکی (باڵندە) بکرێت، دەبینرێت تێگەیشتن بۆی ئاسانەو ڕاستەوخۆ (فڕین)، یاخود پەلەوەرێکی خاوەن باڵ لەناو مێشکدا دەچەسپێ و پۆلێنەکەشی جیادەکرێتەوە، لە گیاندارانی تر و دەخرێتە پۆلی باڵدارەکانەوە، بەلام ئەمە مەرج نیە لای هەموو کەس و نەتەوەیەك وابێت، بەڵکو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، یاخود لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، لەناو جیهانی مرۆڤایەتیدا بۆ پۆلێنکردن و تێڕوانینی باڵندەکان جیاوازی هەیە، بۆنمونە لای (ئەسکیمۆکان)، کە باسی باڵندەکرا (لەبەر ئەوەی پەنگوین زۆرە، لەو ناوچانەدا، ژیان بەسەر دەبات) تایبەتمەندی تری، وەکو: ڕەنگی ڕەش و سپی، یاخود باڵندەیەکی باڵکورتی مەلەوان،ماسی خۆر، بەڵکو لەوانەیە زۆر جار سەهۆڵ و خلیسکانیش بێتە بەرچاویان و لەمێشکیاندا بچەسپێ و ڕەنگ بداتەوە، نەك (فڕین)، چونکە لەڕاستیدا پەنگوین ناتوانێت بفڕێت. سەرەڕای ئەوەش دودڵیەك هەیە بۆ پیشاندانی هەندێ بنەما لەجۆرێك لەسەر حوکمی چەمکەکان، بۆنمونە کاتێ باسی (باڵندە) دەکرێ کەسێك شتێکی نایابی دێتە پێش چاو، وەکو (تاوس)،بەلام کەسێکی تر لەوانەیە (داڵ، باز، قەلەڕەش، قورینگ،...هتد)ی بێتە پێشچاو، تەنانەت تێڕوانینی کەسەکان بۆ یەك جۆرە باڵندەش زۆرجار جیاواز دەبێت، ئەگەر سەیری ڕستەی(٣٨) بکرێت دەبینرێت،کە لێکدانەوە زەینییەکان و تێڕوانین و بۆچونە مێشکییەکان جیاوازن:

٣٨) مراویەکی جوانە.

ئەگەر لە نمونە (٣٨) بڕوانرێت و شیکردنەوەی بۆ بکرێت، دەگوترێت کەسێکی کورد بەجۆرێك وێنەی مراویەکەی دێتە پێشچاو، تەنانەت لەناوکوردیشدا جۆرەکانی زۆرە واتە هەرتاکێك جۆرە تێڕوانینێکی دەبێت بۆ (مراوی)، لەهەمانکاتدا کەسێکی تورك و کەسێکی چینی تێڕوانین و بۆچونی جیاوازیان هەیە بۆ چەمکی (مراوی) لەبەر زۆری و جیاوازی جۆرەکانی، ئەمەش پەیوەستە بەجۆری حوکمدانی تاکەکەس لەسەر چەمکی باڵندە جا مراوی بێت، یاخود پەنگوین یان هەر باڵندەیەکی تر[٤١].

ئەوەی لێرەدا مەبەستە بگوترێت ئەوە نییە، کە باڵندەکان جیاوازن و تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ چەمکی باڵندە، بەڵکو مەبەست حکومدانی تاکەکەسە لەسەر چەمکەکان. ئەمە گشتییە و هەمو چەمکە زمانییەکان دەگرێتەوە وەکو ئەوەی تێڕوانی کەسەکان و کۆمەڵگەکان و میللەتانی جیهان جیاوازە بۆ

---

٤١) smith, Edward. & Dlnedin (1981:1-7)

(سەیارە). بۆنمونە کەسێکی هینـدی یـاخود بـەریتانی تێڕوانینێکـی جیاوازییـان هەیـە بـۆ ڕسـتەی (٣٩) وەك لە تێڕوانینی کەسێکی کورد، یان ئێرانییەك، یاخود خەلیجییەك:

٣٩) شۆفێرەکە لە سەیارەکە دابەزی.

کەسـە هیندەکـە یـاخود بەریتانییەکـە ڕاسـتەوخۆ مێشـك و بیرکردنـەوەی دەچـێتە لای ڕاسـتی سەیارەکەو کردەی دابەزینەکە لەوێوە دەبینێت بە پێچەوانەی کەسە کوردەکـە یـان خەلیجییەکـەوە، کـە یەکسـەر بـیری دەچێت بـۆلای چـەپی سـەیارەکە و لـەوێوە کـردەی دابەزینەکـە دەبینێـت، چـونکە سوکانی سەیارە لە هیندسـتان و بـەریتانیا هەنـدێ ولآتـی تـر دەکەوێتـە لای ڕاسـت و لـە ولآتـەکانی تـر دەکەوێتە لای چەپی سەیارەکەوە. ئەمە سەرەڕای جیاوازی حکومدانی تاکەکان لەسەر ڕەگەز و تەمـەن و شـێواز و جەسـتەی کەسـی دابـەزیو لـە سـەیارەکە، هـەروەها جیـاوازی حکومییـان لەسـەر جـۆر و چـۆنیەتی و ڕەنـگ و کـوالیتی و قـەبارەی سـەیارەکە. کەواتـە ئـەوەی لێـرەدا مەبەسـتە ئەوەیـە، کـە نیشانە واتاییەکان و کەرەستە فەرهەنگییەکان بنەمان بۆ تێگەیشتنی واتـای پراگمـاتیکی کەرەسـتەکان، چونکە کاتێك وشەیەك لە دەقێکدا بەکاردێت و دەبیسترێت تەنها لە ڕوانگەی زانیـاری کەسـەکان لەسـەر نیشانە واتاییەکانی ئەو وشەیە بەخشکەیی لەواتا پراگماتیکییەکەی دەگەن.

### دووەم/ فراوانبونی چەمك " Concept Broadening"

ئامـانج لـەفراوان بـونی چـەمك ئەوەیـە، کـە ببینرێـت چـۆن کـاری بەرهـەمهێنانی تیـۆری گرنگـی تایبەتیکراو چەمکی کارە دروستکراوەکانە بۆبەکارهێنانـە ناڕاسـتەکان، کـە ورد نـین، یـاخود میتـافۆرین بۆزمـان. هـەروەکو پێشـتر و لـەخاڵی یەکەمـدا لەتەسـکبونەوەی چـەمك ڕونکرایـەوە، کـە پارێزگـاری مەنتیقی لەچەمك دەکرێت لەکارەکـەدا بەگشـتی، ئەمـەش جیـاوازی دروسـت دەکـات لەهاتنـە نـاوەوەی ئینسـکلۆپیدی لەچـەمکی زمـانێکی دیـاری کـراودا. لەحاڵـەتی فراوانبـونی چـەمکدا، وەکـو دەبینرێـت، بەلایەنی کەمەوە یەکێك لەبنەما دەرکەوتووەکان (هەڵێنجانی)، یان واتای (وادانـانی)، پێویسـتە لاببرێـت بـۆ تێگەیشـتنی ئـەو سەرچـاوانەی، کـە ناکەونـە چوارچـێوەی بەرنامـە زمانیـە چـەمکە واتـا دیاریکراوەکە[٤٢]. سەیری ئەم نمونانە بکە:

٤٠) دەستی دەڕوات.

لێرەدا مەبەست ئەوە نیە، کە کابرا دەستی بەڕێدا دەڕوات، بەڵکو بە شێوەی میتـافۆر گیـان کراوەتـە بەر دەست و بۆ واتایەکی دور لـە واتاکـەی خـۆی بـەکارهێنراوە، مەبەسـت لێـی ئەوەیـە، کـابرا واسـتە و

---

٤٢) Wilson (2003:352-357)

دەسەلاتی هەیە و ئیشەکانی زو ڕایی دەبن، یاخود کەسێکی دەوڵەمەندە و خاوەنی سامانێکی زۆرە و چی بیەوێ دەیکات.

٤١) أ) ئیش و کار چۆن بو ئەمرۆ؟

ب) هەر مردم. {زیادەڕۆیی}

لە(٤١أ)دا، گوێگر گلەیی لە حاڵی خۆی دەکات ،کە زۆر هیلاکەو شەکەت و ماندو بووەو لەحاڵی خۆی بێزاربووە. بە دڵنیاییەوە زیادەڕۆیی لە وەڵامەکەیدا کراوە، کە ئەمەش دەچێتە بواری میتافۆرەوە[٤٣].

٤٢) لەگەراجی پاسەکان تێپەڕەو بەلای چەپدا لابدە، بەدرێژایی شەقامەکە بڕۆ تا نافورەیەکی خڕی گەورە دەبینی.

٤٣) ئەو دەرزیە بەئازار دەبێت. {دکتۆرەکە بە نەخۆشەکە دەڵێت}

دەبێت بەو شێوە سەیری نمونەکانی (٤٠)و(٤١)بکرێن، کەچەمکی واتای زمانی و چەمکی مەبەست، یەکجۆربن (یەکسان) بن. ئەوەی، کە گوترا لەو دو نمونەدا: (دەڕوات)، یاخود (مردن)، مەرج نیە مەبەست لەوە بێت، کە ئەوکەسە دەستی وەکو پێیەکانی هەنگاو هەڵدێنێ و شەقاوی گەورە دەهاوێژێ، یان کەسی دووەم مردووە، بەڵکو ئەمە پەیوەندی هەیە بەو کارو تێگەیشتن و دەق و ئەو گفتوگۆیانەی ڕۆژانە ئەنجام دەدرێن لەکۆمەڵدا. لەکاتی وەرگرتنی ئەم جۆرە قسانەدا دەبێ واتای یەکەمی وشەکە لەبیر بکرێت و بڕوانرێتە قولایی وشەکە و واتاکەی بدۆزرێتەوە، بەشێوەیەکی تر واتا فراوانەکانی ئەم وشانە بدۆزرێتەوە، پێویستە لەسەر گوێگر (کەسی بەرانبەر)، کە ئەو واتایە بزانێت، کە قسەکەر مەبەستێتی لەوشەکانی (دەڕوات) و (مردن). تیۆریەکە ئاماژەی بەوەداوە، کە بەکارهێنانی فراوان و ناوێنەیی، وەکو نمونەکانی (٤٢) و (٤٣) لەپەیوەندی ڕۆژانەدا بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێ و پەیوەندی بەزیادە ڕۆیی و میتافۆرەوە نیە، هەربۆیەش (گرایس) مامەڵەی لەگەڵ ئەم جۆرە نمونانەدا نەکردووە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی، کە لەگەڵ هیچ کام لەبنەماکانی نایەتەوە.

لە (٤٠) و (٤١ب)دا قسەکەر هەوڵدەدات بەکورترین ماوە، کەمترین وزە واتا بگەیەنێتە گوێگر و ئەوەی لەناخیدایە بەشێوەیەکی فراوان ئاڕاستەی بکات، گوێگریش کاردانەوەو تێگەیشتنی بۆ هەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەو زانیاریە پێشینەوە دەبێت، کەگوێگر هەیەتی لەسەر بابەتەکە (بابەتی گفتوگۆ لەسەر کراو) یاخود ڕۆڵگێڕانی دەوروبەر لەئاخاوتنەکەدا.

---

٤٣) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی میتافۆر لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، بڕوانە:بەکر عومەر عەلی(٢٠٠٠ : ٧٥–١٠٣).

جیـاوازی بابــەتی لــەنێوان تەســکبونەوەی چــەمك و فــراوان بــونی چــەمك[٤٤] ئەوەیــە، کــە لــە تەسکبونەوەدا، پارێزگاری لە سیما تایبەتیـەکانی دەکرێت لەهاتنـە نـاوەوەی مـەنتیق، بـەڵام لـەفراوان بونی چەمکدا، بەلایەنی کەمـەوە یـەکێك لـە سیماکانی لادەبرێـت (لابـراوە)، بۆنمونـە لەوشـەی (مـردن) کەیەکسانە بـە (نازینـدوو) سـیمایەکی تایبـەتی سـەرەکی لێ لادراوە، کـە خـودی مردنەکەیـەو لـەجیاتی ئەوە مانای (شەکەت و هیلاکی و ماندوبونی) دراوەتە پاڵ.

ئەگەر سەیری ئەم دو پرۆسەیە بکرێت، چارەسـەرێکن بـۆ باشـتر لەیەکگەیشـتن و ئـابووری کـردن لەزمانداو باش کەوتنەوەی ئـەنجام لەقسـەکردندا، هـەروەها بەشـێوەیەکی گشـتی لـەم پرۆسـانەدا ئـەم خاڵانە تێبینی دەکرێت[٤٥]:

١- لەڕاستیدا گوێگر، گوێ نادات واتای سـەرەکی وشـەکە، بـەڵکو بەڕادەیـەکی زۆر ئـەو واتـا خـوازراوە لێکدەداتەوە، کە قسەکەر مەبەستێتی و دەیکات، ئەمەش بۆچونی گوێگر بۆقسـەکان و وشـەکان دیـاری دەکات.

٤٤) أ) چیت کرد برا، نەڕۆیشتیت؟

ب) تا ئێستاش دودڵم.

لە (٢٤ب)دا گوێگر گوێ نادات واتای سەرەکی وشەکە (دودڵ)، چونکە لـە ڕاسـتیدا گـوێگر خـاوەنی دودڵ نیە، بەڵکو ڕاڕایە لەوەی، کـە ئایـا بـڕوات یـان نـا؟ کەواتـە گـەر تێبینـی بکرێـت دەبینرێت: واتـا خوازراو و شاراوەکەی (دودڵ)، وەکو واتایەکی جێگر لـە لایـەن قسـەکەر و گـوێگرەوە سـەیر دەکرێـت و کێشەیەك دروست ناکات لە تێگەیشتنیان بۆ وشەکە.

٢- ڕونکردنــەوەی دروســتکردن و ڕاگەیانــدنی چــەمکێکی تایبــەت بۆبــەکارهێنانی ڕەمــزی خــوازراو و هــەڵگری نــاوەڕۆکێکی بــەهێزو ڕون لەلایــەن قســەکەرەوە، کەیارمەتیــدەر بێــت بــۆ دەرخســتنی قســەی ڕاستەقینە.

٤٥) ئەمڕۆ زانکۆ گەشتەکەیان ئەنجام دەدەن.

لــە (٤٥)دا هێمــای (زانکــۆ) بــەکارهاتووە، لــە جێگــای مامۆســتایان و فەرمانبــەران و خوێنــدکارانی زانکۆکە، چونکە لە ڕاستیدا زانکۆکە هەر لە شوێنی خۆیـەتی و نـەجوڵاوە، بـەڵکو ئـەوە کەسـەکانی نـاو

---

٤٤) وەکو لەلاپەڕە(٢٣-٢٦)ی پاری یەکەمی بەشی یەکەم ئاماژە بەتەسکبونەوە و فراوان بونی چەمك کراوە.

٤٥) Carston (1998:179-190)

بینای زانکۆکەن، کە گەشتەکەیان ئەنجامداوە، کەواتە ڕەمزە خوازراوەکە (زانکۆ) هەڵگری ناوەڕۆکێکی بەهێزو ڕونە و ڕاستەقینەش دەردەخات.

٣- ئەوەش ڕوندەکاتەوە، کە بەکارهێنانی ئەم جۆرە خوازراو و چەمکانە، زۆر جار نائاگاییەو بەشێوەیەکی لەخۆوەیە، بۆیە زۆرجار وا لەباسەکە دەکات، کەگرنگی پێنەدرێت و لێکدانەوەی بەپێی مانا خوازراوەکەوە بێت.

بۆنمونە بۆ دەربڕینی هەست لەکاتی دەرزی لێداندا دەتوانرێت چەندین جۆر ڕستە بەکاربهێنرێت، کە هەمان مەبەست دەخاتە ڕو، کەئەویش هەبونی ترس و ئازارەکەیە، وەکو ئەمانە :

٤٦) أ) ئەوە دوپشك بو یان دەرزی.

ب) باوکە گیان مردم.

پ) فریامکەون تەواو بوم.

لە ڕاستیدا وەکو هەستیپێدەکرێت، ڕستەکانی (٤٦أ) و(٤٦ب) و(٤٦پ) یەك تێگەیشتن، دەنوێنن، کە ئەویش هەستکردنە بە ئازارێکی زۆر و دەربڕینی ئەو هەستە بە واتای خوازراو و میتافۆریانەیە، بەشێوەیەکی ناهۆشەکی یان لەخۆوە، کە لێرەدا چەمکی(دوپشك) لەبری (دەرزی)هاتووە، هەروەها چەمکەکانی (مردن) و (تەواوبون)، لەبری ئەو هەستکردن بەئازارە زۆرەوە دەربڕاوە و نیشاندانی ئەو هەستە ناخۆشەیە،کە لە کاتی دەرزیلێدانەکەدا دروستدەبێت.

## ١-٣/١) پڕاگماتیکی ڕستەیی (**Syntactic Pragmatics**):

سنیتاکس بەشێکی زانستی زمانە، وەکو هەمو بەشەکانی تر، لەهەمان کاتدا پڕاگماتیکیش بەشێکە لەزانستی زمان و بەشدارە تیایدا و لەبەکارهێنان دەکۆڵێتەوە، واتە بەکارهێنانی ڕستەکان بەشێوازێکی جیاواز لەواتا بنەڕەتیەکەی، لەڕاستیدا ((ڕستە (کە بونیاتێکی زمانەوانی ڕەهایە) بۆزمان، وتەش (کە دەرکەوتەیەکی کارەکی و هاتنە دی و بەرجەستە بوونی کردەیی ڕستەن) بۆئاخاوتن دەشێ زێدە ڕۆیی بێت))[٤٦]، واتە لێرەدا لێکۆڵینەوە لەواتای ڕستەکان و بەستنەوەی بەدەوروبەر و چۆنیەتی دەربڕین و ئاوازەوە پەیوەستە بە پڕاگماتیکەوە، بەمەرجێك دوربێت لە سیماجیاکەرەوەکانی ڕستەیەك، چونکە ئەم کاتە دەچێتە بواری واتاسازیەوە، چونکە پڕاگماتیك بەڕای لیڤینسن ((بریتییە لەو بنەمایانەی کە

---

٤٦) نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٠: ١٤).

چارەسەری هەندێ کێشەی، کە بەسیمانتیك چارەسەر ناکرێت))[٤٧] دەکات، یاخود پڕاگماتیك ((بریتییە لەو لایەنانەی کە ناچنە ناو سنوری سیمانتیکەوە))[٤٨].

سنیتاکس لەزانستی زمانەوانیدا ڕێساو یاسای خۆی هەیە، هەروەها ڕستەکان دەردەبڕێن و واتای تایبەتی خۆیان هەیە، بەلاّم ئەوەی لێرەدا مەبەستە یاسا بنەڕەتیەکەی ڕستەکان نییە، واتا مەبەست واتای ڕوکەش نییە لەڕستەکاندا، بەلّکو مەبەست واتای قوڵی ڕستەکانە، کە ئەمەش پەیوەستە بە پڕاگماتیك و بە باروذۆخی دەربڕین و دەوروبەرەوە، ئامانج لێرەدا ئەوەیە، کە چۆن سنیتاکس و پڕاگماتیك یەکدەگرن و پەیوەندی هاوبەش پێکدەهێنن، زاراوەی (سنیتاکتیك پڕاگماتیك) لێکدراوی هەردوو زانستی سنیتاکس و پڕاگماتیکە، واتا کاتێك ڕستەیەك دەردەبڕێت دوور لەواتا بنەڕەتیەکەی خۆی، یاخود بەواتا بنەڕەتیەکەی خۆی، بەلاّم بەهۆی جێگۆڕکێی کەرەستەکانی ڕستەکە و گرنگی بۆ ڕووداوەکان، وەکو لەنمونەکانی (٤٧)دا دەردەکەوێت، ئەوا دەچێتە بواری پڕاگماتیکی ڕستەییەوە:

٤٧) أ) سەگە بەڵەکەکە هەفتەی ڕابردو گەستمی.

ب) گەسترام لەلایەن سەگە بەڵەکەکەوە، لەهەفتەی ڕابردوودا.

پ) ئەوە سەگە بەڵەکەکە بوو، کە هەفتەی ڕابردوو گەستمی.

ت) هەفتەی ڕابردوو گەسترام، لەلایەن سەگە بەڵەکەکەوە.

ج) ئەوەی، کە گەستمی هەفتەی ڕابردوو، سەگە بەڵەکەکە بوو.

چەند جیاوازیەکی کەم لەنمونەکانی (٤٧)دا هەیە، بەلاّم هەریەکە لەمانە دروستکراوی بنەمایەکی ڕێزمانی تایبەتە ((دەربڕینی (سەرتۆپ) لەلایەن قسەکەرەوە لەسەرەتای ڕستەدا بۆ خێراکردنی کردەی (گەڕان یان کردەوەی) ئەو(بنەما زانیاریە) یە، کە لەئاوەزی قسەکەردایەو دەیەوێت بۆ بەرانبەر دەری ببڕێت، ئەم دەربڕینەش لەلایەن قسەکەرەوە کاتێك دەگوێزرێتەوە بۆگوێگر(بەرانبەر)، لەلایەن گوێگرەوە وەردەگیرێت وەك ئاماژە دانێکی ڕاستەوخۆ بەزانیاری گرمۆڵە کراوی مێشکی ئاخێوەر))[٤٩] ئەوجیاوازیانەی لەجۆرو مەبەست و دەربڕاوەکان بەدیدەکرێن، هیچ جیاوازیەك دروست ناکات لەزانیاری بابەت و پێکهاتەی حوکمەکان، لەنمونەکانی (٤٧) دەردەکەوێ، کە((هەریەك لەزمانەکانی جیهان لەدەربڕینی زانیارییە جۆر بە جۆرەکانی هزری ئاخێوەرەکانیدا چەند سیستەمێکی

---

٤٧) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١ : ١٢) .

٤٨) سەرچاوەی پێشوو (١٣).

٤٩) کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨ : ١٢٣).

جیاواز دەگرنە بەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکێك لەو سیستەمانە پەنا دەباتە بەر چوار ڕێگای دیاریکراوی دەربڕین :

١- وشەی لێکسیکی/ فەرهەنگی.

٢- ڕیزکردنی وشەکان.

٣- هێما مۆرفۆلۆژیەکان، کە بەتاکە وشەکانەوە دەردەکەون.

٤- ئاوازی ڕستە.))[٥٠]

لێرەدا وادەردەکەوێت، کە ڕستەکان هەمویان ڕاستن و باس لەکاتێکی دیاریکراوی ڕوداوەکە دەکەن، ئەگەر بڕوانرێت هەر قسەکەرێك، کە بیەوێت لەو جۆرە زانیاریانەی نمونەکانی (٤٧) بگات، بەلایەنی کەمەوە پێنج ڕێگە شیوازی دەربڕینی لەبەر دەستە، بەڵام ئەو جیاوازیانەی، کە لە نمونەکانی (٤٧) بەدیدەکرێت، ئەوەیە، کە بۆ چۆنیەتی دەربڕین و زانیارییەکان لەنێوان دەوڵەمەند کردن و پڕکردنیانە بەو زانیاریە جیاوازە گونجاوانەی، کە پێویستە بۆ گەیاندن بۆ شوێنی مەبەست و پەیوەندی کردن وگواستنەوەی ناوەڕۆکی بابەتی مەبەستدار[٥١]. بۆرونکردنەوەی زیاتر، با لەنمونەی (٤٨) وردبینەوە:

٤٨) أ) ئەمڕۆ لەدەوام چیت کرد؟

ب) چیت کرد لەدەوام ئەمڕۆ؟

پ) لەدەوام ئەمڕۆ چیت کرد؟

لەنمونەی (٤٨)دا ((گوێگر، تاڕاددەیەك ئازادە لەوەی چۆن لەواتا بەخشکەییە دەربڕاوەکە دەگات. گرایس ئەم ئاڕاستەیەی لەشیکردنەوە وەرگرتووە، وەك بنەمایەك بۆ داڕشتنی دو جۆر پرسیار، کەزیاتر بریتین لە:

پرسیاری یەکەم: چۆن هەندێك کەس دەتوانێت هەندێك واتا بگەیەنێت یاخود بەخشکەیی دەربڕێت؟
پرسیاری دووەم: ئەو واتایە چییە، کە دەردەبڕدرێت یاخود بەخشکەیی دەردەبڕدریت؟))[٥٢]

---

٥٠) کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨ : ١١).

٥١) keith. Brown, jim miller (1996 : 306)

٥٢) کاروان عومەر قادر (٢٠١٢ : ٢٥٦) .

لێرەدا نمونەکە پرسیاردەکات و وەڵامیشی دەوێت، کە شیکردنەوەو ڕونکردنەوەیەکی مەبەستە بەگوێرەی ئەو پرسیارەی کردویەتی لەگوێگر، بەپێی نەزەریەکەی گرایس، قسەکەر دەتوانێت واتاکان بگەیەنێت و بەخشکەیی دەریانبڕێت، هەروە ها گوێگریش چۆن لەو بەخشکەیی دەربڕینە دەگات، واتە قسەکەر کام لە پرسیارەکان وەڵام دەداتەوەو کامەی پێ لەهەمویان باشترە، یان ئەو هەڵبژاردنە لەخۆوەیە یان بەرنامە بۆ دارێژراوە؟ یان ئایا هیچ جیاوازیەکی لەهەڵبژاردنەکان دۆزیوەتەوە و وایکردووە، کەباشتر تێبگات؟ گرایس بۆ داڕشتنی بنەمایەك بۆ وەڵامدانەوەی دو پرسیارەکە هەوڵی داوە خودی دیاردەی (بەخشکەیی دەربڕین "Implicature") لەم یاسایەدا بخاتە ڕوو ((ئەگەر(p)وترا (q) مان هەبوو، کاتێك (p) واتای ڕەسەنی دەربڕاوەکە بێتو (q) واتای بەخشکەیی دەر بڕاوەکە بێت، ئەوا ئەوەی قسەکەر دەیڵێت، بریتییە لەبنەمای بەخشکەیی دەربڕینەکە، ئەگەر نا قسەکە هیچ بەخشکەیی دەربڕینێك ناگرێتەوەو هەڵە دەبێت))(٥٣). دەتوانرێت بگوترێت ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن لە سنیتاکسدا وڵامەکانیان بەهۆی پڕاگماتیکەوە زانیاری تەواو دەبەخشن، چونکە لەڕستەکانی (٤٨)دا بەهۆی پڕاگماتیکەوە دەزانرێت، کە ئایا قسەکەر (ئەمرۆ) یان (دەوام)ەکەی، یان کارەکەی مەبەستە، واتە چی ئەنجامداوە.

## ٢-٣/١) پڕاگماتیکی ڕستەیی و سیمانتیك:

لێرەدا بابەتەکە چۆنیەتی بنیاتنانی ڕستەی پڕاگماتیکە، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵیدا کەمێك گرانە بەبێ بەشداریکردنی لایەنی سێیەم، کەسیمانتیکە، بۆ ئەوەی جێدەستی پڕاگماتیك ببینرێت و هەستی پێبکرێت بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و هەیکەلی سنیتاکتیکی تایبەت، لەوانەیە پێویست بەهەندێ تێگەیشتن بێت بۆجیاوازی نێوان سیمانتیك و پڕاگماتیك، بەشێوەیەکی تەقلیدی ڕستەیەك وەردەگیرێت بۆئەوەی خوێندنەوەی تایبەتمەندی تێکەڵاوی لە وشە بۆبکرێ، هەروەها لێکجیاکردنەوەی سیمانتیك و پڕاگماتیك بەدرێژایی سەرهێڵی واتا، چەند ڕێگەیەکی فراوانی کراوە جێدەهێڵن دەربارەی شیتەڵ کردنەوەی ئەو دو فیلدە، (لیڤنسن) پێی وایە کە سیمانتیك لە واتا دەکۆڵێتەوەو پڕاگماتیك لە بەکارهێنان(٥٤). هەروەها کۆمەڵێ جیاوازی تر، کە بەم شێوەیە لێکجیا دەکرێنەوە:

<u>**سیمانتیك/**</u> بریتییە لە ((واتای وشەو کاریگەری ڕێزمانی و واتای سەر زاراوەی ڕوون و ئاشکرا دەگرێتەوە وە پابەندی یاسایە و بنەمای هاریکاری پیادە دەکات. هێمای زمانی لێکدەداتەوە واتایەکی

---

٥٣) کاروان عومەر قادر (٢٠١٢ : ٢٦٦) .

٥٤) نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٠ : ١٤) .

بلاوەو کۆمەڵ لەسەری ڕێك کەوتووە، پابەند نییە بەدەورو بەر))[٥٥] هەروەها ((پابەندی توانست و یاساکانی زمانە. واتایەکی ئاسایی و نەگۆرو تەم و مژاوین و هێماکانیش نیشان نەکراون ئیشی لێکدانەوەی واتای فەرهەنگییە))[٥٦].

**پراگماتیك/** بریتییە لە ((واتای سیمانتیکی + واتای دەوروبەرو شاراوەو قوڵ و پابەندی بنەما نیەو یاساکان دەبەزێنێ، هێمای زمانی و نازمانی لێکدەداتەوە و مێشك دەخوێنێتەوەو تاکەکەسیەو کۆمەڵی لەسەر نیەو پابەندە بە دەوروبەر))[٥٧]. هەروەها پراگماتیك ((پابەندی چالاکی و داهێنانە و واتایەکی نائاسایی و گۆڕاوە بەپێی کەس و لێکدانەوەی مەبەستی قسەکەرە، واتاکانیش ڕونن و هێماکانیش دیارو نیشان کراون))[٥٨]. واتە سیمانتیك لەڕوی واتای فەرهەنگیەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ،کە چی دەگەیەنێ، بەڵام پراگماتیك لەچۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لەلایەن قسەکەرەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ هەرچەندە بەپێی ئەم جیاوازیانە بێت هەردوکیان ((پەیوەندیان بەتێگەیشتنەوە هەیەو هێما لێکدەدەنەوەو تەواوکەری یەکترن))[٥٩]. پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان ئەم دو زانستەدا ((ناتوانرێت قسە لەسەر واتا سازی بکرێت بەبێ هاوسەنگکردنی ئەوەی لەلای ڕۆژئاواییەکان بەپراگماتیك ناسراوە))[٦٠]. دەتوانرێت بەشێوەیەکی ڕونتر جیاکردنەوەکە ئەنجام بدرێت لەلایەنێك لەلایەنەکانی واتای قسە:

أ) ئەو ڕەگەزانەی،کە دەتوانرێت کۆدەکانیان ئاشکرا بکرێت لەڕێگەی دەربڕینە زمانییە بەکارهاتووەکان، ئەوەی،کە لێرەدا مەبەستە ئەوەیە،کە لەگشت سیاقە بەکارهاتووەکاندایە، هەروەکو لەنمونەی (٤٩)دا بەڕونی دیارە.

ب) ئەوەی، کەپشت دەبەستێت بەزانیاریە سیاقیە زیادەکان و توانا زمانییە بەرهەم هاتووەکانی وەرگێڕ[٦١]. هەروەکو لەنمونەی (٥٠)دا دەبینرێت.

٤٩) أ) سەیارەکەت کڕی؟

ب) بەڵێ

---

٥٥) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٩ : ٣٤–٣٥) .

٥٦) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١ : ٤٩) .

٥٧) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٩ : ٣٤–٣٥).

٥٨) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١ : ٤٩) .

٥٩) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٩ : ٣٥) .

٦٠) نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٠ : ١١) .

٦١) Robyn carston (2002 : 16-19)

لەڕاستیدا وەکو لەنمونەی (٤٩)دا دەبینرێت، کە گفتوگۆی نێوان دوکەسە قسەکەر و گوێگر،(٤٩أ) واتە قسەکەر، کە دەڵێت (سەیارەکەت کڕی؟ ) مەبەست لەوەیە زانیاری پیشەیی هەیە لەبارەی بابەتەکەوە، (٤٩ب) وەڵامەکەیەتی (بەڵێ) ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە، کە ئایا! چۆن کۆدەکانی ئەو (بەڵێ)یە شیدەکرێتەوە و ئاشکرا دەبێت؟ هەروەکو پێشوتر باسکرا بابەتەکە پەیوەندی بەقسەکەرو گوێگرەوە هەیە، کە لەسیاقێکدا گفتوگۆ دەکەن زانیاری پێشینەیان هەیە لەبارەیەوە بۆیە بۆ ئەوان کۆدەکە ئاشکرایە، کە لە (٣ب)دا دەوترێ (بەڵێ) واتە(بەڵێ سەیارەکەم کڕی) ئەمەش بۆ وەڵامی (٤٩أ) ئاشکراو ڕونەو تەنانەت ئەوانەی، کە لەو دەوروبەرەشدان بەهەمان شێوە لەکۆدەکانی (٤٩ب) بەهۆی دەربڕاوە زمانییە بەکارهاتووەکەوە.

هەروەکو لەنمونەی(٥٠)دا دەردەکەوێ وەڵامدانەوەی (ب) بۆ (أ) پەیوەستە بەو زانیاریانەی کە لەناخی (ب)دا ڕەنگدەدەنەوە، چونکە وەڵامدانەوەیەکی وا دەبەخشێتە(أ)، کە پڕاگماتیکیانەیەو پەیوەستە بەزانیاری پێشوترو سیاقەوە، بەلایەنی کەمەوە دەزانرێت، کە ڕەخنەو تێبینی (ب) لەسەر کەسێتی (نازدار) پەیوەندی بە پلەی گەرمی و ساردیەوە نیە، بەڵکو پەیوەندییەکە لێرەدا کۆمەڵایەتییەو هەڵسوکەوتی کەسەکە لەکۆمەڵگەداو پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا دەردەخات.

٥٠)أ) نازدارت خۆشدەوێ؟

ب) سارد دەیبینم.

کەواتە لێرەدا تێبینیەکە لەسەر کەسایەتی (نازدارە)، واهەست دەکرێت،کە (ب) (نازدار)ی زۆر خۆش ناوێت و کەسێتی ئەوی بە دڵ نیە، خۆشەویست نیە لەکۆمەڵگادا. ئەو ڕستەیەی کە (ب) وەڵامی (أ) ی پێداوەتەوە لەڕاستیدا زۆر کەمترە، لە لەخۆگرتنی ئەو هەمو زانیارییە لەخۆیدا، چونکە (دەیبینم) واتە (ئەو دەبینم)، کە لەڕاستیدا ئەو دەستەواژەیە دەتوانرێت بۆ هەرمرۆڤێك بەکاربهێنرێت و ڕەمزدارنیە، بەڵام دەستەواژەی (سارد) نادیارە لەنێوان پلەی گەرمی و تێگەیشتنە تاکییەکان، کەواتە ڕستەکە هیچ وشەیەکی ڕەمزداری تێدانیە کەمانای خۆشەویستی یان (چاك و باش) بگەیەنێت، کەواتە لێرەدا تێگەیشتن و وەڵامدانەوە پەیوەستە بە سیاق و دەوروبەرو زانیاری پێشینەو گفتوگۆی نێوان کەسەکان، کاتێك (ب) بەم شێوەیە وەڵامدەداتەوە (أ) ڕاستەوخۆ تێگەیشتنی لەلا دروست دەبێت بەوەی کە (ب) مەبەستی ئەوەیە،کە (نازدار) کەسێکی خۆشەویست و لەبەردڵان نییە، بەڵکو خوێن ساردو دورە پەرێزە.

ئەوەی لەم نمونانەدا باسکران و شیکرانەوە هەموویان بۆ ڕونکردنەوەی ئاسەواری ئەو گفتوگۆ و قسەکردنانە بوو،کە ئەمەش هەموی خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی پڕاگماتیکیە.

ئـەوەی مەبەسـتە لێـرەدا ئەوەیـە، کەقسـەکەران چـەند پێوانەیـەکی دیـاریکراو دەکـەن لەڕەوشـتی هاریکـاری عــەقلانی پێگەیشــتو لــەکاتی، پەیوەنــدی کردنــدا، بیســەرەکانیش (گوێگرەکــانیش) ئــەو دەربڕاوانەی، کە دەبیبیستن شیکردنەوەو لێکدانەوەی بـۆ دەکـەن و لەگـەڵ رەچـاو کردنـی پێوەرەکـانی نـاو مێشـکیان بـەڕونی لەبنـەما تیۆریەکـەی (گـرایس)دا دەردەکـەوێ و لەسـەر پڕاگماتیـك کردویـەتی ناسراوە بە (مەکزیمـەکانی گـرایس بـۆ پێوانـەکردنی ئاخـاوتن)[٦٢] لەڕاسـتیدا ئـەم کارانـەی گـرایس لـەم بوارەدا ((بەبڕوای (هارنین ١٩٩١) زیاتر هـەر بۆمەبەسـتی تێگەیشـتن بـووە لـەواتای (هەمیشـەیی/نەمر)، کەلەهــەمویان گــرنگتر ئــەو کــارە لێکۆڵینەوانــەی بــووە، کــەزیاتر بــەناوی (ڕێســای هاریکاریانــە "Cooperative principle") ناوبـانگی دەرکـردووە، کـە دواتـر پێوانـەکانی ئاخـاوتنی (چـەندێتی و چۆنیەتی و پەیوەندی و شێواز) ی لێکەوتۆتەوە))[٦٣]،چونکە((بەباوەڕی گـرایس ئاخـاوتن، چـالاکیەکە، کە بە هاریکـاری هاوبەشـەکانی قسـەکردن دێتـە ئـەنجام و لـەژێر دەسـەلأتی بنـەمای هاریکاریدایـە))[٦٤] دەتوانرێت بنەمای هاریکاریش بەمشێوەیە بناسێنرێت،کە پێی وایە((گوتنەکـەت هێنـدەبێت و لەشـوێن و کاتدا بێت و بەوجۆرە بێت کـە ئاخاوتنەکـەت دەیـەوێ))[٦٥]، کەواتـە لێـرەدا دەردەکـەوێت، کـە بنـەمای هاریکاری[٦٦] ڕێنمایی ئاخاوتن دەداتە گفتوگۆکەرانی.

ئــەوە ی هەســتی پێــدەکرێت لێــرەدا ئەوەیــە، کــە تێگەیشــتن لــەکردەی قســە بــەدو هــەنگاودا تێپەڕدەبێت:

**هــەنگاوی یەکــەم** / شـیکردنەوەی ئۆتۆماتیکیـە بـۆ پێکهاتــەی زمانــەوانی و ڕونکردنــەوەی زانیــاری زمانەوانی بەتەنها. ئەمەش بنەمای زمانەوانی و فەرهەنگییە.

**هەنگاوی دووەم** / هەنگاوێکی هەڵێنجانییە، دەرچەیەکی هەیـە کەئـەویش زمانـەو توانـای شـیکردنەوەو کردنەوەی کۆدەکانی هەیە، هاوڕێ لەگەڵ سەرچـاوەی تـەواوی زانیـاری تـر وەکـو هەسـتپێکردن بەچـاو یاخود بیر:

٦٢) کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨ : ٢٧٠–٢٧١).

٦٣) ئاڤێستا کەمال محمود (٢٠٠٩ : ٧٠–٨٢) .

٦٤) بەکر عومەر علی (٢٠٠٠: ٩١) .

٦٥) سەرچاوەی پێشوو (٩١).

٦٦) بۆزانیــــاری زیــــاتر دەربــــارەی بنــــەمای هاریکــــاری و پۆلێنــــەکانی ئاخــــاوتن لای گــــرایس ، بڕوانــــە : أ) بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠ : ٩١–٩٥) . ب) ئاڤێستا کەمال محمود (٢٠٠٩ : ٧٠–٨٢) . پ) عومـەر مـەحمود کـەریم (٢٠٠٩ : ٥–٨). ت) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٤ : ١٠٥–١١٢) .

٥١) أ) تۆپەکە { لەپشتەوەی } خانوەکەیە.

ب) تۆپەکە { لەپێشەوەی } خانوەکەیە.[٦٧]

ئەگەر ((لەهەردو ڕستەکە وردبینەوە وا دەردەکەون، کە دوڕستەی پێچەوانەو دژی یەکترن))[٦٨] ئەمەش شیکردنەوەی ئۆتۆماتیکیە بۆ پێکهاتە زمانەوانیەکە، واتە ڕونکردنەوەی زانیاری زمانەوانیەکەیە بەتەنها، کە بەبنەما زمانیە فەرهەنگیەکە دادەنرێ، بەلاَم ئەگەر بەپێی هەنگاوی دووەم بیربکرێتەوە ((لەڕاستیدا وانیەو دو ڕستەی پێچەوانە نین، بەڵکو زیاتر کۆنکرێتکەری دو پەیپێبردنی جیاوازن بۆشوێنی تۆپەکە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی،کە لەڕستەی (٥١أ)دا، پەیپێبردنەکە لەڕێگەی سەیرکردنی قسەکەرەوە دیاریکراوەو بونی ڕێگریەك، کە (خانوەکەیە) لەنێوان (قسەکەر) و (شوێنی تۆپەکە)دا، دەبێتە هۆی دیاری کردنی (شوێنی تۆپەکە) لەپشتی ڕێگرەکەوە، کە ئەویش (پشتی خانوەکەیە)، بەلاَم لەڕستەی (٥١ب)دا بەهۆی ئەوەی هەمو خانویەك ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی لەڕوی دروستکردنەوە هەیە (کە مەبەست ڕوی پێشەوەی خانوەکەیە) لەڕوی ئەوەی چ بەشێکی خانوەکە پێشەوەیەتی، چ بەشێکیشی پشتەوەیەتی، بۆیە لەڕوانگەی ئەم جۆرە پەیپێبردن و شارەزاییەوە قسەکەر لەهەر شوێنێکی خانوەکەدا بێت دەتوانێت لەبارو دۆخی ڕستەی (٥١أ)دا بڵێت، کە (شوێنی تۆپەکە) بریتییە لە پێشەوەی خانوەکە بەبێ گوێدانە ئەو ڕێگرەی لەنێوان (قسەکەر)و(بابەتەکە)دا بونی هەیە))[٦٩]. واتە لێرەدا، وەکو باس کرا، (أ،ب) لە ڕستەی (٥١)دا ڕستەیەکی هەڵێنجانین و شیکردنەوەی کۆدەکان ڕۆڵ دەگێڕن، هەروەها سەرچاوەی تەواوی زانیاری (قسەکەر) لەسەر شوێنەکەو تێڕوانین و بیرکردنەوەی بۆ شوێنی مەبەست، کە ئایا(پشتەوە) یاخود (پێشەوە)ی خانوەکەیە. هەروەکو لەشیکردنەوەی (ب) لەنمونەی (٥٠)دا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە کەسایەتی سارد خۆشەویست نییە، لەسەر بنەمای ئەو ڕەمزانەی، کە ڕستەکە دەیاننێرێت و شیکردنەوەکە دەریدەخات، کە پرۆسە پڕاگماتیکیەکان گەیەنەری ڤێرژنێکی دەوڵەمەندن لەواتا[٧٠].

لەڕاستیدا ئەگەر سەیربکرێت دەردەکەوێ، کە ((تێگەیشتنیش لەم پەیوەندیە هەمبەرییەو ئەو ڕۆڵە نێوەندییەی زمان دەیبینێت لەنێوان ئارەزو و واقعدا (تێڕامانەکانی مرۆڤ و خودی واقع) دەبێتە هۆی

---

٦٧) بۆ نمونەکان و شیکردنەوەیان، سود وەرگیراوە، لە: کاروان عومەر قادر (٢٠١٢ : ٧٩) .

٦٨) سەرچاوەی پێشو (٧٩).

٦٩) سەرچاوەی پێشو (٨٠).

٧٠) Jacob L.Mey (1998 : 978)

بونیاتنـانی سـێ کەسـێتی بنـەمایی بـۆ " زانسـتی زمـانی درکپێکـردن"))[71]، کـەلێرەدا ئاماژەیـان پێدەکرێت:

((یەکەم/ پێشینەیی سیمانتیك لەهەر شیکردنەوەیەکی زمانەوانیدا، واتە ئـەرکی سـەرەکی زمـان واتایـە، کە بەهۆیەوە چەمکی (بەکاتە گۆریکردن" Categorizations") دەبێتە بنەما.

دوهەم/ ئەم واتا زمانیەش سروشتێکی ئینسکلۆپیدیایی هەیە، واتە زمـان واتـای زمـانی سیسـتەمێکن بـۆ بەکاتـەگۆریکردنی جیهـانی واقـع، بەمـەش پێشـنیاز کردنـی سیسـتەمێکی دروسـتەیی بـۆ واتـای زمـانی پێویست ناکات، چونکە هەر لەبنەڕەتدا کۆزانینی جیهانی پەیوەستە بـە فۆڕمـە زمانەوانیەکانـەوە (واتـە خودی زمان))) [72].

سـێیەم / بـەپێی خـاڵی سـێیەمیش بێـت ((واتـای زمـانی سروشـتێکی (ڕوانگـەیی / پەیپێبردنانـە "Perspective")ی هەیـە، واتـە لەبنەڕەتـدا جیهـانی واقـع ڕاسـت و ڕەوان (بەشـێوەیەکی ڕاسـتەقینە) لەزماندا ڕەنگی نەداوەتەوە، چونکە لـەبری ئـەوەی زمـان و واتـای زمـانیی ئاوێنەیـەکی ڕاسـتەقینەیی و بابەتیانەی ئەم جیهانە/واقعە بێت، تەنها ڕەنگدانەوەی پـەیپێبردنی مرۆڤـە بـۆ ئـەو جیهـانی واقعـەو ئـەم پەیپێبردنــە لەزمانــدا ڕەنگــی داوەتــەوە (واتــە مــرۆڤ چــۆن واقعــی بینیــوە و خوێندویەتیــەوە و تێیگەیشـتووە، ئاوەهـاش لەزمانـدا ڕەنگـی داوەتـەوە، نـەك جیهـانی واقـع چـۆنە ئاوەهـاش لەزمانـدا (ڕەنگبداتەوە.))[73] بۆنمونـە، لـە (٥٠ب) سـەرەڕای ئـەو کەسایەتی و تەجروبەیـەو هـەبونی کەسایەتی سارد لەو نمونەیەدا، هەڵێنجانی تریشی تێیدا بەدەستدێت، وەکو ئەوەی کـە زۆری وەکـو (نـازدار) هـەن کە هەمان سیفەتیان تێدا هەیە.......هتد.

دەتوانرێت بگوترێت،کە سیمانتیك و پراگماتیك لە دو ڕێگەوە جیا دەکرێنەوە، کـە لێـرەدا بـەکورتی ئاماژەیان پێدەدرێت:

١) بابـەتی سـیمانتیك پەیوەسـتە بـە مانـای زمانیـەوە (زمانەوانیـەوە)، کـە بـەو واتایـەی پێکهاتـەکان هەڵبووەشێنرێن و شیبکرێنەوە.

٢) لەکاتێکدا بابەتی پڕاگماتیکی هەمو ئەو ئیشـە زیادانـە دەگرێتـەوە، کـە قسـەکەر پێویسـتە ئـەنجامی بدات، بۆئەوەی بگات بەو نامەیـەی خـۆی مەبەسـتێتی. ئەگـەر بڕوانرێـت (سـیمانتیك و پڕاگماتیـك) یـەك

---

٧١) کاروان عومەر قادر(٢٠١٢: ٧٨) .

٧٢) سەرچاوەی پێشوو(٧٨) .

٧٣) سەرچاوەی پێشوو(٧٨–٧٩) .

سایکۆلۆجیان هەیە، واتا زمانەوانیەکە وەردەگیرێت بۆئـەوەی تێگەیشـتن و ڕۆشـنبیری بێنێتـە ئـاراوەو وێنای عەقڵ بکات بەجۆرێکی دیاریکراو.

ڕون و ئاشکرایە، کە ڕەوتـی سـیمانتیکی وەردەگیرێـت، بـەو جـۆرەی چـەقێکی پەیوەندیـە لـەنێوان دەربڕاوە زمانیەکان و سروشتدا، بۆیە واتـا بـەپێی ئـەو بۆچـونە بێـت ئـەو کەرەسـتانە دەگرێتـەوە، کـە لەسروشـتدا هــەن لەجێگــەی بونــە عەقڵیــەکان، واتــای وشــە کەســێك، یــاخود کۆمەڵەیــەك دەگرێتــەوە لەسروشت و ئاماژە بەوە دەکات، کە واتای ڕستە بارودۆخە ڕاستەقینەکان. ئـەوەش ئـەو مەرجەیـە، کـە پێویستە و چاوەڕوان دەکرێت لەڕستە، بۆئەوەی ڕاست دەرچێت.

پێکهاتە ڕاستەقینە مەرج دارەکـە ئامـاژەی پێکـراوە لـە دو تـوێی گفتوگـۆی هەیکەلـە ڕێزمانیـەکانی سـەرەوە، کـە لـە ڕسـتەکانی نمونـەی (٤٧)دا هاتووە،کـە ئایـا ڕاسـتە بەتـەنیا ئـەو جـۆرە سـەگە گەسـتویەتی، کـە بەڵەکـەو دیـاریکراوە، کـە ئەمـەش ئەندامێکـە لـە خێزانـی سـەگەکان و سـەربەوانەو پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، کاتێك دوای ئـەوەی گەسـتویەتی پـێش هەفتەیـەك لەقسـەکردنەکە. ئـەوەی لێـرەدا مەبەسـتە، ئـەو جـۆری حوکمدانەیە،کـە ڕاسـتەو هاوتایـە لەگـەڵ مەرجـەکان ،کـەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەوروبەرو سروشت وای لێدەکات هەریەکێك لەڕستەکان جیاواز بێت لـەوەی تـر و لـەکاتی ڕاستی هەریەکێکیان بەمانای ئەوەیە،کە هـەمویان ڕاسـتن ،بـەڵام بـارودۆخی ئاخاوتنـەکانیان جیـاوازە، کەواتە لێرەدا دەوروبەر لەچۆنیەتی دەربڕینـەکانی ڕسـتەی (٤٧و٥١)دا دەسـەڵاتی بـاڵای هەیـە، چـونکە دەربڕینی ئەو ڕستانە پەیوەستە بەبارودۆخی کەسی قسەکەرو زانیـاری کەسـی بەرامبـەرو خوێندنـەوەی بۆڕستەکانی، بۆنمونە لە (٤٧پ)دادەردەکەوێ کەبابەتەکە پێشتر بۆ گـوێگر باسـکردووەو بـۆی دووپـات دەکاتەوە،کـە (ئـەوە سـەگە بەڵەکەکەیـە) گەسـتبووی. یـان لەوانەیـە وەڵامـی پرسـیارێك بداتـەوە لـە (٤٧ج)دا، کە ئایا چی یاخود کـێ گەسـتویەتی؟ بـەم شـێوەیە بـارودۆخی ئاخاوتنەکـە جیـاوازە، بـەواتا ڕاستیەکەی ئەوەیە کە سەگە بەڵەکەکە گەستویەتی و گێڕانەوەو شێوازی دەربڕینـی ڕسـتەکان جیـاوازن لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەتوانرێت پێچەوانەی ئەوەی سەرەوە هەڵسوکەوت بکرێت لەحاڵەتی (٤٨ب).

لەڕاستیدا کۆمەڵێك مەرجی ڕاستەقینە هەیـە پڕاگماتیـك ئیشـی لەسـەر دەکـات، کـە دەبێـت کەسـی قسـەکەر ناسـراو بێـت لەگـەڵ کـاتی قسـەکەی. بـەدەربڕینێکی تـر، وا دەردەکـەوێ، کـە ئـەم شـێوازە تێگەیشــتنە لەســیمانتیك پێویســتی بــە ئیشــێکی پێشــینە هەیــە لــە پڕاگماتیــك، بۆڕاســتکردنەوەی سەرچـاوەکەی لەهەسـتەکانی کۆمـەڵێك وشـەو پێکهاتـەی زمانـەوانی نادیـار هەڵدەبـژێرێ، ئەمـەش بـۆ بەدەسـتهێنانی نوانـدنێك، کـە توانـای هەڵسـەنگاندنی ئـەوەی پەیوەندیـدارە بەڕاسـتی یـاخود ناڕاسـتی شتەکە، لەسروشت و دەوروبەردا هەبێت.

((لەلایەکی دیکەوە مەرجی ڕاستی سیمانتیکی (Truth Conditional) پێڕەوێکی سیمانتیکیمان بۆ دەردەخات، کە لەچەندین یاساو پرنسیپ و مەرج پێکهاتووەو پەیوەستە بە لۆژیك و ڕاستیە لۆژیکیەکانەوە و بریتییە لەئەو ڕوداوانەی لەناو زماندا ڕوودەدەن زیاتر لەوەی لەجیهاندا ڕوودەدەن و سیمانتیك و لۆژیکیش لەناو هزرو زەینی مرۆڤدا کاردەکەن و پشت دەبەستن بەڕاستی زمانی و فۆرمییەکان و ڕاستی هەریەکێکیان پابەندە بە مامەڵەی عەقڵ و لێکدانەوە عەقڵیەکان))[٧٤].

ئەو نمونانەی باسکران لەڕوی پەیکەری ڕێزمانییەوە جیاوازیان هەیەو کۆمەڵێ واتای جیاواز دەبەخشن، کە هێمایان هەیەو وا لەگوێگر دەکات بیانکاتەوەو تێگەیشتنی بۆهەریەکێکیان جیاواز بێت، هەرچەندە ئەگەر سەیری ڕستەکان بکرێت دەبینرێت، کە زۆر ڕەمزدار نین، بەڵام پێویستیشیان بە پڕاگماتیکە بۆکردنەوەیان، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بونی جیاوازی لەڕێکخستن و پێکهاتەی ڕستەکان و تێگەیشتنیان لەلای بیسەر (گوێگر)، وایلێدەکات بۆ هەریەکێك لەڕستەکان شێوازی شیکاری بەکار بهێنێ بۆ هەر حاڵەتێك لەحاڵەتەکان، لەبەرئەوەی ئەو پەیکەرە ڕێزمانیانە جیاوازن لەڕوی کارەوە... کەواتە لێرەدا پشت بە باکگراوند و ئاسەواری زانیاری پێشینەیی دەبەسترێت و بەڕونی پێیەوە دیار دەبێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەنجامی هەمو ئەوانەی کە باسکران، دەتوانرێت بگوترێت مۆرفۆپڕاگماتیك هاوتایە لەگەڵ بوارە دامەزراوەکانی تری وەکو (مۆرفۆ سیمانتیکس، واتای فەرهەنگی سیمانتیکی مۆرفۆلۆجی، واتای فەرهەنگی پڕاگماتیکی مۆرفۆلۆجی، وە هەروەها شێوە ڕستە پڕاگماتیکییەکان و ستراتیجییەکانی دەق)، کە هەمو ئەمانە دەبێت بەشێوەیەکی وریایانە لەیەك جیابکرێنەوە، چونکە تێکەڵییەك دەبینرێت لەوانەی، کە باسکران بۆیە لێرەدا هەریەکێك لەوانە ڕوانین و ڕاڤەی بۆ دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەو تێکەڵییە دروست نەبێت و جیاوازییەکان دەربکەون:

١- مۆرفۆسیمانتیك لە یاساکانی مۆرفۆلۆجی، بۆ واتاکانی سیمانتیکی دەکۆڵێتەوە، کە واتای بنەڕەتی ئاسایی و گۆڕینەکانی واتای بارکراو ی دەستدەکەوێت، بەهۆی یاساکانی مۆرفیمی وشەداڕێژ، یان مۆرفیمی ڕێزمانی. لەناو لێکۆڵینەوەی مۆرفۆ سیمانتیکی، پڕاگماتیکی جیا جیا، کە پەیوەندی هەیە بە بارودۆخەکانی قسە، پەیوەندی نابێت بە ئاماژەی واتای بنەڕەتی بچوکی، کە بەهۆی زیادکردنی پاشگری بچوککردنەوە دەگەڕێتەوە بۆی، وەکو:

٥٢) حەسەن+ۆك = حەسەنۆك.

---

٧٤) بەکر عومەر عەلی (٢٠١٤ : ٦٥) .

واتــا بنەڕەتییەکــەی نمونــە(٥٢) بریتییــە لــە نــاوی کەســێك، بــەڵام بــەهۆی مۆرفیمــەکانی بچـوککردنەوەوە، لەوانەیـە واتـا بنەڕەتییەکـەی خـۆی لەدەسـت بـدات و واتایـەکی بـارکراو، کـە بەمەبەستی ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی هەژمار بکرێت.

٢–واتای فەرهـەنگی مۆرفۆلـۆجی، لـە واتـای بنـەڕەتی و واتـای بـارکراو دەکۆڵێتـەوە، مۆرفۆلـۆجی ئاڵۆز، وشە، کاتێك بە فەرهەنگی دەکرێت، وەکو:

٥٣) ئەو مانگە زۆر جوانە.

لـە (٥٣) دەردەکـەوێت، کـە چـۆن (مانگ)بـە فەرهــەنگ کـراوە و چـەند واتایـەکی فەرهــەنگی پێبخشراوە.

٣– فەرهـەنگی پڕاگمـاتیکی، لـە واتـای پڕاگمـاتیکی ئایـدیۆ سـینکراتیکی (مزاجـی) دەکۆڵێتـەوە، کـەوا دەگوازرێتەوە لەڕێگەی تاکە وشەیەکی ئاڵۆز، وەکو بەفەرهـەنگی کردنـی (هەچـەکە)و بـەکارهێنانی لـەبری واتـای کـەر –کـە منـداڵ بەکاریـدەهێنێت– لـە جیـاتی (کـەر)، واتـە لێـرەدا لەبەرچـاوگرتنی بارودۆخی منداڵ و هەڵبژاردنی ئەو وشانەی خۆشی دەبەخشنە منداڵەکان ڕەچاو کراوە.

٤– شـێوەکانی سـینتاکس و سـتراتیژییەکانی دەق، لەوانەیـە واتاکـانی خـودی پڕاگمـاتیکی خۆیـان بگوازنەوە و کاری تێبکەن لەگەڵ ئەوانەی، کە بەدەست دێن بەهۆی پێکهاتەکانی تاکە دەقەکە.

٥– مۆرفۆپڕاگماتیك[٧٥]لە واتاکانی پڕاگماتیك دەکۆڵێتەوە، کەوا بەشێوەیەکی یاسایی تـەنها لـە ڕێگـەی جێبەجێکردنی یاساکانی مۆرفۆلۆجی بەدەستدێن ، لە کۆمەڵێك بارو دۆخی دیاریکراوی قسـەکردندا. کردە مۆرفۆلۆجییەکان بەتەواوی بەرپرسن، بۆ واتا زیادکراوەکانی گوتن، لەگەڵ چاوگی وشـە ئـاخۆ بێلایەن دەبێت،یان نا[٧٦].

## ٢–٣/١) بنەمای پڕاگماتیك لە پرۆسە سینتاکسییەکاندا:

دوای ئـەوەی (پیـەس– Peirce) لـە سـاڵی ١٩٣٤ کۆمـەڵێ پرۆپـۆزەڵی خسـتە بـەردەم زمانـەوانان لەبارەی پەیوەندییەکانی زمانی مرۆڤ و ڕێکخستنی فرمانەکان لەلایـەن مێشـکەوە، کـە ئـەو پرۆپۆزەلانـە لەســـەر بنـــەمای شـــارەزایی پزیشـــکی بـــوون لەلێکۆڵینـــەوەی نەخۆشـــی ئـــەفاژیا(aphasia)[٧٧]و

٧٥) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مۆرفۆپڕاگماتیك، بڕوانە: بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە(٥٣–١٠٧).

٧٦) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم جیاوازییانە، بڕوانە: (Jacom L.Mey (2009: 649-653

٧٧) ئەفاژیا : پەیدا بونی کەلێنە لە پەیوەندی کردندا و توانـا زمانییـەکانی کەسـەکە لاواز دەکـات، بـەڵام کاریگـەری نابێت بۆسەر زیرەکی، هەروەها دەبێتـە هـۆی لاواز بـونی توانـای تێگەیشـتن و قسـەکردن لەکەسـەکەدا، زۆربەشـیان توشـی گرفتـی نوسـین و خوێندنـەوە دەبـن. بۆزانیـاری زیـاتر لـەبارەی ئـەم نەخۆشـیەوە ، بڕوانـە پێگـەی فـەرمی ئەلیکترۆنی کۆمەڵەی نیشتمانی ئەفاژیا(www.aphasia.org) .

شـــيكردنەوەی پێكهاتـــەی زمـــان لـــەو ڕووەوە. پرۆپۆزەڵـــەكان كـــەم و كورتيـــان هـــەبوو لەزۆربـــەی لايەنەكانيـەوە، لـەگرنگترين ئـەو كێشـەو گيروگرفـت و كـەم و كورتيانـە ئەوانـە بـون، كـە پەيوەنـديان بەڕێكخستنی مێشك و (Brain) كە تيگۆرييەكانی (پيەس) بـو لـە واتاكانـدا، پراگماتيـك و سـينتاكتيك و پەيوەندی نێوان سينتاكتيك و سيمانتيك[٧٨]. وا پێدەچێت بەشـيوەيەك بنيادنـانی ڕێزمـان ئاسـان بێـت ئەوەش بەواتای ئەوەی كە بەشەكانی يەكتری لەخۆ دەگرن و دابـەش دەبنـە سـەر كۆمەڵـەی ڕێكخـراوی دياری كراو و كۆمەڵەی بچوك بچوك.

پيپەس پێی وايە ((مێشك پێشـبينی هـەر بابـەتێكی جيـاواز دەكـات بـۆ جياكردنـەوەی هەڵچـونەكان لەسيمانتيك و ڕستەدا))[٧٩]،بەلاَم ئەم ڕونكردنەوەی پيەس كێشە دروست دەكات لەبەر ئەم دو هۆيە:

١) ئەم گوتەيە تەواو نيە لەبەر ئەوەی پراگماتيكی پشت گوێ خستووە.

٢) بـەهۆی دژيـەكی لەگـەڵ تێبينييـە كلينيكيەكانـدا، ئـەوەش بـەو واتايـەی، كـە ئـەفاژيا زۆربـەی كـات پەيوەست نيە بەبريندارِبونی ديوارەكانی مێشـكەوە، بـەڵكو ئـەفاژيا سـنيتاكتيكی زيـاتر بـەدی دەكرێـت لەو نەخۆشانەی، كە زەرەرێكی زيـاتر بـەر خانـەی پێشـەوەی مێشـكيان كـەوتووە، يـاخود بـەر خانـەی كەلێنی ناوەوەی مێشكيان كەوتووە.

ئەو كێشانەی، كە ڕوبەڕوی سيمانتيك و پراگماتيـك و سـنيتاكتيك دەبـن و پەيوەنـديان بـەو كۆمەڵەيـەوە هەيە، كە پيەس داينـاون، كە ئەويش لەيەكجياكردنەوەی نيشانەو ڕەمزەكانە،كـە نيشـانەكان ئامـاژە بـۆ ڕەمزەكان دەكەن، يان دياريكردنی ئەو وێنەو كاريكاتێرانەی، كە لەناخياندا هەيە.

لەوانەيە ئەو نيشانەو دەستەواژانەی، كە ئامـاژە بـۆ پـۆلێنی ئـەو دەروازەيـە دەكـات ببنـە (كۆمەڵـە كۆمەڵە) (مجموعـات)ی، وەكـو كۆمەڵـەی لاوەكـی، ڕەمـزدار(ڕەمزەكـان) پەيوەنديـەكی ناڕاسـتەوخۆيان بەيەكەوە هەيەو هەمو ئەو كەل و پەلانەی، كە بونێكی تـەواويان هەيـە ڕەمـزدار دەكـرێن، واتـە توانايـان هەيە ببن بەڕەمز[٨٠]. هەريەكە لـە(ناو) و (كـردار) ناونانـەوە، بـەم شـێوەيە سـەير دەكـرێن: كردارەكـان ئامـاژە بـۆ جولـە(act) دەكـەن لەكاتێكـدا (ناو)ەكـان ئامـاژە بەبابـەت (objects) دەكـەن، جيـاوازی لەنێوان جوڵەو بابەتەكان ئەوەيە، كە جێگری ڕێژەيين لەسەر ڕۆيشتنی كات و شوێن.

---

٧٨) Hans w.Dechert (1980 : 13)

٧٩) سەرچاوەی پێشو(١٣).

٨٠) Hans w.Dechert (1980 : 13-14)

ئـەوەی لێـرەدا مەبەسـتە ئـەو باوەڕەیـە، کەچـۆن (بابـەت و جوڵـە) بەچـەند سـاتێك پەیوەنـدیان بەست؟! بەم شێوەیەی ڕستە لەزمانی کوردیدا پێویستی پێی هەیە، بۆنمونە بـەکارهێنانی کۆمەڵەیـەکی دیاریکراو لەکار وەکو کۆمەڵەکانی (کاری ڕابردو، کاری ڕانەبردو، کاری داهاتو، داخوازی.....هتد).

زمانەوانان لەلایەکی ترەوە بۆ دیاری کردنـی بەشـەکردار[٨١] لەگـەڵ (جوڵـە) خـۆی لەخۆیـدا، سـەیر کردنی هەمو کارەکان، وەکو بەشەکردارەکان بە سودبەخشـن بـۆ سەرچـاوەکانی لێکۆڵینـەوەی جوڵـەی بابەتەکان دادەنێت، کە نمونەکان ئاماژەیان پێدەکەن.

٥٤) أ) یەکێك لەگیراوەکان مرد.

ب) ژمارەیەك لەجەماوەر دەمیان داچەقاند.

پ) هەموویان پێکەنین.

لەڕسـتەکانی (٥٤)دا ،((کردارەکـان بەشـە کـردارن و دەربڕاوەکـانی نێـوان ئارگۆمێنتـەکانی نیشـان دەدەن و دەیانخەنــە ڕوو. هەریــەك لــەکردارەکانی ڕســتەی (٥٤) تاکــە ئــارگۆمێنتێکن هەربۆیــە بــە گۆکردنەکـەیان دەگوترێـت << بەشـەکرداری یـەك – جێکـەوتی <<one – place predcte))[٨٢]، بـەلاّم لەکردارەکانی ڕستەکانی (٥٥)دا ((دوو ئارگۆمێنتمان هەیە و بەم شـێوەیە بـە گۆکردنەکـەیان دەگوترێـت << بەشەکرداری دوو – جێکەوتی << Twoplace predicate.)) [٨٣]

٥٥) أ) دادوەرەکە گومان لێکراوەکەی حوکمدا.

ب)دارا وەلاّمی نامەکەی سیمای دایەوە.

پ) قەڵەمەکە لەدەوری داهێنەرەکەی دەسوڕێتەوە.

لەوانەیـە کەسـێك هـەبێت، کـە حـەز بـە پشتگوێخسـتنی ئـەو جیاوازیانـە بکـات لـەدوای هەموشـتێك لەوانەیە لەئەنجامی ئەم بیرو بۆچونە جیاوازانە کۆمەڵێ شیکاری جیاواز بێتـە بەردەسـت و ڕون بێتـەوە، بـەلاّم ئەگـەر تێگەیشـتنی زمـانی مـرۆڤ یـەکێك بـوو لـەو پارچـانە (ئـەو بەشـانەی کـە کێشـەی هەیـە)

---

٨١) بەشە کردارەکان ((ئەوبەشانەی ڕستەن ، کە پشتگیری کردەی بەخشکەیی دەربڕین دەکـەن)). بۆزانیـاری زیـاتر لەسەر بەشە کردار، بڕوانە: أ) کاروان عومـەر قـادر (٢٠١٢ : ٢٧٤–٢٩٦). ب) مەحەمـەدی مـەحوی، کـاروان عومـەر، شیلان عومەر (٢٠١٠ : ١١٩–١٢٢).

٨٢) مەحەمەدی مەحوی، کاروان عومەر، شیلان عومەر (٢٠١٠: ١١٩).

٨٣) سەرچاوەی پێشو (١١٩).

پێویستی بەبەرنامەی جیاواز هەیە بۆ ڕونکردنەوە لەسەری و لایەنی هاوبەش لەو کێشانە، وەپێویستە چارەسەرێك دابنرێت بۆ هەمو ئەو کێشانەی، کە ئاماژەیان پێکراوە لەسەرەوەو هەنگاوی دواتر هەڵبهێنرێت بۆ چارەسەریان بەردەوام بون لەسەر ئەم جۆرە چارەسەریانە.

## ٣-٣/١) نادیاری و دروستەی ڕستەی پڕاگماتیکی:

دروستەی ڕستەی پڕاگماتیکی ئەوەیە، کە هەڵسەنگاندنی پڕاگماتیکی ئاوێنەی هەڵسەنگاندنی سینتاکسیە، لە ئێستادا لەبوارەکانی پڕاگماتیکدا ئەوەی پەیوەندی هەیە بەوەسفکردنی بەستەرەوە (واجیهەوە) لەنێوان بزوێنەری سنیتاکسی و پێکهاتەی ڕێزمانی بەرپرس لەدیاری کردنی بەکارهێنانی دەربڕاوە زمانیەکان لەڕێگەی پیشاندانی ئاسایی دروستەی ڕستەی پڕاگماتیکدا زۆربەی کات پشت بە(تێڕوانینەکانی گرایس–Grecian View)[٨٤] دەبەستێت، واتە هەڵسەنگاندنی پڕاگماتیکی شوێنێك دەگرێ لەدوای هەردو تەسکبونەوەی سنیتاکسی و فۆڕمی لۆجیکی، ئەمەش پرۆسەی ئیشکردنی پڕاگماتیکیە بەڕێگەی سیستماتیکی فۆرمی پێکهاتووە، کە بچوکترن لەڕستەکە بەگشتی[٨٥]. ئەگەر بڕوانرێت ((گرایس لەبنەڕەتدا دیاردەی (تیۆری بەخشکەیی دەربڕین)ی بۆ مەبەستی دیاری کردنی پەیوەندی لەنێوان دەربڕاوەکاندا (هێناوەتە کایەوەو گەشەی پێداوە، کە خودی واتای دەربڕاوەکەو ئەو واتایەی لە ئاوەزی قسەکەری دەربڕی دەربڕاوەکەدایەو واتا بەخشکەیی دەربڕاوەکانی ئەو دەربڕاوە شیبکاتەوەو دیاری بکات لەم ڕێگەیەشەوە ویستویەتی کۆی کرۆکە واتای ئەو دەربڕاوە تێبینی بکات))[٨٦].

لەڕاستیدا گرایس لەلێکۆڵینەوەکانی (١٩٦٥، ١٩٦٧، ١٩٧١)دا، هەوڵیداوە جیاوازی لەنێوان قسەکانی قسەکەرێك، کە دەری دەبڕێت و ئەو واتا بەخشکەیی دەربڕینەی بەهەمان قسە دەری دەبڕێت، لەڕێگەی داڕشتنی نەخشەو پلانێکی زمانەوانیەوە بکات[٨٧]، هەر لەو بارەیەشەوە هەوڵدەدرێت شیکاری تێڕوانینەکەی گرایس بکرێت، وەکو:

---

٨٤) Gricean View/ هەمو جیاوازییەکان ڕونتر دەردەکەون لەناو ڕستەکاندا، واتە ڕستەکان لەناو خۆیاندا بەش بەشن، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەرێکە لەپێوانەی گشتیدا دەردەکەوێ. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠ : ٩١–٩٥) .

٨٥) Mandy Simons (2009 :1- 2):

٨٦) کاروان عومەر قادر (٢٠١٢ : ٢٦٤) .

٨٧) بۆزانیاری زیاتر لەسەر بابەتی فۆرمی لۆژیکی و پەیوەندی بە تیۆری خشکەیی دەربڕینەوە، بڕوانە: سەرچاوەی پێشو(٢٦٤–٣١٦).

٥٦) أ) كچەكان درەنگ هاتن.

ب) هەموو كچەكان درەنگ هاتن.

دیارە قسەكەران بەشێوەكی گشتی ڕێگە دەدەن بەخۆیان لە چۆنیەتی دەربڕینی ڕستەكان و پێكهاتەی سیاقی دیاریكراو لە هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینەی ئەو ڕستانە، لە (٥٦أ)دا واتای دیاریكراو نەبەخشراوە، ئەگەر لەڕوكەشیشدا وادیار بێت، كە بەخشراوە، بەلاّم لێرەدا یەكسەر گوێگر پرسیاری ئەوە لەخۆی دەكات ئایا هەمو كچەكانی ئەو شوێنە (قوتابخانەیە، ماڵە، فەرمانگەیە، یان هەر شوێنێكی ترە) نەهاتون، یاخود هەمو ئەو كچانە نەهاتون، كە ناسراون لەلایەن قسەكەرو گوێگرەوە، بەلاّم لە (٥٦ب)دا مەودای ڕادەی (هەمو) دو واتای تەواو جیاواز بۆ ڕستەكە دیاری دەكات، كە بریتین لە:

١– هەموو كچەكان نەهاتوون. {لێرەدا كچەكان لەچەند كچێك پێكدێت}
٢– كۆی هەموو كچەكان نەهاتوون. {بەڵام لێرەدا كچەكان لە چەند كۆمەڵە كچێك پێك دێت}

ئەگەر سەیربكرێت، ئەم نمونانەو بابەتەكە پەیوەستە بە (ڕادە)و مەودای لۆژیكی (ڕادە)وە لەزمانداو ڕۆڵی لە دیاریكردنی واتای دەربڕاو و دەرنەبڕاودا، هەروەها لە ڕاستیدا دو چەشنی ڕادەمان هەیە لە ڕوانگەی لۆژیكیانەوە، كە ئەوانیش (گشتی) و (تایبەتی – لۆكاڵی) ین[٨٨].

٥٧) أ) هەموو كچەكان ئاگاداری ئاهەنگەكە بوون.

ب) كچەكە ئەوكچەیە،كە ئاگاداری ئاهەنگەكەبوو.

پ) شیرین ئەو كچەیە،كە ئاگاداری ئاهەنگەكەبوو.

ئەگەر لە (٥٧أ) بڕوانرێت دەبینرێت، كە ڕاستی و ناڕاستی ڕستەكە پشت دەبەستێت بەوەی، كە لەگروپی، یان پۆلی كچەكاندا چی ڕویداوە؟ چەند كچیان ئاگاداری ئاهەنگەكەیە و چەندیان ئاگادار نین؟ واتە لێرەدا پەیوەستە بە ڕادەی گشتییەوە ناتوانرێت سنوردار بكرێت و مەوداكەی سنوردارنیەو گشت ڕستەكە یاخود بابەتەكە دەگرێتەوە. ئەگەر سەیربكرێت لە (٥٧أ)دا هیچ كچێك لەكچەكان دەرناهێنێت، بەپێچەوانەی (٥٧ب)،كەجیای دەكاتەوە، بەڵكو لە(٥٧أ)دا هەموو كچەكان دەردەهێنێت، جا هەچ كام لەكچەكان بن، یاخود هەركەسێك بێت، بەلاّم لە (٥٧ب)دا تاڕادەیەك سنوری دیاریكردووە و هەندێك لەكچەكان یاخود كچەكە دەردەهێنێت، كە بەشداربووە لە ئاهەنگەكە، ئەمەش لە (٥٧پ)دا زۆر

٨٨) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕادەو درێژەی بابەتەكە، بڕوانە: كاروان عومەر قادر (٢٠١٢ : ١٦٩–٢٦٣).

تەسکتر دەبێتەوەو[89] سنوری بۆ دیاریدەکات و ڕاستەوخۆ تاکە تایبەتیەکە دەردەهێنێت نەك وەك (٥٧پ) واتا دەربڕاوە ڕادەییەکان، کە ئەوە دێنێتە کایەوە ئاخۆ کام لە تاکەکان بەراورد بکرێن وەك لە (٥٧أ)و(٥٧ب)دا هاتووە.

٥٨) أ) ئەو کتێبانە چەندن، کەکچەکان خوێندویانەتەوە؟

ب) ئەو کتێبانە چەندن، کە هەریەکێك لەکچەکان خوێندویانەتەوە؟

پ) ئەو کتێبانە چەندن، کە هەموو کچەکان خوێندویانەتەوە؟

لە(٥٨)دا پرسیاری جیاواز کراوە، کە هەریەکەیان هەڵگری جۆرە وەڵامێکە دیاربێت یان نا دیار، لە (٥٨أ)دا پرسیارەکە زۆر ڕون نیە، ئایا مەبەستی تەنها گروپێك لە کچەکانە یاخود هەمو ئەو کچانەی کتێبەکانیان خوێندۆتەوە، بەڵام لە (٥٨ب)دا تاڕادەیەك پرسیارەکەی ڕونترە لە (٥٨أ)، چونکە هاتووە پرسیاری لەژمارەی ئەو کتێبانە کردووە،کە هەریەکێك لەکچەکان خوێندویەتیەوە، بەڵام لێرەشدا مەبەستی ڕون نیە و نادیارە، کە داوای کۆی هەمو ئەو کتێبانە دەکات، کە هەمو کچەکان خوێندویانەتەوە یاخود کۆی ئەو کتێبانەی کە هەریەکیك لە و تاکە کچانە خوێندویەتیەوە بەجیا. وە لە (٥٨پ)دا بەڕونی و دیاری پرسیاری ئەوەی کردووە،کە ژمارەی ئەو کتێبانە چەندن، کە هەمو کچەکان خوێندویانەتەوە؟ بەگشتی واتە کۆی کچەکان یاخو تاکە تاکەی کچەکان خویندویانەتەوە.

ئەوەی لە ڕستەکانی(٥٨)دا تیبینی دەکرێت، ئەوەیە، کە هەمویان لەدەوری یەك تەوەرە دەخولێنەوە، ئەویش ژمارەی (کتێبەکان) لەگەڵ ژمارەی (کچەکان)، دەبێت ئەوەش لەبیر نەکرێت، لێرەدا هیچ کام لەم ڕستانەی (٥٨) هەڵە نین، بەڵکو هەریەکەیان پەیوەستە بەسیاقێکی دیاریکراوی نێوان قسەکەرو گوێگر، واتە دەوروبەر کاریگەری خۆی دەبێت بەسەر جۆری ئەو ڕستانەوە.

٥٩) أ) ئەو خوێندکارانەی،کەهەمو شتێکیان خوێندۆتەوە لەتاقیکردنەوە دەردەچن.

ب) هەر خوێندکارێك،کە هەمو شتێکی خوێندبێتەوە لەتاقیکردنەوە دەردەچێت.

پ) هەمو خوێندکارەکان،کە هەمو شتێکیان خوێندۆتەوە، لە تاقیکردنەوە دەردەچن.

لەڕستەکانی (٥٩أ) و (٥٩ب)دا نادیاری دەردەکەوێ لەگەیاندنی واتادا ئەگەر لەو سیاقەدا نەبێت، لەبەرئەوەی لە (٥٩أ)دا بۆی هەیە هیچ خوێندکارێك هەمو شتەکانی نەخوێندبێتەوە، بۆی هەیە

---

٨٩) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی چەشنەکانی ڕادە لەڕوانگەی لۆژیکەوە، بڕوانە: کاروان عومەر قادر (٢٠١٢ :١٧٣- ١٨٠).

هەمویان شتەکانیان خوێندبێتەوە، یاخود گروپێك لەخوێندکارەکان هەمو شتێکیان خوێندبێتەوە و دەرچن لەتاقیکردنەوە، بەڵام لە (٥٩ب)دا تاڕادەیەك نادیاری لە ڕستەکەدا کەم بۆتەوە، بەوەی خوێندکارەکانی جیاکردۆتەوە، کە هەریەکێکیان هەمو شتێکی نەخوێندبێتەوە بۆی هەیە دەرنەچێت، بەڵام لێرەشدا هەروەکو (٥٩أ) ئەگەری ئەوە هەیە، کە هەر خوێندکارێك هەمو شتەکانی نەخوێندبێتەوەش دەربچێت، بەڵام ئەوەی لە (٥٩پ)دا جەختکردنەوەی تێدایەو ڕونی و دیاری دەبەخشێتە گوێگر،کە هەمو خوێندکارەکان دەردەچن بەهۆی ئەوەی هەمو شتێکیان خوێندۆتەوە.

بەکورتی دەگوترێت، کە پرۆسەی سینتاکتیکی لەهەمویدا ناتوانرێت کورت بکرێتەوە لەسەر کاریگەری ئەو کارانەی لەدوای سینتاکتیکین، وەکو دانانی گۆڕاویك بۆ دەربڕاوە سیمانتیکیەکان،کەواتە لێرەدا بەلایەنی کەمەوە دەردەکەوێت، کە هەڵسەنگاندنی پڕاگماتیکی ئاوێنەی هەڵسەنگاندنی سینتاکتیکیەو ڕوپۆشی بونیاتی ڕستەی پڕاگماتیکی زۆر لەوە ئاڵۆزترە، کە هەندێك باوەڕیان وایە ئاسایی بێت.

## ٤-٣/١) پەڕینەوەی زمانەوانی و کاریگەری لەسەر ڕستەی پڕاگماتیکی:

لەم دوایانەدا بایەخێکی زۆر بەو لێکۆڵینەوانە دراوە، کە تایبەتن بەوەرگرتن و لێکجیاکردنەوەی جوتەزمان، بەتایبەتی ئیش لەسەر ئەو منداڵانەکراوە، کە هەر لەکاتی لەدایکبونیانەوە کاریگەری جوتەزمانیان لەسەرە جا بەهەر هۆیەك بێت، هەروەکو لەناو نەتەوەی کورددا، بەئاشکرایی ئەم دیاردەیە دەردەکەوێت بەهۆی داگیرکارە بیانییەکان و تێکەڵاوی و دراوسێیەتی و وڵاتانی دەوروبەرو کاریگەری زمانەکانیان لەسەر نەتەوەی کورد.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا! دەتوانرێت ئەو زمانە(جوتەزمانە جیاوازەکان)[٩٠]، وەکو دو سیستمی جیاوازی ڕێزمانی لەهەمان کاتدا وەربگیرێت ؟ یان ئایا! منداڵان دەتوانن مامەڵە لەگەڵ جوتەزماندا بکەن؟ هەست بەجیاکردنەوەی ئەو بۆشاییە فراوانەی لەنێوانیاندا هەیە بکەن؟

ئەگەر سەیربکرێت دەبینرێت هەر لەکۆنەوە سەلمێندراوە درك پێکردنی قسە لەزماندا جیاوازی هەیە. لەم دواییانەدا توێژینەوەکان زیاتر بایەخ و سەرنجییان خستۆتە سەر (پەڕینەوەی زمانەوانی)[٩١]واتە ئەو حاڵەتانەی تیایدایە، ئەمە سەرەڕای گریمانە جیاوازەکانی زمان و کاریگەری دو

---

٩٠) لێرەدا مەبەست لە (جوتە زمان Bilingual)ئەوەیە،کە زمانێکیان هی دایکەو زمانەکەی تر بیانییە،بۆزانیاری زیاتر دەربارەی جوتە زمان، بڕوانە: نەریمان خۆشناو، کامەران محەمەد (٢٠٠٨: ١١٤-١١٦).

٩١) بۆزانیاری زیاتر لەبارەی پەڕینەوەی زمانەوانی (cross linguistic)، بڕوانە: yaron matras & (2007:1) Jeanette sakel

سیستمی زمان لەسەر یەکتری، تەنانەت لە حاڵەتێکدا هـەردو سیسـتمەکە دەتـوانن لـە گـەڵ سیسـتمی دەنگـی (فۆنۆلـۆجی) هەڵبکـەن، هـەروەها لـە گـەڵ سیسـتمی(مۆڕفۆلۆجی) و (سینتاکسـیش) بەهـەمان شێوە، لەگەڵ ئەوەشدا بـە ڕادەیـەکی کـەم جیـاوازی لـە نێوانیانـدا دەمێنێتـەوە، بـۆ نمونـە لـە سـنوری فۆنۆلۆجیدا زۆر گۆڕانی دەنگی و جێگۆڕکێی دەنگی لـە مۆڕفیمەکانـدا کـراوە، وەکـو (ڕوعـب، جوعمـە)، کە لە زمـانی عەرەبیـدا (ڕوبـع) بـە واتـای (چـارەك) و (جومعە)بـە واتـای (هـەینی) دێـت، کـە بـە هـۆی گونجانی سیستمی دەنگیەوە لە نێوان دو زمانەکەدا کێشەیەکی ئەو تۆی دروسـت نـەکردووە، هـەروەها لە بواری مۆرفۆلۆجیشدا، کە بە هـۆی ئـەو پێشـکەوتنە تەکنەلۆژیـە و سـەردەمیانە و بـە هـۆی نزیکـی و دراوسـێیەتی ولاتـانی دەوروبـەر، کۆمـەڵێ مـۆڕفیم و وشـە ڕاسـتەوخۆ بەهـەمان سیسـتەمی دەنگـی و مۆڕفۆلۆژیەوە، وەرگیراون و بەرگی زمانی کوردیان بە بـەردا کـراوە، وەکـو (کۆمپیوتـەرComputer) و (ئینتەرنێت Internet) هەروەها (پرێنتەر Printer)، بەلاَم وەکو تێبینی دەکرێـت لـەبواری سینتاکسـدا کەمترە هەرچەندە بەهەمان کەرەستەی زمانی ڕستەکان دروست دەکرێن، بەلاَم گۆڕانکارییەکە تەنها لـە پاش و پێشکردنی کەرەستەکاندایە، وەکو لە (٦٠)دا ڕوندەکرێتەوە:

٦٠) أ) کوردی:(بکەر + کردار + بەرکار) (S.V.O) کوڕەکە ڕۆیشت بۆ بازاڕ.

ب) عەرەبی: (کردار + بکەر + بەرکار) (V.S.O) ذهب الولد إلى السوق.

پ) ئینگلیزی:(بکەر + بەرکار + کردار) (S.O.V) He goes to school.

سیستەمەکان بەشێوەیەکی پێویست وابەستە نین، کە هەر دەبێت لەیەك جیـاواز بـن، بـەلاَم ئـەوەی تێبینی دەکرێت لێرەدا ئەو مندالانەی، کە (جوتەزمانی هەمان کاتی)ن[٩٢]، دەبێت مامەڵە لەگـەڵ هـەردو سیستەمەکە بکەن لەهەمان کاتدا، لە ڕێگەی پشت بەستن بە کۆمەڵە زانیـاری و شـتە ئامادەکراوەکـانی خۆیان، بە پێچەوانەی ئەوانەی، کە زمانی دووەم(بێگانە) دەزانن و فێربـون، نـاتوانن لـەو زمانـەدا وەکـو زمانی دایك (یەکـەم) زانیـاری تـەواو و تۆکمـەی تێـدا بـەکاربهێنن کاتێـك مامەڵـەی پێدەکـەن، واتـە ئـەو مندالانـە لـە زمانـدا تۆکمـەن، بـەلاَم لـە کـاتی بـەکارهێنانی زمـانی دووەم زانیـاری پێویسـتیان لانیـە بـۆ دەربڕینی قسەکانیان.

بـۆ ئـەوەی قسـەکەرانی زمـانێکی دیـاریکراو نـەك تـەنها زانیـاری پێشـینەیان لـە گەنجینـەکانی مۆمۆڕفۆسینتاکسی بەردەست هـەبێت، بـەڵکو لـەوەش گرنگتر ئەوەیـە، کـە دەبێـت بـزانن بـە ڕێگـای گونجاو و بـە شـێوەیەکی کـارەکی بـەکاری بهێـنن و لـە ڕوکەشـەکەیدا نەخشـەی بنـەمای ڕاسـتەقینەی

---

٩٢) بۆ بابەتی (جوتەزمانی هەمان کاتی) سود وەرگیراوە، لە: کاروان عومەر قادر(٢٠١٤: چاوپێکەوتن).

جیهانی لە سەر شێوازی زمانی دیاریکراو بکێشن و بەتەنیا ئەو هەڵبژاردانە دیاری بکەن، کە توانایان هەیە ژیان بدەنە دروستکردنی ڕستە لەو زمانەی، کە مەبەستە(٩٣).

تێکەڵاوکردنی زانیاری سینتاکسی لە چوارچێوەی گوتارێکی گونجاودا و کارێکی بێزار کەرە بۆ منداڵان، لە لایەکەوە توشی بارگرانییەکی دور و درێژو بێکۆتایان دەکات و لە لایەکی ترەوە هەر لەسەرەتاوە توشی لەبیرکردنی کەرەستەی پێویستی سینتاکتیکیان دەکات. ئەو منداڵانە چۆن ئاڵوگۆڕی زانیارییە بەرهەمهاتووەکان دەکەن و تا چ ڕاددەیەك بەشداری دەکەن لەو ئاڵوگۆڕەدا ، لێرەدا پەنا دەبرێتە بەر قسەی پراگماتیکی کاتێك ئەو پێکهاتانە شیدەکرێتەوە لە ڕێگەی قسەکردنەوە نەوەکو لەڕێگەی کارەکانی سینتاکتیکەوە، هەر ئەوەش ئەم سیمایە گرنگەی بەخشیوەتە پراگماتیك و بەشداریکردنی لە ڕستەدا. هەر لەم ڕووەشەوە ئەگەر (بگەڕێینەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی زمانپژانی منداڵان دەردەکەوێت، کە دەربڕینی تاکە وشەیەك سەرەتای گەشتی ئەو منداڵەیە لە جیهانی دەربڕینی هزردا. ئەم قۆناغە ساکارەی منداڵ بەسە بۆ ئەوەی بیرە سادەکانی پێ دەربڕێت، کە بۆ بەردەوامبونی ژیانی پێویستن(٩٤) کاتێك منداڵ ئەم وشانە دەردەبڕێت بەرامبەر بە زانیاری ڕستەیەکی تەواو دەوەستێت و کاری ڕستەکە دەبینێت، هەروەکو لەم نمونانەدا دەردەکەوێت:

(٦١) أ) حەم: ⟵ {نان دەخۆم}، {نانم بدەرێ}.

ب) ئاو: ⟵ {ئاو دەخۆمەوە}، {تینومە ئاوم بدەرێ }.

پ) کخە: ⟵ {پیسە نەیخۆی}، {پیسە،تفی بکەوە}، {پیسە قوتی نەدەی}.

لێرەدا زیاتر، کە باسی منداڵ کراوە مەبەست لە مێشکی منداڵەکە یەو توانای وەرگرتنی شتەکانە ((منداڵ لە کاتی زمان پژانیدا توانای ڕێکخستنی ڕستەی نیە))(٩٥) چۆمسکی باوەڕی وابووە، کە زمانپژانی منداڵ هەڕەمەکی و لە خۆوە نی یە، بۆیە دەڵێت: ((منداڵ کاتێك دێتە ژیانەوە هەر لە سەرەتاوە گەنجینەیەك لە بیرۆکەی ناوەکی دەربارەی سروشتی سینتاکس هەیە))(٩٦)، هەروەها هەندێ لە لێکۆڵەرەوان دەربارەی زمانپژانی منداڵ دەڵێن:((بکەری ڕێزمان خاڵی دەستپێکردنی زمانپژانی منداڵە))(٩٧)، کە ئەم بۆچونەش لەو پێشنیازەی پێشوتری چۆمسکیەوە هاتوە. دەتوانرێت

٩٣) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە، بڕوانە: Sano, T.& Hyms (1994: 543-558)

٩٤) کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨ :١١).

٩٥) ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩ :١٧).

٩٦) کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨ :١٣).

٩٧) سەرچاوەی پێشو (١٣).

بگوترێـت زمانپــژان یــاخود زمــانگرتنی منــداڵ، ((کــه ســەرەتا ســیمای فۆنێمــەکانی بەتــەواوەتی ڕێکنەخستووە و شوێنی دروستبوونیان یاخود جۆری دەنگـەکان و گـڕ و کپیـان ناناسـێتەوە، بـۆ نمونـە منداڵی کـورد لـە بـری وشـەی (دادە) دەربـڕێـت، دەڵێـت:(تاتـە) و سیمای گـڕی و کپـی دەنگـی /د/ لـە (+گڕ)ەوە دەگۆڕێت بۆ (–گڕ))[98]، ئەمەش نەرم و نیانی توانستی ئـاوەزی منـداڵ دەردەخـات. لێـرەدا دەتوانرێت تاڕادەیەك شێوازی قسەکردن بە زمانی دووەمیش بچوێنرێت بـە سـەرەتای زمانپـژانی منـداڵ و ئاخاوتنەکان، هەروەکو لە نمونەی (٦٢)دا دەردەکەوێت:

٦٢) تینومە پەرداخێك ئاوم بۆ بێنە.

لێرەدا دەردەکەوێ کەسی قسەکەر داوا لە گوێگر دەکات پەرداخێك ئـاوی بۆبێنێ،چـونکە تینـوێتی و ئاو دەخواتەوە بۆئەوەی تینوێتی بشکێ، هەروەها دەزانرێت، کە قسـەکەر کەسـێکی شـارەزایە لـەبواری زمانی کوردیدا و یاسا و بنەما سنیتاکسیەکانی پێڕەو کردووە.

٦٣) أ) ئاو.

ب) بێنە پەرداخێك ئاو.

لە (٦٣ أ)دا (ئاو) هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا، وشەیەکە، لەسەرەتای زمانپژانی منداڵـدا بـەکاری دەهێنرێت بەواتای (ئاوم بدەنێ، تینومە)، هەرچەندە ئەگەر پەیوەست بکرێت بەدەوروبـەرەوە ئـەمیش دیسان بۆی هەیە، یاخود لەوانەیـە قسـەکەر منـداڵ نـەبێت، بـەڵکو کەسـێکی گـەورەبێت زمـانی کـوردی نەزانێت یاخود بە تەوسەوە بەم شێوەیە داوای ئاو بکات، یاخود گەورەیـەك بـێ و داوا لەبەردەسـتەکانی بکات، یان قسەکەر کەسێکی گاڵتەجاڕ بێت و لاسایی منداڵ بکاتەوە، کە لەهەمان کاتدا شـەرت نیـە بـۆ تینوێتی بێت، بەڵکو پێویستی بە ئاو بێت بۆ شتێکی تر، وە ئـەم دەوروبـەرە بـە هـەمان شـێوە ڕۆڵێکـی کاریگـەر دەبینێـت لـە (٦٣ب) داوای ئـاو ناکـات، بـەڵکو بـە شـێوەی (٦٣أ)داوای ئـاو دەکـات. کەواتـە بەکارنـەهێنانی یاسـا و بنــەما سینتاکسـیەکان مـەرج نیـە، کـە لەلایـەن منداڵـەوە یـاخود کەسـێکی نەشارەزای زمانی دایك بێت، بەڵکو دەشێ کەسی قسەکەر کەسێکی تر بێـت لەوکەسـانەی کەباسـکراون وەکو: (گاڵتەجار، قۆشمە چی، گەورە بەرانبەر بچوك ،.........هتد)، ئەوەی لێـرەدا مەبەسـتە ئەوەیـە، کە لەوانەیە قسەکەر جگە لەمەبەستی پڕاگماتیکیانە لە قسەکانیدا، میتا فۆریش بەکار بهێنیت.

---

٩٨) ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٢ : ١٣٨).

## ٦-٣/١) ڕۆڵـی ڕسـتەی سەرسـوڕمان و ڕسـتەی هەسـت و سـۆز دەربـڕین لـە پڕاگماتیکدا:

لـە ئـەدەبیاتی زامانەوانیـدا کۆمـەڵێ گفتوگۆ و دەرکەوتـەی زمانـەوانی دەبینرێت، وەکـو (ڕسـتەی هەسـت و سـۆز دەربـڕ، سەرسـوڕمان، هوتـاف کێشـان، وتـاری هەسـت بـزوێن.....هتـد) هـەمویان کاریگەرییان کردۆتە سەر زمانەکانی جیهان.

٦٤) أ) ئای! چەند لەخۆباین.

ب) چەند غەریبە!

پ) بەڵام، چ دادوەرێکی خراپ بو!

ئەوەی لە (٦٤)دا دەبینرێت هـەمویان ڕسـتەی سەرسـوڕمانن، بـەڵام ئـەوەی لێرەدا مەبەسـتە ئەوەنیـە، بەڵکو ئایا! ئەم هەستانە دەربڕی چ جۆرە هەستێکن؟ مەبەسـتی ماناکانیـان چیـە؟ کەواتـە لـە (٦٤)دا، مەبەست لەومانا شاراوانەی پشـت ڕسـتەکانەو دەربڕینـی ئـەو هەسـت و سـۆزەی، کـەخۆی حەشـاردراوە لـەناو ڕسـتەکاندا، ئەمـەش بەرچـاوڕونی دەدات بـۆ ئـەم جـۆرە ڕسـتانە، کـە ئاماژەیـەکن بـۆ ڕسـتەی پڕاگماتیکی.

٦٥)أ) چەند نەزان بوم،کە بیرم لەوە نەکردبۆوە پێشتر!

ب) چەند سەر سوڕهێنەرە لەبەختی باشدا!

پ) چەند تەبیعەتێکی پیاوانەت هەیە!

لەڕاستیدا بەهۆی نمونەکانی (٦٥)ەوە دەردەکەوێ، کە فشارخستنەسەر جۆرێکـە، یـاخود ئاماژەیـە بۆ دەربڕینی سەرسوڕمان و هەست و سۆزی کەسەکە لەئـەنجامی ئـەو زەحمەتـەوە، هـەروەکو لـە (٦٥أ)دا دەردەکـەوێ، کـە کەسـەکە لەئـەنجامی شـتکەوە بـۆی دەرکـەوتووە، کـە پێشـوتر بـیری لـەو بابەتـە نەکردۆتەوە جا بەهەر هۆکارێك بوبێت، بەڵام ئێستا بەهۆی فشارێکەوە بیرێکی بۆ هـاتووە، کـە پێشـوتر نـەیتوانیوە دەرییبڕێت.هـەروەکو لـە (٦٥ب)دا، دەردەکـەوێت قسـەکەر بـە گـوێگر دەڵێـت، کەکەسـی سێیەم (نادیار) بەختێکی باشی هەیە لەژیانیـداو باوەڕپێنـەکراوە، وەلـە (٦٥پ)دا قسـەکەر پیاهەڵدانێك بـەگوێی گـوێگر دادەدات، کـە کەسـێکە تایبەتمەنـدیێکی پیاوانـەی هەیـە و بەشـتێکی بـاش لەقەڵـەمی دەدات، لەوەشیاندا نادیاریەك هەیە، کە ئەویش، ئایـا قسـەکەر مەبەسـتی ئـەرێنی هەیـە یـاخود نـەرێنی

لەم ڕستەیەدا؟!کەواتە ئەوەی ڕونە لێرەدا پراگماتیك ڕۆڵگێڕانی تەواوی لەم جۆرە ڕستانەدا هەیە، بەهۆی دەوروبەرەکەو جۆری ئاخاوتنەکەوە دیاریدەکرێت.

٦٦) أ) گەورە بووە!؟

ب) گەورە نەبووە!؟

لێرەدا ئەوەی جێی گومانە ئەوەیە، کەنازانرێت (نەرێ) لەڕاستیدا مانای ئەرکی قسەکەر دەگۆڕێت؟ بەهەرحاڵ، وەکو لەنمونەی (٦٦)دا دەردەکەوێ جیاوازییەکی کەم لەنێوان ڕستەکاندا هەیە. لە (٦٦ب)دا لە پرسیارە نەرێنیەکەدا دەردەکەوێت، بانگکردنێکە بۆدوپاتکردنەوەی بیستراو لەلایەن گوێگرەوە لەکاتێکدا لە (٦٦أ)دا، کە پرسیارێکی ئەرێنییە، وا دەگەیەنێت بیسەر لە حاڵەتێکدا نیە ڕێگەی پێبدرێت بۆ ڕازی نەبون، کەواتە لە(٦٦ب)دا ئاماژە بەوە دەکات، کە نەرێنیەکی زیاد لەپێویست نیەو ئەوەش دروستە.

قسەی هەست و سۆز دەربڕ ئاماژەیە بەهەر قسەیەکی قسەکەر، کە هەستیار بێت ئەوەش بەباش خوێندنەوە، یان چۆنیەتی ئەدای دەربڕین دەردەکەوێت، واتە دەبێت کۆمەڵێك سیفاتی جیا کەرەوەی ڕێزمانی هەبێت، کە قسەکە قبوڵ بێت وەکو قسەیەکی هەستوسۆز دەربڕ.

دەتوانرێت دەستەواژەی (قسەی هەستوسۆز دەربڕ) وەکو دەستەواژەیەکی داپۆشەر بۆ گشت دەربڕاوە هەستییەکان بەکار بهێنرێت.

٦٧) أ) چەند بەخێرایی ڕادەکات!

ب) جوان نییە!؟

لە (٦٧أ)دا قسەکەر هەستی خۆی دەر دەبڕێت بەرانبەر بەکەسێك، کە دەتوانێت بەخێرایی ڕابکات، ئەگەری ئەوەش هەیە مەبەستی نەرێنی لەپشتەوە بێت، کە کەسەکە بەهێواشی بڕوات و هەنگاو بنێت، ئەمەش وابەستەیە بەدەوروبەر و سیاقەوە.

لە (٦٧ب)دا قسەکەر تەنها باس لەجوانی ناکات، بەڵکو لەوانەیە مەبەستی ئەوەبێت، کە ڕێژەیەکی بەرزی واجوانە ناپێورێت بەپێوانەی جوانی لەوانەشە مەبەست لێی گاڵتە پێکردنی کەسەکە بێت لەناشیرینیدا ئەمەش هەر بۆسیاق و دەوروبەر دەگەڕێتەوە.

(ڕۆسنگرین Rosengren) وای بۆ دەچێت، کە هەست و سۆز دەربڕین لە سەرسوڕماندا بەهۆی میزاجی کەسەکەوە لە ڕستەدا دروست دەبێت، واتە لێرەدا میزاجی قسەکەر کاریگەری ڕاستەوخۆی

دەبێت بۆ سەر جۆری ڕستەکان و دەربڕینیان، ئەمانەش هەموی لەچوارچێوەی پڕاگماتیکدا شیکاریان بۆ دەکرێت[99] هەروەکو لەنمونەی (٦٨)دا دەردەکەوێت:

٦٨) أ) ئێستا چۆنیت؟!

ب) دەرمانی شەکرەکەشم خواردووە!

لە (٦٨أ)دا قسەکەر پرسیارێکی ڕاستەوخۆی ئاراستەی گوێگر کردووە، کە دیارە گوێگر تەندروستی یاخود باری دەرونی باش نەبووە، گوێگریش لە (٦٨ب)دا وەلاَمێك دەداتەوە، کە دو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت:

١) خراپم وهیچ باش نەبوم. {واپێدەچێت، کە کەسەکە تەندروستی و باری دەرونی باش نەبێت}

٢) زۆر باشم و چاك بوم. {واپێدەچێت، کە کەسەکە تەندروستی و باری دەرونی باش بێت}

---

٩٩) Izabela mrochen (2009 : 237-239)

## بەشی دووەم

## ٢) پرۆسەی مۆرفۆپراگماتیك لە زمانی کوردیدا

### ٢/ ١) مۆرفۆپراگماتیك (چەمك و تێڕوانین):

مۆرفۆپراگماتیك پەیوەستە بەوەی، کە مەرج نییە هەمو واتایەکی پراگماتیکی لە واتایەکی سیمانتیکیەوە هاتبێ، چونکە هەندێ شتی زمانی هەیە، کە واتای سیمانتیکیان نییە، بەلآم ئاماژە دەرێکی ڕاستەوخۆن بە واتای دەوروبەری پراگماتیکی وەك (لاگرەکان، جێناوەکان). سەرەڕای ئەوەی واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی، کە بە تەواوکەری یەکتری دادەنرێن بۆ لێکدانەوەی واتا چەند جیاوازییەك بەدیدەکرێت لە نێوانیاندا، لەوانە سیمانتیك بریتییە لە واتای وشەو کاریگەری ڕێزمانی، واتای ڕون و ئاشکرا دەگرێتەوە و پابەندی بنەماو یاسای هاریکارییەو واتایەکی بلآوەو کۆمەلّ لەسەری ڕێککەوتووە، پاپەند نیە بە دەوروبەرو نەگۆڕەو واتاکانیش تەم و مژاوین و هێماکانیش نیشان نەکراون، هەرچی پراگماتیکە، ئەوە واتای سیمانتیکی و دەوروبەرو واتای شاراوەو قولّ دەگرێتەوە، هێمای زمانی و نا زمانی لێکدەداتەوەو مێشك دەخوێنێتەوە، واتایەکی تاکە کەسیەو مەرج نییە کۆمەلّ لە سەری ڕێککەوتبێت، واتایەکی گۆڕاوە بە پێی کەس، ڕونەو هێماکانیش دیارو نیشانکراون[1].

کەواتە ئەوەی پێشتر باسکراوە لەوەی، کە مۆرفیم واتایەکی دیاری کراوی هەیە، لێرەدا ئەوە دەخرێتە ڕو، کە سەرەڕای ئەو واتا دیاریکراوە واتای پراگماتیکیشی هەیە، کە پەیوەستە بە دەوروبەرەوە هەروەکو چۆن لەم نمونەیەدا دەردەکەوێت:

١) پیاو

لێرەدا سیما جیاکەرەوەکانی بریتین لە: {+ مرۆڤ،+ هەراش، + نێر}. بە هۆی ئەو سیما جیاکەرەوانەی هەیەتی، واتاکەی دیارو ئاشکرایە، بەلآم سەرەڕای ئەو واتایە، واتای شاراوەشی هەیە، کە ئەویش واتای پراگماتیکییە:

أ) پیاو: وەکو سیفەتێك دەردەکەوێت (ئازا، دلێر، چاونەترس، بەشەرەف... هتد).

ب) پیاو: شەرت نییە پیاو بێت بە واتا سیمانتیکییە فەرهەنگییەکەی، وەکو کاتێ دەگوترێت (ئیشەکەت پیاوانە بوو) لێرەدا مەرج نیە کەسەکە پیاو بێت. لەوانەیە مندالّ بێت، لەوانەشە کچ، یاخود ژنێك بێت.

---

١) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١: ٣٤– ٤٩).

پ) پیاو: بە واتای (مێرد/ هاوسەر) دێت.

لەو نمونانەوە دەتوانرێت بگوترێت: وشە واتای پراگماتیکی هەیە، واتە وشە لەکاتی ناچالاکی و بونی لە فەرهەنگدا تەنها واتای سیمانتیکی هەیە، بەلأم ئەو وشەیە (جا مۆرفیمی سەربەخۆ، یان مۆرفیمی ناسەربەخۆ بێت)، کە بەکارهێنرا جگە لە واتا سیمانتیکییەکەی واتایەکی پراگماتیکیشی دەبێت، بەمشێوەیە ئەم وشانە پراگماتیکی وشەیی (MorphoPragmatics) دەنوێنن. لە ڕاستیدا تیۆری مۆرفۆ پراگماتیك لە هەردوو تیۆری(پراگماتیکی فەرهەنگیLexical Pragmatics) و (پراگماتیکی ڕستەیی Syntactic Pragmatics)[٢] هەلێنجراوە، کە یەکەمیان باسی ئەوە دەکات، کە لە ئەنجامی پرۆسەی وشە دروستکردنی وشەی لێکدراو و ئالۆز، وشە دروستکراوەکان واتایەکی ئالۆز دەبەخشن، هەرچی تیۆری دووەمیانە زیاتر مەبەست لێی ئەوەیە، کە وشەکان بە پێی دروستەی سینتاکسی، یان واتای پراگماتیکی دەبەخشن. بەمشێوەیە مۆرفۆپراگماتیك زیاتر کارکردنە لە سەر ئەو کەرەستە مۆرفۆلۆژییانەی لە ناو زماندا ئاماژە دەری پراگماتیکیانەیان هەیە.

**دەتوانرێت بگوترێت مۆرفۆپراگماتیك، وەك پەیوەستکردنی مۆرفۆلۆژی و پراگماتیك ناسێنراوە، یاخود بریتییە لە پشکنینی ڕوکارە پراگماتیکییەکانی تەرزە نمونەکان، کە بەپێی یاسا و بنەما مۆرفۆلۆژییەکان ڕیزبەندکراون.**

## ٢/٢) پرۆسەکانی مۆرفۆپراگماتیك:

٢/٢– ١) زیادکردنی واتا (Augmentative)

٢/٢ –٢) کەمکردنەوەی واتا (Diminutive)

مۆرفۆپراگماتیك زیاتر بە هۆی ئەم دو پرۆسەیەوە دروست دەکرێت، کە لێرەدا (لەم بەشەدا) ئاماژەی تەواو بەم پرۆسانە لە ڕووی پراگماتیکی وشەییەوە دەدرێت.

---

٢)Lexical Pragmatics: ئەو کێلگە توێژینەوەیە، کە هەوڵ دەدات قورساییەکی بابەتی و شیکردنەوە بۆ دیاردە ڕاستەقینەکان بداتە دەست، کە پەیوەندی هەیە بە(Under Specification)ی سیمانتیکی کەرەستە فەرهەنگییەکان، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە، بڕوانە: پاری دووەمی بەشی یەکەم (١٧–٢٩).

Syntactic Pragmatics: بریتییە لە لێکۆڵینەوەی واتای ڕستەکان، بەستنەوەی بە دەوروبەرەوەو چۆنیەتی دەربڕینو ئاوازەکانیان لە چوارچێوەی پراگماتیکدا، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە: پاری سێیەمی بەشی یەکەم (٢٩–٥٢).

## ١-٢/٢) زیادکردنی واتا(Augmentative)(AUG):

فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیانەیە، دەربڕی واتای زیادەیە. لەم جۆرەدا وشە بە پێی گۆڕانی سەردەم و تێپەڕبونی کات واتاکەی فراوان دەبێت و بەرەو دیاردەی گەورەتر هەنگاو دەنێت ((فراوانبوونی واتا دیاردەیەکی گۆڕانە لە واتایەکی تایبەتیەوە بۆ واتایەکی گشتی فراوان))[٣]، بە شێوەیەك لە شێوەکان مرۆڤ کاتێك وشەیەك بۆ شتێك بەکاردەهێنێت، لەوانەیە واتاکەی زیاد بکات و گەورەی بکات بۆ ئەو شتانەی، کە لێیەوە نزیکن، یاخود لەو دەچن لە دیاردەکاندا[٤].

لە ڕاستیدا ئەم پرۆسەیە بۆ زیادکردن و فراوانکردنی ڕێژەی واتا دەربڕاوەکان و قەبارەیان بەکاردێت. لەوانەشە ئەم واتا زیادکردنە بەهۆی درکپێکردن و سیاقەوە باشتر دەربکەوێ، واتا دەوروبەرو کۆمەڵگاو لایەنی زمانی وجوگرافی و سروشت و باری دەرونی و... هتد، کاریگەری دەبێت لە سەر ئەم پرۆسەیە. فراوانکردنی واتا ئەوەیە، کە وشەیەك لە بنەڕەتدا واتایەکی هەبێت و تەنیا بۆ ئەو بەکاربێت، بەڵام دواتر ئەم واتایە فراوان بکرێت و چەند شتێکی تریش بگرێتەوە، هەروەها زۆرجار بەکاردێت بۆ زمانی پڕوپاگەندەو بانگەشە. بەم پێیە بێت ئەم پرۆسەیە بنەمای دروستبونی واتای پراگماتیکییە بۆ وشەکە. کرۆکی ئەم بنەمایەش بەکارهێنانی وشەکەیە لە دەوروبەرە نازمانییەکاندا، بە شێوەیەك، کە ئەو وشەیە بەهۆی بەکارهێنانی لە دەوروبەرەنازمانییە جیاوازەکاندا چەندین واتای تر وەردەگرێت، جگە لە واتا فەرهەنگییە بنەڕەتییەکەی خۆیی و سەرجەم ئەو وتایانەش دەبنە واتای بەکارهێنانییانەی ئەو وشەیە و دواتر وەك (نیشانەی پراگماتیکی) وشەکە خۆیان دەنوێنن. دەبنە بەشێك لە واتای وشەکە، لە کاتی بەکارهێنانی وشەکەلە بارودۆخە نازمانییە هاوشێوەکاندا. زیادکردنی واتا تەنیا لە ئاستێکی زمانەوانیدا قەتیس نابێت، بەڵکو لە گشت ئاستەکاندا هەستی پێدەکرێت و بونی هەیە. لێرەدا بە پێی ئاستەکانی زمانەوانی، پۆلێن بۆ مۆرفۆ پراگماتیکی زیادبونی واتا کراوە، کە زیاتر ئەمانە دەگرێتەوە:

---

٣) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١: ١٧٠).

٤) لە ڕاستیدا ئەگەر سەیری پاری دووەمی بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە(٢٣-٢٩) بکرێت دەبینرێت، کە باس لە (فراوانبون و تەسکبونەوەی چەمك) کراوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبینرێت لە باسکردنی (زیادکردنی واتا و کەمکردنی واتا)، شتێکی جیاوازە لەوەی، کە لە فراوانبون و تەسکبونەوەی چەمکدا باسکراوە، چونکە لەوێدا پرۆسەکە لە پراگماتیکی فەرهەنگی دەکۆڵێتەوە و لەم ڕووەوە شیکاری بار و حاڵەتەکانی ئاخاوتنەکان دەکات، بەڵام لێرەدا باس لە زیادکردنی واتا و کەمکردنی واتای وشەکان دەکات بەهۆی پراگماتیکەوە، مەبەست لەو واتا پراگماتیکییەیە، کە بۆ وشەکان دروست دەبێت بە هۆکارە جیاوازەکان، لە کاتی دەربڕیندا.

١) مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتا لە دەنگسازیدا (فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی).

٢) مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتا لە مۆرفۆلۆژیدا.

٣) مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتا لە سینتاکسدا.

٤) مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتا لە سیمانتیکدا.

### ٢/٢-١-١) مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتا لە دەنگسازیدا (فۆنەتیك وفۆنۆلۆژی):

زیادکردنی واتا لە دەنگسازیدا [٥] بۆ فراوانکردنی واتای مەبەستی شتەکە بەکاردێت ، بە هۆی گۆڕانکارییە دەنگییەکانەوە، جا ئەو زیادکردنە لەوانەیە واتای خۆشەویستی، یاخود گاڵتە جاڕی، یان سوکایەتی بێت، کەواتە پێناسی کۆمەڵایەتی کەسەکان و ئەو سنورە جوگرافیەی، کە تیایدا دەژین بەهۆی واتاکەوە دەزانرێت، هەروەها باری دەرونی کەسەکان و ڕەگەزی کەسەکان بە بەکارهێنانی هێزو ئاوازی دەربڕین، کە دو بواری سەرەکی دەنگسازین دیاری دەکەن، هەروەها زۆرجاریش گۆڕانکارییە دەنگسازییەکان تەمەنی مرۆڤ دیاری دەکەن، هەمو ئەمانەش بەهۆی ئەم نمونانەی، کە باس دەکرێن لەم بەشەدا باشتر دەردەکەون و ڕون دەبنەوە.

٢) أ) یانزە ← یانگزە.

ب) دەوڵەمەند ← دەوڵەمەنگ.

---

٥) دەنگسازی: زانستێکە لە هەردو لقە زانستی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی دەکۆڵێتەوە، فۆنەتیك وەکو لقێکی ئەو زانستە، لە پەیدابوونی دەنگ و ژمارەی دەنگەکان و ئەو کەرەستانەی، کە بەشداری لە دروستکردنی دەنگ دەکەن (زمان، دەم، لوت، مەڵاشو... هتد) لە هەرزمانێکدا دەکۆڵێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لقە زانستی فۆنەتیك لێکۆڵینەوەیە لە دەنگ لە گشت زمانەکانی جیهاندا، کە بەرهەمی مرۆڤن، بە گشتی لایەنی تیۆری دەنگی دەیگرێتە خۆی و بەلایەوە گرنگە. فۆنۆلۆجیش وەکو لقەکەی تری ئەم زانستە ئاماژە پێدەری یاساکانی دەنگە وەکو (یاساکانی پەیدابونی دەنگ، تێچوونی دەنگ، دەنگە گۆڕکێ... هتد)، بەمەش فۆنۆلۆجی لایەنی کارەکی دەنگ داگیردەکات و لە خۆی دەگرێت. بە پێچەوانەی فۆنەتیکەوە، فۆنۆلۆجی لە دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە، ئەمەش خاڵی جیاوازیەتی لەگەڵ زمانەکانی تردا، هەر بەو هۆیەشەوە دەتوانرێت خاڵی هاوبەشی نێوان زمانەکانی جیهان بە دەست بهێنرێت لەڕوی دەنگەوە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

أ) غازی فاتح وەیس (١٩٨٤: ١١-٣٥). ب) نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو (٢٠١٣: ٨). پ) عەبدولواحید موشیر دزەیی، دانا تەحسین، دەرون عەبدولڕەحمان (٢٠١٣: ١١). ت) محمد ئەمین هەورامانی (١٩٧٤: ١٧- ٢٢). ج) غازی عەلی خورشید (٢٠١٠: ١٦٥ - ١٧٣).

پ) چوار ← چار.

ت) حەوت ← حەفت ← حەو.

ج) سور ← سۆر.

٣) أ) پشت + دەر ← (پشتدەر ← پشدەر ← پژدەر).

ب) چی + بکەین ← (چی بکەین ← چی پکەین ← چ پکەین).

٤) أ) شێخ ← شێ.

ب) کاك حەسەن ← (کاحەسەن ← کاکەسەن).

٥) أ) ڕفین ← فڕین.

ب) ڕوانین ← نواڕین.

پ) قۆپچە ← قۆچپە.

ت) ڕوبع ← ڕوعب.

ج) ڕشانەوە ← شڕانەوە.

٦) أ) ئاسمان ← (عاسمان ← حاسمان).

ب) قورئان ← (قورعان ← قورحان).

ئەگەر سەرنجی نمونە (٢أ) بدرێت، (نگ) دەرکەوتووە، کە بۆتە هۆکاری قورس خوێندنەوەی ژمارەکە، لە ڕاستیدا ژمارەکە بە هەردو جۆرەکە (یانزە، یانگزە) دەخوێندرێتەوە، ئەم گۆڕانکارییە دەنگسازییە واتای شاراوە لە وشەکاندا دەردەخات بەهۆی یەکێك لە فۆنیمەکانەوە، ئەگەر بە وردی سەرنجی (١أ) بدرێت هاتنە ناوەوەی فۆنیمێك هەستی پێدەکرێت، کە ئەویش فۆنیمی (نگ)ە[٦]، کە ئەمەش لە شێوەزاری سلێمانیدا بە ڕونی دەبینرێت. کەواتە ئەم فۆنیمە سنوری جوگرافی دیاری دەکات و زانیاری دەدات لەسەر ئەو کەسەی، کە ئەم وشە و فۆنیمەی بەکارهێناوە، کە کەسێکە خەڵکی سلێمانییە، بە هەمان شێوە لە (٢ب)، (٢پ)، (٢ت)، (٢ج)دا هەمان پرۆسە دوبارە دەبێتەوە،

---

٦) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی فۆنیمی (نگ)ەوە، بڕوانە: بەکر عومەر عەلی (٢٠١٤: ١٤٥ – ١٥٥).

ئەمەش بە پرۆسەیەکی پراگماتیکیانە دادەنرێت بۆ ئەم وشانە، چونکە بە هۆی گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکانەوە ئەم زانیارییە زیادانە وەردەگیرێن، لە ڕاستیدا نمونە (٣) بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە فۆنۆلۆژیانەی تیایدایە، ڕون دەبێتەوە، کە گونجان و لێکچون و توانەوەی دەنگ ڕویداوە، ئەمەش وایکردوە لە ڕوی پراگماتیکەوە زانیاری زمانەوانی بدات، ئەم گۆڕانە فۆنۆلوژیانە لەژێر کاریگەری دەنگەکانی دراوسێدا دروست بون.

لە نمونەکانی (٤)دا دەردەکەوێت بۆ ئاسانکاری دەربڕین و خۆشی گوتن و ئیکۆنۆمی، وشەکان دەربڕاون، کە چەند واتایەکی تر لە پشت ئەمانە خۆیان حەشارداوە جیاواز لە واتا سیمانتیکیەکەی، وەکو لە(٤أ)دا دەردەکەوێت، کە لەوانەیە هۆکاری دەربڕینی وشەکە بە شێوازی (شێ) لە جیاتی بەکارهێنانی (شێخ) هۆکارێکی ئیکۆنۆمی یاخود خێرا دەرپەڕاندنی وشەکان بێت، لە بەر پەلەکردنی قسەکەر، یاخود هەر بە مەبەستی سوکایەتی بێت، لەوانەشە بۆ ئاسانکاری دەربڕین بێت، بەلآم ئەوەی ڕونە ئەوەیە، کە هەریەکێك لەم هۆکارانە ڕێ خۆشکەرە بۆ هاتنە ناوەوەی واتای پراگماتیکی دور لە واتا سیمانتیکیەکە و بەشداریکردنی لە پرۆسەی فراوان بونی واتای مۆرفۆپراگماتیك لە دەنگسازیدا.

لە نمونەکانی (٥) و (٦)دا، بەهۆی جێگۆڕکێی دەنگەکانەوە سەرەڕای دەرکەوتنی سنوری جوگراف و شوناسی کەسەکان پلەی کۆمەلآیەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و زانستیان و پلەی خوێندەواری و نەخوێندەوارییان دەردەکەوێت، لەوانەشە بە هۆی ئەمانەوە نەبێت، بەلکو بە هۆی جێگۆڕکێی دەنگەکانەوە بێت، لەهەمان زماندا وەکو (٥أ)، بەلآم لە (٦أ)، (٦ب)دا، بە تەواوی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری دەردەکەوێت، ئەمانەش هەموی هۆکارێکن بۆ فراوانبوونی واتای پراگماتیکی وشەیی لە دەنگسازیدا.

ئەگەر بڕوانرێت دەبینرێت زۆرجار گۆڕانکارییە دەنگسازیەکان دەبنە هۆی دیاریکردنی تەمەنی مرۆڤ، هەروەکو لە نمونەکانی (٧)دا بە ڕونی دیارە:

٧) أ) پەرداخ ← پەلداخ.

ب) سەیارە ← سەیالە.

پ) پێلاَو ← پێلاو

لە(٧أ) مرۆڤێکی هەراش و زمانزان دەلێت (پەرداخ)، بەلآم منداڵێك، کە تازە زمانی دەپژێت ناتوانێت بەم شێوازە مۆرفیم و وشەکان دەربڕێت و لەلای گرانە هەر ئەمەش وا دەکات، کە گۆڕانکاری دەنگسازی لە زمانیدا دەربکەوێت بۆیە دەلێت: (پەلداخ)، وەکو لە (٧ب) و (٧پ)یشدا ئەمە دیارە،

بەلاَم ئەوەی لێرەدا جێگەی باسە. بەلاَم مەرج نیـە هەرکەسـێك وتـی (پەلـداخ) ئـەوە منداڵـەو زمـانی بـە تەواوی نەپژاوە، بەڵکو ئەمە لە وانەیە بۆ لاساییکردنەوە بێت، وەکـو خۆشـی بەخشـینێك بـە گـەورەکان لە لاساییکردنەوەی منداڵدا، بۆ ناوهێنانی کەرەستەکان، یاخود بۆ دڵخۆشـکردن و تێگەیانـدنی منداڵەکـە بێت، یان قسەکردن و ئاخاوتنی نێوان کەسـە گـەورەکان بـەم زمانـە، بـۆ خۆشـی دەربڕینیـان بەرامبـەر منداڵەکانیان، هەروەها ئەمە زۆرجار سەردەکێشێت بۆ ساتەوەختی سـەرجێی کردنـی نێـوان گـەورەکان کاتێك ژنەکە یان پیاوەکە، بە هاوسەرەکەی دەڵێت:

٨) پەلداخێك ئاوم بۆ بهێنە.

دەربڕینـی هەسـت و سـۆزە بـە وشـەی (پەلـداخێك) لـە (٨)دا، بـۆ خۆناسـککردنەوەو دروسـتکردنی جەوێکی ڕۆمانسی نێوان قسەکەر و گوێگر لەکاتی سەرجێیی کردندا، کە ژن و مێردن.

کەواتە ئەوەی لێرەدا دیارە، بەشداربونی پراگماتیکە لـە چۆنیەتی واتـا گەیانـدنی وشـەکان بـەهۆی تەمەنەوە. ئایا! بەکارهێنانی وشەکان لە لایەن گەورەکانەوەیە یاخود منداڵەکانەوە، یـان قسـەکردنێکی منداڵانەی گەورەکانە؟ هـەمو ئەمانـە بەشـدارن لـە دەوڵەمەنـدکردن و چـالاککردنی پرۆسـەی فراوانبـونی واتای مۆرفۆپراگماتیك لە دەنگسازیدا.

بـەکارهێنانی هێـزو ئـاوازی دەربـڕین، کـە دو بـواری سـەرەکی دەنگسـازین ڕاسـتەوخۆ ڕەگـەزی قسەکەرو باری دەرونی و پلەی کۆمەلاَیەتی دیاری دەکەن، وەکـو لـە نمونـەکانی (٩)، (١٠)دا، خراونەتـە بەر باس و لێکۆڵینەوە:

٩) ناتبینمەوە.

ئەگەر سەیری نمونـەی (٩) بکرێـت دەردەکـەوێت، کـە بـە هـۆی هێـزو ئـاوازەوە دەتوانرێـت چـەند واتایەکی پراگماتیکی جیاوازی لێهەڵێنجرێت بە هۆی حاڵەتی دەرونـی و بـاری قسـەکردنی قسـەکەرەوە، یاخود گوێگرەوە. کاتێك کە ئاوازێکی تایبەت، بە وشـەکە دەدرێـت لەلایـەن قسـەکەرەوە، هێـز لـە گـەڵ ئـاوازێکی تایبـەت، دەخرێتـە سـەر فۆنیمـەکانی کۆتـایی وشـەکە، ئـەوە ڕون دەبێتـەوە، کـە قسـەکەر مەبەستی پرسیارکردنە، بڕوانە نمونەی (١٠):

١٠) ناتبینمەوە؟ {واتە: قسەکەر لە گوێگر دەپرسێ:من تۆ نابینمەوە جارێکی تر؟}

یان گوێگر لە وەلاَمی قسەکەردا، وەکو لە (١١ب)دا دەردەکەوێت، سەرسوڕمانی خـۆی دەردەبڕێـت لـە نەبینینـەوەی قسـەکەر ئەمـەش بـە جـۆری دەربڕینـی ئـاوازی وشـەکەوە پەیوەسـتە، کـە گـوێگر دەریدەبڕێت:

١١) أ) ئەمجارە ناگەڕێمەوە.

ب) ناتبینمەوە !

بەڵام لە (١٢)دا قسەکەر ڕاستەوخۆ هەواڵ دەداتە گوێگر، کە جارێکی تر یاخود لە داهاتوودا، تەواو، ئیتر نایبینێتەوە:

١٢) ناتبینمەوە.

ئەمەش لە بەخشینی ئاوازێکی یەکسان بە هەمو وشەکە، دەردەکەوێت لەلایەن قسەکەرەوە، بە پێچەوانەی سەرسوڕمان و پرسیارکردن، کە بەرزی ونزمی لە دەربڕینی ئاوازی وشەکە دەبێتە هۆکاری دروستبونیان و دەربڕینی بارە دەرونیەکەو دیاریکردنی حاڵەت و باری کۆمەڵایەتی قسەکەرو گوێگر هەروەکو لە (١٣)دا دەردەکەوێت:

١٣) أ) دەتبینمەوە.

ب) دەتبینمەوە !

پ) دەتبینمەوە ؟

لە (١٣أ)دا قسەکەر هەواڵێك دەدات بە گوێی گوێگردا، پێی دەڵێت دەیبینێتەوە، بەڵام لە (١٣ب)دا حاڵەتێکی دەرونی قسەکەر دەردەخات، بە شێوازێك لە شێوازەکان تورەیی و ناڕەزایی بەرامبەر بە گوێگری تێدا بەدیدەکرێت، چونکە بە گوێگر دەڵێت:

١٤) دەتبینمەوە، چۆن لەو کارە پەشیمان دەبیتەوە.

یاخود لەوانەیە تورە بێت لە گوێگر، لە ناحەقیەك، کە بەرامبەری کردبێت و هەڕەشەی تۆڵە سەندنەوە بکات، سەیری (١٥) بکە:

١٥) تۆ بڵێی نەتبینمەوە، تا پێت بڵێم کوتەك چەند کیلۆیە.

لە (١٥)دا قسەکەر بە گوێگر دەڵێت، کە ئەمجارەیان بتبینمەوە تێهەڵدانێکی باش لە دەستم وەردەگریت.

بەڵام لە (١٣پ)دا بە هۆی ئاوازی دەربڕینەوە لە لایەن قسەکەرەوە پرسیارێك ئاراستەی گوێگر دەکرێت، کە دوبارە بینینەوەی گوێگرە، ئایا ! دەیبینێتەوە، یان نا؟ هەموو ئەمانەش حاڵەت و باری

دەرونی و پلەی کۆمەڵایەتی کەسەکان دەردەخەن، بەهۆی ئەم ئاوازەی، کە قسەکەرو گوێگر بە کاری دەهێنن لە ڕستەو وشەکاندا.

## ٢/٢-١-٢) مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتا لە مۆرفولۆژیدا:

ئەوەی مەبەستە لێرەدا چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکانی زمانە بە هۆی پراگماتیکەوە، کە ئەمەشیان بە هۆی دەوروبەروە دەردەکەوێت، واتا لە دەوری پراگماتیك، لە زیادکردنی وشە دەکۆڵێتەوە، چونکە لەوانەیە هەر وشەیەك زیاتر لە مانایەك و مەبەستێکی شاراوەی تێدا بێت، کە قسەکەر دەیەوێت ئاراستەی گوێگری بکات، بە تایبەتی منداڵ کاتێك زمانی نەپژاوە ڕستەیەك، یاخود مەبەستەکانی بە تەنها وشەیەك دەگەیەنێتە گوێگر، وەکو لەم نمونەیەدا دەردەکەوێت:

١٦) أ) تینومە ئاوم بۆ بهێنن.

ب) ئاو.

لە (١٦أ)دا، واتای ڕستەکە ڕونە ئەویش داواکردنی قسەکەرە لە گوێگر بۆ ئەوەی ئاوی بۆ بهێنێت و بیخواتەوەو تینوێتی بشکێت، بەڵام ئەگەر لە (١٦ب) بڕوانرێت دەبینرێت، کە تاکە وشەیەکەو لە لایەن قسەکەرەوە دەربڕاوە، ئەو قسەکەرەش منداڵێکە بە هەمان شێوە تینویەتی و داوای ئاو دەکات، بەڵام سەرەتای زمانپژانیەتی، بۆیە ئەم تاکە وشەیە گرنگە بۆ منداڵەکەو دەربڕینەکانی و سەرەتای قسەکردنەکانی، چونکە لەو کاتەدا، کە تینویەتی وشەی (ئاو)ی کردووە بە سەرتۆپی[٧] دەربڕینەکەی، ناڵێت:

١٧) أ) ئاوێکم بۆ بهێنن، تینومە.

ب) تینومە ئاو دەخۆمەوە.

بەڵکو تەنها بەو شێوازەی (١٦ب) دەریدەبڕێت، کە ئەمەش فراوانکردنی واتای (ئاو)ەو گوێگریش لە مەبەستەکە دەگات و خێرا ئاوەکە دەداتە منداڵەکە.

((دەزانین کە مۆرفۆلۆژی لێکۆڵینەوەی پێکەوە هاتن و پێکەوە بوونی جۆراوجۆری پێڕەوبەندانەی (Systematics) فۆڕم و واتایە لە وشەدا. لەمەوە ئاشکرا دەبێت، کە (چەمکی وشە) چەمکی بنەڕەتی

---

٧) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بابەتی (سەرتۆپی ڕستە)، بڕوانە: کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ١١-١٣).

مۆرفۆلوژییــەو دەرهێنــانی وشــەکان لــە زنجیرەکــانی قســە(– کــردن)Speech بناغــەی پــەیڕەوی نوسینمانە))[٨].

ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئیشکردنە لە سەر فراوانبـون و زیـادبونی واتـا لـە مـۆرفیم و جۆرەکانیـدا[٩]، هەرچەندە مەبەستی سەرەکی ئیشکردنە لە گیرەکی وشە داڕێژو ڕێزمانیەکاندا.

**یەکەم/ مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتا لە مۆرفیمی وشەداڕێژدا:**

ئــەم مۆرفیمانــە ئیشــیان داڕشــتن یــاخود هەلگواســتنی وشــەیە، لــە ڕاســتیدا زیــادبونی واتــای مۆرفۆپڕاگماتیکی مـۆرفیمی وشـەداڕێژ، هۆکارێکـە بـۆ زیـادکردنی وشـە لـە زمانـدا، هـەروەها دەربڕینـی وشەیەك بە چەند واتایەکی جیاواز، کـە لـە ئاخـاوتنی نێـوان قسـەکەرو گوێگردا دەردەکـەوێت بنەچـەی زیادبونی واتایە لە مۆرفیمی وشـەداڕێژدا، جـا ئـەم زیـادکردنی واتایـە لـە بـەر هۆکـاری سیاسـی، یـاخود کۆمەلأیەتی، یان دەرونی، یان هەر هۆکارێکی تر بێت، کە قسەکەر مەبەستێتی.

مۆرفیمە وشەداڕێژەکان ((کارکردنیان لە چوارچێوەی یەکەی واتایی فەرهەنگیدا، واتە واتـای نـوێ بەرهەم دێنێت))[١٠] ئەمەش ڕێگایەکە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بە واتای نوێ لە زماندا، هـەر ئەمـەش وایکـردووە، کـە ئـەم مۆرفیمانـە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو و کاریگـەر بەشـدار بـن لـە فراوانکردنـی واتـای مۆرفۆپڕاگماتیك لە زماندا.

لـە ڕاسـتیدا هـەر وشـەیەك کۆمـەڵێ نیشـانەی واتـایی (Semantics Feat True) لـەخۆ دەگرێـت، کـە بریتین لە ((پێکەوەبونی چەمکە نیشانەکانی هێمایەك یان هێماکان، کە بە ناوەڕۆکی هێمـا زمانیەکـەش (Sign Content) ناسراون[١١]، وەکو(پیاو)، کە کۆمەڵێك نیشانەی واتایی هەیە، لەوانە:

{+نێر، +هەراش، +مرۆڤ }

بــەلأم ئــەوەی لێــرەدا، لــە زیــادکردنی واتــای مۆرفۆپرڕاگماتیــك لــە مۆرفۆلۆژیــدا مەبەســتە، گواسـتنەوەی ئـەو نیشـانە واتاییانەیـە بـۆ نـاو پراگماتیـك و دەربڕینیانـە بـە شـێوازێکی پراگماتیکیانـەو کارپێکردنیانە لەو سنورەدا، هەر لەسەر ئەو ڕێچکەیەش شـیکردنەوە بـۆ زۆرینـەی مۆرفیمـە وشـەداڕێژو

---

٨) محەمەدی مەحوی (٢٠١٠: ١).

٩) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مۆرفیم و جۆرەکانی مۆرفیم و دابەشکردنەکانی، بڕوانە: یارا قادر حەمـەد مـەلا زادەیـی (٢٠١٣:٤٣).

١٠) سەرچاوەی پێشو (٥٠).

١١) محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩: ٣٤).

ڕێزمانیەکان دەکرێت، کە ئایا! خودی وشەکە واتا پراگماتیکیەکەی دروست کردووە یان مۆرفیمە وشەدارێژەکە؟! کە لە شیکاری نمونەکان ئەوە ڕون دەبێتەوە، کە زۆرینەی واتا پراگماتیکییەکان لە جۆرەکانی مۆرفیمە وشەدارێژەکاندا دروست بووە، بەڵام لەم بۆچونە گرنگتر ئەوەیە، کە بنەڕەتی دروستبونی واتا پراگماتیکییەکەی خۆی لەو بارودۆخە نازمانییەدا دەبینێتەوە، کە وشەکەی تێدا بەکاردێت و تێگەیشتنی بەشداربوانی ئاخاوتنەکەش لەو بارودۆخە وادەکات ئەو وشەیە واتا پراگماتیکییەکەی وەربگرێت. بەشێوەیەك ئەو واتا پراگماتیکییە دەبێتە بەشێك، یان نیشانەیەك لە چەپکە نیشانە واتاییەکانی وشەکە، ئەگەر زۆر بەو واتایە بەکارهات. هەربۆیە هەرکاتێك وشەکە لە بارودۆخێکی هاوشێوەی بارودۆخەکەی یەکەم جاریدا بەکارهات، ئەوا گوێگر و خوێنەر لەسەر بنەمای ئەزمونە زمانییەکانی خۆیان نیشانە پراگماتیکییەکەی وشەکە چالاك دەکەن و وشەکە بە واتایەکی پراگماتیکی لێك دەدەنەوە. بۆ تێگەیشتنی زیاتریش لەم لایەنەی لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدرێت نمونە شیکراوەکان بەپێی پۆلێنی مۆرفیمەکان لە مۆرفۆلۆژیدا، زیاتر شیبکرێتەوە:

## أ) مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتا لە مۆرفیمی وشەدارێژی شوێنپێکهێن:

هەموو ئەو مۆرفیمە وشەدارێژانە دەگرێتەوە، کە ئیشیان پێکهینانی شوێنە، بەشداری دەکەن لە بەخشینی وشەی نوێ بە واتای نوێ لە زماندا، هەروەها ئەم مۆرفیمانە دەتوانن لە فراوانکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیکدا بەشدار بن بە شێوەیەکی چالاك، وەکو لە نمونەکاندا دەردەکەوێت:

١٨) گونیەکان بخەرە ناو کادێنەکە.

وشەی (کادێن) لە ڕستەی (١٨) بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، ئەویش ئەو شوێنەیە، کە (کا، گژوگیا، ئالیك)ی ئاژەڵی تێدا هەڵدەگیرێت، بەڵام ئەگەر بڕوانرێتە وشەی (کادێن) لە ڕستەی (١٩)دا:

١٩) ئەگەر کایەکە هی خۆت نەبو کادێنەکە هی خۆت بو.

ئەوا دەبینرێت، کە وشەی (کادێن) بە پێچەوانەی ڕستەی (١٨) بەواتای بنەڕەتی خۆی بەکار نەهاتووە، بەڵکو لێرەدا بە واتای (گەدە)ی مرۆڤ بەکارهاتووە، کەواتە ئەوەی ڕون و ئاشکرا یە فراوانکردنی واتای وشەی (کادێن)ە لە ڕستەی (١٩)دا و ئەمەش بە هۆی مۆرفیمی وشەدارێژەوە بووە، کە بەشدارە لە زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیکداو دەورێکی کارا دەبینێت لە پرۆسەکەدا.

٢٠) لە بەهاراندا دەشتەکان دەبنە گوڵستان.

ئەگەر سەیری وشەی (گوڵستان) بکرێت لە نمونەی (٢٠)، بە واتا بنەڕەتییەکەی بەکارهاتووە، کە کۆمەڵە گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگ و جوان، پانتاییەکی زۆری زەویان گرتووە، بۆنی خۆش و ڕەنگی جوانیان هەیەو دلگیرن، بەڵام ئەگەر بڕوانرێتە وشەی (گوڵستان) لە (٢١)دا:

٢١) أ) بە ڕاستی گوڵستانێکی سەربەخۆیە.

ب) گوڵستانی ڕوحم کراوەیە بۆت.

دەبینرێت، کە (گوڵستان) لە (٢١أ)دا بە واتای بنەڕەتی بە کارنەهاتووەو نیشانە واتاییەکانی گوازراوەتەوە چۆتە ناو پراگماتیکەوە، چونکە لێرەدا مەبەست لە (گوڵستان) ڕەنگاوڕەنگی و جوانی شارێکە، کە لە گوڵستان بچێت و زۆرخۆش و پاك بێت، بە هەمانشێوە لە (٢١ب)دا دەردەکەوێت کە دلدارێك بە خۆشەویستەکەی دەڵێت: خۆشی دەوێت و باوەشی کراوەیە بۆی، هەروەها ڕۆحی وەك و گوڵستانێك وایە بۆ خۆشەویستەکەی بۆ ئەوەی ئارامی پێببەخشێت و خۆشحاڵی بکات، هەمو ئەمەش زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیکە لە مۆرفیمی وشەدارێژی شوێنپێکهێن.

٢٢)دارستانەکانی ئەمازۆن زۆر چڕن.

لە (٢٢)دا وشەی دارستان بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، کە شوێنێکە کۆمەڵێك داری زۆری لێیەو هەمیشە سەوزە، بەڵام لە (٢٣)دا وشەی (دارستان) چۆتە ناو پرۆسەیەکی ترەوە دور لە نیشانە واتاییەکانی، پراگماتیکیانە بەشداری کردووە لە زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیکی مۆرفیمی وشەدارێژی شوێنپێکهێن:

٢٣) ئەو دارستانە بشارەوە.

چونکە لێرەدا مەبەست لە (دارستان) موی سنگی کوڕ– نێرینە، پیاو–ێکە، کە قسەکەر پێی دەڵێت: ئەم هەمو موە بشارەوە، چونکە وەکو دارستان وایە زۆر چڕو پڕە.

٢٤) شەهیدانی تۆپبارانەکەی بیستوچواری چواری حەفتاوچواری قەڵادزێ، لە گۆڕستانی قەڵادزێ نێژراون.

هەروەکو دەردەکەوێ لە (٢٤)دا وشەی گۆڕستان بە واتای بنەڕەتی و فەرهەنگی خۆی بەکارهاتوە، کە شوێنی ناشتنی مردوە، بەڵام لە نمونەی (٢٥)دا ئەوە پێچەوانە دەبێتەوە:

٢٥) ئای لەم گۆڕستانە!

لێرەدا (گۆڕستان) بە واتایەکی دور لە واتا بنەڕەتییەکە بەکارهاتووە، کە ئەویش شارێکە، یاخود دێیەکە، یان هەر ئاوەدانییەکە، کە زۆر ناخۆش بێت یاخود بێدەنگ و مات بێت، یان خەڵکەکەی هەژارو نەدار بێت، یان شارێکی خاپورو وێرانکراو بێت و نیشانە واتاییەکانی (گۆڕستان)ی وەرگرتبێت، چونکە کاتێك وشەیەك واتاکەی فراوان دەکرێت بەلایەنی کەمەوە یەکێك لە نیشانە واتاییەکان لە گەڵ خۆی دەبات و دەیگوازێتەوە، لەکاتی بەکارهێنانی لە شوێنە تازەکەی، چونکە یەکێك لە سیفەتەکانی تێدا دەبێت، هەروەکو لە وشەی (گۆڕستان)دا دەردەکەوێت، کە گۆڕستان خۆی مات و بێدەنگ و ترسێنەرە، بەهەمان شێوە کاتێك شارێك یان ئاوەدانییەك وێران دەکرێت، مات و بێدەنگ و ترسێنەر دەبێت، کەواتە لە (٢٥) واتای وشەی (گۆڕستان) زیادکراوە لە مۆرفۆپراگماتیکی مۆرفیمی وشەداڕێژی شوێنپێکهێن.

٢٦) هیندستان، یەکێکە لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان.

ئەگەر سەیری وشەی (هیندستان) بکرێت لە (٢٦)دا دەبینرێت، کە بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، کە وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتییەو گەلێکی تیادا دەژیت بە ناوی (هیند)ەکانەوە، بەڵام هەمان وشە (هیندستان) بە هۆی مۆرفۆپراگماتیکی وشەداڕێژی شوێنپێکهێنەوە واتاکەی زیادکراوەو بۆ مەبەستی تر بەکارهاتووە، هەروەکو لە (٢٧ب)دا دیارە:

٢٧) أ) هەردەتکوژم. {قسەکەر}

ب) ئێرە هیندستان نییە. {گوێگر}

وشەی (هیندستان) لە (٢٧ب)دا واتاکەی زیادکراوە، چونکە بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی بەکار نەهاتووە لێرەدا، بەڵکو گوێگر وەکو وەڵامێك بۆ هەڕەشەی قسەکەر بەکاری هێناوە بە مانای ئەوەی، کە ناتوانی ئەو کارە بکەی، بەڵکو وەکو فلیمی (هیندی) تۆش کەش و فش دەکەی و درۆ دەکەی، هەر بۆیەش وشەی (هیندستان) چۆتە سنوری پراگماتیکەوە و بەشدارە لە زیادکردنی واتادا لە (٢٧ب)دا.

### ب) مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتا لە مۆرفیمی وشەداڕێژی ناوی پیشەپێکهێن:

جۆرێکی تر لە مۆرفیمە داڕێژەرەکان، پیشەپێکهێنە، ئیشی داڕشتنی وشە و بەخشینی واتایەکی نوێیە پێی، هەر ئەمەش وا دەکات، کە زۆرێك لە مۆرفیمە پیشەپێکهێنە داڕێژەرەکان بە هۆی پراگماتیکەوە واتاکانیان فراوانبکرێت و بچنە ناو پرۆسەی مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتاوە، هەروەکو لە نمونەکاندا بەدیدەکرێت.

٢٨) شاخەوانەکان بە شاخی گۆیژە هەڵگەڕان.

ئەگەر بڕوانرێتە وشەی (شاخەوان) لە ڕستەی نمونە (٢٨)دا دەبینرێت، کە ئەم وشەیە واتاکەی وەکو پیشەیەك جێگیرەو بەو کەسە دەگوترێت، کە بە (شاخ، چیا، کێو) هەڵدەگەڕێت، بەلاّم وەکو لە(٢٩)دا دەبینرێت واتاکەی فراوانکراوە:

٢٩) شاخەوان کوڕێکی چالاکە.

وشەی (شاخەوان) واتاکەی زیادکراوە، بۆتە ناو، بۆ ناونانی کەسێك، هەر ئەوەش وایکردووە بەشداربێت لە پرۆسەی زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیکدا.

٣٠) ئازاد باغەوانێکی بە ئەزمونە.

وشەی (باغەوان) لە ڕستەی (٣٠)دا وەکو پیشەیەك بەکارهاتووە، ئەمەش واتا بنەڕەتییەکەیەتی، بەلاّم لە (٣١)دا، بەهۆی پراگماتیکەوە واتاکەی زیادکراوە، بۆ مەبەستێکی تر بەکارهاتووە.

٣١) کاکی باغەوان، هاتوین گوڵێك لە گوڵەکانی باغەکەتمان پێشکەش بکەیت.

وشەی (باغەوان) لە(٣١)دا مەبەست لە باوکی کچێکەو داواکار هاتووە بۆ یەکێك لە کچەکانی، هەر بۆیەش باوکەکە بە (باغەوان) چوێنراوەو کچەکانیش بە (گوڵ)، ئەمەش لەوەوە هاتووە کاتێك باغەوانی باش، دارودرەخت و گوڵەکانی باش دەبن، وە بە پێچەوانەوە، ئەگەر باغەوان باش نەبێت باغەکەی دەڕزێت و کرمێ دەبێت و لەناودەچێت و کەس سودی لێ وەرناگرێت. ئەمەش هەموی بە هۆی پراگماتیکە واتای ئەم مۆرفیمانە زیادکراوە.

٣٢) مەلەوانی یەکێکە لە وەرزشە بە سودەکان.

وشەی (مەلەوان) لێرەدا بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، کە جۆرێکە لە وەرزش، بەلاّم ئەم وشەیە بەهۆی پراگماتیکەوە واتاکەی زیادکراوەو زۆر جار بەکەسێك دەگوترێت کە سیاسەتمەدارەو لە ڕوی قسەکردنەوە زیرەك و زیتەڵ و وریایە خۆی لە کێشەکان و قسەی بەرامبەر ڕزگار دەکات، هەروەکو لە(٣٣)دا دیارە:

٣٣) مەلەوانێکی باشە.

یاخود کەسێك بەدەمهەراشی خۆی دەیەوێت خۆی لە کێشەو گیروگرفتێك ڕزگار بکات و خۆی لە باسەکان بشارێتەوە، یان خۆیان لێ بدزێتەوە، هەر بە هەمان شێوە وشەی (مەلەوان) ی بۆ بەکاردەهێنرێت، هەروەکو لە (٣٤)دا دەردەکەوێت:

٣٤) مەلەوانێکی فێڵبازە، دەزانێت چۆن مەلە بکات.

کەواتە لێرەدا (مەلەوان)ڕۆڵی مورفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتای مۆرفیمی داڕێژەری دەگێڕێت و دەچێتە ناو پرۆسەی مۆرفۆپراگماتیکەوە .

٣٥) ئازاد متمانەی لە دەستداوە، چونکە کەسێکی ساختەچیە.

ئەگەر بڕوانرێتە وشەی (ساختەچی) لە نمونەی (٣٥)دا واتا بنەڕەتیەکەی بریتیە لە کەسێك، کە ساختەیی و درۆزنی و هەڵخەڵەتاندنی کردوتە خو، بەلاّم ئەم وشەیە واتاکەی گوازراوەتەوە بۆ ناو پراگماتیك، بە چەند واتایەکی جیاواز بەکاردێت و زیادکراوە، هەروەکو لە (٣٦أ)و(٣٦ب)و(٣٦پ)دا دەبینرێت:

٣٦) أ) هەی! ساختەچی.

ب) ئەوە لە کوێ بوی ساختەچی؟

پ) کوڕە ئەوە! بە ڕاستی ساختەچی یە.

لە (٣٦أ) وشەی (ساختەچی) واتاکەی زیادکراوە، بۆ کەسێك بەکارهاتووە، کە کارێکی زیرەکانەی ئەنجامداوە، قسەکەر بە گاڵتەوە ئەم نازناوەی پێبەخشیوە، هەروەکو لە (٣٦ب)دا (ساختەچی) بەو منداڵە دەگوترێت، کە باوکێك ئاراستەی کردووە، جا لە بەر خۆشاردنەوەی بوبێت یاخود دیارنەمانی منداڵەکە بۆ ماوەیەك، کە باوکەکە لێی گەڕاوەو نەیدۆزیوەتەوە، بۆیە بەم شێوەیە بانگی منداڵەکەی دەکات، هەروەها لە(٣٦پ)دا قسەکەر وشەی (ساختەچی) بەکارهێناوە بۆ کەسێکی زیرەك و زیتەڵ و وریا لە کارەکەیدا، ئەوەی لێرەدا ڕونە بەکارهێنانی مۆرفیمی داڕێژەیی (ساختەچی)یە، وەکو مۆرفۆپراگماتیك و زیادبونی واتاکەیەتی بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە.

٣٧) ماستاوێکی زۆر خۆشمان خواردەوە لای ماستاوچیەکە.

وشەی (ماستاوچی) لە نمونەی (٣٧)، بەواتای ئەو کەسە دەێت، کە کارو پیشەی (ماستاو) کردنە، کە خۆی ئەمە واتا بنەڕەتی و فەرهنگییەکەیەتی، بەلاّم ئەم واتایە بە هۆی پراگماتیکەوە زیادکراوە و بەشداری لە پرۆسەکانی مۆرفۆپراگماتیکدا کردووە، زۆرجار بە کەسێکی مەسڵەحەتخوازو مەسڵەحەتچی دەگوترێت، کە بەردەوام ئۆباڵ بۆ کەسێکی پلە دارو کاربەدەست دەکێشێت و نۆکەری و کارەکەری دەکات، وەکو لە (٣٨)دا بە ڕونی دیارە:

٣٨) ئازاد ماستاوچیەکی نمرە یەك و بێ هاوتایە.

**پ)مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتا له مۆرفیمی وشەداڕێژی ناوی ئەبستراکتی:**

زیادکردنی واتا، لەم جۆرەی مۆرفیمی وشەداڕێژدا بە ئاسانی دەبینرێت و بەشداریکی چالاکه له پرۆسەی زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیك، چونکه ئەم مۆرفیمە ئەبستراکتیه کۆمەڵێك نیشانەی واتایی هەیه، که هەندێك لەو نیشانه واتاییانه دەگوازرێنەوه بۆ سنوری پراگماتیك و واتای پراگماتیکی دەبەخشنه مۆرفیمەکان، هەر ئەمەش هۆکارێکه بۆ زیادبونی واتای وشەکه، هەروەکو له نمونەکاندا دیاره.

٣٩) ئەوەنده تینوم، هەرگیز به پەرداخێك ئاو تینوێتیم ناشکێت.

وشەی (تینوێتی)، که وشەیەکی ئەبستراکتیەو مانا بنەڕەتیەکەی به کەسێك دەگوترێت که تینوی ئاو بێت، هەروەکو له (٣٩) دیاره، بەڵام هەمان وشه له(٤٠)دا واتاکەی فراوانکراوەو به واتایەکی جیاواز بەکارهاتووه:

٤٠) ڕۆشنبیر به خوێندنەوەی چەند کتێبێك تینوێتی ناشکێت.

وشەی (تینوێتی) له (٤٠)دا واتاکەی زیادکراوه، بەو کەسه دەگوترێت، که وێڵی زانست و زانیاری و خوێندەواری و ڕۆشنبیرییه، هەرگیز له زانست تێر نابێت. بەمەش ئەم وشەیه خۆی هاویشتۆته سنوری مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتاوه.

٤١) به هۆی پچڕانی تەزوی کارەباوه، تاریکی باڵی به سەر شارەکەدا کێشاوه.

وشەی (تاریکی) له (٤١)دا به واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووه، که بەهۆی نەمانی ڕوناکی و شوێنەکه تاریك بوه، بەڵام وشەی (تاریکی) له (٤٢)دا:

٤٢) تاریکی باڵی کێشاوه بەسەر میللەتدا.

واتایەکی جیاواز له واتا بنەڕەتیەکەی دەبەخشێت، واتاکەی زیادکراوه، چونکه (تاریکی) له ڕستەی (٤٢) به واتای نەخوێندەواری و ناڕۆشنبیری دێت، یاخود به هۆی چەوساندنەوەی ئەو میللەته له لایەن دەسەڵاتدارێکی زاڵمەوه دەگوترێت (تاریکی) ئەم شوێنەی گرتوتەوەو ئازادیان لێ زەوت کراوه.

## دووەم/ مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتا، لە مۆرفیمی ڕێزمانیدا:

مۆرفیمە ڕێزمانییەکان، وشە لە حاڵەتێکی ڕێزمانییەوە دەگۆڕن بۆ حاڵەتێکی تری ڕێزمانی، واتە ((ئەو مۆرفیمانەن کە دەوری ڕێزمانی دەبینن و حاڵەتی ڕێزمانی جیاجیا نیشان دەدەن))[12]، لە ڕاستیدا ئەم مۆرفیمانە کۆمەڵێ نیشانەی واتاییان هەیە، کە بە گواستنەوەی ئەو نیشانانە بۆ ناو پڕاگماتیك، واتایەکی جیاواز لە واتا بنەڕەتییەکەیان دەبەخشن، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ زیادبونی واتاکانیان، مۆرفیمە ڕێزمانیەکان جۆراوجۆرن، لێرەدا لە ڕوی بەشدارییان لە مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتاوە باسدەکرێن.

### أ) مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتا، لە مۆرفیمی ڕێزمانی گەردانکردنی ناو:

ئەم مۆرفیمانە واتاکانیان زیاد دەکرێت، بەم هۆیەشەوە بەشداردەبن لە پڕۆسەی مۆرفۆپڕاگماتیکدا، جا لە بواری ناساندن یاخود نەناساندنی مۆرفیمەکانەوە یاخود کۆکردنەوەیان بێت. گرنگ ئەوەیە لێرەدا مۆرفیمەکانی گەردانکردنی ناو توانای زیادبونی واتایان هەیە وەکو جۆرێك لە مۆرفیمە ڕێزمانییەکان، ئەگەر سەیری نمونەکانی خوارەوە بکرێت ئەوە بە ڕونی دەردەکەوێت:

٤٣) دڵ + ە کە ← دڵەکە {مریشکەکە دڵەکەی ڕزی بوو}.

ئەگەر سەیری مۆرفیمی (دڵەکە) لە ڕستەی (٤٣)دا، بکرێت، دەبینرێت، کە مۆرفیمێکی ڕێزمانییەو واتا بنەڕەتیکەی دڵی مریشکێکە، کە ناسراوە، بەڵام لە ڕستەی (٤٤)دا مۆرفیمی (دڵەکە) بە واتای زیاد وەرگیراوە.

٤٤) دڵەکەم تۆراوە.

وشەی (دڵەکە) لە ڕستەی (٤٤) بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو واتاکەی زیادکراوەو لە جیاتی (خۆشەویست) بەکارهاتووەو بەشدارە لە پڕۆسەی زیادکردنی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکدا.

٤٥) نان + ەکە ← نانەکە {قاپێك ماستی بە نانەکەوە خوارد}.

لە ڕستەی (٤٥)دا وشەی (نانەکە)، کە ناوێکی ناسراوە بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، مەبەست لێی (نان) ێکە، کە لە بەرهەمی گەنمە، بەڵام ئەوەی لە (٤٦)دا دەبینرێت وشەی (نانەکە) واتاکەی زیادکراوە:

---

١٢) شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٤: ١٠٤).

٤٦) دوای نوێژی نیوەڕۆ نانەکەمان خوارد.

(نانەکـە) لێـرەدا بەشـدارە لـە پڕۆسـەی زیـادکردنی واتـای مۆرفۆپڕاگماتیکـدا، چـونکە بـە واتـا بنەڕەتیەکەی بەکارنەهاتووە بەڵکو بە واتایەکی تر بەکارهاتووە، کە ئەویش بریتیە لـە ژەمێکـی تـەواوی خواردن.

٤٧) تانجیەکەی ئازاد بەڵەکە.

لـە (٤٧)دا وشـەی (تانجیەکـە)، کـە نـاوێکی ناسـراو کـراوە بـە واتـای خـۆی بـەکارهاتووە، ئـەویش گیانداریکە وەکو ئاژەڵێکی ماڵی مامەڵەی لە گەڵ دەکرێت، بۆ ڕاوکردن بـەکاردەهێنرێت، بـە پێچـەوانەی ڕستەکانی (٤٨)، کە واتاکانیان زیادکراوە:

٤٨) أ) تانجیەکی سەربەخۆیە.

ب) ئەو تانجیە ڕوتە دەڵێی؟!

مەبەست لـە وشـەی (تانجیەکـە)، کـە لـە(٤٨أ)دا هـاتووە، واتـا بنەڕەتیەکـە نییـە، بـەڵکو واتایـەکی زیادکراوی لە پشتە بە هۆی پراگماتیکەوە، کە خۆی لە (خێرایـی، وەسـتایی، کارامـەیی)دا دەبینێتـەوە، چـونکە لێـرەدا قسـەکەر مەبەسـتی کەسـێکە وەکـو ڕاوچـیەك، کـە یەکێکـە لـە نیشـانە واتاییـەکانی (تانجیەکـە)، گواسـتراوەتەوە بـۆ نـاو پراگماتیـك و بـە کوڕێـك چـوێنراوە، کـە وەسـتایە لـە ڕاوکـردن و بەدەستهێنانی دڵی کچاندا، بەهەمان شێوە لە (٤٨ب)دا، مەبەسـت لـە (تانجیەکـە)، واتـا بنەڕەتییەکـەی نییە، بەڵکو واتاکەی زیادکراوەو پێمان دەڵێت: کە ئەو کەسە وەکـو تـانجی لـەڕو لاوازەو گۆشـتی پێـوە نییەو هەر لە تانجی دەچێت لەم ڕووەوە.

٤٩) پشیلەکە لە سەر دیوارەکە بازیدا.

لە (٤٩)دا وشەی (پشیلەکە) بە واتای بنـەڕەتی و فەرهـەنگی خـۆی بـەکارهاتووە، کـە ئاژەڵێکـە لـە ناو ماڵاندا دەژی، بەڵام هەمان وشە (پشیلەکە) بە واتا زیادکراوی دەبینرێت لە (٥٠)دا:

٥٠) أ) هەی! پشیلە.

ب) ئەوە تۆی پشەکە؟!

پ) پشیلەیەکی حەوت ڕۆحی.

یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی پشیلە (بێ وەفایی)یە، ئەم نیشانە وەرگیراوەو لە (٥٠أ)دا چەقێنراوە، واتای (پشیلە)ی پێ زیادکراوە، بە مرۆڤێك وتراوە، کە بێ وەفایە وبێ سفەتە، چاکەی لەبەرچاو نییە، وەکو لە (٥٠ب)دا دەردەکەوێت، واتای (پشیلەکە) زیادکراوە، چوّتە ناو پراگماتیکەوە، کاتێك بە مرۆڤێکی نەوسن –لە خواردندا– گوتراوە، بە هەمان شێوە لە (٥٠پ) یەکێك لە نیشانە واتاییەکان گوازراوەتەوە بۆ سەر مرۆڤ و بە پشیلە چوێنراوە، تیایدا و واتای (پشیلە)کەی پێ زیادکراوە، چونکە پشیلە، کە لە شوێنی بەرزیش بکەوێتە خوارەوە هەر لەسەر پێ دەوەستێت، بۆیە ئەم سیفەتە گوازراوەتەوە ناو پراگماتیك و بە مرۆڤ بەخشراوە، ئەمەش وایکردووە کە وشەی پشیلە دەوڵەمەندیەك ببەخشێتە زیادبونی مۆرفۆپراگماتیك لە مۆرفیمە ڕێزمانیەکەدا.

٥١) ماسییەکەی ناو حەوزەکە زۆر جوانە.

لە (٥١)دا وشەی (ماسییەکە) واتای بنەڕەتی خۆی وەرگرتووە، کە بونەوەرێکی ئاویە–لە ناو ئاودا دەژیت–، بەڵام ئەگەر بڕوانرێتە هەمان وشە لە ڕستەی (٥٢)دا بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارنەهاتووە:

٥٢) ئاو بگەیەننە ماسییەکە، خنکا!

لە (٥٢)دا وشەی (ماسییەکە) واتاکەی زیادکراوە، بەهۆی گواستنەوەی نیشانەیەکی واتایی، کە ئەویش لە(ئاودا ژیان)ە بۆ مرۆڤ، چونکە قسەکەر مەبەستی کەسێکە، کە زۆر تینویەتی و داوا دەکات ئاوی بۆ بهێنن بۆ ئەوەی بیخواتەوەو تینوێتی بشکێت، کە ئەمەش بەشداریکردنە لە زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیکی مۆرفیمی ڕێزمانی گەردانکردنی ناو.

## ب) مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتای مۆرفیمی ڕێزمانی پلەکانی ئاوەڵناو:

مۆرفیمی ڕێزمانی پلەکانی ئاوەڵناو، وەکو مۆرفیمێك بەشداری دەکات لە زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیك، ئەویش بە نێگەتیڤ کردن و پۆزەتیڤ کردنی وشەکان و حاڵەتەکان، ئەم بەشداریکردنەش وایکردووە، کە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی تر دەوڵەمەندی بە پرۆسەی زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیك ببەخشن، وەکو لە نمونەکاندا دەردەکەوێ:

٥٣) أ)دارا زیرەکترینی پۆلەکەیانە.

ب) زارا کچە هەرە جوانەکەیە.

پ) ئازاد چالاکترین ڕۆژنامە نوسە.

لە ڕاستیدا ئەگەر بڕوانرێتە وشەی (زیرەکترین) لە (٥٣أ)دا، دەبینرێت، بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، کە پۆزەتیڤەو ئەوە دەبەخشێت، کە (دارا) لە گشت هاوپۆلەکانی زیرەکترە هەروەك چۆن لە (٥٣ب) (زارا) لە گشت کچەکان جوانترە، لەو شوێنەی تیایدایەو وشەی (هەرە جوان) بە واتا بنەڕەتییە پۆزەتیڤەکەی خۆی بەکارهاتووە، لە (٥٣پ)یشدا (ئازاد) لە ناو ڕۆژنامەنوسەکاندا بە (چالاکترینیان)دادەنرێت، وشەی (چالاکترین) بە واتا بنەڕەتییە پۆزەتیڤەکەی خۆی بەکارهاتووە، بەڵام ئەگەر بڕوانرێتە نمونەی (٥٤) دەبینرێت، کە وشەی (زیرەکترین) لە ڕستەکەدا واتاکەی زیاد کراوە، لە جیاتی پۆزەتیڤ، نێگەتیڤی پێبەخشراوە، بەم شێوەیە بەشداری کردووە لە زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیکدا.

٥٤) زیرەکترینی پۆلەکە دارایە !

ئەمەش بە هۆی دەوروبەر و ئاخاوتن و زانیاری پێشینە، دەردەکەوێت.

٥٥) أ) هەرەجوانەکەیان زارایە.

ب) چالاکترین ڕۆژنامەنوس، نەوزادە.

لە ڕاستیدا ئەگەر بڕوانرێتە وشەی (هەرەجوان) لە (٥٥أ)دا بە هەمان شێوەی وشەی (زیرەکترین) لە (٥٤ب)دا واتایەکی نێگەتیڤی بەخشیوە، هەروەکو چۆن وشەی (چالاکترین) لە (٥٥ب) هەمان واتا نێگەتیڤی بەخشیوە، هەر ئەمەش وایکردووە، کە ئەم وشانە بەشداربن لە پرۆسەی زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیك لە مۆرفیمی ڕێزمانی پلەکانی ئاوەڵناوداو واتای مۆرفیمەکان زیاد بکەن.

## پ) مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتای مۆرفیمی ڕێزمانی شکاندنەوەی کردار:

لە ڕاستیدا مۆرفیمێکی ڕێزمانی شکاندنەوەی کردار، کە جۆرێکی تری مۆرفیمە چالاکانە بەشداری دەکات لە پرۆسەی زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیکدا، هەر ئەمەش وایکردووە، کە بەشێك بێت لە لێکۆڵینەوەکان، کە لەو باسەدا دەربارەی بابەتی زیادبونی واتا دەکرێت، ئەم زیادبونی واتایەش لە نمونەکاندا بە ڕونی دیارە.

٥٦) کاغەزەکانیان دڕاندن.

ئەگەر سەیری وشەی (دڕان) بکرێت لە نمونە (٥٦)دا دەبینرێت، وشەکە بە واتای بنەڕەتی خۆی، کە بۆ پارچە پارچە کردن و وردکردنی کاغەزە، بەکارهاتووە، بەڵام وشەی (دڕاندن) دوای شکاندنەوەی لە ڕستەی (٥٧)دا بە واتای جیاواز لە واتا بنەڕەتییەکەی دێت:

٥٧) خەریکە دەدڕێم.

لە (٥٧) وشەی (دڕان) بە واتای خۆی نەهاتووە، بەڵکو یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی وەرگیراوەو وەکو سیفەتێك دراوە بە دڕانەکەو خراوەتە سەر مرۆڤ، وەکو زیادکردنی واتایەکی مۆرفۆپڕاگماتیکی بەکارهاتووە، چونکە کاتێ قسەکەر دەڵێ: (خەریکە دەدڕێم) مەبەست لەو دڕانە نییە، کە کاغەز یاخود پارچە قوماشێك بێت، بەڵکو مەبەست لێرەدا خەفەت خواردنێکی زۆری قسەکەرە لە شتێك تا ئەو ڕادەیەی خەریکە دەدڕێت، یاخود لەوانەیە قسەکەر زۆری خواردبێت بۆیە لە تێریان سکی هەستاوە، خەریکە بدڕێت، ئەمەش زیادکردنی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکە لە مۆرفیمی شکاندنەوەی کرداردا.

٥٨) أ) منداڵەکان پەڕۆکانیان سوتاندن.

ب) پەڕۆکان سوتان.

ئەگەر سەیری وشەی (سوتاندن) بکرێت لە (٥٨أ)دا بە واتای بنەڕەتی خۆی، کە سوتانی کەرەستەیەکە، هاتووە، واتا ئاگر تێبەردانی پەڕۆیەکەیە لە لایەن منداڵەکانەوە، بە هەمان شێوە وشەی سوتان لە (٥٨ب)دا بە هۆی شکاندنەوەی کردارەوە گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە و ئەمیش بە هەمان شێوە واتا بنەڕەتیەکەی کە (ئاگر تێبەربونە) دێت، بەلآم، ئەگەر بڕوانرێتە وشەی (سوتان) لە نمونەی (٥٩)دا ئەمە بەدی ناکرێت:

٥٩) فێنککەرەوەیەك پێنەکەن، هەمویان دەسوتێن.

وشەی (دەسوتێن) لە ڕستەی (٥٩)دا واتاکەی زیادکراوە، بە هۆی بەشداربونی پراگماتیکەوە، گواستنەوەی نیشانەیەکی واتایی بۆ ناو ئەو پڕۆسەیە، کە ئەویش (گەرمی)یە، چواندنی بە سوتان، هەر ئەمەش وایکردوە بەشداربێت لە زیادکردنی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکی شکاندنەوەی کردار.

٦٠) پیرە پیاوەکە مرد.

ئەگەر سەیری وشەی (مرد) بکرێت، لە ڕستەی (٦٠)دا، دەبینرێت، بە واتای بنەڕەتی خۆی، کە کۆتایی هاتنی تەمەنە هاتووە، بەلآم وشەی (مرد) لە ڕستەکانی (٦١) بە واتایەکی تر دێن:

٦١) أ) ئەوە دەمرێت.

ب) نانەکە نەهات! ؟ ئەی هاوار مردم!

پ) خەریکە دەمرم.

له(٦١أ)دا واتای وشەی (مردن) زیادکراوە، مەبەست لێی ئەوەیە، کە کەسەکە ئێش و ئازارێکی یەکجار زۆری هەیە و بێ ئۆقرە بووە، هەروەها لە (٦١ب) دیسانەوە واتاکەی زیادکراوەو (مردن) بە واتای بنەڕەتی نایەت،بەڵکو لێرەدا بە واتای ئەو پەڕی برسێتی بوون دێت،قسەکەر داوای نان دەکات و برسێتی تینی بۆ هێناوە، هەروەکو چۆن وشەی (مردن) لە(٦١پ) بەهەمان شێوەی (٦١أ) و (٦١ب) واتاکەی زیادکراوە و پراگماتیکیش دەستی تێدایە، هەربۆیەش بە وشەی پراگماتیکی ناوزەد دەکرێت، کە مەبەست لە واتاکە سوێبونەوە یە، لەوانەیە خۆشەویستێك بێت خەریك بێت سوێی بێتەوە بۆ دڵدارەکەی، یا خود نەوسنێك بێت و سوێی بوبێتەوە بۆ جۆرێك لەو خواردنانەی کە ئارەزوی لێیەتی.

٦٢) هەویرەکە بە جوانی شێلدرا.

ئەگەر سەیری وشەی (شێلان) بکرێت لە نمونەی (٦٢)دا، دەبینرێت، کە بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، ئەویش شێلانی شتێکە، بە دەست یاخود بە پێ، بەڵام لە (٦٣)دا واتای (شێلان) زیادکراوە:

٦٣) پشیلەکەی شێلا.

وشەی (شێلان) لە ڕستەی (٦٣)دا بە واتای فراوانکراو بەکارهاتووە، چونکە ئەمە هەمان شێلانی هەویرەکە نییە، بەڵکو لێرەدا بە واتای کوشتنی پشیلەکە هاتووە، پراگماتیك هاتۆتە ناوەوە، کە ئەمەش لەوانەیە بە هۆی سەیارەوە یاخود ماتۆڕێك بو بێت، لە پشیلەکەی دابێت و بە سەریدا ڕۆیشتبێت، کە ئەمەش لە یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی شێلان، کە(بەسەردا ڕۆیشتن)ە، وەرگیراوە و بۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتووە، لە ئەنجامدا چووەتە ناو پرۆسەی زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیکەوە.

٦٤) کوڕەکە لە فەرمانگەی ئاوی قەڵادزێ دامەزرا.

ئەگەر وشەی (دامەزراندن) لە ڕستەی (٦٤)دا وەربگیرێت دەبینرێت، کە بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، کە ئەویش دامەزراندن (تعین) ی عەرەبییە، واتا کەسێك بۆتە فەرمانبەر لە فەرمانگەیەك یاخود شوێنێك.

٦٥) أ) کوڕێکی دامەزراوە.

ب)دامەزرێ بۆ خۆت.

پ)دامەزراوەیەکی بێ گەندەڵییە.

ئەگەر لە وشەی (دامەزراندن)، لە (٦٥أ) بڕوانرێت، دەبینرێت واتایەکی تەواو پراگماتیکیانەی هەیە، زیادکراوە، چونکە لێرەدا بە واتای کوڕێکی ڕێك و پێك وپۆشتەو بالاّ ڕێك و بە هەیکەل و ڕێزدار دێت، نەك بەو واتا دامەزراندنەی، کە لە (٦٤)دا هاتووە، هەروەها لە (٦٤ب)دا وشەی (دامەزراندن) واتای دانیشتن و بێدەنگ بون و ئاقڵ و هێمنی دەگەیەنێ، هەروەکو چۆن لە(٦٥پ)دا بە واتای دەزگا، یان ڕێکخراو دێت، واتا ئەوەی لە نمونەکانی (٦٥)دا بەدیدەکرێت بریتیە لە زیادبونی واتا بە هۆی پراگماتیکەوە، کە ئەمەش وا دەکات ئەو وشەیە بەشدار بێت لە زیادبونی واتاو بچێتە پرۆسەی زیادکردنی واتای پراگماتیکی وشەیی و چالاکانە کار بکات.

## ٢/٢-١-٣) مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتا لە سینتاکسدا.

سینتاکس بەشێکە لە ڕێزمان، لە گەڵ وشەسازی بە یەکەوە بەشداری لە پێکهێنانیدا دەکەن. ڕستەسازی بە پێی سیستمی زمانێکی دیاریکراو دەستووری لێکدان و ڕیزکردنی کەرەستەکان دادەنێت[١٣].

زۆرێك لە ڕستە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی بە هۆی کردە سینتاکسیەکانەوە واتای پراگماتیکیان تێدا حەشاردراوە، کە مەرج نییە گوێگر، بە تایبەتی خوێنەری دەقێك واتا پراگماتیکیەکەیان بزانێت، بەلاّم کاتێ ئەو ڕستەیە فراوان دەکرێت بە هۆی کەرەستەی ترەوە، ئەوا وێنەو بینینی ئاخاوتنەکە، کە هەڵگری واتا پراگماتیکیەکەیە بۆخوێنەر/گوێگر، ئاشکرا دەکات و بەمەش واتای پراگماتیکی بەئاشکرا دەدۆزرێتەوە[١٤]، لێرەشدا لە سەر بنەمای دابەشبونی جۆرەکانی ڕستە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە زیادبونی واتای پراگماتیکیان دەخرێتەڕو:

### ١) مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتای ڕستەی پرسیارکردن:

هەمو ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە کردەی پرسیارکردن دەگەیەنن، جا بە هەر جورێك بێت. واتە ((لێرەدا مەبەست لەوەیە ئەو ڕستانەی، کە بە فۆرم پرسیارین، لە هەمان کاتیشدا کردەی پرسیار

١٣) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕستەسازی، بڕوانە: أ) کوردستان موکریانی (١٩٨٦: ٥-٧). ب) محەمەدی مەحوی (٢٠١١: ٤٨ -٣٢). پ) شیلان عومەر (٢٠١٢: ٧١). ت) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣: ٢٣ - ٨٠).

١٤) لە ڕاستیدا ئەم جۆرە واتا پراگماتیکییەی ڕستەکان، لێرەدا جیاوازە، لەگەڵ ئەو جۆرە واتا پراگماتیکییەی ڕستە، کە لە پاری سێیەمی بەشی یەکەم، لاپەڕە (٢٩-٥٢) باسکراوە، چونکە لەوێدا مەبەست واتای پراگماتیکی ڕستەکەیە بەگشتی و لەو بارەیەوە باس لە ڕستەکان لە ناو پراگماتیکدا کراوە. بەلاّم ئەوەی لێرەدا باسکراوە، مەبەست لەو وشانەیە، کە لەناو ڕستەدا واتای پراگماتیکییان هەیە. واتە لێرەدا مەبەست مۆرفۆپراگماتیکەکانە لەناو ڕستە پراگماتیکییەکاندا.

دەگەیەنن داوای وەڵامدانەوە لە گوێگر دەکەن بە وتن بێت یان بە ڕەفتار))[١٥]، لێرەدا بە هۆی ڕەنسیپەکانی هاوبەشیکردنەوە قسەکەرو گوێگر هاریکار دەبن، لە گەیشتن بە ئەنجام و لە یەکگەیشتنی واتایی لە ئاخاوتنەکانیاندا، بۆیە ڕستەی پرسیاریش وەکو جۆرەکانی تری ڕستە زیادکردنی واتا تیایدا دەردەکەوێت.

### أ) مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتای ڕستەی پرسیارکردنی گشتی[١٦]:

بۆ زیادکردنی واتای ئەم جۆرە ڕستەیە، دەتوانرێت سود لە واتای پراگماتیکی و گفتوگۆکانی نێوان قسەکەرو گوێگر وەربگیرێت.

٦٦) نانتان خواردووە؟

ڕستەی (٦٦) ئەوە ڕون دەکاتەوە، کە قسەکەر پرسیارێك ئاراستەی گوێگرەکان دەکات: ئایا ! ئێوە نانتان خواردووە؟ لە ڕاستیدا ئەمە ڕستەیەکی ئاسایی پرسیار کردنی گشتیە، بەڵام واتای پراگماتیکی خۆی تیادا حەشار داوە، کە قسەکەر مەبەستیەتی، وەکو لە (٦٧)دا دەردەکەوێت.

٦٧) برسیتانە، نان دەخۆن؟

واتە لێرەدا قسەکەر واتای ڕستەکەی زیادکردوەو پراگماتیکیانە بە گوێگرەکان دەڵێت: (ئەگەر نانتان نەخواردووە، ئەوا نانتان بۆ ئامادە دەکەین، یاخود ئەگەر برسیتانە، وەرن با بچین نان بخۆین، بۆ ئەوەی بە برسێتی نەمێننەوە) بە گشتی فەرمو کردنی میوانەکانە لە لایەن قسەکەرەوە[١٧] واتە تەوەری ڕستەکە لە دەوری زیادکردنی واتای وشەی (برسی) دەخولێتەوە و بۆتە هۆی دروستکردنی ڕستەکە، کە برسی بون و نەبونی گوێگرەکانە.

---

١٥) ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩: ٥٢).

١٦) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ڕستەی پرسیاری گشتی یەوە، بڕوانە: أ) ئەبوبەکر عومەر قادر (١٩٩٣:١٨ –٢٤). ب) کوردستان موکریانی (١٩٨٦: ٦١–٦٦).

١٧) بۆ شیکردنەوەی ئەم ڕستانەو وەرگرتنی چۆنیەتی زانیارییە کان سود بینراوە لە: ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩:٦٩).

**ب) مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتای ڕستەی پرسیاری تایبەتی:**

له ڕاستیدا ئـهم جـۆره پرسـیارکردنه بـه ڕسـتهی پرسـیاری وشـهییش ناسـراوه[18]. بـهلام ئـهوهی لێرهدا مهبهسته زیـادکردنی واتـای مۆرفۆپراگمـاتیکی ئـهم جـۆره ڕسـتانهیه، وهکـو لـه نمونـهی (٦٨)دا دهردهکهوێ:

٦٨) کهی بچین بۆ لای دارا ؟

ئهگهر سهیر بکرێت ڕستهی (٦٨) بریتییه له پرسیاکردنێکی تایبهتی لـه قسـهکهرهوه بـۆ گـوێگر، بـهلام ئهوهی که شاراوهتهوه تیایدا واتا پراگماتیکییهکهیهتی، که له(٦٩)دا خراوهته ڕو:

٦٩) أ) چ کاتێك، بۆت گونجاوه بچین بۆ لای دارا؟

ب) کهی سهردانی دارا بکهین؟

واته ئهوهی لێرهدا ڕون و ئاشکرایه ئهوهیه، که قسهکهر به گوێگر دهڵێت: {تۆ کهی مـهجالت ههیـه بچین سهردانێکی دارا بکهین؟ چونکه من ههر کاتێك بڵێی مهجالم ههیهو گونجاوه بـۆم، بـهلام تـا ئێسـتا له سهر بڕیاری تۆ وهستاوم} واتـه ئـهوهی مهبهسـته لێـرهدا، مۆرفۆپراگمـاتیکی فراوانکردنـی وشـهکانی نـاو ڕسـتهکهیه (گونجـان، نـهگونجان، چـون ، نهچـون ...هتـد)، کـه پرۆسـهی فراوانکردنـی مۆرفۆپراگماتیکی ڕستهکهیان گرتۆته ئهستۆ.

**پ) مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتای ڕستەی پرسیارکردنی هەڵبژاردن:**

هـهروهکو جۆرهکـانی تـری ڕسـتهی پرسـیارکردن ئـهم جۆرهشـیان سـنوری فراوانکردنـی زۆره و بهشداره لهپرۆسهکانی زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیکیدا.وهکو لهنمونهکاندا دیاره:

٧٠) دهڕۆین بۆشار یان ناڕۆین؟

لـه (٧٠)دا قسـهکهر ههڵبـژاردن دهخاتـه بـهردهم گـوێگر، کـه ئهمـهش ئاسـایی ڕسـتهی پرسـیاری ههڵبژاردنـه، بـهلام ئـهوهی کـه نادیـار و حهشـاردراوه، بهخشـهکهیی دهربڕینـی واتـای پراگماتیکیـه، کـه لهوانهیه له (٧١)دا ئاشکراتر و ڕونتر دهربکهوێت:

٧١) ئهگهر دهڕۆی بۆشار ئیشم پێته، ئهگهر ناڕۆی کێشهنیه.

---

١٨) ئهبوبهکر عومهر قادر له نامهی ماستهرهکهیدا(١٩٩٣:١٩) بهمشێوهیه ناوی هێناوه.

ئەوەی ڕونە، لە (٧٠)دا ئەوەیە، کە قسەکەر بە گوێگر دەڵێت: {ئەگەر دەڕۆیت بۆشار ئیشم هەیە بۆم ئەنجام بدە، ئەگەریش ناڕۆی تا ئەم ئیشە بەیەکێکی تر بسپێرم، بۆم ئەنجام بدات}، یاخود لەوانەیە قسەکەر ئیشێکی بەگوێگر بێت و پێی بڵێت: {ئەگەر ناڕۆیت بۆ شار، ئەوا ئیشم پێتە، دەبێت لێرە یارمەتیم بدەی}، ئەمەش هەموی بەهۆی زیادبونی واتای مۆرفۆ پرگماتیکەوە لە وشەکانی ڕستەکەدایە، واتە (ڕۆیشتن، نەڕۆیشتن،...هتد)دەبنە فراوانکەری واتی مۆرفۆپراگماتیکی ڕستە پرسەکە.

## ت) مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتای ڕستەی کلکە پرسیار:

جۆرێکی تری ڕستەی پرسیارییە، بواری زیادبونی واتای مۆرفیمی تێدایە، ئەمەش بەهۆی زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیکیەوە ئاشکرا دەبێت و دەردەکەوێت، هەروەك لە (٧٢)دا دیارە:

٧٢) دەمکوتیان کرد، ها؟

لەڕستەی (٧٢)دا دەبینرێت، کە قسەکەر پرسیارێك ئاراستەی گوێگر دەکات، کە هاوبەشییەکی ئاخاوتنی پێشوتر هەبووە لەنێوانیاندا، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەو بەخشکەیی دەربڕینەیە، قسەکەر مەبەستییەتی لەو ڕستەیەدا، کە لە(٧٣)دا دەردەکەوێت:

٧٣) کوڕە زۆر بلێیەکەیان دەمکوت کرد،ها؟

دەتوانرێت بەشێوازێکی تر بگوترێت قسەکەر بە گوێگر دەڵێت: {ئەو کەسەی، کە زۆری دەگوت و خۆی پێ ڕاست بو، موستەحەقی ئەوە بو، کە پێیان کرد، هەر ئەوەش وایکرد چیتر زۆربلێیی و زیادە ڕۆیی نەکات لەقسەکانیدا}، واتە قسەکەر خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو ڕوداوە دەردەبڕێت، داخ لەدڵ بووە بەرامبەری، بۆیە ئەم پرسیارە ئاراستەی گوێگر دەکات. جا ئەم دەمکوت کردنە بەلێدان یاخود سزادان یاخود بەدرۆخستنەوە بوبێت، هیچ جیاوازییەکی نیە، بەڵکو لێرەدا دەمکوتکردنەکە مەبەستە، کە بەهۆی فراوانکردنی واتای وشەکانی ناوڕستەکەوە بەهۆی پراگماتیکەوە دروست بووە.

## ج) مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتای ڕستەی پرسیارکردنی ڕاستەوخۆ:

ئەم جۆرە پرسیارکردنە لەڕستەی پرسدا، ئەوەیە، قسەکەر ڕاستەوخۆ پرسیارێك ئاراستەی گوێگر دەکات و وەڵامی لێ دوێت، لەم جۆرەیاندا بەخشکەیی دەربڕین دەردەکەوێت و دەتوانرێت ڕستەکان بەهۆی فراوانبونی مۆرفیمەوە واتای مۆرفۆپاگماتیکیان زیاد بکرێت:

٧٤) بۆ نەهاتی بۆ ئاهەنگەکە؟

ئەم ڕستەیە پرسیارکردنێکی ڕاستەوخۆیە لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر، بەڵام ئەوەی مەبەستە واتا بەخشکەییە دەربڕواوەکەیە:

٧٤) أ) زۆر چاوەڕوانمانکرد، بۆنەهاتی بۆ ئاهەنگەکە؟

ب) ئاهەنگەکە زۆر خۆشبوو، بۆنەهاتی؟

واتە قسەکەر لەم پرسیارەدا چەند مەبەستێکی بەخشکەیی دەربڕین، کە بەهۆی پراگماتیکەوە ئاشکرا دەکرێن، دەگەیەنێتە گوێگر و پێی دەڵێت: (دوای ئەوەی زۆر چاوەڕێم کردی نەهاتی بۆ ئاهەنگەکە، کە زۆر خۆشبوو،ئەمە جگە لەوەی، کە دۆستان و خزمان و هاوڕێیان پرسیاری تۆیان دەکرد کە ئایا بۆ نەهاتووە، گلەییان هەبوو)، ئەمەش هەموی بەهۆی زیادکردنی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکەوە دەردەکەوێت لە وشەکانی (هاتن، نەهاتن)، لەڕستەکاندا.

## چ) مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتای ڕستەی پرسیار کردنی ناڕاستەوخۆ[19]:

ئەوەی لەم جۆرە ڕستە پرسەدا دەردەکەوێت دەربڕینە بەخشکەییەکانە بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ لەڕوی پراگماتیکەوە، واتە ڕستەیەکی پرسیاری ناڕاستەوخۆی وەکو:

٧٥) ڕونت نەکردەوە چی ڕویداوە؟

دەردەکەوێت بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ قسەکەر پرسیاری ئاراستەی گوێگر کردووە، بەڵام ئەوەی مەبەستە لێرەدا ئەو واتا پەنامەکیەیە، کە قسەکەر بەگوێی گوێگرەکەدا دەدات، کە لەوانەیە چەند مەبەستێکی هەبێت.

٧٦) دوێنی، کە دواکەوتی، ڕونت نەکردەوە چی ڕویداوە؟

واتە لێرەدا قسەکەر زانیارییەکی لەگوێگر دەوێت،کە پێشتر بە نیوەچڵی بۆی باسکردووە، یاخود قسەکەر لەکاتی زانیاری دانەکەدا گوێگری جێهێشتووە، واتە قسەکەر بەگوێگر دەڵێت{دوێنی جێمهێشتی، نەمزانی چی ڕوویداوە، چونکە زۆر درەنگتر لەمن هاتیەوە، بۆیە ئەگەر دەتوانی و بەئەرکی نازانی، پێم نالێیت بۆ وا دواکەوتی؟ ئایا ! هیچ شتێك ڕویداوە،کەمن نایزانم}، ئەمەش زیادکردنی ئەو واتە پەنامەکیەیە، کە قسەکەر لەگوێگری دەوێت، بێگومان زیادبونی واتا مۆرفۆپڕاگماتیکەکە لە پرسیارکردنی وشەی (ڕودان)ەکەوە بەڕونی دیارە، بەهۆی ئەو فراوانکردنە واتاییانەی، کە تیایدا دروست بووە.

---

١٩) بۆ ئەم باسە سود وەرگیراوە لەباسەکەی:بەکر عومەر عەلی،محەمەد عومەر عەول (٢٠١٠: ١٣ – ١٨)

هـەروەکو تێبینــی دەکرێـت ڕسـتەی پـرس زۆر جـار بـەهۆی ئـاوازەوە دەردەبڕێـت و پێویسـتی بەئامرازەکانی پرسیارکردن نییە[٢٠]. ئەمانیش وەکو جۆرەکانی تـری ڕسـتەی پـرس بـواری فراوانبونیـان هەیە، بەمەش جێدەستی پراگماتیـك بـەڕونی دەردەکـەوێت تیایـدا، هـەروەکو لەشـیکردنەوەی نمونـەی (٧٧)دا دیارە:

٧٧) قەڵادزێ خۆشە؟

وەکـو دەردەکـەوێت ڕسـتەی (٧٧) ڕسـتەیەکی پرسـیارییە، بـەهۆی ئـاوازی دەربڕینـەوە لەلایـەن قسـەکەرەوە دیاریـدەدات، بـەڵام ئـەوەی پەیوەسـتە بـە باسـەکەوە بـونی پراگماتیکـە لەڕسـتەکەدا، بەتایبـەتی ئـەو بەخشـەکەیی دەربڕینـەی تێیـدا ئـەنجام دراوە، چـونکە قسـەکەر پرسـیارەکە ئاڕاسـتەی گوێگر دەکات، کە لەوانەیە خەڵکی ناوچەکە، یان شارەزای ناوچەکە یاخود سـەردانکەری ناوچـەکەبێت، بۆیە ئەو پرسیارەی ئاڕسـتەدەکات و پێـی دەڵێـت: {ئـا وەرە، تـۆ چـویت بـۆ قـەڵادزێ. بـزانم قـەڵادزێ شوێنێکی خۆشە یان نا؟ چونکە بەڕاستی مـن تائێسـتا نەچـوم، هەربـە وێنـە و ڤیـدیۆ کـەمێك بینیومـە، بەڵام شارەزای ناوچەکە نیم} لەشیکردنەوەی ڕستە پرسەکەدا و ئەو واتا بەخشکەییە دەربڕاوانـەی، کـە تیایدا خۆیان حەشارداوە، ڕون دەبێتەوە، کە بـەهۆی وشـەکانی (خۆشـە، قـەڵادزێ) فراوانکردنـی واتـای مۆرفۆپڕاگماتیك دەور دەگێڕێت لە ڕستەکەدا.

## ٢) مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتای ڕستەی هەواڵگەیاندن:

زانیاری هەواڵگەیاندن، یەکێکی ترە لە جۆرەکانی ڕستەو بە ئەرکی سـەرەکی زمـان دادەنرێـت. کـە تیایـدا قسـەکەر لـە دەوروبـەری خـۆی دەدوێ و سەرچـاوەی ڕاگەیانـدنی ڕسـتەکەیە لـە زانسـت و زانیاریدا[٢١]. ئەوەی لێرەدا مەبەستە زیادکردنی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکە لەم جۆرە ڕستەیەدا:

٧٨) زارا کچێکی جوان و باشە.

---

٢٠) بۆ زانیـاری دەربـارەی ڕسـتەی پرسـیارکردن بـەهۆی ئـاوازەوە، بڕوانـە: أ) ئەبوبـەکر عومـەر قـادر (١٩٩٣: ١٨). ب)دەروون عەبدولڕەحمان صالح (٢٠١٠: ١٤٤). پ) نەریمان عەبـدوڵلا خۆشـناو (٢٠١٢: ٣٣). ت) سـاجیدە عەبـدوڵلا فەرهادی (٢٠٠٨: ١١٢).

٢١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕستەی هەواڵگەیاندن، بڕوانە: أ) ئەبوبەکر عومەر قادر (١٩٩٣: ٤–٦). ب)کوردسـتان موکریانی (١٩٨٦: ٦٠–٦١). پ) نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو (٢٠١٢: ٣٠–٣١).

ئەگەر سەیری ڕستەی (٧٨) بکرێت دەبینرێت قسەکەر هەواڵێکی گەیاندووە، کە ئەویش جوانی و باشی زارایە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە واتا بەخشکەیی دەربڕاوەکەیە،کە بە هۆی زیادکردنی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکەوە ڕون دەبێتەوە وەکو لە (٧٩)دا دیارە:

٧٩) زارا کچێکی جوان و گونجاوە بۆ تۆ،چونکە وەکو خۆت باشە.

ئەگەر ڕستەی (٧٩) شیکرێتەوە دەبینرێت، کە ڕستەکە واتا زیادکردنی ڕستەی (٧٨)ەوە کاریگەری پراگماتیکی بە ڕونی پێوە دیارە، چونکە لێرەدا وشەکانی (جوان) و(باش) واتاکانییان زیاد کراوە لە ڕستەکەدا و قسەکەر بە گوێگر دەڵێت: {بەڕاستی پێم خۆشە، کە زارا بخوازیت، چونکە ئەو کچێکی جوان و باشە و لە بنەماڵەیەکی باش هەڵکەوتووە، بۆ تۆ گونجاوە، چونکە هەر وەکو خۆت ڕێك و پێك و ڕەوشت بەرزە} . هەر ئەمەش وایکردووە بەشداربێت لە پرۆسەی زیادکردنی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکدا.

## ٣) مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتای ڕستەی فەرمانکردن:[٢٢]

مەبەست لە ڕستەی فەرماندان ئەوەیە،کە قسەکەر تیایدا داوای کارێك دەکات،یاخود داخوازییەکی هەیە لە گوێگر،کە ئەنجامی بدات یان ئەنجامی نەدات[٢٣].

کەواتە ڕستەی فەرمانکردن دەتوانرێت زیاد بکرێت، پراگماتیکیانە لە واتای ڕستەکە بکۆڵرێتەوە، بەشداری پرۆسەی زیادبونی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکی دەکات، هەروەکو لە نمونەی (٨٠)دا دەردەکەوێت:

٨٠) دەرسەکانت بخوێنە.

لە (٨٠)دا،کە ڕستەیەکی فەرمانکردنە دەردەکەوێت قسەکەر داوایەکی لە گوێگر هەیە،ئەویش خوێندنی دەرسەکانیەتی، بەڵام ئەگەر تێبینی بکرێت بە خشکەیی دەربڕینێك هەیە لەو ڕستەیەدا، کە لە (٨١)دا شیکراوەتەوە:

٨١) کوڕم دەرسەکانت بخوێنە،با دەربچیت.

---

٢٢) بۆ زانیاری تەواو و زیاتر لە بارەی زیادکردنی واتای ڕستەی فەرمانکردن بە هۆی پراگماتیکەوە بڕوانە (ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩: ٦٩–١٢٦).

٢٣) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕستەی فەرمانکردن، بڕوانە: أ) کوردستان موکریانی (١٩٨٦: ٦٦). ب) ئەبوبەکر قادر (١٩٩٣: ١٠). پ) نەریمان خۆشناو (٢٠١٢: ٣٤ – ٣٧). ت) دەروون عەبدولڕەحمان (٢٠١٠: ١٤٥ –١٤٧). ج)قەیس کاکل تۆفیق(١٩٩٦: ٢٧).

کەواتــە هــەروەکو دەبینرێـت زیـادکردنی واتـای مۆرفۆپراگماتیـك بـەهۆی وشـەی (بخوێنـە) دروسـت بـــووە، چـــونکە ڕوداوەکـــان و زیادکردنـــە واتاییـــەکانی تـــر هـــەموی بـــە وشـــەی (خوێندن)ەکـــەوە بەستراونەتەوە. ئەمەش وای کردووە واتـا شـاراوەو پەنامەکییەکـە دەربکـەوێت و ئاشـکرا بێـت، چـونکە قسـەکەر، کـە بـاوکی گـوێگرە ئامۆژگـاری دەکـات و پێـی دەڵێـت: {کـوڕم بـۆ ئـەوەی لـە قوتابخانـە دەربچیت، پێویسـتە دەرسـەکانت بخوێنیـت، تـاکو لـە هاوڕێکانـت دوا نەکـەوی و بتوانیـت لـە دوا ڕۆژدا ببیت بە شتێك بژێویت دابین بکات و (سودو قازانج) یش بە کۆمەڵگاکەت بگەیەنیت}.

## ٤) مۆرفۆپراگماتیکی زیادکردنی واتای ڕستەی سەرسوڕمان:[٢٤]

ئەو ڕستانەن، کە مرۆڤ تیایاندا هەستەکانی خۆی بەرانبەر بە حاڵەتەکان و دەوروبـەر دەردەبڕێت، جا بۆ خۆشی بێت، یان بۆ ناخۆشی، یان هەر حاڵەتێکی تری نائاسـایی و ئاسـایی بێـت. ئەمانـە بـەهۆی ئامرازەکانی (ئەی،ئۆخەی،پەکو ،... هتد)، یاخود بیٚ ئەو ئامرازانـە دروسـت دەکـرێن، بـە هـۆی ئـاوازی ڕستەکانەوە دەزانرێت، کە ڕستەی سەرسوڕمانین[٢٥]. ئـەم جـۆرە ڕسـتانەش بێبـەش نـین لـە بەشـداری کردنی پراگماتیك و دەرخسـتنی ئـەو واتـا بەخشـەییە دەربڕاوانـەی، کـە تیایانـدا خۆیـان حەشـارداوەو زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیکیان.

٨٢) ئۆخەی ! ئیسراحەتمان کرد.

وەکـو لـە ڕسـتەی (٨٢)دا دەردەکـەوێت، قسـەکەر سەرسـوڕمانی و خۆشـی خـۆی دەردەبڕێـت بەرامبەر شتێك، بەڵام هـەروەکو لـە (٨٣)دا دەردەکـەوێت واتـا پەنامەکییەکـەی دەوری زیـادکردنی واتـا لەو ڕستەیەدا دەگێڕێت:

٨٣) ئۆخەی ! هەڵبژاردن تەواو بوو، ئیسراحەتمان کرد.

لـە ڕاسـتیدا قسـەکەر لـە (٨٣)دا خۆشـی خـۆی دەردەبڕێـت بەرامبـەر بـە تـەواوبوونی هەڵبـژاردن، چونکە بێزاربووە لێی،هەر ئەوەش وایکردووە کە واتای ڕستەی (٨٢) فـراوان بکرێـت و پـەنا ببرێتـە بـەر پراگماتیك و پرۆسەکانی زیادبونی واتای مۆرفۆپراگماتیك بێنە ئاراوە،چونکە قسەکەر لـە ڕسـتەی (٨٢)، (٨٣)دا مەبەسـتییەتی بڵێـت: {ئۆخـەی ئـەمجارەش هەڵبـژاردن بـەکۆتا هات،ڕزگارمـان بـوو لـەم هـەمو ژاوەژاو و شەڕە قسەو هات و هاوارو بەڵێنی درۆو نـان بـڕین و زۆری لێکردنە،هـەتا هەڵبـژاردنێکی تـریش

٢٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پراگماتیکی ڕستەی سەرسوڕمان، بڕوانە: ئاڤێستا کەمال مەحمود(٢٠٠٩: ٦٩–١٥٣).

٢٥) بـۆ زانیـاری زیـاتر سـەبارەت بـە ڕسـتەی سەرسـوڕمان، بڕوانـە: أ) کوردسـتان موکریـانی (١٩٨٦: ٦٧ –٦٩). ب)ئەبوبەکر عومەر قادر (١٩٩٣: ١١–١٢). پ) نەریمان خۆشناو (٢٠١٢: ٣٧ –٣٩).

خـوا گەورەیـە}.کەواتـە لێـرەدا زیـادکردنی واتـای ڕسـتەکە پەیوەسـتە بـە (ئۆخـەی) کەسـەکانەوە و ڕوداوەکـانی تـر وابەسـتەن بـە وشـەکەوە، کـە حەسـانەوە و ئیسـراحەتکردنی کەسـەکانە لـە ئـەنجامی تەواوبونی شـتێکەوە. هەرچـەندە ((بـۆ جیاکردنـەوەی جۆرەکـانی ڕسـتە نـاتوانین پشـت بـە ڕوخسـاری ڕستە ببەستین،بەڵکو دەبێت بارودۆخی قسەکەر و گوێگر لێکبدرێتەوە بەواتایەکی تر دەبێ کەڵك لـە هـۆ پراگماتیکییەکان وەربگرین بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی جۆرەکانی ڕستە))[٢٦].

له ڕاسـتیدا مۆرفۆسـینتاکس پرۆسـەیەکی چـالاکی بـواری ئیکۆنۆمییـە لـە تێهەڵکێشـکردنی بـواری مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا. مۆرفۆسینتاکس دروستەیەکی ئاڵۆزی لەناو یەکدا شکاوە کە بـە کـرداری چـڕو ئـاڵۆز یـاخود دروسـتەی مۆرفۆسـینتاکس ناسـراوە[٢٧]. لـە بنەڕەتـدا پێکهاتـەی مۆرفۆسـینتاکس، کـە ڕسـتەیەکی بـە مـۆرفیمی ڕێزمـانی یـە، هـەر مـۆرفیمێکی ڕێزمـانیش واتایـەکی سـیمانتیکی و واتایـەکی پراگماتیکی هەیە، بۆیە زۆر جـار پێکهاتەکـە لـەدەرەوەی سیاقەکەی خۆی،کـە بەشـداربووانی ئاخـاوتن ئاگـاداری ئاخاوتنەکـە نـەبن زۆر زەحمەتـە نـەك واتـا پراگماتیکییەکە،بـەڵکو واتـا سیمانتیکییەکەشـی تێبگەن. بۆیە بە ناچاری لەباری ئـاوادا دەبێـت مۆرفۆسینتاکسـەکە بکرێتـەوە بـە قـاڵبی سـینتاکس، تـا واتاکـەی ڕون دەبێتـەوەو، خـۆ ئەگـەر ویسـترا واتـا پراگماتیکییەکـە بگەیـەنرێت، ئـەو ڕسـتەیە وەك ڕسـتەکانی پێشـوو واتاکـەی بـە هـۆی فرێـزی تـرەوە فـراوان بکرێـت، هـەروەکو لـە شـیکردنەوەی مۆرفۆسینتاکس لە (٨٤)دا ڕونە:

٨٤) خواردمان.

نمونەی (٨٤)، کە ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیەو بە ڕونـی دیارە،بـەڵام ئـەوەی مەبەسـتە بـە تـەنها واتا سیمانتیکیەکە نیە، کە خواردنی شـتێکە، بـەڵکو ئـەو واتـا پراگماتیکییـەش، کـە خـۆی حەشـارداوە تیایدا مەبەستە، هەروەکو لە (٨٥)دا دەردەکەوێت:

٨٥) لە کۆتاییەکەیدا دەعوەتەکەمان خوارد.

ئـەو بەخشـکەیی دەربڕینـەی واتـا لـە (٨٤) هـەبو، لـە (٨٥)دا ڕونـتر دیـارە، بـەڵام هێشـتا ئامانجەکـە نـەپێکراوە لـە تێگەیشـتن و زانیـاری تـەواودان، بـەڵکو کاتێـك قسـەکەر لـە (٨٤)دا دەڵێـت(خواردمـان) مەبەستی لەوەیە، کە {دەمێکە چاوەڕوانی ئەو دەعوەتەیە، کە لەوانەیە یەکێك لـە هاوڕێکانیـان بـەڵێنی پێـدابن، جـا بەهـەر بۆنەیەکـەوە بووبێـت، بۆیـە ڕایدەگەیـەنێت، کـە ئـەو دەعوەتـە چـاوەڕوانکراوە لـە

٢٦) ئەبوبەکر عومەر قادر (١٩٩٣: ١٢).

٢٧) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مۆرفۆسینتاکس، بڕوانە: محەمەدی مەحوی (٢٠٠١: ٣٤٢).

کۆتاییەکەیدا سازکراو خورا}. هەر ئەم فراوانبونەشە بۆتە هۆی زیادکردنی واتای مۆرفۆپڕاگماتیك لەکەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا.

## ٢/ ٢-١-٤) مۆرفۆپڕاگماتیکی زیادکردنی واتای سیمانتیك:[٢٨]

لە زماندا، هەر کەرەستەیەك کۆمەڵێك نیشانەی واتایی هەیە،کە سیمانتیکی کەرەستەکان دەخاتە ڕو، ئەمەش وای کردووە کۆمەڵێك بۆچون و پێناسەی جیاواز دەربارەی سیمانتیك بخرێنە ڕو، بۆیە دەبێت ((پێناسەکانی واتاسازی لە گۆشەنیگای ئەو زانستەی کە لێیەوە سەیر دەکرێت و ئەو زانستەی کە پەیوەندی پێوە هەیە بکرێت نەك لە ڕوانگەی زانستێك بە تەنها))[٢٩] ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی زۆری جۆری واتاسازی، بەڵام دەتوانرێت بگوترێت سیمانتیك ((وەك پەیوەندی نێوان هێماو واتا ناوێکە بۆ لقێکی زانستی زمان و (زانستی واتا) دەبەخشێت، کە بە شیکردنەوە و پەسندکردنی واتای (وشەی) دەربڕینە زمانییەکانەوە خەریکەو لە دروستبووە واتاییەکانی زمان (دەق / پەخشان) دەکۆڵێتەوە))[٣٠] ئەوەی لێرەدا مەبەستە خودی سیمانتیك نییە،بەڵکو گواستنەوەی نیشانەی سیمانتیکییەکانە بۆ پڕاگماتیك و واتای پڕاگماتیکی وشەکان و کاریگەریان لەسەر زیادبوونی واتای و وشەکان و ڕادەی بەشداریکردنیان لە زیادکردنی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکدا، چونکە بەهۆی گواستنەوەی نیشانە واتاییەکان، یاخود یەکێك لەو نیشانە واتاییانە بۆ ناو پڕاگماتیك، زیادبونی واتا دروست دەبێت. واتە زیادبونی واتاکەی زیاتر بریتییە لە زیادبونی نیشانەیەکی پڕاگماتیکی بۆ چەپکە نیشانە سیمانتیکییەکەی وشەکە، کە لە فەرهەنگدا خاوەنییەتی، بەڵام ئەم نیشانە پڕاگماتیکییە زیادکراوە تەنهاوتەنها لەو بارودۆخە نازمانییە تایبەتانەدا چالاك دەبێت، کە وشەکەی بەو واتا پڕاگماتیکییە تێدا بەکاربێت. بەمەش جگە لە واتا فەرهەنگییەکەی واتایەکی پڕاگماتیکیشی دەبێت. بەکارهێنانی وشەکە ش بەو واتا پڕاگماتیکییە و بونی بە نیشانەیەکی فەرهەنگییانەی وشەکە (کە بنەمای دروستبونی پرۆسەی مۆرفۆپڕاگماتیکییەکەیە) دەکەوێتە سەر ڕادە و ڕێژەی بەکارهێنانی وشەکە بەو واتا پڕاگماتیکییە، بەڕادەیەك تا بەکارهێنانی زیاتر بێت بەو واتا پڕاگماتیکییە، ئەوا زیاتر شیانی ئەوەی لێدەکرێت، ئەو نیشانە پڕاگماتیکییە ببێتەوە بە نیشانەیەکی فەرهەنگی بۆ وشەکە. لەم بارەشدا لەناو فەرهەنگدا بۆ ئەو وشەیە دو چەپکە نیشانە دەبێت دیاری بکرێت، یەکێکیان چەپکە نیشانە واتاییە فەرهەنگییە بنەڕەتییەکەیەتی و ئەوی تریشیان چەپکە نیشانە واتا

---

٢٨) سیمانتیك لقێکی زمانەوانیە، وەکو زانستێك لەواتا دەکۆڵێتەوە و بیردۆزەکانی باس دەکات. بۆزانیاری زیاتر دەربارەی سیمانتیك و زاراوەکەی دەتوانریت بڕوانرێتە: محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ١٥٩).

٢٩) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٠: ٢٠).

٣٠) محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩: ٩٥).

پراگماتیکییەکەیەتی (یان دەشێت وشەکە لەناو فەرهەنگدا هەر یەك چەپکە نیشانەی واتایی بۆ دیاری بکرێت بەمەرجێك نیشانە پراگماتیکییەکەشی بۆ زیاد بکرێت و بخرێتە سەری)، تەنها بەمە دەتوانرێت بگوترێت وشەکە پراگماتیکیانەیە و دوای بەکارهێنان چۆتەوە ناو فەرهەنگ. هەروەکو لە نمونەکاندا دیارە:

٨٦) ئاسۆ نەیتوانی بخوێنێتەوە، چونکە دەفتەری بیرکاری ون کردووە.

ئەگەر بڕوانرێتە وشەی (دەفتەر) لەڕستەی (٨٦)دا، بەواتای بنەڕەتی خۆی کە (دفتر)ی عەرەبی و (Copy book) ی ئینگلیزیە، بەکارهاتووە، کەئێستا وشەی (پەڕاو)ی لەزمانی کوردیدا بۆ دانراوە(هەرچەندە نەیتوانیوە جێگە بە (دەفتەر) لەق بکات و وەکو ئەو لەزماندا بچەسپێ).

٨٧) سەیارەیەکی یەك دەفتەریم بۆ بکڕە.

بەڵام وشەی (دەفتەر) لە ڕستەی (٨٧)دا بە هەمان ئەو واتایە بنەڕەتیەی، کە لە (٨٦)دا بەکارهاتووە، نایەت، بەڵکو واتاکەی زیادکراوە و چۆتە بواری ئابوریەوە و لەجیاتی (١٠٠٠٠) دەهەزار دۆلاری ئەمریکی بەکاردێت، ئەمەش وەکو زیادبونی واتای مۆرفۆپراگماتیك لە سیمانتیك بەکاردێت.

٨٨) لەپاییزدا گەڵای دارەکان دەوەرن.

وشەی (گەڵا) لەڕستەی (٨٨)دا بەواتای بنەڕەتی خۆی بەکاردێت، کە ئەویش ئەو گەڵایانە دەگرێتەوە کە بەلق و پۆلی دارو دەوەن و گوڵەوەیە، بەڵام هەمان وشە لە (٨٩)بە واتای جیاواز دەردەکەوێت:

٨٩) مانگانە دو گەڵا، کرێ خانو دەدەم.

لە (٨٩)دا وشەی (گەڵا) بەواتایەکی جیاواز لە واتا بنەڕەتییەکەی بەکار هاتووە، ئەویش بەکارهێنانیەتی وەکو جۆرە دراوێك، کە دراوی وڵاتێکی بیانییە، چونکە کاتێ دەوترێت یەك گەڵا ئەوا لەبری (١٠٠) سەد دۆلاری ئەمریکی بەکاردێت، لە ڕاستیدا ئەمە زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیکە، لە سیمانتیکدا.

٩٠) ئاسۆ بەیانیان زو نان دەکڕێت لە نانەواخانەکە.

ئەگەر بڕوانرێتە وشەی (نان) لە ڕستەی (٩٠)دا لە بنەڕەتدا بەواتای (کولێرە)، یاخود ئەو هەویرەی دەشێلرێت و دەکرێت بە نان دێت، بەڵام بەپێی ڕۆیشتنی کات واتاکەی زیادکراوە.

٩١) لەگەڵ هاوڕێیان نانی ئێوارەمان خوارد.

ئەگەر بڕوانرێتە وشەی (نان) لە (٩١)دا دەبینرێت، کە واتاکەی زیادکراوە، لە ئێستادا هەمو خواردنێك دەگرێتەوە[٣١]، واتا ژەمی خواردنی مرۆڤ دەگرێتەوە لە زمانی کوردیدا، هەر ئەم فراوانبونی واتایەش وای کردووە بەشدار بێت لە زیادکردنی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکی لە سیمانتیکدا.

٩٢) ویزە ویزی مێشەکان نەیان دەهێشت ئاسۆ بنوێت.

ئەگەر بڕوانرێتە وشەی (مێش) لە ڕستەی (٩٢)دا بەواتای مێرولەیەکی باڵدار دێت، کە ئەمەش واتا بنەڕەتییەکەیەتی، بەڵام هەمان وشە لە (٩٣) بەواتای جیاواز بەکار هاتووە:

٩٣) أ) مانگاکە مێشی کردووە.

ب) شوتییەکە مێش لێیداوە.

پ) سارا پرچی مێش کردووە.

ت)دارا مێشی کرد.

ئەگەر بڕوانرێتە (٩٣أ) دەبینرێت، کە وشەی (مێش) واتاکەی زیادکراوە، بەو جۆرە کرمە دەگوترێت، کە دەچێتە ژێر پێستی مەڕو ماڵاتەوە و خوێنی دەمژێت، ئەمەش دەبێتە هۆی هاربونی ئاژەڵەکان و نەگیرسانەوەیان، چونکە ئازار و خورانی پێستیان بۆ دروست دەبێت، لە هەمان کاتدا جارێکی تریش واتای ئەم وشەیە (مێش) فروان کراوە، بە گواستنەوەی یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی بۆ مرۆڤ، کە لە ڕستەی (٩٣ت)دا کاتێك مرۆڤەکە –دارا– هات وهاوار دەگرێتەوە و هەڵسوکەوتی نەشیاو ئەنجام دەدات هار دەبێت، ئەوا ناوزەد بە (مێش) کردن دەکرێت، هەروەکو لە (٩٣ب)دا دیارە کاتێك جۆرە زیندەوەرێ لەناو میوەی، وەك (شوتی و کاڵەك) پەیدا دەبێت و دەیخوات، دەیڕزێنێت، ئەوکاتە پێی دەگوترێت (مێش) لێیداوە، ((جگە لە واتا بنچینەییەکەی واتای بۆیەکردنی پرچیش دەگرێتەوە))[٣٢]. ئەوەی لە نمونەکانی (٩٣)دا ڕونکراوەتەوە زیادبونی واتای (مێش) دەگەیەنێت لە مۆرفۆپڕاگماتیکدا.

٩٤) ئەو چایەی خواردمانەوە تاڵ بوو.

---

٣١) بڕوانە: عەبدوڵلا عەزیز (١٩٩٠: ٨٢).

٣٢) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٠: ١٧٩).

وشەی (تاڵ) لە ڕستەی (٩٤)دا بە واتای بنەڕەتی خۆی هاتووە، ئەویش جۆرێکە لە تـام، بـەڵام ئـەم وشەیە واتاکەی زیادکراوە بـەهۆی زیـادکردنی واتـای مۆرفۆپراگماتیـك لـە سـیمانتیکدا، وەکـو لـە (٩٥)دا دیارە:

٩٥) أ) دارا ڕەنگ تاڵە.

ب) سارا موەکانی قژی تاڵ تاڵ کردبو.

هەروەکو باسکرا وشەی (تاڵ) لە (٩٥أ) و (٩٥ب)دا واتاکەی فـراوان کـراوە، لـە (٩٥ أ)دا بـە ڕەنگـی پێستی مرۆڤ، یاخود بە ڕەنگی هەر شتێکی تر، تۆخ بێـت دەوترێـت (ڕەنگـی تاڵـە)، بـەڵام لـە (٩٥ ب)دا بە واتای تاڵی موی قژ دێت، ئینجا هی کوڕ بێت یان کچ، جیـاوازی نییـە،بـەڵام ئـەوەی ڕونـە زیادکردنـە واتاییەکەیە لە سیمانتیکدا بەهۆی مۆرفۆپراگماتیکەوە.

٩٦) ئاسۆ کوڕێکە زۆر بیر دەکاتەوە.

وشــەی (بــیر) لــە ڕســتەی (٩٦)دا بــە واتــای (فکــر)ی عــەرەبی دێــت، کــە ئەمــە خــودی واتــا بنەڕەتییەکەیەتی، بەڵام ئەم وشەیە بە هۆی مۆرفۆپراگماتیکـەوە واتاکـەی زیـادکراوە، وەکـو لـە (٩٧)دا دەردەکەوێت:

٩٧) أ) بیرە ئاوەکانی قەڵادزێ بەرەو وشك بونەوە دەچن.

ب) بیرە نەوتەکانی کوردستان، ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبون دان.

ئەگەر سەیر بکرێت وشـەی (بـیر) لـە (٩٧أ) و (٩٧ب)دا زیـادکراوە، بـە هـۆی وەرگرتنـی یـەکێك لـە نیشانە واتاییەکانی واتا بنەڕەتییەکەی وشەکە، ئەویش قوڵ بیرکردنەوەیـە لـە هەنـدێ جـاردا، هـەر ئـەم قوڵیـەش بـەهۆی پراگماتیکـەوە گواسـتراوەتەوە بۆنـاو مۆرفۆپراگماتیـك و بۆتـە هـۆی زیـادکردنی واتـای وشەی (بیر)، کە بەو چاڵە قوڵانە دەگوترێت، ئاو یاخود هـەر کانزایـەکی تـری تێـدا دۆزرابێتـەوە بـەهۆی هەڵکۆڵینـەوە، وەکـو (نـەوت) لـە(٩٧ب)دا، ئـەوەش وای کـردووە، کـە ئـەم وشـەیە بەشـدار بێـت لـە زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیك لە سیمانتیکدا.

٩٨) أ) ئاسۆ ئاژەڵەکەی بە چەقۆ سەربڕی.

ب) ئاسۆ بە مقەست مەڕەکەی بڕیەوە.

ئەگەر لە ڕستەی (٩٨أ) و (٩٨ب) سەیری وشەی (بڕین) بکرێت تێبینی دەکرێت، وشەکە بەواتا فەرهەنگییەکەی، کە بڕینەوە و لێکجیاکردنەوەی شتێکە لە شتێکی تر هاتووە، بەلاّم بە هۆی پراگماتیکەوە لە (٩٩)دا وشەی (بڕین) واتاکەی زیادکراوە.

٩٩) أ) مامی ئاوەکەی لێ بڕی.

ب) دوکاندارەکە قۆڵی کڕیارەکانی بڕی.

پ) دەنگیان نەدایە، بۆیە نان بڕاوی کردن.

ت) لە ناوەڕاستی گفتوگۆکەیاندا، ئاسۆ قسەکانی بە دلێر بڕی.

ج) ئەقڵم نایبڕێت، کە تۆ دەرچیت.

لە گشت نمونەکانی (٩٩)دا (بڕین) بەواتای جیاواز لەواتا بنەڕەتییەکەی بەکارهاتووەو واتاکەی زیادکراوە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش هاتنە ناوەوەی پراگماتیکە، وەکو لە (٩٩أ)دا دیارە وشەی (بڕین) بەواتای (ڕێگریکردن و گرتنەوەی ئاو و بێ ئاو کردن) دێت، بەلاّم (بڕین) لە (٩٩ب)دا بەواتای هەڵخەڵەتاندن و فێڵ لێکردن و غەدر لێکردن هاتووە، هەروەها لە (٩٩پ)دا بەواتای نەهێشتن و شوێن پێ لەقکردن دێت، واتە نەهێشتنی قوت و بژێوی کەسێك، وە لە(٩٩ت)دا بریتییە لە دەم کوتکردن، بێدەنگ کردن و قسە وەرگرتن لە دەمی قسەکەر لە ناوەڕاستی گفتوگۆدا، جا بەهەر هۆیەك بێت، بەلاّم وشەی (بڕین) لە(٩٩ج)دا بە واتای باوەڕبون، یاخود باوەڕ نەبون بە شتێك دێت، لێرەدا بەواتای مەزەندە کردن هاتووە[٣٣].

هەموو ئەو واتایانەی (بڕین) بەهۆی گواستنەوەی نیشانە واتاییەکانیەوەتی، گونجاندنیان لەگەڵ واتای پراگماتیکدا بۆ ئەوەی واتاکانیان فراوان بکرێت و زمان پەکی نەکەوێت لە ئاخاوتن و دەربڕیندا. ئەوەی لێرەدا ڕونە وشەی (بڕین) و هەمو وشەکانی تر، کە باسکران بەشدارن لە زیادکردنی واتای مۆرفۆپراگماتیك لە سیمانتیکدا.

---

٣٣) بڕوانە: عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد (١٩٩٠: ١٢٣).

## ٢) ٢-٢) کەمکردنەوەی واتا (Diminutive) (DIM):

فـۆرمێکی وشــە دروســتکردنە بــەکاردێت بـۆ گواســتنەوەی ڕێژەیــەکی کـەم لــە واتــای وشــە سـەرەکییەکەی، یـان ((تایبـەتکردنی واتـا گشـتیەکەی وشـە فەرهەنگیەکـە و کەمکردنـەوەی مەبەسـتە فراوانەکەیی و بەکارهێنانی بۆ تەنیا بوارێك لە بوارەکانی))[٣٤] یان بۆ گواستنەوەی قەبارەیـەکی بچـوکی کەرەسـتەکانیان یـان بـۆ گواسـتنەوەی واتـای خۆشەویسـتی یـاخود واتـای گاڵتـەجاڕی ((وشـەی بچـوککردنەوە لـە بـواری ئاسـاییدا بـۆ زۆر حاڵـەت کـە شـیاوی بچـوککردنەوەن، وەك بچـوککردنەوەی قەبارەی شتومەکە جۆراو جۆرەکانی سروشت، بەڵام لێرەدا وەك زاراوەیەکی تایبەت بە زمانـەوانی بـاس دەکرێـت، کـە بەرامبـەر وشـەکانی(Diminutive) و (تصـغیر)ە، لـەزمانی ئینگلیـزی و عەرەبیـدا، کەواتـە بچوککردنەوە دیاردەیـەکی زمـانی ناسـراوە لـە زۆربـەی زمانەکانـداو بـە شـێوازی جیـا جیـا هەیـە))[٣٥]. کەمکردنەوەی واتا یەکێکە لە ڕێگاکانی دەوڵەمەنـدکردنی زاراوە لـە زمانـدا، چـونکە ژمارەیـەکی زۆر لـە زاراوەی زانستە جۆراو جۆرەکان دروست دەکات، یان بەشداری لە دروست کردنیـان دەکـات، کریسـتەڵ پێـی وایـە ((بچـوککردنەوە زاراوەیەکـە لـە بـواری مۆرفۆلۆژیـدا بۆگوزارشـتکردن لـەو گیرەکانـەی واتـای گشـتی بچـوککردنەوە دەبەخشـن...))[٣٦] ئـەم پرۆسـەیەش هــەروەکو پرۆسـەی فـراوان کردنـی واتـا بەشـداری دەکـات لـە دروسـت کردنـی مۆرفۆپراگمـاتیکی واتـا کەمکردنـەوە (بچـوککردنەوە)، گشـت ئاسـتەکانی زمـانیش دەگرێتـەوە. بـەم پێیـە مۆرفۆپراگمـاتیکی کەمکردنـەوەی واتـا، لـەم ئاسـتانەی خوارەوەدا دەخرێتە ڕوو:

١) مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتا لە دەنگسازیدا.

٢) مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتا لە مۆرفۆلۆژیدا.

٣) مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتا لە سینتاکسدا.

٤) مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتا لە سیمانتیکدا.

---

٣٤) ڕۆژان نوری (٢٠٠٧: ١٩٣).

٣٥) سازان زاهیر سەعید (٢٠٠٩: ١٨).

٣٦) سەرچاوەی پێشو (١٨).

### ٢/٢-٢-١) مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتا لە دەنگسازیدا:

کەمکردنەوەی واتا لەسنوری دەنگسازیدا، بەهۆی گۆڕانکارییە فۆنەتیکییەکانەوە دەبێت، واتە بەهۆی دەنگەگۆڕکێ و جێگۆڕکێی دەنگەکان یاخود کرتاندن و لەناوچونی دەنگەکان، یاخود زیادبونی دەنگێك لەدەنگەکان دەبنە هۆکاری کەمکردنەوەی واتا، لەوانەشە ئەمە بۆ نازناو دروستکردن بێت، یاخود بەهۆی هەستو سۆز دەربڕین بێت، یان بەهۆی خێرایی قسەکردن و ئیکۆنۆمییەوە بێت، یان کۆمەڵگا بەمشێوەیە سەپاندبێتی و بەو شێوازە ڕۆشتبێت. بەهەرحاڵ، کەمکردنەوەی واتا لە هەمو زمانەکانی جیهاندا هەیە، زمانی کوردیش لێی بێبەری نی یە، هەموو ئاستەکانیش دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی بایەخە، جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیەیە لە ئاستی دەنگسازیدا.

١٠٠) کچێك ← کچێ

کورێك ← کورێ

بەهۆی کرتانی دەنگێکەوە ناوەکە بچوك کراوەتەوە لەنمونەکانی (١٠٠)دا، جا ئەو بچوك کردنەوەیە بۆ مەبەستی نێگەتیڤی بێت، یان حاڵەتی توڕەبون بێت، یان پەلەکردن و ئیکۆنۆمی بێت، دەبێت دڵنیا بیەنەوە لەوەی، کە پراگماتیك دەستی تێدایە، هەروەها لەوانەشە لەبەر حاڵەتە ڕێزمانییەکە بێت، یاخود بارە کۆمەڵایەتیەکە وا بخوازێت، بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا گرنگە، دروستبونی کەمبونەوەی واتای مۆرفۆپراگماتیکە لەدەنگسازیدا، بەهۆی هێنانە ناوەوەی دەنگ، یان دەنگەگۆڕکێ، یان کرتاندنی فۆنیم لە دەربڕینداو کەمبونەوەی واتای پراگماتیکی وشەکە.

١٠١) کاك عەلی ← کاعەلی (کاکە لی) ← { لەناو چونی دەنگ }

کاك حەسەن ← کاحەسەن (کاکە سەن) ← { لەناو چونی دەنگ }

لەنمونەکانی (١٠١)دا بەهۆی لەناوچونی دەنگەوە مەبەستە شاراواکانی پراگماتیك دەردەکەوێت، کە ئەوێش لەوانەیە بەهۆی خێرای دەبڕینەوە دەربچن، یاخود مەبەستی قسەکەر بچوك کردنەوەی کەسی بەرامبەر بێت، یان دەشێت سیمای دەربڕینی دەڤەرێکی سنوردار بێت.

١٠٢) عومەر ← هۆمەر (هومەر)

حەیدەر ← عەیدەر

عەبدوڵڵا ← حەبدوڵڵا

حاجی ← عاجی

مەحمود ← مەعمود

حەمەد ← عەمەد

عوسمان ← حوسمان

عێراق ← حێراق

محەمەد ← معەمەد

حوسێن ← عوسێن (وسێن)

{ گۆڕینی دەنگەکان }

١٠٣) جومعە ← جوعمە

ڕوبع ← ڕوعب

یوسف ← وێسف (وێسە)

یونس ← وێنس

{ جێگۆڕکێی دەنگەکان }

هەروەك بەهۆی دەنگە گۆڕکێوە لە (١٠٢)دا دەردەکەوێ، کە قسەکەر بەتانەوە کەسی بەرامبەر بانگ دەکات وەکو گاڵتە کردن پێی، ئەمەش کەمکردنەوەی واتای ناوەکانە لەسنوری دیاریکراودا، کە بەم شێوازە قسە بکات، یاخود کەسی سێیەمیان لەگەڵە و بەم شێوازە قسە دەکات، قسەکەر بەهێنانی ئەم جۆرە ناوانەو گۆڕینی دەنگەکانیان سوکایەتی و گاڵتەجاڕی بەکەسی سێیەم دەکات (یاخود کەسی ئامادە نەبوو). یان بەهۆی جێگۆڕکێی نێوان دەنگەکانەوە ناو و ئاوەڵناو و بەشەکانی تری ئاخاوتن جۆرێك لە گاڵتە جاری و قەشمەری پێوە دیارە، کە ئەمەش بۆ بچوککردنەوە و تەسککردنەوەی واتا دەربڕاوەکان بەکاردێت، هەروەکو لەنمونەکانی (١٠٣)دا هاتووە، بەڵام ئەوەی ڕون و ئاشکرایە لەنمونەکانی (١٠١، ١٠٢، ١٠٣)دا بریتییە لە کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپاگماتیك لە دەنگسازیدا.

١٠٤) شێخ ← شێ ← {لەناو چونی دەنگ}

سەگ ← سە ← {لەناو چونی دەنگ}

ئـەوەی لـە (١٠٤)دا مەبەسـتە تەسـككردنەوەی سـنوری بەکارهێنانـە بـەهۆی لەناوچـونی دەنگەکانەوە، کە لە نمونەکاندا ڕویانداوە، چونکە کاتێك کەسێك بانگی (شێخ) دەکات لەوانەیە هەر بەمەبەست، چونکە خۆشی ناوێ، بچوکی بکاتەوە، وەکو لە (١٠٥)دا دەردەکەوێ، ئەگەر بڕوانرێتە وشەی (شێ) لە نمونەکەدا:

١٠٤) شێ حوسێنت مەبەستە؟!

ئەمەش بەهۆی لەناوچونی دەنگەوە لە وشەی (شێخ)دا دروست بووە، لەوانەشە لەبەر ئیکۆنۆمی، یاخود پەلەپەلی قسەکردن، یاخود دەربڕینی ڕێزمانیەوە بێت. کاتێك لەجیاتی وشەی (سەگ) وشەی (سە) بەکاردێت، ئەوا کەمکردنەوەی واتاکەیەتی، هەروەکو لە (١٠٦)دا دەردەکەوێ:

١٠٦) دەڵێی سەی.

ئەگەر سەیری وشەی (سە) بکرێت، لە (١٠٦)دا، بەهۆی لەناوچونی دەنگەوە واتاکەی کەمکراوەتەوە، چونکە قسەکەر گوێگر دەهێنێتە ڕیزی سەگ، بگرە زۆر جار لەسەگەکەش بە کەمتر دایدەنێت، بەهۆی لەناوچونی ئەم دەنگەوە، چونکە گوێگر زۆر هار و چەقاوە سووە. لێرەدا کەمکردنەوەی واتاکە بەخشراوە بەمرۆڤێکی هار و سوك و ڕەوشت نزم[٣٧].

١٠٧) دکتۆر← دختۆر ← {دەنگە گۆڕکێ}

هەروەکو لە (١٠٧)دا دەردەکەوێ (دختۆر) ئەنجامی دەنگە گۆڕکێیە، لەوانەیە ئەم گۆڕانی دەنگە بۆ سوعبەت و گاڵتەو گەپی نێوان هاوڕێیان بێت وەکو لە (١٠٨)دا دیارە:

١٠٨) بەڕاستی دختۆری. { هـ هـ هـ ها } { قسەکردنێکی گاڵتە ئامێزاوی }

---

٣٧) لەوانەیە هەندێ جار کێشە دروست ببێ لە دەربڕینی وشەکانی نمونەی (١٠٤، ١٠٥ ، ١٠٦)، چونکە کاتێ دەوترێ (شێ) ئەوا دو واتا دەبەخشێ: ١) شێ ← {بەواتای (شێخ)، کە دەنگی لێ کرتاوە}، ٢) شێ ← {مەبەست لێی: جۆری کەشو هەوایە}. هەروەها لە دەربڕینی (سە) شدا بەهەمان شێوە:١) سە ← سەگ ← {ئاژەڵێکیماڵییە}، ٢) سە ← سەد ←{ژمارەیەکی بیرکارییە}.هەردوکیشیان بەهۆی کرتانی دەنگەوە دروست بون، تەنها بەهۆی بەکارهێنانی دەوروبەرەوە دەتوانرێت بزانرێت قسەکەر مەبەستی کام لەم وشانەیە لەکاتی دەربڕیندا، ئەمەش بەخشکەیی دەربڕینی وشەکان دەردەخات، کە بەهۆی پراگماتیکەوە ئەم بەخشکەیی دەربڕینە ئاشکرا دەبێت.

یاخود بەهۆی نەخوێندەواری قسەکەرەوەبێت، کاتێك، کە نەخۆش نەخوێندەوارە و حاڵەتی نەخۆشیەکەی بۆ دکتۆر باس دەکات، وەکو لە (١٠٩)دا دیارە:

١٠٩) دختۆر گیان، جا چیت بۆ باس بکەم؟!

بەهۆی گۆڕانی دەنگی/ك/ بۆ /خ/ لە وشەی (دکتۆر)دا، ئەم واتا کەمکردنەوەیە دەردەکەوێ، پراگماتیك بەشدارە و واتاکان کەمدەکاتەوە، مۆرفۆپڕاگماتیکی کەمکردنەوەی واتا لە دەنگسازیدا دروست دەکات.

## ٢/٢-٢-٢/ مۆرفۆپڕاگماتیکی کەمکردنەوەی واتا لە مۆرفۆلۆژیدا:

لەزمانی کوردیدا مۆرفیمەکان، لە کەمکردنەوەی واتا یاخود لە تەسککردنەوەی واتا بەشداری دەکەن، بەهۆی ئەم واتا کەمکردنەوەش: سوکایەتی، تانەوتەشەر، خۆشەویستی، هەست و سۆز، ناز دەربڕین، نازناو دەگەیەنن، هەندێك کاتیش کەمکردنەوەکە بەهۆی مۆرفیمەکانی بچوککردنەوەوە ڕوودەدەن، هەروەکو (تراسك) لەم بارەیەوە دەڵێ ((گیرەکێکی وشە داڕێژە، دەشێ بەمەبەستی دەربڕینی چەمکی بچوك قەبارەی شت کەرەستەیەك، بۆ وشەیەك زیاد بکرێت، سەرەڕای ئەوەی هەندێ جار، بیرۆکەی سۆز، یان هەستی خۆشەویستی دەخولقێنێت))[٣٨]، زۆرجاریش کەمکردنەوەی واتا بەمەبەستی بچوککردنەوەی قەبارەی ڕوبەر بەکاردێت، یاخود تەمەن کاریگەری دەبێت لەسەری لە قۆناغێکی دیاریکراوی مرۆڤدا، جگە لەمانەش زۆر جار ئیکۆنۆمی لەزماندا دەوری دەبێت لە تەسککردنەوەی واتا.

لەڕاستیدا مەبەست لە کەمکردنەوەی واتا لەپراگماتیکدا بریتیە لەوەی، کە هەندێ جار دەربڕاوێك کورت دەکرێتەوە، کە بەهۆیەوە واتایەکی پراگماتیکی وەردەگرێت، واتا وشەیەکی وەك (شێخ) {لە پەراوێزی (٣٧)دا باسکراوە}، کە دەکرێت بە (شێ) کورتکراوەتەوە لەڕوی فۆڕمەوە بەمەش ئەم فۆڕمە کورتکراوەیە جگە لەوا تا ئاساییەکەی واتای بەخشکەیش دەردەبڕێت، کە زیاتر واتای پراگماتیکییە، کە لەنمونەکاندا ئەم حاڵەتە بەڕونی دەبینرێت:

١١٠) گەلی کورد پشتیوانی لە ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێم دەکات.

---

٣٨) سازان زاهیر سەعید (٢٠٠٩: ٢١).

ئەگەر سەیری وشەی (پشتیوان) بکرێت لـە نمونـەی (١١٠)دا دەبینرێت،کـە بـەواتای ئاسـایی خـۆی بەکار هاتووە، کە پشـتگیری کـردن و یارمـەتی دانـە، واتـە لێـرەدا وەکـو واتـای بنـەڕەتی دەردەکـەوێ، بەڵام ئەگەر سەیری وشەی پشتیوان لە (١١١)دا بکرێت، بەمشێوەیە نابینرێت:

١١١) بەڕاستی پشتیوانیت لێکردین!

ئەگـەر سـەیری وشـەی (پشـتیوان) بکرێـت لـە ڕسـتەی (١١١) دەبینرێـت، کـە تەسـککردنەوە و کەمکردنەوەی واتا بـەهۆی بەخشـەکەیی دەربڕیـی وشـەکەوە لەڕستەکەدا دەردەکـەوێ، چـونکە واتـای وشەکە پێچەوانە کراوەتەوەو ئەو واتا بنەڕەتییە ناگەیەنێ، کە لە ڕسـتەی (١١٠)دا گەیاندویـەتی، بـەڵکو لێـرەدا بـە واتـای پشـتیوانی نـەکردن و پشـت تێکـردن دێـت، کـە ئەمـەش کەمکردنـەوەی واتـای مۆرفۆپراگماتیك دەگەیەنێ لە مۆرفیمەکەدا.

١١٢) ئازاد پیاوێکی زۆر باشە.

ئەگەر سـەیری وشـەی (پیـاو) بکرێـت لەڕسـتەی (١١٢)دا، دەبینرێت، کـە بـەواتای بنـەڕەتی خـۆی بەکارهاتووە، کۆمەڵێ نیشانەی واتایی تێدایە لەوانە: {+ نێر، + هەراش}، بـەڵام مـەرج نیـە لـە ڕسـتەی (١١٣) وشەی (پیاو) هەمان ئەم (پیاو)ە بێت، کە لە (١١٢)دا خراوەتەڕوو:

١١٣) بەڕاستی پیاوی! لەنیوەی ڕێگاکە جێت هێشتین.

ئـەوەی ڕونـە لـە ڕسـتەی (١١٣)دا وشـەی (پیـاو) واتاکـەی کەمکراوەتـەوە بـەهۆی بەخشـەکەیی دەربڕینی ئاخاوتەنەوە، چونکە لێرەدا وشەی (پیاو) نیشانە واتاییەکانی گوازراونەوە بۆ نـاو پراگماتیـك، بەڵام بەبارێکی خراپدا، واتە بەم شێوەیە:

-{+ نێرە + هەراش + ناپیاو} یان{+ نێرە + هەرزەکار + نا پیاو}.

- یاخود {+مێ + هەراش + ناپیاو} یان{+ مێ + هەرزەکار + ناپیاو}.

ئەگەر سەیربکرێت لە هەر حاڵەتێکی ئەم نیشانە واتاییانـە دا (ناپیـاوی) بەدیـدەکرێت، کـە ئەمـەش سەچاوەی تەسکبونەوەی واتاکەیە لە مۆرفۆپراگماتیکەکەدا

١١٤) ئارام کوڕێکە، کوڕانی پێبشکێنە.

ئەگـەر سـەیری نـاوی (ئـارام) بکرێـت لەڕسـتەی (١١٤)دا دەبینرێـت، کـە بـەواتای بنـەڕەتی خـۆی بـەکارهاتووە و نیشـانەی واتاییـەکانی لـە جێگـەی خۆیـدا، کـە{+ نێـر + هـەراش + کـوڕ + چـاکە +

پیـاوەتی} یـاخود (+ گـەنج)، بـەڵام ئـەم وشـەیە لـە (١١٥)دا، وانابینرێـت بـەهۆی بچـوککردنەوەو کەمکردنەوەی واتاوە:

١١٥) زۆر ناپیاوی، ئارە.

ئەگەر سـەیربکرێت وشـەی (ئـارە) کـورتکراوەی نـاوی (ئـارام)ە، ئـەم کورتکردنەوەیـە بریتییـە لـە تەسککردنەوەی ناوی کەسـەکە بـەهۆی بەخشـکەیی دەربڕینـی ئاخاوتنـەوە، بـەڵام نیشـانە واتاییـەکانی هەمان نیشانە واتاییە بنەڕتیەکانی نیە، بەڵکو لێرەدا بەواتایەکی تر بەکاردێت:

{+ نێر – پیاوەتی –چاکە –باش – هەراش (گەنج)...}

کەواتە بەهۆی نیشانە واتاییەکانەوە، کە گواسـتراونەتەوە بـۆ نـاو پراگماتیـك، کەمکردنـەوەی واتـای مۆرفۆپڕاگماتیکەکە لە مۆرفۆلۆژیدا دەرکەوتووە.

### ٢/٢-٢-٣) مۆرفۆپڕاگماتیکی کەمکردنەوەی واتا لە سنیتاکسدا:

هەروەکو لەبابەتی فراوانکردنی واتای سنیتاکسدا ئاماژەی پێکـرا، سـنیتاکس بەشـێکی گراماتیکـەو لەگەڵ مۆرفۆلۆژی بەیەکەوە بەشـداری لەپێکهێنانیـدا دەکـەن، ئـەوەی لێـرەدا مەبەسـتە کەمکردنـەوەی واتایـە لـە ڕستەسـازیدا، جـا ئـەم کەمکردنەوەیـە بـەهۆی ئیکۆنۆمیـەوە بێـت، یـان بـەهۆی پەلـەکردن لەقسـەداو زانیـاری پێشـینەوەبێت، یـاخود دەوروبـەر، هەریـەکێك لـەم هۆکارانـە کاریگـەری بەسـەر کەمکردنـەوەی واتـاو گەیانـدنی واتـای پراگمـاتیکی دەبێـت، بەهـەمان شـێوەی زیـادکردنی واتـا، کەمکردنەوەی واتاش لە جۆرەکانی ڕستەدا بەدیدەکرێت:

١) مۆرفۆپڕاگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی پرسیارکردن.

٢) مۆرفۆپڕاگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی هەواڵگەیاندن

٣) مۆرفۆپڕاگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی فەرمانکردن (داخوازی)

٤) مۆرفۆپڕاگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی سەرسوڕمان (ڕامان)

## ١) مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی پرسیارکردن:[٣٩]

لەڕاستیدا مرۆڤ بەهۆی بەخشکەیی دەربڕینە ئاخاوتنەکانەوە دەتوانێت واتای دەربڕاوەکان {جا ڕستەبێت، یاخود گەورەتر، یان بچوکتر لە ڕستە بێت}، تەسك بکاتەوە، ئەمەش بۆ خاتری ئاسانکاری دەربڕینەکان، ئیکۆنۆمی کردن، جفرە کردنی قسەکان، یاخود زۆر جار لەبەر ڕێز و نەشکاندنی ڕاستەوخۆی بەرامبەر لەکاتی ئاخاوتندا، لێرەشدا ئەم بەخشکەیی دەربڕینە جێبەجێ دەکرێت بەسەر جۆرەکانی ڕستەی پرس و چۆنیەتی تەسك بونەوەی واتاکانیان:

### أ) مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی پرسیارکردنی گشتی:

لەم جۆرە ڕستەی پرسەدا واتا بەخشکەییەدەربڕاوەکان یارمەتی دەربڕینی کەمکردنەوەی واتای ڕستەکان دەدەن و بەشداریان پێدەکەن لە پرۆسەی کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپراگماتیك لە ڕستەی پرسی گشتیدا، هەوەکو لەنمونەکاندا دیارە:

١١٦) دێیت بچین بۆ قەلاّدزێ؟

ئەگەر سەیری ڕستەی (١١٦) بکرێت، دەبینرێت، کە ڕستەیەکی پرسیاری گشتییە، واتا بنەڕەتیەکەی ئاشکرایە، ئەویش پرسیارکردنە لەکاتی ڕۆشتنی قسەکەر و گوێگر بۆ (قەلاّدزێ)، بەلاّم ئەگەر سەیربکرێت دەبینرێت بەخشکەیی دەربڕین هەیە لەنمونەی (١١٦)دا، کە چەند واتایەکی شاراوە لەخۆدەگرێت:

+ تا ساتی قسەکردنەکە، کەسی پرسیارلێکراو نەچووە بۆ قەلاّدزێ.

+ پرسیار لێکراو پێشتر بەلێنی چونە قەلاّدزێی داوە.

+پرسیارکەر گلەی لە پرسیار لێکراو دەکات، کە لەگەلّی نەچووە بۆ قەلاّدزێ.

+ دەیانەوێت سەردانێکی قەلاّدزێ بکەن[٤٠].

کەواتە ئەوەی ڕونە لە (١١٦)دا کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپراگماتیکییە لە ڕستەی پرسیاریدا و بەتایبەتی تریش لە مۆرفیمە پرسەکەدا(کەی)، چونکە هەمو پرسەکە و واتا بەخشکەیی دەربڕاوەکە دەگەڕێتەوە هۆی بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی (کەی) (هاتن_دێیت_)ەکە و کەمکردنەوەی واتای ڕستەکە.

---

٣٩) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پراگماتیکی ڕستەی پرسیارکردن، بڕوانە:ئاڤێستا کەمال مەحمود(٢٠٠٩: ٦٩ – ١٥٣)

٤٠) بۆ ئەم جۆرە شیکردنەوەیە سود بینراوە لە: ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩: ٩٢ – ٩٣).

### ب) مۆرفۆپڕاگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی پرسیارکردنی تایبەت:

لێرەشدا دەتوانرێت ڕستەکان تەسك بکرێنەوە، لەگەڵ ئەو تەسککردنەوەیەش واتاکەیان کەم دەکرێتەوە و بچوك دەبنەوە، بەهۆی ئەمەشەوە پرۆسەی کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکی ڕستەی پرسیارکردنی تایبەت دروست دەبێت.

١١٧) کاکە ئەریٚ کەی ئەم دەعوەتە دەخۆین؟

لە ڕوکەشدا ڕستەی (١١٧) ڕستەیەکی پرسی تایبەتییە، جۆرێکە لە پرسیارکردن، بەڵام ئەوەی دیارنیە واتا بەخشکەییە دەربڕاوەکەیە، کەمەبەستی سەرەکییە لەم باسەدا، چونکە ئەم ڕستەیە چەند واتایەکی بەخشکەیی دەربرینی تێدایە، لەوانە:

+ بەخوا وابزانم ئەم دەعوەتە ناخۆین.

+ لیچی لیٚ نادەین.

+بەم زوانە نایخۆین.

+ پێی ناگەین.

+ کەی بەڵێنی دەعوەتەکەت دەبەیتە سەر؟

هەموو ئەمانە بەخشکەیی دەربڕینی ڕستەی (١١٧)ن، هەر ئەمەش وایکردووە، بەشداربێت لە کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپڕاگماتیك، چونکە تەوەرەی سەرەکی بابەتەکە مۆرفیمی (خواردن)ەکە دروستی کردووە، بۆیە ڕستەکە بەهۆی ئەم مۆرفیمەوە کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکی تێدا بەدیدەکرێت.

### پ) مۆرفۆپڕاگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی پرسیارکردنی هەڵبژاردن:

ئەم جۆرە ڕستەیەش، وەکو جۆرەکانی تری ڕستەی پرس دەتوانێت لە زماندا کەمکردنەوە و تەسککردنەوەی واتا، بەهۆی بەخشکەیی دەربڕینەوە، بەشدار بێت لە پرۆسەی کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپڕاگماتیك، هەروەکو لەنمونە (١١٨)دا دەردەکەویٚ:

١١٨) ئەریٚ برا دێیت بۆ سیمینارەکە یان نایەیت ؟

ئەگەر سەیری ڕستەی (١١٨)بکرێت، لە ڕواڵەتدا ڕستەیەکی پرسی هەڵبژاردنە و ئاسایی قسەکەر ئاراستەی گوێگری دەکات و هەڵبژاردنیشی دەخاتە بەردەم، کە چون یاخود نەچونە، بەڵام هەر

بەوەندە ڕستەکە تەواو نابێت، بەڵکو ئەگەر بەقوڵی لێی بڕوانرێت، دەبینرێت، کە ڕستەکە بەخشکەیی دەربڕینی تێدایە:

+ بێزار بوم لە دواکەوتنت، کەی دێیت.

+ پەلە بکە کات نەماوە.

+ ئەوەندە قسەمەکە، خێرا وەرە بۆ سیمینارەکە.

+ چی تر خۆت دوامەخە، بڕیاربدە، یان وەرە، یان مەیە.

+ ئەگەر نایەی، من بە تەنها دەڕۆم بۆ سیمینارەکە.

+ ئەگەر دێیت، بەیەکەوە دەڕۆین بۆ سیمینارەکە.

هەمو ئەم واتا بەخشکەیی دەربڕاوانە، کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپراگماتیکی ڕستەی پرسەکە(١١٨) دەگەیەنن، کە لە ئەنجامی مۆرفیمی (هاتن)ەوە ڕستە پرسەکە دروست بووەو مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتای هێناوەتە ئاراوە، بەهۆی ئەوەی تەوەری قسەکردنەکە لەسەر (هاتن) و (نەهاتن)ی گوێگرە، بۆیە وشە پراگماتیکییە واتا کەمکراوەکە دروست بووە و ڕستەکەشی لەگەڵ خۆیدا پەلکێش کردووە بۆ ناو پرۆسەکە.

## ت) مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی کلکە پرسیار:

ڕستەی پرسی کلکە پرسیار، بەشێوازێك لە شێوازەکان، بەشداری دەکات لە دروستکردنی کەمکردنەوەو تەسککردنەوەی واتا، لە مۆرفۆپراگماتیکدا، هەربۆیەش بەشداریکەرێکی تری پرۆسەکە دەبێت لەم بوارەدا.

١١٩) دیارە، تەمبێ بووی؟

ئەگەر سەیری ڕستەی (١١٩) بکرێت، ئاسایی ڕستەیەکی کلکە پرسیار دێتە بەرچاو، پێویستی بە وەڵامی گونجاو (بەڵێ / نەخێر) هەیە، بەڵام مەبەستەکە لێرەدا ئەو بەخشکەیی دەربڕینەیە، کە لە ڕستەکەدا خۆی حەشارداوە، کە مەبەستی سەرەکی باسەکەیە:

+ بەهۆی ئەو ئامۆژگاریەکانەوە تەمبێ بووی.

+بەهۆی قسە ناشیرنەکانی، کەپێیان وتوی تەمبێ بووی.

+ بەهۆی لێدانەکەوە تەمبێ بووی.

+ئەو ڕوداوەی بەسەرت هات تەمبێی کردی.

+ جارێکی تر ئەم شتە دوبارە ناکەیتەوە.

+ جارێکی تر ناگەڕێیتەوە بۆ ئەم کارەو ئاقڵ بووی.

هەمو ئەم بەخشکەیی دەربڕینانە، خۆیان حەشارداوە لەپشت ڕستەی پرسی (١١٩) کە، هەمو ئەمانەش بەهۆی دەوروبەر دەردەکەوێ، یارمەتی تەسکبونەوەی واتای ڕستە پرسەکە دەدەن و بەشداری پێدەکەن، لە پرۆسەی تەسککردنەوەی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکی ڕستە پرسەکە، بە تایبەتی کاتێك، کە کەسەکە وەڵام دەداتەوە بەتاکە وشەیەکی وەکو (بەڵێ) یان (نەخێر)و بەشداری پێدەکات لە پرۆسەی کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکدا.

## ج) مۆرفۆپڕاگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی پرسیارکردنی ڕاستەوخۆ:

تەسککردنەوەی واتا، لە ڕستەی پرسیارکردنی ڕاستەوخۆدا، وەکو جۆرەکانی تری ڕستەی پرس، بە ئاسایی دروست دەکرێت و دەردەکەوێت، بەشداری دەکات لە پرۆسەکەدا.

١٢٠) بۆ ئەمڕۆ لە زانکۆ نەمبینی ؟

ڕستەی (١٢٠) ڕستەیەکی پرسی ڕاستەوخۆیە و قسەکەر ئاڕاستەی گوێگری دەکات. ئەوەی مەبەستە ئەو واتا پەنامەکییەیە، کە قسەکەر { پرسیارکەر} مەبەستێتی لەو بەخشکەیی دەربڕینەدا:

+ ئەمڕۆ نەهاتبووی بۆ زانکۆ.

+ لە زانکۆ بەدواتدا گەڕام.

+ هاوڕێیان و مامۆستایان لێیان دەپرسی.

+ هۆکاری نەهاتنت بۆ زانکۆ چی بو؟

+ زۆر چاوم گێڕا لە زانکۆ، بەڵام هەر نەمبینی.

+ ئایا ئەمڕۆ هاتبوی بۆ زانکۆ یان نا؟

هەموو ئەم واتا شاراوانە پرۆسەی تەسك بونەوەی واتا دەردەخەن، لە مۆرفۆپڕاگماتیکدا، کە ئەمانەش بەهۆی بەخشکەی دەربڕینی ئاخاوتنەکەوە دەخرێنە ڕو، کە لە ڕاستیدا تەوەری ڕستەکە

لەدەوری مۆرفیمی (بینین) دەسورێتەوە و باسەکە لەو وشەیەدا واتای کەمکراوەتەوە، بۆیە بەشداری پێکراوە لە کەمکردنەوەی واتای پراگماتیکی وشەیی.

### چ) مۆرفۆپڕاگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی پرسیارکردنی ناڕاستەوخۆ:

ناڕاستەوخۆ پرسیار کردن لە ڕستەدا، جۆریکی تری ڕستەی پرسە، کە بەشداری دەکات لە کەمکردنەوەی واتا لە مۆرفۆپڕاگماتیکدا، بەهۆی ئەو واتا پەنامەکیانەی، کە لە ڕستەکانیدا ئاراستەیان دەکات.

١٢١) ئاشکرایە، چ کەسانێك گەندەڵن ؟

لە(١٢١)دا قسەکەر پرسیارێکی ناڕاستەوخۆ ئاراستە دەکات، ئەویش پرسیارکردن لە گەندەڵەکان و دەرخستنیانە. دەتوانرێت بگوترێت ئەم جۆرە ڕستانە بەشداربویەکی چالاکی کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکین، چونکە بەخشکەیی دەربڕین لە ناخیاندا دیارە:

+ پێویستە ڕونی بکەمەوە کێ گەندەڵە.

+گەندەڵەکان لەپێش چاون، چی ترت دەوێ ؟

+ کەی هۆشیار دەبنەوە؟! بۆچی گەندەڵکاران نابینن؟!

+ پێویست ناکات پرسیاری ئەوەم لێ بکەیت، کە کامە گەندەڵەکانن.

هەموو ئەم واتا پەنامەکیانە بەشێکی بەخشکەیی دەربڕینی ڕستەی (١٢١)ن، هەر ئەمەش وایکردووە بەشداربێت لە کەمکردنەوە واتاییەکەدا، بەلأم ئەوەی ڕون و ئاشکرایە، هەردو مۆرفیمی (زانین) و (تێگەیشتن) هۆکاری دروستبونی ئەم واتا کەمکردنەوەیەی ڕستە پرسە ناڕاستەوخۆکەن، چونکە تێگەیشتن، یان تێنەگەیشتن و زانین و نەزانینی گوێگر، بابەتەکەی دروست کردووە و کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپڕاگماتیکی ڕستەی پرسی ناڕاستەوخۆی دروست کردووە.

هەروەکو لە{ (٢/٢-١-٣)دا لەخاڵی (چ)} دا باسکرا، ڕستەی پرسیارکردن بەهۆی ئاوەزەوە بنیات دەنرێت و دروست دەکرێت، دەشتوانێت بەشداربێت لە تەسککردنەوەی واتای مۆرفۆپڕاگماتیك، بەهۆی بەخشکەی دەربڕینەوە.

١٢٢) قۆناغی چوارەم هەمویان ئامادەبون ؟

ڕستەیەکی پرسەو بەهۆی ئاوازەوە دروستکراوە، پرسیارێکی ئاسایی دەربارەی ئامادەبون، یاخود ئامادە نەبونی خوێندکاران دەکات، بەڵام ئەوەی مەبەستە لێرەدا ئەو واتا پەنامەکیانەیە، کە لە ڕستەکەدا هەن:

+) هەمو خوێندکارەکانی قۆناغی چوار ئامادەن یان نا؟

+) کێ نەهاتووە لە قۆناغی چوارەم؟

+) کێ هاتووە لە قۆناغی چوارەم؟

+) ئەگەر هەمو قۆناغی چوار هاتبێت دەرسەکە دەخوێنرێت/ تاقی کردنەوە ئەنجام دەدرێت.

هەمو ئەم بەخشکەیی دەربڕینانە دەبنە هۆی دروستکردنی کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپراگماتیکی لە ڕستەکەدا، چونکە وشەی (هەمو)، (ئامادەبون) بەشدارییان کردووە لە دروستکردنی کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپراگماتیکی ڕستە پرسیارییەئاوازدارەکەوە.

## ٢) مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی هەواڵگەیاندن:

ڕستەی هەواڵگەیاندن، ئەم جۆرە ڕستەیەیە، کە قسەکەر هەواڵێك یاخود زانیاریەك دەگەێنێتە گوێگر و کەسی بەرامبەر، دەربارەی دەوروبەر و ئەوشتانەی کە تیایدا ڕودەدەن[٤١]. بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە کەمکردنەوەی واتای ڕستەی هەواڵگەیاندنە، چونکە قسەکەر لە ئەنجامی بەخشکەیی دەربڕینی ڕستەکان دەتوانێت واتاکانیان کەم بکاتەوە، بۆنمونە:

١٢٣) ئەو دارانەی کە بێبەرن زڕن.

لەڕستەی (١٢٣)دا هەواڵێك دەبیسترێت، کە ئەویش ڕاگەیاندنی ئەوەیە دارە بێبەرەکان زڕن، ئەمەش لەڕوی واتاییەوە، ڕستەیەکی ئاسایەو هەواڵێك دەبەخشێت، بەڵام لەوانەیە قسەکەر مەبەستی ئەو هەواڵگەیاندنە نەبێت، بەڵکو شتێکی تری مەبەست بێت و ڕستەکەی بەخشکەیی دەربڕیبێت، لەوانەیە مەبەستی قسەکەر لە وشەی (زڕ) ئەو کەسانە بن، کە منداڵیان نەبێت و بە وجاغ کوێر دایان بنێت. ئەگەر لە دیوێکی ترەوە بڕوانرێتە واتای بەخشکەیی دەربڕین، ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت، کە کەسانێك منداڵیان هەبێت ئەوا وجاغ کوێرنین، جگە لەمەش واتایەکی تری بەخشکەیی دەربڕین ڕستەی (١٢٣) مەبەست ئەوەیە، کە دارەبەردارەکان زڕ نین و بەریان هەیە سودیان هەیە بۆ مرۆڤ و دارە بێ

---

٤١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕستەی هەواڵگەیاندن، بڕوانە: کوردستان موکریانی (١٩٨٦: ٦٠ – ٦١).

بەرەکانیش هیچ سودێکیان نیە بۆ مرۆڤایەتی، یاخود سودی خواردنیـان لێنابینرێت، بـەڵام لەوانەیـە بـۆ سێبەر، بەخشینی گازی ($O_2$) – ئۆکسجین – سودی هەبێت.

## ٣) مۆفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی فەرمانکردن:[٤٢]

یەکێکە لە جۆرەکانی ڕستە لەڕوی ناوەرۆکەوە، کە داخوازییەکە قسەکەر لـە بەرامبـەر –گوێگر–ی دەکات، جا ئەم داخوازییە پۆزەتیف بێت یان نێگەتیڤ[٤٣] لەم جۆرە ڕستەیەشـدا پراگماتیـك دەتوانێت ڕۆڵی خـۆی بگێڕێـت، لـە کەمکردنـەوەی واتاییـدا، بـەهۆی بەخشـکەیی دەربڕینـی ئاخاوتنـەوە، ئەمـەش لەنمونەی (١٢٤)دا زیاتر ڕوندەبێتەوە:

١٢٤) جگەرە کێشان قەدەغەیە.

واتای ڕستەی(١٢٤)، بریتییە لە فرماندان بەوەی، کـە جگـەرە نەکێشـرێت، ئەمـە شـێوازی ئاسـایی و بنەڕەتی ڕستەیەکە، بەڵام ئەگەر سەیربکرێت ڕستەی (١٢٤) بەخشکەیی دەربڕینی تێـدا دیـارە، چـونکە قسەکەر دەڵێت:

١٢٥) ا) تکایە لێرە جگەرە مەکێشە، پێمان ناخۆشە.

ب) ئێرە شیاونیە بۆ جگەرەکێشان، چونکە نەخۆشی لێیە.

پ) ئێرە شوێنێکی گشتییە، جگەرە کێشان زیان دەگەیەنێت.

ت) بە جگەرە کێشان بێزاردەبین و تەندروستیمان تێك دەچێت.

هەمو ئەو واتا بەخشکەیی دەرپڕاوانەی، کە لە (١٢٥)دا دەربڕاون، بریتییە لـە ئـەنجامی بەخشـکەیی دەربڕینــی وشــەی (نەکێشــان) ی جگــەرە، لــە ڕســتەی (١٢٤) ، هــەر ئەمــەش وایکــردووە، کــە کەمکردنــەوەی واتــایی تێــدا بــەدی بکرێــت، بەشــداربێت لــە پرۆســەی کەمکردنــەوەی واتــای مۆرفۆپڕاگماتیکی ڕستەی فەرمانکردن.

---

٤٢) بۆزانیاری زیاتر دەربارەی واتـای پراگمـاتیکی ڕسـتەی فرمـانکردن، بڕوانە:ئاڤێسـتا کـەمال مـەحمود(٢٠٠٩: ٦٩– ١٥٣).

٤٣) بۆزانیاری زیاتر دەربارەی ڕستەی فەرمانکردن، بڕوانە: دەروون عەبدوالڕەحمان (٢٠١٠: ١٤٥ – ١٤٧).

### ٤) مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتای ڕستەی سەرسوڕمان (ڕامان)[٤٤]

لە ڕستەی سەرسوڕماندا، قسەکەر سەرسوڕمان و تێڕامانی خۆی بەرامبەر شتەکانی دەوروبەر و سروشت و ڕوداوگەلێ دەردەبڕێ، کە ڕودەدەن[٤٥]، بەڵام لێرەدا مەبەستی باسەکە ئەو بەخشکەیی دەربڕینەیە، کە لەم جۆرە ڕستانەدا دەبینرێت و دەبنە هۆی کەمکردنەوەی واتایی لە مۆرفۆپراگماتیکیدا و بەشداریکردنیان لە پرۆسەکەدا.

١٢٦) ئای ! کە هێرۆ جوانە.

ڕستەی (١٢٦) دەربڕینێکی ئاسایی جۆرێکی ڕستەیە، کە ئەویش سەرسوڕمانە، بەڵام ئەگەر بەوردی لێی بڕوانرێت دەبینرێت، کە ڕستەکە بەخشکەیی دەربڕینی تێدایە، چونکە ڕون نیە مەبەست لە وشەی (هێرۆ) چیە ؟ ئایا کچێکەو ناوی (هێرۆ)یە، قسەکەر پێی جوانە، یان شارەدێی هێرۆی دەڤەری پشدەری مەبەستە، یاخود گوڵە بەهاری (هێرۆ) ی مەبەستە، کەواتە بەخشکەیی دەربڕین لە ڕستەی (١٢٦)دا هەیە. هەر ئەمەش وایکردووە، کە ڕستەکە جۆرێك لەواتا کەمکردنەوەی تێدابێت، بەشداربێت لە پرۆسەکانی مۆرفۆپراگماتیکدا، چونکە بەپێی واتا پەنامەکییەکانی ڕستەکە، دەبێت ئەم ڕستەیە ئەم واتایانەشی هەبێت:

١٢٧)+ ئای!کە هێرۆ شارەدێیەکی جوانە.

+ ئای!کە هێرۆ کچێکی جوانە.

+ ئای!کە هێرۆ گوڵێکی جوانە.

دەتوانرێت بگوترێت بەهۆی ئەم دەوروبەرەی، کە گوێگرو قسەکەری تێدایە لە دەربڕینی ئاخاوتنەکاندا ((دەست پێوە گرتن (اقتصاد) بڕی دەربڕاو، بە پشت بەستن بە بیری گوێگرو هاوبەشیکردنی لەگەڵ قسەکەر، لەو زانیاریانەدا، کە پێشتر باسکراون، یان دوا بەدوا لەڕێچکەی گوتنەکەدا باس دەکرێن))[٤٦] وادەکات، کە کەرەستەی مۆرفۆسنیتاکس بێتە ئاراوە، کە جگە لە کەمکردنەوەی ڕێزمان، کەمکردنەوەی واتایش یەکێکە لە سیفەتەکانی، بۆیە دەتوانێت بەشداربێت لە پرۆسەی تەسککردنەوەی واتای مۆرفۆپراگماتیکیدا، وەك (١٢٨)دا دەردەکەوێت:

---

٤٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پراگماتیکی ڕستەی سەرسوڕمان، بڕوانە: ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩: ٦٩ – ١٥٣).

٤٥) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕستەی سەرسوڕمان، بڕوانە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٢: ٣٧ – ٣٩).

٤٦) هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٠: ١٨٥).

١٢٨) فڕاندیان.

لەڕاستیدا، ئەگەر سەیری وشەی (فڕاندنیان) لە (١٢٨)دا بکرێت، دەبینرێت، کە بە شێوازێکی ئاسایی ڕستەیەکی مۆرفۆسنیتاکسیە و قسەکەر هەوڵی فڕاندنی شتێك دەدات، بەڵام لێرەدا واتا بەخشکەیی دەربڕاوەکە ڕۆڵی خۆی دەبینێت، چونکە لە (١٢٨)دا ڕون نیە کە ئایا:

١) مرۆڤەکان پەلەوەر و باڵندەکانیان هەڵفڕاندووە ؟

١٢٩) منداڵکان باڵندەکانیان هەڵفڕاند.

٢) یاخود فڕین لەجیاتی خێرایی ڕۆیشتنی لە ڕادە بەدەر هاتوە بۆمەبەستێك، کە کاتێك بریندارێك نە خۆشێك لەلایەن کەسانی ترەوە بەخێرایی دەبرێتە نەخۆشخانە.

١٣٠) نەخۆشەکەیان فڕاند.

٣) یان کۆمەڵە کەسێك یەکێك بە بارمتە دەگرن و داوای شتی لێ دەکەن لەبری ئازاد کردنی:

١٣١) دەوڵەمەندەکەیان فڕاند.

٤) یان لەکاتی یاریدا یاری چییەکان پاسی خێرا دەدەن، هێرش دەکەنە سەر گۆڵی بەرامبەر:

١٣٢) تۆپەکەیان فڕاند.

کەواتە ئەوەی ڕونە وەرگرتنی نیشانەیەکی واتایی (فڕین)ە، کە(+ خێرایی)یە، بۆ ناو پراگماتیك، کە پرۆسەی تەسککردنەوەی واتایی پێ بە ئەنجام گەیەنراوە لە مۆرفۆپراگماتیکدا.

## ٢/ ٢-٢-٤) مۆرفۆپراگماتیکی کەمکردنەوەی واتا لە سیمانتیکدا:

سیمانتیك زانستێکە لەواتا دەکۆڵێتەوە، بەشەکانی زمان بەگشتی دەگرێتەوە ((لێکۆڵینەوەی واتا بەهۆی تێگەشتن لە مێشکی مرۆڤ و، بیر و بۆچونیەتی)).[٤٧]

لە ڕاستیدا کەمکردنەوەی واتا بەپێچەوانەی زیادبونی واتایە، لێرەدا ((وشەیەك واز لە واتا گشتیەکەی خۆی دەهێنێت و پسپۆری لە واتایەکی تەسکتردا دەکات، لەوانەشە وشەکە هەردو واتاکەی

٤٧) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ١٦٠).

بپـارێزێ لەهـەمان کاتـدا بەواتایـەکی تـر، هەنـدێ جـار واتایـەکی گشـتی هـەبێت و هەنـدێك جـاریش بەواتایەکی تەسکتر بەکاربێت))[٤٨].

دوای ئەوەی وشەیەك لە سنورێکی بەربڵاو و فراوانەوە دەبرێتە سـنورێکی تەسـك و واتاکـەی تەسـك دەبێتەوە، تایبەتمەندی وەر دەگرێ، زیاد کردنی سیمای واتایی یەکێکە لـە هۆکارەکـانی تەسـکبونەوەی واتا بەهۆی ئەوەی ((تایبەتکردنی واتا، یا تەسکبونەوەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە چـەند سـیمایەکی واتـای زیـاتر خراوەتـە سـەر سـیمانتیك))[٤٩] لێـرەدا مۆرفۆپڕاگمـاتیکی کەمبونـەوەی واتـا، لەچـەند نمونەیەکی شیکاریدا دەخرێتە ڕو، بەهۆی بەخشکەیی دەربڕینی ئاخاوتنەوە بەڕونی پرۆسـەکەیان تیـادا دەردەکەوێ.

١٣٣) ئازاد کەوت.

ئەگەر سەیری وشەی (کەوت) بکرێت لـە ڕسـتەی (١٣٣)دا دەبینرێـت، کـە کەمکردنەوەیـەکی واتـایی پێـوە دیارە بـەهۆی واتـای بەخشـکەیی دەربـڕین ڕسـتەکەوە، چـونکە ئـەم ڕسـتەیە لەوانەیـە دو واتـای جیاواز بگەیەنێت، کە لە (١٣٤)دا دیارە:

١٣٤) أ) ئازاد لەسەر کورسیەکە کەوتە خوارەوە.

ب) ئازاد لە وانەی بیرکاری کەوت.

کەواتـە هـەر وەکـو لـە (١٣٣)دا دیـارە وشـەی (کـەوت) بـەهۆی بەخشـکەیی دەربڕینـەوە واتاکـەی کەمکراوەتەوە و واتای جیـاوازی هەیـە، کـە بـەهۆی پراگماتیکـەوە ڕون دەبێتـەوە، هـەروەکو لـە (١٣٤) ڕون کراوەتەوە، کە ئەمەش وایکردووە لە پرۆسەی مۆرفۆپڕاگماتیکی کەمکردنـەوەی واتـای سـیمانتیکدا بەشداربێت.

١٣٥) دەرگاکە شین کراوە.

ئەگـەر سـەیری وشـەی (شـین) بکرێـت لـە ڕسـتەی (١٣٥)دا دەبینرێـت، کـە واتایـەکی بنـەڕەتی بەخشیوە، ئـەویش ڕەنگـە، لـە ڕسـتەی (١٣٦)دا، بەتـەواوی واتـای بەخشـکەیی دەربـڕین دەردەکـەوێ، واتای شین کەمکراوەتەوە:

١٣٦) ئازاد شین بۆوە.

---

٤٨) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ١٢٨).

٤٩) عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد (١٩٩٠: ٧٨).

لەڕستەی (١٣٦)دا واتای (شین) جیاوازەو بەهۆی هەناسە نەدان ئازاد ڕەنگی شین هەڵدەگەڕێت، هەربۆیەش یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی لە وشەی (شین)دا، لە ڕستەی (١٣٦)دا تەسککراوەتەوە، کە ئەویش ڕەنگەکەیە، بۆیە ئەم ڕستەیە مەبەستی ئەوەیە، کە ئازاد خەریکە بخنکێ لەبەر ئەوەی هەناسەی بۆ نادرێ، هەروەکو لە ڕستەی (١٣٧)یشدا هەر بەهەمان هۆ (وەرگرتنی یەکێك لە نیشانە واتاییەکان) واتای ڕستەکە لە وشەیەکدا کەمکراوەتەوە، بەشدارە لە پرۆسەی کەمکردنەوەی واتای مۆرفۆپراگماتیك لە سیمانتیکدا.

١٣٧)دارەکە شین بۆتەوە.

لێرەدا مەبەست لە دوبارە ژیانەوەی دارەکەیە، واتە وشەی شین لە ڕستەی (١٣٧)دا بەواتای چەکەرە کردن و شین بونەوەی دارەکە دێت.

لەڕاستیدا بەهۆی ئەم نمونانەوە دەتوانرێت بابەتێکی تازە بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، چونکە زیادبون و کەمکردنەوەی واتا و وەرگرتنی تایبەتمەندی واتایی، پرۆسەیەکە دەتوانێت کێڵگە واتاییەکانیش بهێنرێتە ناویەوە. بە جۆرێك لە جۆرەکان، وەکو زیادکردن یاخود کەمکردنەوەی واتا دابنرێت، جا ئەمە لە بەر هۆکاری ئیکۆنۆمی بێت یاخود جۆری دەربڕین، هەروەکو لە نمونەکاندا شیکراوەتەوە:

١٣٨) ڕەنگ/ زەرد، سور، سەوز، شین، پرتەقاڵی، پەمەیی، ... هیتریش

١٣٩) سەوز / تەڕەتیزە، کەرەوز، قەرنابیت، کەلەرم، کوزەڵە، کەوەر، جاترە، ...هیتریش

١٤٠) میوە / سێو، پرتەقاڵ، هەنار، هەرمێ، لالەنگی، ترێ،... هیتریش

١٤١) درەخت / دارگوێز، دارسنەوبەر، داربەڕو، سپی دار، ... هیتریش

١٤٢) ماڵات/ مەڕ، بزن، کاریلە، بەرخ، گیسك، بەران، نێری، ... هیتریش

١٤٣) ئاژەڵ(کێوی) / شێر، پڵنگ، ئاسك، ڕێوی، گورگ، ... هتد.

١٤٤) سەیارە / قەمەرە، گەلآبە، لۆری، تەکسی،... هتد.

هەریەکە لەمانەش خۆیان کێڵگەیەکی واتایین، وەکو:

أ) قەمەرە / کامری، ئەڤەلۆن، لانسەر، مازدا، ئۆپڵ، ئۆپترا،... هتد.

ب) گەلآبە / ڤاڵڤۆ، ئیڤا، نیسان، مارسدیس، ئەکترۆز... هتد.

١٤٥) پاككەرەوە/ تايد،شامپۆ، زاهيى، فاس،موعجيزە، سابون،... هتد.

١٤٦) وەرزەكان / بەهار،هاوين، پايز، زستان.

١٤٧) بەرزايى / كێو، شاخ، چيا، كەژ، تەپۆلكە، گرد، گردۆڵە،... هتد.

١٤٨) ئاو / زەريا، دەريا، ڕوبار، زێ، چەم، چەميلە، جۆ، جۆگە، كانيى،... هتد[٥٠].

١٤٩) نزمايى / بير، دۆڵ، چاڵ، نشێو، دەشت،... هتد.

لە نمونەكانى (١٣٨ تا ١٤٩) كەمكردنەوەى واتا بە ڕونى ديارە، چونكە كاتێ كە دەگوترێت (ڕەنگ) كەمكردنەوەى واتايى هەمو ڕەنگەكانە تيايدا، بە وشەيەكى مۆرفۆپراگماتيكى ناودەبرێن و مەزندە دەكرێن، ئەگەر پێچەوانەشى بكەينەوە گريمانەكە ڕاست دەبێت، چونكە ئەگەر (ڕەنگ) جارێكى تر بە نمونە وەربگيريت، دەتوانرێت فراوان بكرێت بۆ گشت ڕەنگەكان، كەواتە دەتوانرێت بگوترێت: كێڵگە واتاييەكانيش جۆرێكن لە تەسككردنەوەى واتاى سيمانتيك، ياخود زيادكردنى واتاكەى، بە پرۆسەيەكى پراگماتيكى لە قەڵەم بدرێت. لە ڕاستيدا ئەم گريمانەيە لەخۆوە نەهاتووە بەڵكو لەسەر ئەو بۆچونە خراوەتە ڕو، كە دەڵێ: ((بوونى واتاى وشە لە زماندا وەك ئەو دياردەيەيە كە منالێك بەكاريان دەهێنێ، كاتێك دەيەوێت ناو لەشتێك بنێت فراوانى دەكاتەوە بۆ هەموو ئەو دياردانەى كە جۆرە لێكچوونێك لە نێوانياندا هەيە بۆ نمونە منداڵ وشەى (بابە) بۆ هەموو كەسێك بەكار دێنێ كە لە باوكى بچێت))[٥١] يان ((وشەى (بەعە) بەرامبەر بەهەموو ئاژەڵێك بەكاردەهێنێت))[٥٢]. كە ئەمەش بە جۆرێك لە قسەكردنى منداڵانە ناوددەبرێت.[٥٣]

---

٥٠) بۆ زانيارى زياتر بڕوانە: بەكر عومەر عەلى (٢٠١٤ :٩٥ – ١٠٠).

٥١) عەبدولواحيد موشير دزەيى (٢٠١٠: ١٧٩).

٥٢) عەبدوڵلا عەزيز قادر (١٩٩٠: ٨١).

٥٣) بۆ زانيارى زياتر لە بارەى زمانى قسەكردنى منداڵانە و ڕەنگدانەوەى مۆرفۆپراگماتيكيانەى لە ئاخاوتنى گەورەكاندا ، بڕوانە بەشى سێيەمى باسەكە(١٠٨–١٣١).

# بەشی سێیەم

## ٣) زمـانی قسـەکردنی منداڵانـە و ڕەنگدانـەوەی مۆرفۆپڕاگماتیکییانـەی لـە ئاخاوتنی گەورەکاندا

### ١/٣) چییەتی مۆرفۆپڕاگماتیك لە زمانی قسەکردنی منداڵدا:

مۆرفۆپڕاگماتیـك لـە بنەڕەتـدا ئـەو وشـانە لـەخۆدەگرێت، کـە پراگماتیکیانـە واتـا دەبەخشـن و بەشداری دەکەن لە زیـادکردن و کەمکردنـەوەی واتـای مـۆرفیم، بەمـەش دەبنـە پێکهێنـەری پرۆسـەی مۆرفۆپڕاگماتیك. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەو وشە دەربڕاوانەیە، کە منداڵ لـە سـەرەتای زمـان پـژان و قسەکردنیدا دەریان دەبڕێت. بـەکاریان دەهێنێـت و کـردەی ئاخاوتنیـان پـێ بـە ئـەنجام دەگەیـەنێت، چـونکە بەشـەکانی ئاخـاوتنی وەکـو {نـاو، جێنـاو، ئاوەڵنـاو، کـردار، ئـاوەڵکردار، ژمـارە} وەکـو مـۆرفیمێکی دەربـڕاو بەشـداری لـە پرۆسـەکەدا دەکـەن بـەهۆی جـۆری دەربـڕین و بەکارهێنانیانـەوە لەلایەن منداڵەوە، چونکە ((منـداڵ لـە سـاڵی یەکـەمی ژیانیـدا ناتوانێت ڕسـتە بـەکاربهێنێ، بـەڵکو لـە جیاتی ڕستە تەنها ووشەیەك[*] بەکاردەهێنێت و بەو ووشەیە گوزارشت لە ڕستەیەك دەکات و جێگـەی ڕستەیەکی بۆ دەگرێتەوە))[١]، هەر ئەمەش وایکردووە وشـەیەك پراگماتیکیانـە واتـای ڕسـتەیەك بـدات لە کاتی ئاخاوتندا، وەکو:

١) ئاو.

وشەی ئاو لە(١)دا واتای ڕستەیەکی تەواو دەبەخشێت، وەکو لە (٢) ڕونکراوەتەوە:

٢) تینومە ئاوم بۆ بهێنن، تا بیخۆمەوە.

لە (٢)دا ئەوەی شیکراوەتەوە واتای وشە دەربڕاوەکەی (١)ە لەلایـەن منداڵێکـەوە، پراگماتیکیانـە لێکدانەوەی بـۆ کـراوە. هەنـدێ لـە توێژینـەوەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن، کـە ((ئەگـەر منـداڵ، پێشـتر وێنەیـەکی چەسـپاوی لـە مێشـکیدا هەڵنـەگرتبێ توانـای بـەکارهێنانی وشـەیەك یـان تێگەیشـتن لـەو وشانەی، کە ئاماژە بۆ ڕوداو و شـتەکان دەکـەن نابێـت، هـەروەها ناتوانێت بۆچـون لەسـەر ئـەو شـتە نادیارانە دەربڕێ، ئەگەر زانیاری پێشینەی دەربارەیـان نـەبێت))[٢]. کاتێـك منـداڵێك وشـەیەکی وەکو

---

* ئەو سەرچاوەیەی، کە ئەم زانیارییەی لێ وەرگیراوە، (وو)ی بەکارهێناوە لە سەرەتای وشەی (وشە)، بۆیە وەکو خۆی وەرگیراوە بەبێ دەسکاری کردن.

١) کەریم شەریف قەرەچەتانی (٢٠٠٩: ١٦٤).

٢) نبیل عبدالهادی، حسین الدراویش، محمد صوالحە (٢٠٠٧: ١٢٧).

(مەمە) دەردەبڕێت ئەوادەبێت بزانرێت، کە مەبەستی خۆراکە و برسییەتی، واتـە وشـەی (مەمـە)ی لـە جیاتی ڕستەیەکی وەکو (٣) بەکارهێناوە:

٣)دایە برسیمە شیرم بدەیە.

مـەرج نییـە ئـەو وشـەیەی، کـە منـداڵ بەکاریـدەهێنێت، بـەواتای ڕاسـتەقینە و بنـەڕەتی خـۆی بەکارهاتبێت، وەکو لە (٤)دا دەبینرێت:

٤)دایە ئاو.

ئەگـەر سـەیر بکرێـت دەبینرێـت ئـەم داواکردنـەی منداڵەکـە هـەمان داواکردنەکـەی نمونـەی (١)ە، بەڵام مەرج نییە هەمان مەبەست و واتای (١) بگەیەنێت، لێرەدا منداڵەکە بە دایکی دەڵێت:

٥)دایە میزم کردووە.

کەواتە دەوروبـەر کارەکتـەری سـەرەکییە لـە شـیکردنەوەی واتـای (ئـاو) لـە (٤)دا بۆیـە واتاکـەی وەکو (٥) لێکدەدرێتەوە، لەوانەشە منداڵەکە خۆی تەڕکردبێت بە (ئاو، قاوە، چا، شـەربەت ...هتـد) و بڵێت:

٦)دایە جلەکانم بگۆڕە خۆم تەڕ کردووە.

واتە منداڵەکە لە(٤)دا مەبەستی ئەوەیە میـزی کـردووە و دەیـەوێت دایکـی بیشـواتەوە و بیگـۆڕێ، یاخود خۆی تەڕ کردووە و دەیەوێت جلەکانی بگۆڕێ.

ئـەوەی ڕونـە لێـرەدا ئەوەیـە، کـە منـداڵ وشـەیەك دەردەبـڕێ لـە ئاخاوتنەکانیـدا، کـە دەوروبـەر مەبەستەکەی ڕون دەکاتەوە، ئەمەش دەچێتە ناو چوارچێوەی پراگماتیکەوەو بـە وشـەی پراگمـاتیکی (MorphoPragmatics) نـاوزەد دەکرێـت. بـە بـیروڕای دیلاگۆنـا (Delaguna) تاکـە وشـەیەك واتـای ڕستەیەکی سادەی تەواو دەبەخشێت لای منـداڵ، پێـی وایـە، کـە ((ئـەو دەربڕینانـەی منـداڵ قسـەیان پێدەکات لە قۆناغی یەك وشەییدا بیرێکی تەواو لەخۆ دەگرێت، کـە گرانـە بـە وشـەیەك دەربڕێـت))[٣]. گەشـــەی زمـــانی منـــداڵ بـــەپێی لێکۆڵینـــەوەکانی ڕۆجـــەر بـــراون (R.Brown) لـــە (١٢) مانگییـــەوە دەستپێدەکات و بـە چـوار قۆناغـدا تێپـەڕ دەبێـت[٤]، بـەڵام منـداڵ هـەر لەسـەرەتای قۆنـاغی یەکـەمی

٣) صالح محمد علی ابو جادو (٢٠٠٧: ٢٥٩).

٤) قۆنـاغی یەکـەم/ (١٢–٢٦ مـانگی) دەربڕینـی تـاك وشـەیی. قۆنـاغی دووەم/ (٢٧–٣٠ مـانگی) دەربڕینـی دو وشەیی. قۆناغی سێیەم/ (٣١–٣٤ مـانگی) دەربڕینـی سـێ وشـەیی. قۆنـاغی چـوارەم/ (٣٥–٤٠ مـانگی) دەربڕینـی چوار وشەیی. بۆزانیاری زیاتر دەربارەی ئەم قۆناغانە، بڕوانە: محمد عودە الریماوی (٢٠٠٨: ٢٤٨).

ئاخاوتنیەوە هەست بە گرنگی واتای وشەکان دەکات و بەشێوازێك دەریان دەبڕێت، کە پراگماتیك کارەکتەری سەرەکی بێت تیایاندا، بۆیە زۆر جار واهەست دەکرێت، کە وشە دەربڕاوەکان واتای گەورە و بەربلاّو لەخۆ دەگرن، ئەمەش وادەکات گەورەکان حەز بەلاسایی کردنەوەی ئەم جۆرە وشانە بکەن و بەکاریان بهێنن لە ئاخاوتنەکانیاندا، بەهەر هۆیەکی وەکو لاسایی کردنەوە بۆ تێگەیاندنی منداڵ، یان لە خۆشی وشەکە و خۆشەویستی منداڵەکەوە بێت، یان بۆ گاڵتە و گەپ بێت، یان بۆ تانەو سوك کردنی بەرانبەر بێت. ئەوا وشەکان واتای پراگماتیکی دەبەخشن. لەوانەیە لەکاتی سەرجێی کردن و ئاخاوتنی نێوان ژن و مێردا قسەکردنی منداڵانە و ئەم جۆرە وشانە بەکاربهێنرێت، وەکو لە (٧)دا دیارە، کە کوڕەکە بەڵێن بە کچەکە دەدات سەیارەیەکی جوانی بۆ بکڕێت:

٧) سەیالێکی سوانت بۆ دەکلم.

ئەم شێوازە دەربڕینەی(٧) بۆ جێخۆشکردن و دڵڕازیکردن و ناسککردنەوە بەکارهاتووە، ئەگینا لە ڕاستیدا ڕستەکە بەم شێوازە دەردەبڕێت:

٨) سەیارێکی جوانت بۆ دەکڕم.

ئەم جۆرە بەکارهێنانەی وشەکانی وەکو نمونە (٧)، وادەکات، کە بەشداری پرۆسەی مۆرفۆپراگماتیکی بکەن. لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت بەشێوەیەکی کارەکیانە ئەم تێگەیشتنە بۆ پرۆسەکە لە زمانی قسەکردنی منداڵدا و ڕەنگدانەوەی لە ئاخاوتنی مرۆڤە گەورەکاندا بە پێی بەشە ئاخاوتنەکان بخرێتە ڕو:

## ٣/١-١) زمانی قسەکردنی منداڵانە و ڕەنگدانەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانەی لە بەشە ئاخاوتنی ناوی مرۆڤە گەورەکاندا:(٥)

ئەگەر سەیر بکرێت، هەست بە جۆرێك لە کەم و کوڕی ڕێزمانی، زمانی منداڵ دەکرێت لەکاتی قسەکردن و ناوهێنانی مرۆڤ و شتەکانی دەوروبەریدا، بەلاّم ئەمە نابێتە هۆی تێنەگەیشتنی کەسی بەرامبەر لە قسەکانی، بەڵکو تێگەیشتنی تەواو ڕودەدات و زۆر جار لاسایی ئەم کەموکوڕییەش دەکرێتەوە ، بۆیە لەم شێوازی بەکارهێنانەدا گشت پۆلەکانی ناو واتای پراگماتیکی دەبەخشن و

---

٥) بەشێکی گرنگی مۆرفۆلۆژییە و وشەیەکی تەواوە، ئەوڕەحمانی حاجی مارف لەبارەی ناو دەڵێت: ((ئەو وشەیەیە کە ناوی گیاندارێك یان بێ گیانێك یان بیرێك یان کارێك دیاری دەکات. وەك: ژن، ئازاد، ئەسپ، کۆتر، ماسی... هتد)) ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩: ٩٣).

بـەهۆی ئـەو واتـا شـاراوەیەی، کـە لـە وشـەکاندا هەیـە و دەوروبـەر یارمـەتی دەری دەربـڕین و تێگەیشتنییەتی لێی، ئەوەش وایکردووە بەشداربێت لـە دروسـتکردنی پرۆسـەکانی مۆرفۆپراگماتیکدا، چونکە منداڵ لەکاتی فێربونی وشەکاندا ناتوانێت وەکو زمـانزانێکی پێگەیشـتو دەریـان بڕێـت، بـەڵکو زۆرجار تاك لـە جێـی کۆ، یـان بـە پێچـەوانەوە و تێکـەڵکردنی ناسـراو و نەناسـراو سـەرەڕای گـۆڕینی فۆنـەتیکی وشـەکان، ئەمـەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی، کـە واتـای پراگمـاتیکی لـە سـنوری دەربڕینـەکانی دەرکەوێ و مۆرفۆپراگماتیك دروست بکات.

٩) ترێی ڕەش بەسودە بۆ مرۆڤ.

لە ڕستەی (٩)دا وشـەی (تـرێ) بـە واتـای بنـەڕەتی خـۆی بـەکارهاتووە، کـە ئـەویش جۆرێکـە لـە میوە، بەڵام کاتێك منداڵ ئەم وشەیە بەکاردەهێنێت گۆڕانی بەسەردادێت، وەکو لە (١٠)دا دیارە:

١٠) تلێ[٦] دەخۆم.

لـە ڕسـتەی (١٠)دا وشـەی (تلـێ) دەربڕینێکـی منداڵانەیـە و لـە جێـی نـاوی (تـرێ) بـەکارهاتووە، گۆڕانکاری فۆنـەتیکی بەسـەردا هـاتووە، کـە دەنگـە گـۆڕکێی فـۆنیمی/ ر/ بـۆ/ ل/ بـەهۆی قسـەکردنی منداڵانەوە، ئەوەش وا لە وشەکە دەکات بچێتە بواری پراگماتیکەوە.

١١) أ) تلێی بخۆ کوڕم.

ب) تلێکە بێنە خانم.

لە (١١أ)دا ئاخێوەر باوکێکـە و بـە زمـانی منداڵانـە دەئاخفێـت، داوا لـە کوڕەکـەی دەکـات (تـرێ) بخوات، بەڵام خۆ بچوککردنەوە و نەرم و نیانی و هەسـت و سـۆز دەربـڕین لـە وشـەکەدا دەردەکـەوێ، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی، کە منداڵەکەی ترێکە بخوات، لە گفتوگۆکـەی (١١ب)دا، کـە لـە نێـوان ژن و مێردێکدایـە و پیاوەکـە داوا لـە ژنەکـەی دەکـات، کـە ترێکـە بهێنێـت بیخـۆن، بـەڵام قسـەکردنەکەی منداڵانەیە و لەپێناوی خۆشەویستی و گاڵتە کردن و هەست و سـۆز دەربڕینـەوە بـەم شـێوەیە قسـەی کردووە، یاخود لەیەك توڕەن، پیاوەکە دەیەوێت بەم جۆرە قسەکردنە ژنەکەی ئاشت بکاتەوە.

لە ڕستەی (١٢)دا وشەی (گوڵ) بە واتای بنەڕەتی خـۆی بـەکارهاتووە، کـە ڕووەکێکـی بـۆن خـۆش وجوان و ڕەنگاوڕەنگە و زۆر جۆری جیاوازی هەیە:

٦) وشەی (تلێ) لە زاری (ڕەیان) وەرگیراوە.

١٢) گوڵی سور نیشانەی خۆشەویستییە.

بەڵام وشەی (گوڵ) بەشێوازێکی تر دەردەکەوێت لە (١٣)دا

١٣) بۆنی دوڵەکەم[٧] کرد.

لە نمونە (١٣)دا (دوڵ) بە واتای (گوڵ) بەکارهاتووە، بەڵام ئەمە قسەکردنێکی منداڵانەیە و گۆڕانی فۆنەتیکی تیایدا ڕویداوە، کە فۆنیمی/گ/ کراوە بە/ د/، (دوڵ)ەکە لە (١٣)دا ناسراو کراوەو دیارە قسەکەر مەبەستی گوڵێکی دیاریکراوە.

١٤) أ) دوڵێکی بۆن خۆشم بۆ هێناوی.

ب) دوڵەکان لێمەکەوە.

وەکو دەردەکەوێ (١٤أ) گفتوگۆی نێوان دو خۆشەویستە، قسەکەر بۆ دەربڕینی هەستی خۆشەویستی و سۆزێکی تایبەت ئەم قسە منداڵانەیەی ئاراستەی گوێگر کردوە بۆ ڕازیکردنی، بەڵام (١٤ب) قسەکەر، کە کەسێکی هەراشە و بە زمانێکی منداڵانە داوا لە منداڵێك دەکات، کە گوڵەکان لێنەکاتەوە، یان باوکێکە، ئەم داوایەی لە منداڵەکەی هەیە بۆ ئەوەی بە قسەی بکات، بە شێوازی منداڵەکە داواکەی ئاراستە دەکات، بۆ ئەوەی وەڵامدانەوەیەکی باشتر و خێرای لە منداڵەکەوە دەست بکەوێت. ئەم جۆرە قسەکردنەش بۆ خۆ بچوککردنەوە و خۆبردنە پێش و خۆ خۆشەویست کردنە لای گوێگر، جا منداڵ بێت یان گەورە {مەبەست لە گوێگرە}، ئەم جۆرە قسەکردنەش بەهۆی ئەو واتا شاراوانەوە وشەکە دەخاتە چوارچێوەی واتای پراگماتیکییەوە.

١٥) أ) ئازاد دکتۆرێکی باشە.

ب) بۆچی دتکۆرەکەت[٨] خۆشناویێ؟

١٦) أ) کتێب سەرچاوەی ڕۆشنبیرییە.

ب) تکێبەکەم[٩] دڕاند.

١٧) أ) هێلکە و ڕۆنێکی خۆش بوو.

---

٧)وشەی (دوڵ) لە زاری (میکائیل) وەرگیراوە.

٨) وشەی (دتکۆر) لەزاری (پیرۆس) وەرگیراوە.

٩) وشەی (تکێب) لە زاری (ژیوەر) وەرگیراوە.

ب) ملاویەکە[10] هێکلەی[11] کرد.

١٨) أ) پەنیری مەیرە خۆشە.

ب) پەرینی[12] دەخۆم.

ئەگەر سەیری ناوەکانی (دکتۆر لەنمونەی ١٥أ)،(کتێب لەنمونەی ١٦أ)،(هێلکە لەنمونەی ١٧أ)،(پەنیر لەنمونەی ١٨أ) بکرێت دەبینرێت، کە هەریەکەیان لەلایەن قسەکەرەوە بەواتای بنەڕەتی و فەرهەنگی خۆیان هاتون، کە (دکتۆر) بەواتای (پزیشك)، (کتێب)یش وەکو سەرچاوەی خۆ ڕۆشنبیرکردن، هەروەها (هێلکە) وەکو سەرچاوەیەکی بەرهەمی پەلەوەر بۆ خواردن و خواردن دروست کردن، (پەنیر)یش وەکو بەرهەمی سپیایی ئاژەڵ بۆخواردنی مرۆڤ بەکارهاتون لەڕستەکاندا، بەلاَم لەڕستەکانی (١٥ب) و (١٦ب)دا هەریەکە لە (دکتۆر، کتێب) بەهۆی گۆڕانی فۆنەتیکییەوە جێگۆڕکێ بەدەنگی/ك/ و/ت/ کراوەو پاش و پێشیان پێکراوە. ئەم شێوازەش شێوازی قسەکردنی منداڵانەیە، لەم جۆرە دەربڕینانەدا پراگماتیك دێتە ناوەوە و واتایەکی جیاواز لەواتای سیمانتیکییان پێ دەبەخشێت، وەکو لە (١٥ب)دا قسەکەر پرسیار لەگوێگر دەکات بەشێوازێکی منداڵانە،کە لەوانەیە بۆ ڕەوینەوەی ترس بێت، یان هەروەکو لەنمونەکانی (١٣) و (١٤)دا باسکراوە، بۆ بۆخۆهێنانە ڕیزی منداڵەکە بێت، لەپێناو هەست ڕاگرتنی منداڵەکە یان تێگەیاندنی. لە (١٧ب)دا قسەکەر (کە منداڵە) کتێبەکەی دڕاندووە، جێگۆڕکێی بەدەنگەکانی/ ك/ و/ ت/ کردووە، بۆ ئاسانی دەربڕین، یان لەوانەیە قسەکەر گەورەبێت و بەشێوازێکی منداڵانە قسەبکات بۆ گاڵتە کردن، یان تانە دان لەبەرامبەر، یان لاسایی کردنەوەی منداڵ بۆخۆشی، هەروەها لەوانەیە قسەکەر کەسێکە نەخوێندەوار بێت و هەر خۆی بەم شێوازە وشەکان دەربڕێت.

دیسانەوە بەهۆی جێگۆڕکێی دەنگەکانەوە لە (١٧ب)دا وشەی (هێلکە) گۆڕاوە بۆ (هێکلە)، لە (١٨ب)دا وشەی (پەنیر) گۆڕاوە بۆ (پەرین) واتە جێگۆڕکێی دەنگ کراوە لە (١٧ب)دا لەنێوان/ل/ و/ك/، لە (١٨ب)دا لەنێوان/ن/ و/ر/، دوبارە لێرەشدا وەکو (١٥ب) لەوانەیە ئەم گۆڕانە دەنگییە لەلایەن خودی منداڵەکەوە بێت، یان لاسایی کردنەوە بێت لەلایەن گەورەکانەوە بۆ هۆکاری جیاوازی وەکو: خۆشی، شادی، ناخۆشی، توڕەبون، هەست ناسککردنەوە، خۆهێنانە ڕیزی منداڵ...هتد، یاخود بەهۆی نەخوێندەوارییەوە بێت، لە (١٧ب)دا گۆڕانێکی تری دەنگی کراوە لەوشەی (ملاوی)،

---

١٠) وشەی (ملاوی) لە زاری (ئاوێستا) وەرگیراوە.

١١) وشەی (هێکلە) لە زاری (موئەییەد) وەرگیراوە.

١٢) وشەی (پەرین) لە زاری هەمان منداڵ وەرگیراوە.

کە/ر/ کراوە بە/ل/ بەهەمان هۆکاری وشەی (هێلکە) لەهەمان نمونەدا و(پەرین) لە (١٨ب)دا. هەمو ئەم هۆیانەش ئەوە دەسەلمێنن، کە وشەکان واتای پراگماتیکییان تێدایەو بەشدارن لەپرۆسەکانی مۆرفۆپراگماتیك.

تێبینی ئەوە دەکرێت، کە زۆر کێڵگەی واتایی لەقسەکردنی منداڵاندا هەستی پێدەکرێت، بەلأم بەشێوەیەکی جیاواز، وەکو:

١٩) أ) خواردنی میوە، هۆکاری بەدەست هێنانی ڤیتامینە.

ب) میوە[١٣] دەخۆم.

لە (١٩أ)دا ئەوەی هەستی پێدەکرێت لەوشەی (میوە)، ئەوەیە، کە هەمو جۆرە میوەیەك دەگرێتەوەو سەرەی کێڵگەیەکی واتاییە، کەجۆرە جیاوازەکانی میوەی لەخۆ گرتووە، واتە بەواتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، بەلأم لە (١٩ب)دا وشەی (میوە) بەواتای بنەڕەتی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو بەواتای (سێو) بەکارهاتووە، ئەمەش وای کردووە، کە کێڵگە واتایی میوە لەم وشەیەدا تەسك بکاتەوە، بەلأم دەبێت ئەوە لەبیر نەکرێت، کە دەوروبەر کارەکتەری سەرەکییە لەم وشەیەدا، چونکە کاتێك منداڵەکە داوای (میوە) دەکات دەوروبەرەکەی (دایك و باوکی) سێوێکی پێدەدەن، بەلأم کە کەسێکی نەشارەزا بەم دەربڕینە گوێی لیبێت داوای ئەوە لەمنداڵەکە دەکات، کە جۆری میوەکەی بۆ دیاری بکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە واتایەکی پراگماتیکی لەپشت ناوی (میوە) خۆی حەشارداوە، زۆر جاریش دایك و باوکەکە وەکو لاسایی کردنەوە ئەم وشەیە بەکاردەهێنن:

٢٠) میوە دەخۆی؟

لە (٢٠)دا، دایك و باوکی منداڵەکە، بە زمانی خۆی –منداڵەکە– دەدوێن، بۆ ئەوەی لە مەبەستیان بگات و ئەمانیش بە هەمان شێوە ناوی (میوە) — کە یەکێکە لە سیما واتاییەکانی سێو — یان بەخشیوەتە (سێو) و کەمکردنەوەی واتا بە ئەنجامگەیەنراوە، مۆرفۆپراگماتیك دروست بووە.

٢١) أ) تینوێتیم بە ئاو نەبێت، ناشکێت.

ب) ئاوم[١٤] دەوێ.

---

١٣) وشەی (میوە) لەزاری (ژیوەر) وەرگیراوە، کە لەلای ئەو، بەتەنها واتای (سێو) دەبەخشێت، ناوی میوەکانی تر وەکو واتای خۆیان و لە جێی خۆیان بەکاردەهێنێت.

١٤) وشەی (ئاو) لە زاری (کارۆ) وەرگیراوە، کە وشەی (ئاو) بۆ هەمو ئەو خواردنەوە گازیانەی، وەکو ئاو بێ ڕەنگن بەکاردەهێنێت.

٢٢) أ) شەربەتی پرتەقاڵ بەسودە.

ب) شەبەت[١٥] دەخۆم.

هەردو وشەی (ئاو) لە (٢١أ) و شەربەت (٢٢أ)دا بە واتای بنەڕەتی و فەرهەنگی خۆیان بەکار هاتون، کە واتاکانیان بە ڕونی دیارەو واتای سیمانتیکی، (ئاو) بە واتای ئاوی خواردنەوە بەکارهاتووەو (شەربەت) بە واتای گیراوەیەکە بە تامی میوە یاخود ئاوی میوەی گوشراوو هاڕاو بەکارهاتووە، بەلاّم لە (٢١ب)دا کاتێك منداڵەکە داوای ئاو دەکات، تەنها مەبەستی (ئاو) نییە، بەڵکو لەوانەیە لەم کاتەدا مەبەستی خواردنەوە گازییە بێ ڕەنگەکان بێت، یان، کە دەڵێت (شەبەت) لە (٢٢ب) مەرج نییە مەبەستی شەربەت بێت، بەڵکو لەم کاتەدا لەوانەیە مەبەستی خواردنەوە گازییە ڕەنگدارەکان بێت، هەروەها دەنگی/ر/ کرتاوە لە وشەکەدا، ئەمیش دوبارە واتایەکی پراگماتیکی دەبەخشێتە وشەکە، چونکە ئەم کرتاندنە لەوانەیە لە لایەن منداڵەکەوە نەبێت، بەڵکو لاسایی کردنەوەی گەورەکان بێت بۆ هۆکاری وەکو: خۆشی و شادی و تانەو تەشەرو....هتد، بۆیە دەوروبەر لەم جۆرە وشانەدا دەورێکی کاریگەر دەبینێت و واتای پراگماتیکی دروست دەکات، چونکە جگە لە کرتاندنە دەنگیەکەی وشەی (شەبەت)، هەردو وشەی (ئاو) لە (٢١ب) و (شەبەت) لە (٢٢ب)دا، واتاکانیان زیادکراوە، ئەم زیادکردنەش دوبارە لە وشەکانی (بابە، دایە، کاکە، مامە، ...هتد[١٦])دا دەردەکەوێت، چونکە منداڵ لە سەرەتای زمان پژانیدا بە هەموو ژنێك دەڵێت (دایە)، یان (دادە)و بە هەموو پیاوێك دەڵێت (بابە) یان (مامە) یاخود (کاکە)، چونکە منداڵ یەکێك لە سیما واتاییەکانی وەرگرتووەو بە سەر هەمو (پیاو)ێکیدا سەپاندووە، کە ئەویش سیمای (نێر) بونەو بە (باوك) یاخود (مام) بانگی دەکات، وە لە ژنانیشدا بەهەمان شێوە سیمای واتایی (مێ) بونی بەخشیوە بە هەمو ژنێك و بە دایك بانگی دەکات، ئەمەش گشتاندنی وشەکانی (دایە) و (بابە) یە لە لایەن منداڵەکەوە، بەمەش، فراوانکردن و کەمکردنەوەی واتایی دروست دەبێت و پرۆسەی مۆرفۆپراگماتیکی بەرهەمدێت لە وشەکاندا، بۆ بەرچاوڕونی زیاتر، بڕوانە: نمونەکانی (٢٣أ) و (٢٣ب) و(٢٣پ) و(٢٣ت):

٢٣) أ)دایە {هەمو(ژنێك بە تایبەتی ئەوانەی تەمەنیان نزیکەلە دایکی)دەگرێتەوە لای منداڵەکە}

ب) بابە {هەموو پیاوێك – بە تایبەتی ئەوانەی تەمەنیان نزیکە لە باوکی –دەگرێتەوە لای

---

١٥) وشەی (شەبەت) لە زاری هەمان منداڵ وەرگیراوە، کە بۆ هەمو جۆرە شەربەتێك و خواردنەوە گازیە ڕەنگدارەکان بەکاریدەهێنێت.

١٦) ئەم وشانە لە زاری (ئایە) وەرگیراون، زۆرجاریش تێکەڵیان دەکات، واتا بە دایکی دەڵێت (بابە) یاخود بە باوکی دەڵێت (دایە) .

منداڵەکە، وە زۆرجار ئەم ڕونکردنەوەیەبۆ وشەی (مامە) ش دەشێت}

پ) کاکە {هەموو کوڕێك – تەمەنی هەرزەکاری یان منداڵ دەگرێتەوە لای منداڵ}

ت) دادە {هەموو کچێك – تەمەنی هەرزەکاری یان منداڵ دەگرێتەوە لای منداڵ}

لە نمونەی (٢٤أ)دا ناوی (کێك) بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، کە گیراوەیەکی هەویری وهەندێ شتی تری وەکو (شەکر، شیر، هێلکە...)یەو دەخرێتە ناو فڕنەوەو دوای برژاندنی ئامادە دەبێت بۆخواردن:

٢٤) أ) کێکەکە بخە ناو فڕنەکەوە، با ببرژێت.

ب) بابە کێکی[(١٧)].

بەڵام وشەی (کێك) لە (٢٤ب) جگە لە واتای بنەڕەتی، واتای تریش دەگرێتەوە، چونکە قسەکەر، کە منداڵێکە داوای (کێك) لە باوکی دەکات، بەڵام مەرج نییە کێکی بوێت، بەڵکو لەوانەیە (پاقلاوە، زلۆبیا، لوقمە قازی ...) یان هەر شیرینییەکی تری بوێت[(١٨)]، بۆیە لێرەدا دەتوانرێت بگوترێت، کە ناوی (کێك)کراوە بە سەرەی کێڵگەی واتایی، وشەکە واتاکەی زیادکراوەو بەشداری کردووە لە پرۆسەی مۆرفۆپراگماتیك .

٢٥) أ) گۆشتی سور دەخۆی ؟

ب) دۆشتی[(١٩)] دەخۆم.

٢٦) أ) چایەکە دەمی کێشاوە.

ب) تا[(٢٠)] دەخۆمەوە.

---

١٧) وشەی (کێك) لە زاری (کارۆ) وەرگیراوە، کە بە زۆربەی شیرینییە هەویریەکانی وەکو (برمە، پاقلاوە، شعریە،...هتد) دەڵێت کێك.

١٨) هەروەکو لە پەراوێزی (١٩)دا باسکراوە، (کارۆ) ناوی (کێك) بۆ هەمو جۆرە شیرینییەکی هەویری بەکاردەهێنێت

١٩) وشەی (دۆشت) لە زاری (ئاگا) وەرگیراوە.

٢٠) وشەی (تا) لە زاری (ئارون) وەرگیراوە.

٢٧) أ) لێخوڕینی پاسکیل وەرزشێکی بەسودە.

ب) پاکیلم[٢١] دەوێ.

پ) پاسکیتم[٢٢] دەوێ.

٢٨) أ) کەر ئاژەڵێکی زوڵم لێکراوە.

ب) ئەوە هەچە[٢٣] کەیە.

وشەی (گۆشت) لە (٢٥أ) بە واتـای بنـەڕەتی خـۆی بـەکارهاتووە، بەهەمانشـێوە وشـەی (چـا) لـە (٢٦أ)دا بـە واتـای بنـەڕەتی خـۆی بـەکارهاتووە، بـەڵام هەریەکـە لـە وشـەکان لـە (٢٥ب) و (٢٦ب)دا بەهۆی گۆڕانی فۆنەتیکیەوە جگە لـەواتای سیمانتیکی واتـای پراگماتیکیشـیان هەیـە، چـونکە وشـەی (گۆشـت) لـە(٢٥ب)دا، تیایـدا دەنگـی/گ/ گـۆڕاوە بـۆ/د/، کـە قسـەکردنێکی منداڵانەیـەو واتایـەکی پراگماتیکی لە پشتە. گوێگر بە هۆی دەوروبەرەوە بە ئاسانی تێی دەگـات، چـونکە واتاکـەی لەوانەیـە مەبەستدار بێت واتا قسەکەر بۆ تانە، یاخود لاساییکردنەوەی منـداڵ، یـان ڕەخنـەگرتن لـە هەڵوێسـتی نەشیاوی بەرامبەر، دەربیڕیبێت، یان بۆ خۆشی و هەست دەربڕین کردبێتی. هەروەها وشـەی (چـا) لـە (٢٦ب)دا بە هۆی گۆڕانی دەنگـی/چ/ بـۆ/ت/ دەتوانرێـت هـەمان شـیکردنەوەی (٢٥ب) ی بـۆ بکرێـت، بەڵام ئەگەر سەیر بکرێت دەبینرێت، کە لە بنەڕەتدا (تا) واتـای بەرزبونـەوەی پلـەی گـەرمی لـەش لـە ئەنجامی نەخۆشی و سەرماوە دەگەیەنێت، هەروەکو لە (٢٩)دا دیارە:

٢٩) منداڵەکە تایەکی بەهێزی لێیە.

لـە (٢٦ب) وشـەی (تـا) واتـای (چـا–tea) دەگەیـەنێت، بـەڵام لـە (٢٩)دا وشـەی (تـا) بـە واتـای (حمی)ی عەرەبی دێت، واتا بەرز بونەوەی پلەی گەرمی لەش.

لە (٢٧أ) وشەی (پاسکیل) بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، کـە ئـامێرێکی گواسـتنەوەیەو لـە سـەر دو چـەرخ دەڕوات بـە هـۆی پایـدەرەوە، بـەڵام وشـەکانی (پاکیـل) لـە (٢٧ب) و (پاسـکیت) لـە (٢٧پ)دا، ئەگـەر دەوروبـەر نـەبێت هـیچ واتایـەك نابەخشـن، بـەڵام بـە هـۆی دەوروبـەرو واتـای پراگماتیکـەوە، کـە ئەمـەش بـە هـۆی قسـەکردنی منداڵانـەوە هاتونەتـە نـاوەوە، واتـای (پاسـکیل) دەبەخشـن، ئـەو واتـا پراگماتیکیـەش فـراوانتر دەبێـت کاتێـك قسـەکەر ئـەو جـۆرە وشـانەی وەکـو

---

٢١) وشەی (پاکیل) لە زاری (بەهەست) وەرگیراوە.

٢٢) وشەی (پاسکیت) لە زاری (کارۆ) وەرگیراوە.

٢٣) وشەی (هەچە) لە زاری هەمان منداڵ وەرگیراوە.

(٢٧ب)،(٢٧پ) لە ئاخاوتنەکانیدا بۆ مەبەستی جیاوازی وەکو خۆشی و ناخۆشی، یان تورەیی، یاخود هەست دەربڕینی ناسك، ....هتد بەکاردەهێنێت.

ئەگەر سەیری وشەی (کەر) بکرێت لە (٢٨أ)دا بە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکارهاتووە، بەلاّم وشەی (هەچە) لە (٢٨ب)دا بەهۆی وەرگرتنی وشەکە لەلایەن منداڵەوە، کە گەورەکان بەکاریدەهێنن، وەکو فەرمانی ڕۆیشتن لە کاتی لێخورینی ئەم ئاژەڵەدا، منداڵ ناوی ناوە (هەچە)، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئاژەڵەکە بەم دەستەواژەیە دەڕوات بە ڕێدا، زۆر جار گەورەکان لە کاتی قسەکردندا – لە گەڵ منداڵ یاخود گەورە– بۆ مەبەستی جیاواز وشەی (هەچە) بەکاردەهێنن و دەیگوازنەوە بۆ شوێنی تر، وەکو لە (٣٠)دا دیارە:

٣٠) هەچە بڕۆ دەی.{ سەیارەکە چەقیوە، شوفێرەکەشی ئەم دەستەواژەیەی بۆ بەکاردەهێنێ}

لە(٣٠)دا وشەی (هەچە) فراوانکراوەو بۆ سەیارەکە بەکارهاتوە، وەکو تانەلێدانێك و ناڕەزاییەکی شوفێرەکە بۆ ئەو بارە ناهەموارەی، کە سەیارەکەی تێکەوتووە، چونکە ئاژەڵیش زۆرجار (جەنە)[٢٤] دەگرێت لە شتەکان، بە بەکارهێنانی وشەی (هەچە) دەڕوات، کەواتەپرۆسەی مۆرفۆپراگماتیك بەمجۆرە وشانە چالاك دەبێت و دروست دەبێت .

## ٢-١/٣) زمانی قسەکردنی منداڵانە و ڕەنگدانەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانەی لە بەشە ئاخاوتنی کرداری مرۆڤە گەورەکاندا:[٢٥]

ئەگەر سەیری ئەم کردارانە بکرێت، کە منداڵ لە سەرەتای زمان پژانییە وە تا تەمەنی (٤٠)مانگی بەکاریان دەهێنێت، دەبینرێت کە کردارەکان جۆرێك لە کەمکردنەوە و زیادکردنی واتایان تێدا بەدیدەکرێت، ئەمەش هۆکاری بەشداربونیانە لە پراگماتیکی وشەیی، چونکە لەوانەیە منداڵەکە

٢٤) بە وەستان و مانگرتنی ئاژەڵ دەگوترێت لە شتێك، جا بە هۆی ترسەوە یاخود هەر هۆکارێکی تر بێت، ئاژەڵەکە بوەستێنێت لە جێی خۆی نەڕوات بە ڕێگادا.

٢٥) کردار لە پێکهێنان و دروستکردنی ڕێزمان لە زمانی کوردیدا، پێگەیەکی گرنگی داگیر کردووە. لێکۆڵینەوەی زۆر لە بارەیەوە ئەنجامدراوە، بەشێکی هەرە گرنگی ئاخاوتنە، کردار لە زمانی کوردیدا ((خاوەنی تایبەتیێتی حاڵەتی کەس (یەکەم، دووەم، سێیەم)، ژمارە(تاك، کۆ)، کات (ڕانەبردوو: ئێستا، ئایندە.. ڕابردوو، نزیك، بەردەوام، تەواو)، ڕێژە: (إخباری، إنشائی، داخوازی)، ئەرێتی و نەرێتی، تێپەڕی و تێنەپەڕیەتی، کارا دیاری و کارابزری، سادەیی و ناسادەیی (داڕێژراوو لێکدراو)، ڕەگ و قەدە. ..)) ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٥).

مەبەستی لەو واتایەی، کە لە بنەڕەتدا کردارەکە هەیەتی، نەبێت، بەڵکو مەبەستێکی تری هەبێت لە دەربڕینەکەدا. هەروەها ئەم کردارانە زۆرجار بە هۆی گۆڕانی فۆنەتیکییەوە واتای پراگماتیکی دەبەخشن، لە نمونەکانیشدا ئەمە باشتر ڕون دەبێتەوە:

٣١) أ) هەستە با بڕۆین، وا دیارە نایەت.

ب) هەتە[٢٦] با بلۆین[٢٧].

لە ڕستەی (٣١أ) هەردو کرداری (هەستە) و(بڕۆیین) بە واتای بنەڕەتی خۆیان بەکارهاتون، کە(هەستان) و (ڕۆیشتن)ە، بەڵام لە (٣١ب)دا ئەگەر سەیری هەردو کرداری (هەتە) و (بلۆین) بکرێت، دەبینرێت، کە شێوازێکی قسەکردنی منداڵانەیە، یا قسەکەر خۆی منداڵە. دەبینرێت لە کرداری (هەستە) دەنگی/س/ کرتێنراوەو گۆڕانی فۆنەتیکی لە وشەکەدا دروست کردووەو بۆتە (هەتە)، هەروەها لە ئەنجامی دەنگە گۆڕکێوە، لە (بڕۆیین)دا/ڕ/ گۆڕاوە بۆ/ل/، ئەم گۆڕانانەش بە هۆی قسەکردنی منداڵانەوە ڕویداوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری پەیدابونی واتای پراگماتیکی لە وشەکاندا.

لە (٣١ب)دا کاتێك منداڵەکە یاخود لاسایی کەرەوەی منداڵەکە وشەکانی (هەتە) و (بلۆین) بەکاردەهێنێت، واتای پراگماتیکی دێتە ناوەو وشەکان تەنیا واتایەکی سیمانتیکی ناگەیەنن. کاتێك گەورەکان بەم شێوازە قسە دەکەن، مەبەستی جیاوازیان هەیە لەو دەربڕینانە وەکو (گاڵتەو گەپ، تانەلێدان، ڕەخنەگرتن، نارەزایی و هەست و سۆز دەربڕین، تورە بون، ...هتد)، یاخود لە کاتی ئاخاوتنی نێوان ژن و مێرد و بانگکردنی یەکێکیان لە لایەن ئەوی ترەوە بۆ سەرجێیی کردن لە گەڵیدا، هەمو ئەو مەبەستانەش واتایەکی زیادە بە دەربڕاوەکە دەبەخشن، کە واتای پراگماتیکییەو دەبێتە هۆی دروست بونی وشەی پراگماتیکی، بەڵام لە ڕستەیەکی وەکو (٣٢)دا مەرج نییە کە واتای کرداری (هەستە) هەمان ئەو واتایە بێت کە لە (٣١أ)دا دەگەیەنێت:

٣٢) بابە! هەستە[٢٨].

بەڵکو کرداری (هەستە) لە (٣٢)دا بە واتای هەڵگرتن و لەباوەشکردن دێت[٢٩]، بەڵام واتای وشەکە زۆر دور نییە لە (هەستان)، چونکە لە باوەشگرتن و هەڵگرتنیش کردەی هەستانی

٢٦) کرداری (هەتە) لە زاری (ئارۆن) وەرگیراوە.

٢٧) کرداری (بلۆین) لە زاری (ئاوێستا) وەرگیراوە.

٢٨) کرداری (هەستە) لە زاری (کارۆ) وەرگیراوە.

٢٩) (کارۆ) ئەم کردارە لە جیاتی لە باوەشگرتن و هەڵگرتن بەکاردەهێنێت نەك هەستانە سەر پێ.

تێدەکەوێت، کەواتە لە (٣٢) وشەی (هەستە) لە لایەن قسـەکەرەوە — منداڵەکـە— واتاکـەی زیـادکراوە بۆ (لە باوەشکردن) و (هەڵگرتن)، وشەی پراگماتیکی دروست بووە.

٣٣) أ) پەنجەرەکە شکا.

ب) پەنجەلەکە تکا[٣٠].

پ) پەنجەرەکە سکا[٣١].

٣٤) أ) ئاوەکە دەڕێژم.

ب) دەیلێژم[٣٢].

پ) دەیژێژم [٣٣].

هەریەکە لە کردارەکانی (شکا) لە (٣٣أ) و (دەڕێژم) لە(٣٤أ)دا، بـە واتـای بنـەڕەتی و فەرهـەنگی خۆیان بەکارهاتون، (شکا) لە (٣٣أ) شکاندنی شتێکە، کە پەنجەرەکەیە، وە ڕشتنی شـتێك، کـە ئـاوە لـە (٣٤أ) بـە ڕونـی دیـارە، بـەڵام قسـەکەرانی (٣٣ب)،(٣٣پ)،(٣٤ب)،(٣٤پ) بـە شـێوازێکی منداڵانـە قسە دەکەن، یاخود هەر خۆیان منداڵن، وە لە کرداری (شکا) لە (٣٣ب)دا گـۆڕانی فۆنـەتیکی ڕویـداوە بـە گـۆڕانی/ش/ بـە/ت/، هـەروەها لـە (٣٣پ) بـە هـەمان شـێوە/ش/ گـۆڕاوە بـۆ/س/، ئـەم گۆڕانـە دەنگیانە یارمەتی قسەکردنی منالأنە دەدەن، بەکارهێنانیشـیان لـە لایـەن گەورەکانـەوە بـۆ مەبەسـتە جیاوازەکانی ئاخـاوتن (خۆشـی و شـادی و... هتـد)، ئەگـەر دەوروبـەریش نـەبێت ئـەوە وشـەی (تکـا) هەمان ئەو واتایە ناگەیەنێت، کە لە (٣٣ب)دا گەیاندویەتی، چونکە لە بنەڕەتدا واتـای (تکـا) جیـاوازە، کە (تکاکردن، پاڕانەوە، کڕوزانەوە) دەگرێتەوە، بـەڵام (تکـا) لـە (٣٣ب)دا واتـای (شـکا) دەگەیـەنێت بەهۆی ئەو گۆڕانە فۆنەتیکیانەوە، کە منداڵەکە کردویەتی. لە (٣٤ب) بەهۆی گـۆڕانی فۆنەتیکیـەوە لـە وشەی (دەیڕێژم)/ ڕ/ گۆڕاوە بۆ/ل/، لە (٣٤پ)دا/ڕ/ گۆڕاوە بۆ/ ژ/، وەکولە(٣٣پ)دا شیکراوەتەوە.

گۆڕانـە دەنگیـەکان دەتوانرێـت بـە مەبەسـتی جیـاواز لـە لایـەن قسـەکەرەوە بـەکاربهێنرێت و دەوروبـەریش تیایـدا کارەکتـەری سـەرەکی دەبێـت، پەلکێشـی واتـای پراگمـاتیکی دەکـات بـۆ نـاو هاوکێشەکە، چونکە هەرکاتێك دەوروبەر باسـکرا، دەبێـت ئـەوە لـەبیر نـەکرێت، کـە هۆکـاری دروسـت

٣٠) وشەی (تکا) لە زاری (ژیوەر) وەرگیراوە.

٣١) وشەی (سکا) لە زاری (کارۆ) وەرگیراوە.

٣٢) وشەی (لژان) لە زاری (ئاوێستا) وەرگیراوە.

٣٣) وشەی (ژژان) لە زاری (ژیوەر) وەرگیراوە.

بـونی واتـای پراگماتیکییـە. هـەروەکو چـۆن لـە نمونـەکان (٣٣ب)،(٣٣پ)،(٣٤ب)،(٣٤پ)دا بەباشـی جێدەستی دەوروبەر دەردەکەوێت لە شیکردنەوەی وشەکانی (شکان) و(ڕژان)دا.

٣٥) أ) بشکێ! بشکێ. {قسەکەر توڕەییەوە، بە تەورێك لە دارەکە دەدات}

ب) بسکێ! بسکێ. [٣٤] {منداڵەکە توند میزەڵدانەکەی گوشیوە و باوەشی لێداوە}

ئەگـەر سـەیری وشـەی (بشـکێ) بکرێـت لـە (٣٥أ)دا، تێبینـی ئـەوە دەکرێـت، وشـەکە بـە واتـای بنەڕەتی فەرهەنگی خۆی بەکارهاتووە، کە پارچە پارچە بـون و شـکانی شـتێك دەگەیـەنێ، هـەروەکو چـۆن لـە (٣٣أ)دا هـاتووە، بـەڵام لـە (٣٥ب)دا واتـای وشـەی (بسـکێ) بـە واتایـەکی جیـاواز لـە واتـا سیمانتیکییەکەی بەکارهاتووە، چونکە واتای (شکان) زیادکراوەو بە واتای (تـەقین) بـەکارهاتووە، کـە قسەکەر –منداڵەکـە– بـە وەرگرتنـی یـەکێك لـە سـیما واتاییـەکانی (تـەقین) {کـە لەیەکجیابونـەوە و پارچە پارچە بونە} سودی بینیوە بۆ گواستنەوەی ئەم سیما واتاییەو بەخشینی بـە وشـەی (شـکان)و دەربڕینـی بـەم شـێوازە، کەواتـە بـەهۆی زیـادکردنی واتـای وشـەکەوە واتـای پراگمـاتیکی وەرگتـوەو بەشداری کردوە لە پرۆسەی مۆرفۆ پراگماتیکدا.

## ٣-١/٣) زمـانی قسـەکردنی منداڵانــە و ڕەنگدانــەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانــەی لــە بەشــە ئاخاوتنی جێناوی مرۆڤە گەورەکاندا:[٣٥]

جێناوەکـانیش، وەکـو بەشـە ئاخـاوتنی نـاو دەتـوانن بەشـدار بـن لـە دروسـتکردنی پرۆسـەی مۆرفۆپراگماتیکدا، چونکە منداڵ لە زۆربەی قسەکانیدا جێناوەکان بەکاردەهێنێت، بـەڵام زۆرجـار ئـەم بەکارهێنانانە، بەکارهێنانە بنەڕەتییەکەی جێناو نین، کە لە زماندا بەکاردێن، بـەڵکو وەکـو بەشـەکانی تـری ئاخـاوتن لێرەشـدا گـۆڕانی فۆنـەتیکی بـە ئاشـکرایی هەسـتی پێـدەکرێت، هـەروەها منـداڵ لـە قسەکانیدا زۆر جار خـۆی بـە کەسـی دووەم، یـان سـێیەمی تـاك دەناسـێنێت، ئەمـەش وایکـردوە، کـە جێناو بچێتە ناو چوارچێوەی واتای پراگماتیکی و لەو حاڵەتانەدا وەکو مۆرفۆپراگماتیـك هەڵسـوکەوتی لە گەڵ بکرێت، نمونەکانیش گەواهیدەری ئەم بۆچونەن:

---

٣٤) کرداری (بسکێ) لەزاری (کارۆ) وەرگـیراوە، کـە لێـرەدا کردارەکـەی دوبـارە کردۆتـەوە، بـۆ جـەخت کردنـەوە لەسەری.

٣٥) جێناو، وەکو بەشێکی ئاخاوتن، جێگای تایبەتی خۆی هەیە لە زمانداو ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێـت ((ئەگەرچـی لـە ڕوی واتا و پەیوەندییەوە لە ناو و ئاوەڵناو و ژمارەو هـەروەها ئـاوەڵکردار نزیکـە، بـەڵام گروپێکـی سـەربەخۆیە لـە لایەنی واتاوە جێناو خاسیەتی ئەوەیە کەوا جێگەی پێوەندیی واتای گشـتی نێـوان ئـەو شـتانە دەکاتـەوە، کـە لـە واقیعی جیهاندا هەن)) ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٨٧: ٧٥).

٣٦) أ) ئێستا چۆنی!؟ باشتری ؟

ب) بابە سۆنی[٣٦]؟

پ)دایە تۆنی[٣٧]؟

لـە ڕسـتەی (٣٦أ)دا جێنـاوی پرسـی (چـۆنی) بـە واتـای بنـەڕەتی خـۆی بـەکارهاتووە، کـە پرسیارکردنە لە حاڵی کەسێك، هەروەها گۆڕانی فۆنەتیکیشی تێدا نییـە، بـەڵام ئەگـەر سـەیری وشـەی (سۆنی) بکرێت لـە(٣٦ب)دا، دەبینرێـت، کـە گـۆڕانی فۆنـەتیکی تیایـدا ڕویـداوە،/چ/ گـۆڕاوە بـۆ/س/، بەهەمان شێوە لە (٣٦پ)دا /چ/ گـۆڕاوە بـۆ/ت/، چـونکە قسـەکەر لێـرەدا منداڵـە، بۆیـە بـەم شـێوازە قسەکانی دەردەبڕێـت، بـەڵام ئـەوەی ڕونـە گـوێگر بـە تـەواوی لـەم جـۆرە دەربڕینـە دەگـات و وەڵامـی قسەکەر –منداڵەکە– دەداتەوەو بگرە زۆر جار دڵخۆش دەبێت بەم جۆرە دەربڕینانـە، گـەورەکانیش ئەم شێوازە قسەکردنە بەکاردێنن لە نێوان خۆیاندا، یاخود کاتێك بەرامبەر بـە منـداڵێك قسـە دەکـەن، بـۆ ئـەوەی مەبەسـتەکانیان بگەیـەنن، هۆکـاری قسـەکردنی منداڵانـەش لـە لایـەن گەورەکانـەوە، بـۆ خۆشی نێـوان خۆیـان و گاڵتـەکردن بـە یـەکتری و تانـەدان لـە یـەکتری و لاسـایی کردنەوەیـە، هـەموو ئەمانەش لەو خاڵەدا کۆدەبنەوە، کـە واتـای (چـۆنی) بـە هـۆی قسـەکردنی منداڵانـەوە، زیـادکراوە بـۆ مەبەستی جیاواز و واتایەکی پراگماتیکیانە بە جێناوە پرسەکە بەخشراوە، وەکـو لـە نمونـەی (٣٧)دا دەردەکەوێت:

٣٧) أ) تۆنی باوکەکەم؟ {قسەکردنێکی منداڵانەیە. لە لایەن گەورەوە بۆ منداڵ}

ب) ئەتو سۆنی باشی[٣٨]؟ {قسەکردنێکی منداڵانەیە. لە لایەن گەورەوە بۆ منداڵ}

لە نمونەکانی (٣٧ أ)،(٣٧ب)دا لاسایی کردنەوەی منداڵ لەلایەن گەورەکانەوە دەردەکەوێت.

٣٨) أ) سۆنی کوڕی قۆز؟

ب) تۆنی؟

لـە (٣٨أ)دا قسـەکەر جێنـاوی پرسـی (چـۆنی) بـە شـێوازێکی منداڵانـە دەربڕیـوە، بـۆ خۆشـی و گاڵتـەکردن لەگـەڵ گـوێگرو هاوڕێکانیـدا. لـە (٣٨ب)دا قسـەکەر، بـە تانەوتەشـەرەوە قسـە لـە گـەڵ

٣٦) وشەی (سۆنی) لە زاری (میکائیل) وەرگیراوە.

٣٧) وشەی (تۆنی) لە زاری (ژیوەر) وەرگیراوە.

٣٨) ئەم ڕستە، لە زمانی (کارۆ) وەرگیراوە.

گوێگردا دەکات، لە جیاتی(چۆنی)، (تۆنی) بە شێوازی قسەکردنی منداڵانە بە کاردەهێنێت، بەو مەبەستەی، کە گوێگر وەکو منداڵ وایەو بە شێوازێکی منداڵانە هەڵسوکەوت دەکات، یاخود قسەیەکی منداڵانەو بێ مانای کردوە، بۆیە قسەکەر بەم شێوازە پرسیاری لێ دەکات. کە جگە لە گۆڕینی فۆنەتیکی، واتای تر بە هۆی ئەم گۆڕانە فۆنەتیکیەوە لە پشت وشەکەوەیە، واتا قسەکەر بە گوێگر دەڵێ تۆ هێشتا عەقڵت کامڵ نەبووەو منداڵیت، ئەمەش واتایەکی پراگماتیکی وشەکەیە.

تێبینی دەکرێت زۆرجار منداڵ بە شێوازێك قسە دەکات، کە نادیارە، واتا وەکو ئەوە وایە، کە پرسیار لەخۆی بکات، یاخود باسی کەسی سێیەم بکات، بەلاّم لە ڕاستیدا ئەمە وانیە، وەکو لە نمونە (٣٩)دا دەبینرێت:

٣٩) أ) نان دەخۆی؟

ب) نانی دەخۆی[٣٩]؟

لە (٣٩أ)دا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك، بە کردارە تێپەڕەکەوە نوساوە، بە شێوازی بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، قسەکەر لە گوێگر دەپرسێ، کە ئایا ! نان دەخوات؟ لە (٣٩ب)دا دەردەکەوێت، کە منداڵێکە، بەهۆی جێگر نەبونی زمانی لە ڕوی ڕێزمانیەوە و نەشارەزایی زمانەوانیەوە، جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکی (ی) لە جیاتی جێناوی کەسی یەکەمی تاك (م) بەکارهێناوە، بۆیە واتایەکی پراگماتیکی بە جێناوەکان بەخشیوە، وایکردووە ئەم بەکارهێنانە بچێتە پرۆسەی مۆرفۆپراگماتیکەوە.

٤٠) أ) ئاوەکەی خواردەوە.

ب) ئاوی خوادەوە[٤٠].

جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە (٤٠أ)دا بە واتا و مەبەستی خۆی بەکارهاتووە، کە کەسی سێیەمە، بەلاّم لە (٤٠ب)دا جێناوی لکاوی (ی)، کە لە بنەڕەتدا بۆ کەسی سێیەمی تاکە، ڕۆڵی لە شوێنی خۆی نەگێڕاوە، بەڵکو قسەکەر منداڵێکە، ئەم جێناوە لکاوەی لە جێگەی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك (م) بەکارهێناوە، مەبەستی ئەوەیە بڵێت:

٤١) ئاوم خواردەوە.

---

٣٩) وشەی (دەخۆی) لە زاری هەمان منداڵ وەرگیراوە.

٤٠) وشەی (خوادەوە) لە زاری هەمان منداڵ وەرگیراوە.

واته منداڵەکە، هەواڵێك دەگەیەنێ، کە ئاوی خواردۆتەوە، نەك مەبەستی کەسی سێیەم بێت.

زۆرجار ئەم شێوازە قسەکردنەش لە لایەن گەورەکانەوە بە کاردێت، بۆ مەبەستی جیاواز، وەکو {خۆشی، تانە، لاسایی کردنەوە...هتد}، ئەمەش وایکردووە، کە جێناوەکان واتای زیاتر ببەخشن جگە لە واتا و مەبەستە بنەڕەتیەکانیان، پراگماتیکیانە دەربڕێن لە لایەن قسەکەرەوە، وشەی پراگماتیکی دروست بکەن.

کاتێك قسەکەر (کەسێکی گەورە) پرسیار لە منداڵێك دەکات لە بارەی خاوەنداریێتی شتێکەوە، منداڵەکە هەمان ڕستەی قسەکەر دوبارە دەکاتەوە، بەلاّم بە مەبەستی جیاواز، کە جێناوەکان مەبەستەکە ڕون دەکەنەوە:

٤٢) أ) تۆپەکە هی خۆتە؟

ب) هی خۆتە[٤١].

قسەکەر لە (٤٢أ)دا پرسیار لە منداڵەکە دەکات دەربارەی تۆپەکە، کە هی خۆیەتی یا خود نا؟ منداڵەکەش بە بەکارهێنانەوەی هەمان جێناوی خۆیی، مەبەستەکەی دەردەبڕێت و وەلاّم دەداتەوە، وەکو لە(٤٢ب)دا دیارە، کە جێناوی خۆیی بۆ کەسی دووەمی تاك دەباتە جێگەی جێناوی خۆیی بۆکەسی یەکەمی تاك و بە هەمان واتا بەکاریدەهێنێت ئەمەش واتایەکی پراگماتیکی بە وشەکە بەخشیوە.

### ٤-١/٣) زمانی قسەکردنی منداڵانە و ڕەنگدانەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانەی لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناوی مرۆڤە گەورەکاندا:[٤٢]

ئاوەڵناو، وەکو بەشێکی ئاخاوتن، بەشداری دەکات لە پرۆسەکانی مۆرفۆ پراگماتیکدا، بە بەکارهێنانی لەلایەن منداڵەوە، یاخود بەکارهێنانی شێوازی قسەکردنی منداڵانە لە لایەن گەورەکانەوە، ئەمەش وا دەکات، کە ئاوەڵناو ڕۆڵی خۆی ببینێ لە زیادبون، یان کەمبونەوەی واتای

---

٤١) وشەی (خۆتە)، لەزاری هەمان منداڵ وەرگیراوە.

٤٢) لە زمانی کوردیدا، وەکو بەشێکی ئاخاوتن هەژمار کراوە، کە ((وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات، بەهۆیەوە دەبێتە تەواوکەری ناو یان جێناو یان ئاوەڵناوێکی تر یان تەواوکەری کارێکی ناتەواو)) نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(٢٠١٢: ٧٨). لە ڕاستیدا ئاوەڵناو پەیوەستە بەو واتایەی، کە بەهۆی دەوروبەرەوە پێی دەبەخشرێت، چونکە جگە لە پلەکانی بەراوردی {تر، ترین، هەرە} هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆی نییە، کە لە ڕستەدا پێی بناسرێتەوە.

وشـەکاندا و بچـێتە نـاو پرۆسـەکەوە، بـەهۆی گـۆڕانی فۆنـەتیکی تیایانـدا. یـاخود بـەهۆی ئـەو واتـا شاراوانەی، کە قسەکردنی منداڵانە دەیانبەخشێتە وشەکان، کە زۆرجار وشەیەك بـە پێچـەوانەی واتـای فەرهەنگی و بنەڕەتی خۆی بەکاردێت. نمونەکان بۆچونەکان باشتر ڕون دەکەنەوە:

٤٣) أ) منداڵەکە سەرمایەتی.

ب) سەمامە[٤٣]. {منداڵەکە، سەرمابونی خۆی ڕادەگەیەنێت}

٤٤) أ) منداڵەکە گەرمایەتی.

ب) سەمامە. {منداڵەکە، گەرمابونی خۆی ڕادەگەیەنێت}

وشەی سەرما لـە (٤٣ أ)دا بـە واتـای بنـەڕەتی و فەرهـەنگی خـۆی بـەکارهاتووە، ئـەویش بـەهۆی کەش و هەوایەکی ساردەوە، یاخود نەخۆشـیەوە کەسـێك سـەرمای دەبێـت. منداڵەکـە لـە(٤٣ب) دێتـە دەنگ و سـەرما بـونی خـۆی ڕادەگەیـەنێت بـە واتـا بنەڕەتیەکـەی سـەرمابون، کـە ئامـاژەی پێـدرا لـە شـیکردنەوەی (٤٣أ). بـەڵام ئـەوەی وادەکـات واتـای پراگمـاتیکی لـە (٤٣ب) دروسـت بێـت گـۆڕانی فۆنەتیکیە، کە دەنگی/ر/ کرتاوە. هۆیەکی تری دروست بونی وشەی پراگمـاتیکی، لاسـایی کردنـەوەی گەورەکانە بەو شێوازە قسەکردنە منداڵانەیە، هەروەها لە (٤٤أ) ئاوەڵناوی (گـەرما) بـە واتـا بنەڕەتیـە و فەرهەنگیەکەی خۆی هاتووە، بە هۆی کەش و هەوای گەرمەوە دروسـت دەبێـت، بـەڵام (٤٤ب) ئـەوە ناڵێـت، بـەڵکو (سـەما) کـە دەنگـی/ر/ تێـدا کرتێنـدراوە، بـە واتـای بنـەڕەتی خـۆی، کـە سـەرمابونە بەکارنەهاتووە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەو واتایـەو بـەهاوتا و یەکسـانی واتـای وشـەی (گـەرما) هـاتووە، چونکە قسەکەر منداڵێکە، هێشتا ئەم دو وشەیەی لـە یـەك جیانەکردۆتـەوە، بۆیـە واتایـەکی تـری بـەو وشەیە بەخشیوە، ئەمە جگە لە قسەکردنی منداڵانەو لاسـایی کردنـەوەی ئـەم جـۆرە وشـانە لـە لایـەن گەورەکانەوە، کە وایکردووە واتای پراگماتیکی بێتە ناوەوە و وشەکە پراگماتیکیانە دەربڕێت.

لە(٤٣ب)،(٤٤ب)دا وشەی (سەما) کـە دەنگـی/ر/ی کرتـاوە، هاوتایـە لـە گـەڵ وشـەی (سـەما) بـە واتای (رقص)ی عـەرەبی و(Dance)ی ئینگلیـزی، بـەڵام دەوروبـەر ڕونـی کردۆتـەوە، کـە ئـەم وشـەیە واتـای (سـەرمابون) لـە (٤٣ب)دا، (گـەرمابون) لـە(٤٤ب)دا، دەگەیـەنێت، بـەڵام لـە (٤٥أ)دا، (سـەما) واتای (سەماکردن)، یاخود (سوڕدان) دەبەخشێت:

٤٥) أ) کوڕەکە سەمایەکی جوانی کرد.

ب) بابە سەمامە.

---

٤٣)وشەی (سەما) لە زاری (کارۆ) وەرگیراوە.

واته له (٤٥أ)دا (سەما) به واتا بنەڕەتیەکەی خۆی، کە سوڕدانە بەکارهاتووە، بەڵام لە (٤٥ب) وشەکە (سەرما) یەو بە هۆی قسەکردنی منداڵانەوە دەنگی/ر/کرتێنراوە.

ئەم کردەی دو واتای جیاواز بەخشین بە وشەیەك، لە ئاوەڵناودا، زۆرجار لە قسەکردنی منداڵانەدا دوبارە دەبێتەوە، وەکو:

٤٦) أ) ئاوەکە ساڵدە[٤٤]. {(ساڵد) بە واتای (سارد) هاتووە}

ب) ئاوەکە ساڵدە. {(ساڵد) بە واتای (گەرم) هاتووە}

٤٧) أ)برنجەکە زۆڵە[٤٥] {(زۆڵ) بە واتای (زۆر) هاتووە}

ب) برنجەکە زۆڵە. {(زۆڵ) بە واتای (کەم) هاتووە}

لە (٤٦أ)دا، وشەی (ساڵد) واتای سارد دەبەخشێت، لە (٤٦ب)دا، وشەی (ساڵد) واتای (گەرم) دەبەخشێت. ئەمەش قسەکردنی منداڵانەیە، هەروەها وشەی (ساڵد) بە هۆی گۆڕانی فۆنەتیکیەوە دەنگە گۆڕکێ تیایدا ڕویداوەو لە ئاوەڵناوی (سارد)دا فۆنیمی/ر/ بۆتە/ل/، کە ئەمەش واتای پراگماتیکییە، کەواتە لە (٤٦) وشەی (ساڵد) لە هەردو ڕستەکە بە دو واتای جیاواز هاتووە، هەروەکو چۆن ئاوەڵناوی (زۆڵ)، کە لە وشەی (زۆر)ەوە هاتووە، بە هۆی گۆڕانی دەنگی/ر/ بە/ ل/، دو واتای جیاوازی بەخشیوە لە ڕستەکانی (٤٧)دا، کە لە(٤٧أ) بە واتای (زۆر)– واتە بڕێکی زۆر لە برنجەکە دەگرێتەوە–، بەڵام لە (٤٧ب) وشەکە بە واتای خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو بە واتای بڕێکی کەم لە برنجەکە دێت، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە واتای پراگماتیکی وشەکان بێتە مەیدانەوەو پرۆسەی مۆرفۆ پراگماتیك دروست بێت. ئەگەر سەیربکرێت دەتوانرێت پێچەوانەی وشەکانی (ساڵد) لە(٤٦)دا،(زۆڵ) لە(٤٧)دا بە هەمان شێوە، هەمان ئەو دو واتا جیاوازانە ببەخشن، کە لە(٤٦) و (٤٧)دا هەیانە، وەکو لە (٤٨،٤٩) دیارە:

٤٨) أ) ئاوەکە گەڵمە[٤٦]. {(گەڵم) بە واتای (گەرم) هاتووە}

ب) ئاوەکە گەڵمە. {(گەڵم) بە واتای (سارد) هاتووە}

٤٩) أ) برنجەکە کەمە. {(کەم) بە واتای (کەم) هاتووە}

---

٤٤) وشەی (ساڵد) لە زاری (ئارۆن) وەرگیراوە.

٤٥) وشەی (زۆڵ) لە زاری (ژیوەر) وەرگیراوە.

٤٦) وشەی (گەڵم) لە زاری (ئاوێستا) وەرگیراوە.

ب) برنجەکە کەمە[٤٧].        {(کەم) بە واتای (زۆر) هاتووە}

بــە هــەمان شـێوە نمونــە (٤٨) گـۆڕانی فۆنــەتیکی تێدایــە کــە لە(گە/ر/م)و(گــە/ل/م) لــە (٤٨) دەبینرێتەوە، واتە/ر/ کراوە بە/ل/.

٥٠) أ) کراسە سپیەکەم بۆ بێنە.

ب) کلاسە پسیەکە دەوێت[٤٨].

لە (٥٠ أ)دا وشەی (سپی) بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، کە ئاوەڵناوێکەو واتای یـەکێك لـە ڕەنگەکان دەبەخشێت، کە سپییە، ئەگەرسەیری وشـەی (پسـی) بکرێـت لـە(٥٠ب)دا دەبینرێت، کـە ئەم جۆرە دەربڕینە، منداڵانەیەو گۆڕانی فۆنەتیکی ڕویـداوە و جێگـۆڕکێ بـە دەنگـەکانی/پ/،/س/ لـە وشەی (سپی)دا کراوە،/پ/ هاتۆتە پێشەوە لە وشـەکەدا، هـەمان واتـای ڕەنگـە سـپیەکە دەگەیـەنێت، کە لە (٥٠أ)دا بەکارهاتووە، بەڵام بە دەربڕینێکی جیاواز، کە قسەکردنی منداڵانەیە، بۆیـە دەتوانرێـت بگوترێت، کە ئەم جۆرە دەربڕینەی وشـەی (پسـی) لـە(٥٠ب)دا، بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـان، بەشـداری دەکات لە زیادکردنی واتای وشەکەدا، بەمەش واتایەکی پراگماتیکی دەبەخشێتە وشەکە.

لە ڕاستیدا بۆ بابەتی ڕەنگەکان، زۆرجار منداڵان کێڵگەی واتایی بۆ یەکێك لە ڕەنگەکان دروسـت دەکەن، بۆ نمونە بە ڕەنگـە کاڵـەکانی وەکـو {زەرد، پەمـەیی کـاڵ، شـینی زۆرکـاڵ، خۆڵەمێشـی زۆر کــاڵ، شــیری} دەڵــێن (ســپی)، یــاخود تێکــەڵکردنی ڕەنگــەکان، وەکــو بــە {ســور، هــەناری، وەنەوشەیی...هتد)، ئەو ڕەنگانەی لە ڕەنگی سورەوە نزیکن دەڵێن: (سور). کەواتە ئەمـەش دوبـارە دەبێتە هۆی دروست بونی زیادبونی واتا لەم جۆرە ئاوەڵناوانەدا، بۆیە بەشدار دەبن لە دروسـت کردنـی پرۆسەی فۆرمۆپراگماتیك، هەروەکو لە (٥١) دەردەکەوێت:

٥١) سەیالە لەشەکە[٤٩] هی بابەیە.

ئەگــەر ســەیری وشــەی (لــەش) بکرێـت لـە(٥١)دا دەبینرێـت، کــە بــە واتــای ڕەنگــی (ڕەش) بەکارهاتووە، بەڵام بەهۆی گۆڕینی دەنگی/ ڕ/ بە دەنگی/ل/ لە لایەن قسـەکەرەوە، (کـە منداڵـە) بـەم شـێوازە دەربـڕاوە، لێـرەدا مـەرج نیـە، کـە ڕەنگـی ڕەش (لـەش) مەبەسـت بێـت، بـەڵکو لەوانەیـە سـەیارەکە ڕەنگـی {قـاوەیی تـۆخ، خۆڵەمێشـی تـۆخ، باینجـانی، نیلـی (شـینی تـۆخ)}، یـاخود هـەر

---

٤٧) وشەی (کەم) لە زاری هەمان منداڵ وەرگیراوە

٤٨) وشەی (پسی) لە زاری (پیروس) وەرگیراوە.

٤٩) وشەی (لەش) لە زاری (ئارین) وەرگیراوە.

ڕەنگێکی تۆخ، کە لە ڕەش بچێت، بۆیە دەربڕینی ئەم وشەیە واتایەکی پراگماتیکی پێبەخشراوە لە لایەن قسەکەرەوە. ئەگەر لە ڕویەکی ترەوە بڕوانرێتە وشەی (لەش) دەبینرێت، کە لە بنەڕەتدا، لەبەر ئەوەی لە ڕستەی (٥١)دا بە واتایەکی تر دیت، کە ئەویش مەبەست لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤە، کەواتە لێرەدا دەوروبەر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دیاریکردنی واتای وشەکاندا، هەر بۆیە واتای پراگماتیکی بە وشەکان دەبەخشێت، گۆڕانی واتایەکەش بە هۆی گۆڕانە فۆنەتیکیەکەوە ڕویداوە لە وشەکەدا، کە لە (٥١)دا بە واتای ڕەنگ دێت بە هۆی قسەکردنی منداڵانەوە، جا منداڵەکە خۆی دەریبڕێت، یاخود بە لاسایی کردنەوە دەربڕێت لە لایەن گەورەکانەوە بۆ مەبەستی جیاواز.

## ٥-١/٣) زمانی قسەکردنی منداڵانە و ڕەنگدانەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانەی لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵکرداری مرۆڤە گەورەکاندا:[٥٠]

ئاوەڵکرداریش وەکو بەشێکی تری ئاخاوتن و بەکارهێنانی بە شێوازی قسەکردنی منداڵانە، بەشداری دەکات لە پرۆسەی مۆرفۆپراگماتیکدا، جا لە ڕوی ڕۆنانەوە یاخود لە ڕوی واتاوە یاخود لە ڕوی بارودۆخەوە بێت، واتە بە پێی بەکارهێنانی ئاوەڵکردارەکە و دەوروبەری بەکارهێنانەکە لە لایەن منداڵەوە، ئەم شێوازە قسەکردنە ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە مۆرفوپراگماتیکدا. وەکو لە نمونەکاندا دەردەکەوێ:

٥٢) أ) ئازاد بێ هێز بووە.

ب)دایە بەهێز[٥١] بووە، چونکە نەخۆشە.

ئەگەر سەیری وشەی (بێ هێز) لە ڕستەی (٥٢أ)دا بکرێت، دەبینرێت، کە ئاوەڵکارێکە، بە واتای بنەڕەتی، کە بێ هێزی کەسەکە دەسەلمێنێت، بەکارهاتووە، بەڵام وشەی (بەهێز) لە (٥٢ب)دا، کە بە شێوازیکی منداڵانە دەربڕاوە، یاخود دەتوانرێت بگوترێت، کە قسەکەر منداڵە، بە پێچەوانەی واتای خۆی بەکارهاتووە، واتا لێرەدا (بەهێز) واتای (بێ هێز)ی دایکی گەیاندووە بە هۆی نەخۆشیەوە، کەواتە (بێ هێز) لە (٥٢ب)دا بە هەمان واتای (بەهێز) لە (٥٢أ)دا بەکارهاتووە، بە هۆی

---

٥٠)ئاوەڵکردار، بەشێکی تری ئاخاوتنە، زۆربەی کات پەیوەستە بە کرداری ڕستەکەوە، لە ڕاستیدا دەتوانرێت بگوترێت، کە ((ئاوەڵکردار ئەو بەشە ئاخاوتنەیە، کە بارودۆخ و شێوەی ڕوودان و جۆر و چۆنیەتی نیشان دەدات...ئاوەڵکردار لەڕوی ڕستەسازی یەوەخاوەنی ئەو تایبەتێتی یەیە، کە لە ڕستەدا بە کردارەوە، یان ئاوەڵناوەوە، یان ئاوەڵکردارێکی دی یەوە بەندە)) ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨: ١٣٣).

٥١) وشەی (بەهێز) لە زاری (پیروس) وەرگیراوە.

قسەکردنی منداڵانەوە، ئەمەش وایکردووە وشەی (بەهێز) واتایەکی زیادەی بۆ دروست ببێت و ببێتە وشەیەکی پراگماتیکی.

٥٣) أ) ئازاد زو گەیشتە جێ.

ب) بابە دو[٥٢] وەرە.

لە (٥٣أ) وشەی (زو) بە واتای بنەڕەتی خۆی و بەبێ گۆڕانی فۆنەتیکی بەکارهاتووە، کە ئاوەڵکردارێکە، خێرایی کات دەسەلمێنێت، بەڵام ئەگەر بڕوانرێتە وشەی (دو) لە (٥٣ب)دا دەبینرێت بە واتای بنەڕەتی خۆی، کە (ژمارە)یە بەکارنەهاتووە، بەڵکو بەهۆی گۆڕانی فۆنەتیکی لە دەنگی/ز/دا، کە بووە بە/د/، دروست بووە، بە هەمان واتای (زو)دێت، نەك ژمارە (دو). دەوروبەرو قسەکردنی منداڵانە ئەم ڕاستیەی دەرخستووە، بۆیە وشەکە بە واتایەکی پراگماتیکی دور لە واتاکەی خۆ بەکارهاتووە، بووە بە وشەیەکی پراگماتیکی، چونکە لە بنەڕەتدا (دو) ژمارەیە، وەکو لە (٥٤)دا دەردەکەوێت:

٥٤) ئازاد ئەمڕۆ دو جار ڕۆیشتە بازاڕ.

لێرەدا (دو) بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە، کە ئاوەڵناوی ژماردنە.

ئەمە جگە لەوەی، زۆرجار واتای وشەکان پێچەوانە دەبێتەوە لای منداڵ، کە واتایەکی پراگماتیکی پێچەوانەی واتا بنەڕەتیەکەی دەخرێتە سەر، وەکو لە (٥٥)دا دەردەکەوێ:

٥٥) بابە بچوکە[٥٣].

لە ڕاستیدا (بچوك) لە (٥٥)دا بە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو بە واتای (گەورە) بەکارهاتووە، کە بەهۆی قسەکردن و دەوروبەرەوە دەرکەوتووە، ئەمەش واتایەکی پراگماتیکی بە وشەی (بچوك) بەخشیوە و بەشدارە لە پرۆسەی مۆرفۆپراگماتیکدا، گەورەکانیش ئەم جۆرە قسەکردنی منداڵانە بەکاردەهێنن، بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر، یاخود هەر هۆیەکی تر، جا بەرامبەرەکەی گەورە بێت، یان منداڵ. ئەوەی مەبەستە ئەوەیە، کە قسەکردنی منداڵانە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی وشەی پراگماتیکی(Morphopragmatics).

---

٥٢) وشەی (دو) لە زاری (ژیوەر) وەرگیراوە.

٥٣) وشەی (بچوك) لە زاری هەمان منداڵ وەرگیراوە.

**٦-١/٣) زمـانی قسـەکردنی منداڵانــە و ڕەنگدانــەوەی مۆرفۆپراگماتیکییانــەی لــە بەشــە ئاخاوتنی ژمارەی مرۆڤە گەورەکاندا:**

ژمارە، ئەو بەشە ئاخاوتنەیە، کە ئەرکی ژماردنە ((لەباری واتاوە بریتیە لە تەجریدی ناوی ژمارە بێ ئاڵۆزبونی واتا))[٥٤]. لە ڕاستیدا ژمارەش پشکی هەیە لـە دروستکردنی واتـای مۆرفۆپراگماتیکدا، کە زۆر جار بەهۆی گۆڕانی فۆنەتیکیـەوە ئـەو واتایـە دروست دەبێت، یـاخود وەکو تێبینـی دەکرێت منداڵ لە سەرەتای زمان پژانیدا ناوی هەندێك ژمارە دەزانێت، بەڵام ناتوانێت لـە شـوێنی خۆیانـداو بـە ڕاستەقینە بەکاریان بهێنێت، بەڵکو ژمارەکان ئاڵوگۆڕ پێدەکات، وەکو ئـەوەی ژمـارە (دو) لـە جیـاتی ژمارە (سێ) بەکاردەهێنێت یان بە پێچەوانەوە... هتد هەروەکو لە نمونەکاندا دیارە:

٥٦) بـابم سـێ[٥٥] پـارەی دامـێ. {منداڵەکـە، دەسـتێکی بەرزکردۆتـەوە و گشـت پەنجـەکانی بلاوکردۆتەوە}

ئەگەر سەیری ژمـارە (سـێ) لـە (٥٦)دا بکرێت، دەبینرێت، کـە بـە واتـای خـۆی بەکارنـەهاتووە، چونکە ئەم نمونەیە قسەکردنێکی منداڵانەیە، لێرەدا منداڵەکە دەستێکی بـەرز دەکاتـەوە و هـەر پێنج پەنجەی دەستی بلاودەکاتەوە، واتا مەبەستی منداڵەکە لـە ڕاسـتیدا ژمـارە (سـێ) نیـە، بـەڵکو ژمـارە (٥)پێنجە، واتا باوکی منداڵەکە (٥) هەزار دیناری داوەتە منداڵەکەی، ئـەویش لای منـداڵانی هـاوڕێ ی، بەم شێوازەی نمونە (٥٦) وەسفی پارەکە و ژمارەکەی دەکـات، واتـە لێـرەدا ژمـارە (سـێ) بـە واتـای بنەڕەتی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو پێچەوانەی ڕسـتەی (٥٧) بـەکارهاتووە، کـە ژمـارە (٣) سـێ بـە واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە:

٥٧) سێ، سەعات چاوەڕێمان کردی.

ژمارە (سێ) لە (٥٧)دا، واتای بنەڕەتی خۆی بەخشیوە، کە ژمـارە (سـێ) یـە، بـەڵام لـە (٥٦)دا، واتایـەکی پراگمـاتیکی هەیـە، بـە هـۆی شـێوازی دەربڕینەکـەوە، بۆیـە بەشـداری دەکـات لـە پرۆسـەی مۆرفۆپراگماتیکدا.

٥٨) أ) شازدە ڕۆژ بەسەر تەواو بونی پرۆژەکەدا ڕۆیشتووە.

---

٥٤) ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨: ٥٥). لێرەدا مەبەست ئەوەیە، کە ((بە وێنە وشەی ((چل)) دەکەوێتـە نێـو بەشە ئاخاوتنی ژمارەوە هەرچی (چلە) یە سەر بە بەشە ئاخـاوتنی نـاوە)) سەرچـاوەی پێشـو(٥٥). واتـا لێـرەدا مەبەست ئەوەیە (چلە) ناوەو چەندین واتای پراگماتیکی هەیە.

٥٥) ژمارە (سێ) لە زاری (کارۆ) وەرگیراوە.

ب) شاژده[٥٦] شتم دەویّ.

ئەگەر سەیری ژمارە (شازدە) لە (٥٨أ)دا بکرێت، دەبینرێت، بە واتای بنەڕەتی خۆی، کە ژمارە (١٦)یە بەکارهاتووە، بەلاّم لە (٥٨ب)دا، ژمارە (شاژدە) بەهۆی ئەو گۆڕانە فۆنەتیکیەی، کە تیایدا ڕویداوە، کە/ز/گۆڕاوە بە/ژ/، بۆتە هۆی ئەوەی، کە واتایەکی تر بە ژمارە (١٦) ببەخشێت و بەم شێوازەش بەکاربێت، هەر ئەمەش بەشداری پێکردووە لە دروستکردنی واتای پراگماتیکدا.

کەواتە دەردەکەوێت، کە قسەکردنی منداڵانە، چ لە لایەن خودی منداڵەکەوە بێت، یان گەورەکانەوە بەمەبەستی جیاوازی وەکو {خۆ هێنانە ئاستی منداڵ بۆ باشتر تێگەیاندنی منداڵەکە، گاڵتە و گەپ، تانە و تەشەر لێدان، سوکایەتی کردن، یاخود لە کاتی سەرجێیی کردنی نێوان ژن و مێرددا، یان هەر هۆکارێکی جیاواز لەمانە}،بەشێکی سەرەکی دروستکردنی مۆرفۆپراگماتیکە لە زمانی کوردیدا و ڕێگایەکی چالاکە بۆ دروست بونی ئەم پرۆسەیە.

---

٥٦) ژمارە(شاژدە) لە زاری (ئاوێستا) وەرگیراوە.

## ئەنجام

١. مۆرفۆپڕاگماتیك پەیوەستە بەوەی، كە مەرج نییە هەمو واتایەكی پڕاگماتیكی لە واتایەكی سیمانتیكیەوە هاتبێ، چونكە هەندێ كەرەستەی زمانی هەیە، كە واتای سیمانتیكیان نییە، بەلام ئاماژە دەرێكی ڕاستەوخۆیە بە واتای دەوروبەری پڕاگماتیكی، مەبەست بەكارهێنانی مۆرفیمەكانە لە زماندا بە واتایەكی پراگماتیكی بەدەر لە واتا بنەڕەتییەكانییان، بەمشێوەیە مۆرفۆپڕاگماتیك زیاتر كاركردنە لە سەر ئەو كەرەستە مۆرفۆلۆژییانەی لە ناو زماندا ئاماژە دەری پڕاگماتیكیانەیان هەیە، بەشداری لە زیادكردن و كەمكردنەوەی واتای مۆرفیمدا دەكەن، بەمەش دەبنە پێكهێنەری پرۆسەی مۆرفۆ پراگماتیك.

٢. دەركەوت، كە مۆرفۆپراگماتیك جگە لە لێكۆڵینەوەی لایەنی مۆرفۆلۆژیو پراگماتیكی دەربڕاوەكان، لە ناواخنیدا هەریەكە لە (دەنگسازی و سینتاكسو سیمانتیكو لایەنی كۆمەڵایەتیو كلتوریو دەرونزانی و بارودۆخ و دەوروبەرو...هتد)ی لەخۆگرتووە، كەواتە بۆ شیكردنەوە و لێكدانەوەی واتای مۆرفیم ناتوانرێت ئەمانە پشت گوێ بخرێن و لەبەرچاو نەگیرێن تەنانەت، ئەگەر لەكاتی بەكارهێنانی مۆرفیمێكیشدا بێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، كە مۆرفۆپراگماتیك لە زانستی زماندا بە زانستی فرە ڕەهەند، یان فرە پسپۆڕی ناسێنراوە.

٣. لەم بابەتەدا دەتوانرێت بگوترێت مۆرفۆپراگماتیك هاوتایە لەگەڵ بوارە دامەزراوەكانی تری وەكو (مۆرفۆ سیمانتیكس، واتای فەرهەنگی سیمانتیكی مۆرفۆلۆجی، واتای فەرهەنگی پراگماتیكی مۆرفۆلۆجی، وە هەروەها شێوە ڕستە پراگماتیكییەكان و ستراتیجییەكانی دەق)، بەلام هەمو ئەوانە دەبێت بەشێوەیەكی وریایانە لەیەك جیابكرێنەوە.

٤. ئەو وشانەی، كە مندال لەسەرەتای زمان پژان و قسەكردنیدا دەریاندەبرێت و بەكاریان دەهێنێت، بەشێكی سەرەكین لە پێكهێنانی مۆرفۆپراگماتیك، چونكە ئەم وشە دەربڕاوانە بەشداری لە پرۆسەكەدا دەكەن بەهۆی جۆری دەربڕین و بەكارهێنانیانەوە لەلایەن منداڵەوە، هەر ئەمەش وایكردووە وشەیەك پراگماتیكیانە واتای ڕستەیەك بدات. زۆر جار واهەست دەكرێت، كە وشە دەربڕاوەكان واتای گەورە و بەربلاو لەخۆ دەگرن، ئەمەش وادەكات گەورەكان حەز بەلاسایی كردنەوەی ئەم جۆرە وشانە بكەن و بەكاریان بهێنن لە ئاخاوتنەكانیاندا، بەهەر هۆیەكی وەكو لاسایی كردنەوە بۆ تیگەیاندنی مندال، یان لە خۆشی وشەكە و خۆشەویستی منداڵەكەوە بێت، یان بۆ گاڵتە و گەپ بێت، یان بۆ تانەو سوك كردنی بەرانبەر بێت، ئەوا وشەكان واتای پراگماتیكی دەبەخشن.

# سەرچاوەکان

## • بەزمانی کوردی

### أ) کتێب:


1) ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩)،پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، یەکەم چاپ ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
2) ئاڤێستا کەمال مەحمود(٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا، یەکەم چاپ، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
3) ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم(وشەسازی)بەشی یەکەم(ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ،بەغدا.
4) ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٨٧)، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم(وشەسازی)بەشی دووەم(جێناو)، چاپخانەی دار الحریە، بەغدا.
5) ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٩٨)، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم(وشەسازی)بەشی چوارەم(ژمارە و ئاوەڵکردار)،چاپخانەی دار الحریە،بەغدا.
6) ئەوڕەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٠)، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم(وشەسازی)بەشی پێنجەم(کردار)، یەکەم چاپ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
7) بەکر عومەر عەلی(٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی ،یەکەم چاپ ،چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
8) بێستون حەسەن ئەحمەد(٢٠٠٨)، ڕۆنانی کردار لە زاری هەورامیدا، یەکەم چاپ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
9) ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، بەکر عومەر عەلی(٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، یەکەم چاپ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
10) ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی(٢٠٠٨)، ڕستە و پاش ڕستە، یەکەم چاپ،چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
11) سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو(٢٠١٠)، زمانەوانی، بەرگەکانی(چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم) یەکەم چاپ، چاپخانەی منارە، هەولێر.
12) شەهاب شێخ تەیب(٢٠١٤)، دەربارەی زمانەوانی، یەکەم چاپ، چاپخانەی نارین، هەولێر.
13) شیلان عومەر حسەین(٢٠١٢)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە زمانی کوردیدا، یەکەم چاپ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٤) عەبدوالواحیــد موشــیر دزەیــی(٢٠٠٩)، واتاسازی(چــەند لێکۆڵینەوەیــەکی ســیمانتیکی و پراگماتیکییە)،یەکەم چاپ، چاپخانەی خانی، هەولێر.

١٥) عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٠)، واتاسازی وشە و ڕستە، یەکەم چاپ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٦) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١)، زانستی پراگماتیك، یەکەم چاپ، چاپخانەی پاك، هەولێر.

١٧) عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٣)، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، یەکەم چاپ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاو کردنەوە، هەولێر.

١٨) عەبدولواحیـد موشـیر دزەیی،دانـا تەحسـین محەمـەد، دەرون عەبـدولڕەحمان سـاڵح(٢٠١٣)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی،یەکەم چاپ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاو کردنەوە، هەولێر.

١٩) غـازی عـەلی خورشـید(٢٠١٠)،فۆنـەتیك و فۆنۆلۆجی،یەکـەم چـاپ، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سەردەم، سلێمانی.

٢٠) غازی فاتح وەیس(١٩٨٤)، فۆنەتیك، یەکەم چاپ، چاپخانەی (الادیب البغدادی)، هەولێر.

٢١) کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، یەکەم چاپ، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

٢٢) کاروان عومەر قادر(٢٠١٢)، فۆرمی لۆژیکی لە زمـانی کوردیدا(بەکەرەسـتەی دیـالێکتی کرمـانجی ناوەڕاست)، یەکەم چاپ، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٢٣) کـەریم شـەریف قەرەچـەتانی(٢٠٠٩)، سـایکۆلۆژیای گەشـە(منداڵ و هـەرزەکار)، یەکـەم چـاپ، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٢٤) کوردستان موکریانی(١٩٨٦)، سیناتکسی ڕستەی سادە لە زمـانی کوردیـدا، دەزگـای ڕۆشـنبیری و بلاوکردنەوی کوردی، زنجیرە(١٣٣)، چاپخانەی "دار الحریە".

٢٥) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٢)،زمانەوانی، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی،ژمـارە ١٢٤، سـێیەم چاپ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٦) محەمەدئـەمین هــەورامانی(١٩٧٤)، فۆنــەتیکی زمــانی کــوردی، یەکــەم چــاپ ، چــاپخانەی "دارالجاحظ"، بەغدا.

٢٧) محەمەدی مەحوی(٢٠٠١)، ڕستەسازی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردسـتان، یەکـەم چاپ، سلێمانی.

٢٨) محەمـەدی مـەحوی(٢٠٠٩)، زانسـتی هێما(هێمـا،وات و واتـا لێکدانـەوە)، بـەرگی دووەم، یەکـەم چاپ، زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٢٩) محەمەدی مەحوی(٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان(مۆرفۆلۆژیی کوردیی)، بەرگی یەکەم، یەکەم چاپ، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٣٠) محەمەدی مەحوی(٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
٣١) محەمەدی مەحوی،کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسین(٢٠١٠)، دروستەی کردار بنەماو دیاردە، یەکەم چاپ، سلێمانی.
٣٢) نەریمان خۆشناو، کامەران محەمەد(٢٠٠٨) قوتابخانە زمانەوانییەکان، یەکەم چاپ، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٣٣) نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(٢٠١٠)، ڕێزمانی کوردی(بەشەکانی ئاخاوتن ،دووەم چاپ، منارە/زیادکراو و چاکراو، چاپخانەی، هەولێر.
٣٤) نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(٢٠١٠)، سەرەتایەك بۆ زانستەکانی واتا سازی و پراگماتیك،چاپخانەی ڕۆژهەلاَت،هەولێر،چاپی یەکەم.
٣٥) نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(٢٠١٢)، ڕستەسازی، یەکەم چاپ، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر.
٣٦) نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی(کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو)، یەکەم چاپ، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر.
٣٧) نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(٢٠١٣)،دەنگسازی، یەکەم چاپ، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر.
٣٨) یارا قادر محەمەد مەلازادەیی(٢٠١٣)، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا، یەکەم چاپ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

## ب) نامەی زانکۆیی (بلاَونەکراوە):

١) ئەبوبەکر عومەر قادر (١٩٩٣)، پرسیار لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاَحەدین،هەولێر.
٢) بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠)، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانیەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٣) تابان نوری حەمە سەعید(٢٠١٠)، شێوەزاری ناوچەی پشدەر، نامەی ماجستێر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاَحەدین، هەولێر.

٤) دەرون عەبدولڕەحمان ساڵح(٢٠١٠)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٥) سازان زاهیر سەعید(٢٠٠٩)، پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچوککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦) عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد(١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٧) عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠٠٤)،واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٨) عومەر مەحمود کەریم (٢٠٠٩)، سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە،کۆیە.

٩) قەیس کاکل تۆفیق(١٩٩٦)،جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٠) هۆگر مەحمود فەرەج(٢٠٠٠)، پراگماتیك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

## پ) گۆڤار:

١) ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٨)، کۆی ناو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد،بەرگی شەشەم،ل١٨٥–٢٢٥، بەغدا.

٢) بەکر عومەر عەلی،محەمەد عومەر عەول (نیسانی ٢٠١٠)، ئاواز و پراگماتیك لە ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا(لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژ٢٨، سلێمانی.

٣) کاروان عومەر قادر(٢٠١٢)، سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،بەشی B، ژ٣٤، سلێمانی.

٤) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، پراگماتیك(بەشی یەکەم)، گۆڤاری زمانناسی،ژمارە٨، هەولێر.

## ت) دیدار و چاوپێکەوتن:

١) د.کاروان عومەر قادر، پسپۆر لە سیمانتیکی درکپێکردن، زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٤/٢/١٦)، سلێمانی.

- **به زمانی عەرەبی**


١) انجيلينا لينكة واخرون(٢٠١٢)، دراسات في علم اللغة(مداخل منهجية اساسية الى البحث الغوي،قسم الأول، ترجمة سعيد حسن بحيري، كلية السن–جامعة عين شمس،الطبعة الأولى، الطباعة مكتبة زهراء الشرق، القاهرة.

٢) جرهارد هلبش(٢٠٠٧)، تطور علم اللغة منذ عام ١٩٧٠م، ترجمة سعيد حسن بحيري، الطبعة الأولى، الطباعة مكتبة زهراء الشرق، القاهرة.

٣) حافظ اسماعيلي علوي(٢٠١١)، التداوليات علم استعمال اللغة، عالم الكتب الحديث، إربد، الأردن.

٤) صالح محمد على(٢٠٠٧)، علم النفس التطوري(الطفولة و المراهقة)، الطبعة الثانية، مطبعة الدار المسيرة، عمان، الأردن.

٥) محمد عودة الريماوي(٢٠٠٨)، علم النفس النمو(الطفولة و المراهقة)، الطبعة الثانية، مطبعة الدار المسيرة، عمان، الأردن.

نبيل عبدالهادي،حسين الدراويش،محمد صوالحة(٢٠٠٧)، تطور اللغة عند الأطفال،الطبعة الثانية، مطبعة الأهلية، عمان، الأردن.


- **به زمانی ئینگلیزی:**


1) Andrew Moore(2001), Pragmatics, article, © armoore.
2) Carston, Robyn(1998),Informativeness, relevance and scalar implicature In: Robyn Carston & Seiji Uchida (eds), Relevance Theory: Applications and Implications, Amsterdam: John Benjamins, Netherlands.
3) Deirdre Wilson, Dan Sperber(2004), Relevance Theory,The Handbook of Pragmatics In Horn, L.R. & Ward, G. , Oxford: Blackwell publishing.
4) H. Paul Grice (1991), Studies in the Way of Words, Harvard University Press,US.
5) Hans W. Dechert(1980), Temporal Variables in Speech: Studies in Honour of Frieda Goldman-Eisler,mouton, publisher,Germany.
6) Izabela Mrochen(2009), (A History of Emotive Interjections in English :What, Why and how) ,University of Silesia Institute of English, Bankowa 12, Katowice, Poland.
7) Jacob L. Mey(1998), Concise encyclopedia of pragmatics, Oxford : Elsevier Science. Pp.978+1200.
8) JACOB L.MEY (2009),CONCISE ENCYCLOPEDIA OF PRAGMATICS,SECOND EDITION, University of Southern Denmark, Elsevier Ltd. This book is printed on acid-free paper,Printed and bound in the UK.

9) Laurence Horn, Gergory Ward (2008),Handbook of Pragmatics, Language Arts & Disciplines, John Wiley & Sons press.
10) Levinson, Stephen(2000), Presumptive Meanings: The Theory of Generalized Conversational Implicature, MIT Press.
11) Mandy Simons (2009), A Gricean View on Intrusive Implicatures , Carnegie Mellon University, Dept. of Philosophy,American university,US.

12) Matras, Yaron. Sakel, Jeanette(2007), Grammatical Borrowing in Cross-Linguistic Perspective, Mouton de Gruyter, Berlin.

13) P. G. J. van Sterkenburg(2008),Unity and Diversity of Languages, Linguistic Society of Korea, John Benjamins Publishing, Seoul.
14) ROBYN CARSTON (2002), Thoughts and Utterances The Pragmatics of Explicit Communication, Blackwell publishing.
15) Sano, T. & Hyams, N.(1994), Agreement, finiteness and the development of null arguments. Proceedings of NELS, 24, 543–558.

16) Smith, Edward. & D.L. Medin (1981), Categories and Concepts. Cambridge, MA: Harvard University Press.
17) Stephen C.Levinson(1983), Pragmatics, Cambridge text books in linguistics, first published, printed in GB at the Cambridge university press, London.

18) Stephen C. Levinson (1997), Pragmatics, Cambridge textbooks in Linguistics, Cambridge University Press, British.

19) Stephen C. Levinson (2001), Pragmatics, University of Nijmegen, Netherlands, Article: 3.9.73, c. 5000 words.
20) Wilson, Deirdre (2003) forthcoming: Relevance and lexical pragmatics,To appear in: Italian Journal of Linguistics / Rivista di Linguistica, special issue on pragmatics and the lexicon).

## • پێگەی ئینتەرنێت:

1) E. K. Brown, J. E. Miller (1996),Concise encyclopedia of syntactic theories) Pergamon, http://www.amazon.com/Concise-Encyclopedia-Syntactic-Theories-Brown/dp/0080427111

2) http://jos.oxfordjournals.org/content/15/2/115.abstract.
3) www.aphasia.org
4) http://www.wata.cc/forums/showthread.php?1148-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B1%D8%A7%D8%AC%D9%85%D8%A7%D8%AA%D9%8A%D8%A9 پێگەی فەرمی (الجمعية الدولية للمترجمين واللغويين العرب).

## • داتای مۆرفۆپراگماتیکی قسەکەری منداڵانە

١) ئارون هەڤاڵ حەسەن(٢٠١٢/٦/٦)، نیشتەجێی قەڵادزێ، ٢٠١٤/٢/٢٠.

٢) ئارین پێشڕەو حەمە(٢٠١٢/٧/٨)، نیشتەجێی قەڵادزێ، ٢٠١٤/٢/٢٣.

٣) ئاگا ئەحمەد محەمەد(٢٠٠٩/٣/١٧)، نیشتەجێی قەڵادزێ، (١١، ١٢، ١٧)/٢٠١٣/٩.

٤) ئاوێستا ئەرسەلان محەمەد(٢٠١٠/٤/١٧)، نیشتەجێی قەڵادزێ، ٢٠١٣/١١/٩.

٥) ئایە عەبدوڵڵا عەزیز(٢٠١٣/٤/٣)، نیشتەجێی قەڵادزێ، ٢٠١٤/٤/٧.

٦) بەهەست هۆشیار مستەفا(٢٠١٢/٢/١٢)، نیشتەجێی قەڵادزێ، ٢٠١٤/٣/٣.

٧) پیرۆس سەعدی عەبدولسەلام(٢٠١٠/١٢/٢٢)، نیشتەجێی قەڵادزێ،٢٠١٤/١/١٧.

٨) ژیوەر ئەحمەد محەمەد(٢٠١١/٩/١٩)، نیشتەجێی ڕانیە، ٢٠١٤/٣/٢٨.

٩) ڕەیان صاڵح حەمە(٢٠١١/٥/١٥)، نیشتەجێی سەنگەسەر، ٢٠١٤/١/٢٠.

١٠) کارۆ هاوسەر نەوزاد(٢٠١٢/٦/٢١)، نیشتەجێی قەڵادزێ، ١/١ بۆ ٢٠١٤/٥/١.

١١) موئەییەد محەمەد کەریم(٢٠١١/٤/١٩)، نیشتەجێی ڕانیە،٢٠١٤/٤/٢٠.

١٢) میکائیل ڕێبوار عەبدوڵڵا(٢٠١٠/١/٦)، نیشتەجێی قەڵادزێ، ٢٠١٤/١/١٠.

## ملخص البحث

هـذه الرسـالة الموسـومة (المورفوبراجماتـك في اللغـة الكورديـة) دراسـة وصـفية تحليليـة، باللهجـة الكرمانجية الوسطى.

ويعود سبب اختيار هذا الموضوع إلى أن المورفوبراجماتك، لايتحقق فقط من النـواحي المورفولوجيـة والبراجماتية المنطوقة، بل تدخل في طياتهـا (فونتـك و فونولـوجي، سـنتاكس، سمانتـك) وكـذا النـواحي النفسية والثقافية....الخ

تتكون هذه الرسالة من مقدمة وثلاثة فصول وخاتمة بأهم النتائج.

**الفصل الاول**: وهو بعنوان(**البراجماتك والجملة البراجماتية**) ويتضمن ثلاثة مباحث. المبحث الاول يفسر ماهية براجماتك من حيث التعرف به لغة واصطلاحاً و كيفية ظهـور البراجماتـك و علاماتـه.تعرض المبحث الثاني لـ(البراجما المعجمي)، حيث ان الغرض منـه هـو التعريـف بالبراجمـا المعجميـة وعملياتـه، وفي المبحث الثالث تم عرض(البراجما الجملـي) والـذي يبحـث عـن البراجمـا الجملـي والسـمانتك والقواعـد البراجماتكية في العمليات السنتاكسية.

**الفصل الثاني**: والذي سمي بـ(**عملية مورفوبراجماتك في اللغة الكوردية**)، يتكون من المفـاهيم و وجهات النظر لمورفوبراجماتك، و عمليات مورفوبراجماتك، والتي تشمل(اضافة المعنـى، تقليـل المعنـى) في شتى المستويات اللغوية (فونتك و فونولوجي، مورفولوجي، سنتاكس، سمانتك).

**الفصل الثالث**: هو آخر ما تم تجسيده في **مورفوبراجماتك لكلام الاطفال**، في اقسام الكلام: (الاسم، الضمير، الصفة، الفعل، الظرف، الكلام).

وقبل الخاتمة قد تم عرض النتائج من خلال جملة من النقاط، ، ومـن ثـم رتبـت المصـادر و المراجـع المستخدمة و من ضمنها قائمة باسماء وعمـر الاطفـال الـتي تم الاسـتماع الى كلامهـم لتجسـيد الموضـوع، وفي الختام تم عرض ملخص البحث باللغتين العربية والانجليزية.

# Abstract

This thesis entitled “Morphopragmatics in Kurdish Language”. It is a descriptive analysis study in central Krmanji dialect.

The reason behind choosing this topic belongs to that morphopragmatic does not study only the level of morphology and expressed pragmatic, but it includes (phonetics and phonology, syntax, semantics) and the issue of psychology and culture …etc.

The study consists of an introduction, three chapters and conclusion:

**The first chapter**: it is under the title of “pragmatics and syntactic pragmatics” which consists of three sections. The first section explains the structure of pragmatics, concerning the way of its emergence, its term, its points of view with discussion, its symbols. The second section discusses “lexical pragmatics” that it aims to identify lexical pragmatics and its processes. In the third section, “syntactic pragmatics” is shown in which syntactic pragmatics and semantics, the basic of pragmatic in the processes syntax are discussed.

**The second chapter**: is named by “the process of morphopragmatics in Kurdish language”, which consists of the concept and points of view about morphopragmatics, the processes of morphopragmatics, which includes (diminutive, augmentative) in all the levels of linguistics (phonetics and phonology, morphology, syntax, semantics).

**The third chapter:** is the last one, which is applied on morphopragmatics in children’s speaking, in children’s conversation: (noun, pronoun, adjective, verb, adverb, number).

Before ending, some conclusions are shown. Then, the used sources and a list of names and ages of the children, whose speeches are derived for applying this topic, is are listed. At the end of the study, the abstract is shown in both languages: in English and in Arabic.